سەلاح ڕەووف

# پۆلێنکردنی فۆرم و پەیژەکانی مۆسیقای کوردی

2020

# ناوەرۆک


**سەرەتا........................................................ ٦-٧**

**بەشی یەکەم/**

**مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ..................................٨**

**بەشی دووەم/ ...............................................................٩-٤٤**

***کورتەیەکی مێژویی ( بەرەو هونەرێکی ڕەسەن و گەڕان بەدوای ناسنامەدا)**

***کورتەیەکی پێویست لە مێژوی مۆسیقای جیهانی.**

***نەتەوەی کورد و دینی زەردوشت.**

***ئاڤێستا و پەیامی زەرتوشت.**

***گاتاکان و مۆسیقای کوردی.**

***مۆسیقاوگۆرانی ئەهلی حەق.**

***ئامیرە مۆسیقا تەقلیدیەکان (کۆنەکان).**

***ڕۆڵ و تایبەتمەندیەکانی تەنبور.**

***دەستگا مۆسیقاییە تەقلیدیەکان نمونەی نۆتەی ئاوازە ئاینییەکانی ئەهلی حەق.**

***ئامێری تەنبور و ئاوازو مۆسیقا لای پەیڕەوانی ئاینی ئیزدی.**

***مۆسیقاو گۆرانی دوای هاتنی دینی ئیسلام.**

***سەرچاوەکان.**

**بەشی سێیەم/............................................................. ٤٥-٨١**

***دەستنیشان و پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقای کوردی.**

***چۆنیەتی بەکارهێنانی پەیژەکانی مۆسیقا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.**

***پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .**

***پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردی بەتایبەتی**

**١-پەیژەی یەکەمی گەورە (ماجۆر - عەجەم).**

**ا-سەر پلەی بنکە.**

**پەیژەی گەورە (عەجەم کەبیر).**

**= = (عەجەم حیجاز - شوق افزا).**

**= = (عەجەم نهاوەند - دڵدار).**

**= = (عەجەم کورد)**

= = (عەجەم حیجاز– نەورۆز).

**ب–سەر پلەدەنگیەکانی تری (شەشەم،سێ یەم، چوارەم، پینجەم.**

**١– سەر پلەی شەشەم (مینۆر– نهاوەند).**

بچوکی سروشتی (نەهاوەند کورد).

= هارمۆنی (نەهاوەندی گەورە).

= میلۆدی (نەهاوەند عەجەم).

= --- ( دوو نەهاوەند).

= --- (نەوبەهار).

= --- ( سونبلە).

**٢– سەر پلەی سێیەم ( فریجی – کورد).**

کورد نەهاوەند.

کوردین (لامی).

کورد حیجاز.

شانازی کورد.

**٣– سەرپلەی چوارەم (سیگان).**

نگریز.

حەسار.

**٤– سەرپلەی پێنجەم ( میکسۆلیدی).**

حیجاز عەجەم (زنجران).

= نەهاوەند ( زمزمە).

= کار (شاناز).

## ١–پەیژەی دوەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (ڕاست).

**جۆرەکانی:**

**ا– سەر پلەی بنکە.**

ڕاستی سروشتی.

= هارمۆنی.

= میلۆدی.

**ب– سەر پلەدەنگیەکانی تری (شەشەم،سێ یەم، چوارەم، پینجەم).**

**١– پەیژە مۆسیقای سەر پلەی شەشەم.**

*هەردوو چوارینەی دەستکاری نەکراین.

*دووچوارینەی وەکویەک.

*چوارینەی دووەم دەستکاری کرابێ (8 جۆر).

*پەیژەلاوەکیەکانی سەر پلەی شەشەم (8 جۆر).

**٢– پەیژە مۆسیقای سەر پلەی سێیەم (سێگا).**

**ا– بێ دەستکاری پلە دەنگیەکانی.**

*ئەوشار.

ب- بەدەستکاری پلە دەنگیەکانی.
*هوزام.
*سێگای کورد.
*سێگای عەجەم.
*سێگای نەهاوەند.
*سێگای بەیات.
*سێگای سەبا.
*سێگا سێگا.
ج- پەیژەلاوکیەکانی سەرپلەی سێیەم.
*دڵناز.
*سێگای کورد.

٣- پەیژە مۆسیقای سەر پلەی چوارەم(چوارگا).
*چوارگا.
*شیراز.
*شەوقی ئاور.

٤- پەیژە مۆسیقای سەر پلەی پێنجەم.
*نیاز.
*حیجاز غەریب.

**پەیژەی کرۆماتیک**

**پەیژەی ماجۆر (عەجەم)ی کرۆماتیک**

**پەیژەی ڕاستی کرۆماتیک**

**بەشی چوارەم**..............................................٨٢-٨٥

*گەشەدان بەفۆرمی مۆسیقا کوردیەکان لەڕی بەکارهێنانی زیاتر لە پەیژەیەک لە پارچە ئاوازێکدا.

*تیۆری گۆڕانکاری نێوان پەیژەکانی مۆسیقا.
جۆرەکانی:
١- گۆڕانکاری سەرەکی.
٢- گۆڕانکاری لاوەکی.

١- گۆڕانکاری سەرەکی:

ا- ڕاستەوخۆ لەهەمان پلەدەنگی).
١- لەپەیژەی یەکەمی گەورە (عەجەم)، بۆ پەیژەی بچوکی (نەهاوەند) لەهەمان پلە دەنگی.
٢-لەپەیژەی دوەمی گەورە (ڕاست)، بۆپەیژی بچوکی (بەیات)ی هەمان پلەی دەنگی.

٣– لەپەیژەی یەکەمی گەورە (عەجەم – ماجۆر). بۆ پەیژەی دوەمی گەورەی هەمان پلە دەنگی.

## ب– گۆڕانکاری نزیکایەتی.

١– نزیکی سەرو. بۆ هەردو پەیژەی گەورە (عەجەم وڕاست).
٢– نزیکی خوارو. بۆ هەردو پەیژەی گەورە (عەجەم وڕاست).

### ٢–گۆڕانکاری لاوەکی.

گۆڕانکارییە لە نێوان پەیژەسەرەکی و پەیژە کانی تری سەر پلە دەنگیەکانی شەشەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمی، لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری لە ڕابەری کێشدا ڕونادات.


## بەشی پێنجەم/ .........................................................٨٦–


*ناوچە جیاجیاکانی کوردستان.
*ئەنالیز کردنی زۆربەی گۆرانیە فۆلکلۆریەکانی پترلە 50 گۆرانی بێژی هەر چوار پارچەکەی کوردستان لەڕوی پەیژەکانی مۆسیقاو ڕیتمەکانیانەوە.

*ڕۆژهەلاتی کوردستان.
*باشوری کوردستان.
*خۆرئاوای کوردستان (باشوری بچوک).
*باکوری کوردستان.

## بەشی شەشەم/

ڕێژەی ڕیزبەندی بەکارهێنانی پەیژەکانی مۆسیقا لەهەر چواربەشەکەی کوردستان.

## بەشی حەوتەم/

پێشنیارەکان بۆ برەودان بە هونەری مۆسیقای کوردی.



**کۆتایی**




# کـــــــــوردستانی گەورە

# سەرەتا

پاش ئەوەی لە نووسینی کتێبی (پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) بوومەوە، زۆر بە سانایی بۆم دەرکەوت، کە میللەتی کورد تەنها هەر لە باری ڕامیاریدا زەوتلێکراو نەبووە، بەڵکووو بە درێژایی بوونی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا چەوساوەی دەستی داگیرکەران و زۆرداران بووە، نەک تەنها خاکەکەی لێ داگیرکراوە، بەڵکووو زۆرداران هەردەم ویستوویانە بە هەموو شێوەیەک کەلتور و کەلەپوورەکەشی لەناو بەرن. هەر وەکوو پەیڕەوکردنی دروشمەکەیان، کە دەڵێن: (گەر بتەوێت گەلێک (میللەتێک) لەناو بەریت، ئەوا پێویستە ڕاستەوخۆ لە فەرهەنگ و کەلتورەکەی بدەیت).

بۆیە پاش خوێندنەوەی بابەتەکەم لەلایەن مامۆستای بەڕێز (دکتۆر ل. پلینکەرس) مامۆستای زانکۆی (ئەمستەردام) بەشی مۆسیقاناسی (مۆسیقالۆژی) و گوێ گرتنم لە ئامۆژگارییەکانی، ئەویش برەودان بە لێکلۆڵینەوەکەم و کەڵک وەرگرتن لە جۆری لیکۆڵینەوەی پێشوم بۆ پێناسەکردن و پۆلێنکردنی پەیژە و شێوازە (فۆرم)ەکانی مۆسیقا و ئاوازی کوردی. هەرچەندە لە سەرەتادا بە کارێکی زۆر گەورە و گران هاتە پێش چاوم و، زۆر لەو داوایەی ئەو مامۆستا بەڕێزەم سڵەمیمەوە، بەڵام پاش بیرکردنەوەیەکی زۆرم لەو بارەیەوە و گەیشتنمە ئەو قەناعەتەی کە، بەسە ئیتر ئەو کاتە بەسەر چوو کە دەڵێین: ئێمەی کورد هیچ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراومان نییە تا پشتی پێ ببەستین.

ئەی خۆ هەموو میللەتانی سەر ڕووی زەوی هەر لە خۆوە لەگەڵ لەدایکبوونیاندا سەرچاوەی باوەڕپێکراویان نەبووە یان بۆیان نەهاتۆتە خوارەوە یان کەسێکی بێگانە بەدیاری بۆی نەناردوون. هەرچەندە بێشک ئەیڵێم، ئەوەندەی کەسانی بێگانە هەوڵیان داوە لەسەر ئاواز و مۆسیقای ئێمە بنووسن و هەوڵ بدەن چەندین سەرچاوەی بەکەڵک بۆ ئێمە بەجێ بهێڵن (با خاوەن کەموکووڕیش بێت)، ئەوەندە هونەرمەندەکانی خۆمان خەمخۆر نەبوون. بگرە بیریشیان لێ نەکردۆتەوە، هەرچەندە چەند هەوڵیک لەلایەن هەندێ کەسی هونەرمەند و هونەردۆستی میللەتەکەمانەوە دراون (هەریەکە لەو بابەتانە لە کاتی پێوستدا باس ئەکەم)، تا ڕادەیەک مرۆڤ ئەتوانێ کەڵکیان لێ وەربگرێت، هەرچەندە زۆربەیان گرفتی بێبەڵگەییان هەیە لەوان، بەتایبەتی نەنووسینەوەی نۆتەی ئەو مۆسیقا و ئاوازانەی کە باسیان کردووە، یان بە هەڵە نووسینەوەیان. جا ئەمە هۆکەی بۆ نەشارەزایی خۆیان لە نووسینەوەی نۆتەی مۆسیقای دەقە ئاوازەکان بێت، یان چنگ نەکەوتنی دەقی ئەو ئاوازانە بیت کە بە لای منەوە گرنگی کاری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی مۆسیقایی بەبێ نووسینەوەی نۆتەی مۆسیقاکەی هەر وەکوو توێژینەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی، کە بۆ پارچە هۆنراوەیەک بکرێت وایە و دوور ئەبێت لە توێژینەوەی هونەری مۆسیقایی، با توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی مۆسیقایش بێت.

جا بۆ ئەوەی منیش نەکەومە هەمان هەڵەوە، بۆیە هەوڵی زۆرم داوە کە بۆ لێکۆڵینەوەکەم ڕێگای زۆربەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستانە ڕەنگینەکەم بگرمەبەر. لە هەر لایەک بیستبێتم کە فڵانە شوێن یان فڵانە شار کانگایەکن یان تروسکاییەکی بەڵگەداریان لێ دەست دەکەوێت ڕووم تێکردووە. بەو هیوایەی شتێکیان بۆ مەبەستەکەی خۆم لێ هەڵکرێنم. هەڵبەتە هەموو جارێک ئەم کارەم بە هاوەڵی مۆسیقازانێکی هاورێم یان قوتابیم بە ئەنجام گەیاندووە، (هەریەکێک لەوانە لەکاتی پێوستدا ناو ئەبەم). پاش ئەو هەموو گەڕانە زۆرە بەدوای سەرچاوەی باوەڕپێکراو، بۆ ئەوەی بیسەلمێنم کە کوردیش وەکوو هەموو میللەتان سەر ڕووی زەوی خاوەنی کەلتوری هونەری مۆسیقا و ئاوازی خۆیەتی. بۆیە بە هەوڵوکۆششی تاکە کەسی خۆم و هاندانم لەلایەن هەندێ لە بەرپرسان و هەندێک کەسی خاوەن بەهرە و خەمخۆر، هەوڵم دا کە ئەم هەنگاوە گرانە بنێم. کۆتاییەکەشی چۆن ئەبێت ئەوا مێژوو ئەبێتە شاهید بەسەرمانەوە. بۆیە بە گرنگی ئەزانم کە هەر کەسە و لە بوارەکەی خۆیدا چاکی چالاکی لێ هەڵبکات، بۆ ئەوەی هەموو بوونێکی (سەرمایەیەکی)

ئەم میللەتە کۆبکرێتەوە و بخرێتە سەر کاغەز، گەر لە ئێستاشەوە بێت هەر قازانجمانە، تاکوو نەوەکانی دوای ئێمە وەکوو ئێمەیان لێ بەسەرنەیەت، چوونکە من ئەزانم هەر کەسێک و لە هەر بوارێکدا بیەوێ بنووسێت، گەر ویستی نووسین یان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکەی بەڕێبازێکی زانستی و باوەڕپێکراو بنووسێت، ئەوا بەو مەرەیەی من ئەچێت. تووشی دەردەسەرییەکی گەورە ئەبێت، کە هەندێ جار دەگاتە ڕادەی وازلێهێنان، گەر گیانی لەخۆبوردن و ئەرکی نەتەوایەتی پاڵی پێوەنەنێت، لەبەر بارگرانی بابەتەکەی ئەوا زووبەزوو ئەو هەوڵەش دائەمرکێتەوە و ئەویش ئەچێتە خانەی نەبووان و خاوەنەکەشی دەبێتە هاوەڵی ئەو کەسانەی کە تەنها بیر لەو ساتە ئەکەنەوە کە تیایدا ئەژین، بگرە ڕێگریشن لەو کەسانەی بە خەمخۆری بیر لە دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ نەفەوتان و ڕزگارکردنی کەلتور بەگشتی و کەلتوری هونەری مۆسیقا و ئاوازی ڕەسەنی کوردی بەتایبەتی ئەکەنەوە.

من نامەوێ زۆری لەسەر بڕۆم، چونکە لە دێر زەمانەوە لای هەموو میللەتانی جیهان هونەرمەندی مشەخۆر و هونەرمەندی ڕەسەنیش هەبووە، هونەرمەندی دەربار و هونەرمەندی میللەتیش هەبووە، هەرچەندە جۆری دووهەمی هونەرمەندەکان بە کڵۆڵی و بێگوزەرانی ژیانیان بەسەربردووە. گەورەترین نموونە هەردوو هونەرمەندی نەمساوی (سالیری و مۆزارتە).

بەڵام مەخابن، پاش مێژوویەکی دوورودرێژ و پاش تێپەڕ بوونی دەیان ساڵ، بگرە چەندین سەدە جیاوازی نێوانیان ئاشکرابووە و وەڵامی پرسیارەکان دراوەتەوە، کەچی تا ئێستاش بەداخەوە لەلای میللەتە دواکەوتووەکان هەمان بەزم و هەرایە و کێ زۆر دەرباریی بێت ئەوا هەموو شتی بۆ لوواوە، ئەوانی تر وەک داشی دامە جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت. ئەبێ بە پێی ویستی دەرباریییەکان هەڵسوکەوت بکەن و جێ بە داشەکانی تر لەق بکەن و هەندی جار کش مەلیکیشیان پێ دەکرێت. دەربارەییەکانیش تاقە مێشیکیش میوانیان نییە، چوونکە چی لێ نازانن و نەشیانکردووە بە خەم. چار نامێنی ئەبێت دەست بەرەو ئاسمان بەرز بکرێتەوە و ئەو ڕستەیەی کە بۆتە فۆلکلۆر (ئەمەش زەمانێکە و بەسەر دەچێت، خوا هەڵینەگرێت) بکرێتە سرووده نوێکە. دیسانەوە چاوەڕێی گۆتۆیەکی تر بن، تا بە هانایانەوە بێت. هیوادارم لەگەڵ ئەوەی بە هەڵەی دوژمن و ڕەحمی خواش دەروویەکمان لێ کراوەتەوە، ئەو هەوڵانەی چەند بەردێک ئەخەنە سەر کەلتورەکەمان لەقەی هەلپەرستانیان بەرنەکەوێت.

دیسانەوە دەڵێم ...

پێشخستنی هونەری میللەتەکەمان بەلاسایی کردنەوە نابێت. میللەتانی تری ئەم سەر ڕووی زەمینە، هەریەکەیان ماڵی خۆیان ئاوەدان ئەکەن و کردووشیانە، دەبا پێش ئەوەی هەوڵ بدەین هاوکاری و هاریکاری کۆکردنەوەی ماڵی ئەوان بین، با دەستێک بە ماڵەکەی خۆماندا بێنین، با خەرمانی کەلتورەکەی خۆمان شەن کەین و خەلە بەپێزەکەی بکەینە هەوێنی نانێکی جوان. شیاوە ڕێچکە و ڕێبازەکانی ئەوان بگرینەبەر، بۆ ئەوەی ماڵەکەی خۆمان لەسەر ڕێگەیەکی زانستی ئاوەدان بکەینەوە، نەک کتومت لاسای هونەری بێگانە بکەینەوە. کاتێ کەلتورەکەی خۆمان بووە خاوەن ڕوویەکی گەشی شارستانییەت، ئەوسا چۆن ئێستا ئێمە تەقەلامانە کە لاسایی هونەری بێگانە بکەینەوە، هەر بەو جۆرەش هونەرمەندانی بێگانە تەقەلای ئەوەیان دەبێت کە لاسایی هونەری ئێمە بکەنەوە. دیارە هۆشمەندی و خۆنەویستی هونەرمەندان و بەگشتی لەلایەک و، تێگەیشتنی بەرپرسیاران و دەسەڵاتداران بەتایبەتی لەلا گرنگەکەی ترەوە دوو هۆکاری سەرەکین. دەی خوا تا ئەوکاتەی پێناسەیەکی گونجاو و لەبار بۆ هونەرەکەمان دەستنیشان ئەکەین، بە دوورمان بکات لە هونەرمەندی چاوبرسی و مشەخۆر و دەسەڵاتداری بێ ئاگا.

# بەشی یەکەم

## مەبەست لە ئەنجامدانی ئەم لێکۆڵینەوەیە

وەکوو لەمەوبەر باسم کرد کە زۆری تەنگوچەڵەمەکانی ناو مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیی، بۆتە بەربەستێک کە هەردەم ڕێگرێکی پتەوە لە ڕێی پێش نەکەوتن و فراوان نەبوونی ئاستی گەشەکردنی. بۆیە هەرچەند ورد بینەوە ئەبینین، کە ساڵانێکی دوور و درێژە ئاستی هونەریی لە ڕۆژهەڵات هەر وەکوو خۆی ماوەتەوە. هەرچەندە بە هۆی هەندێک کەسی خۆڕسکی هونەریی بەهرەدارەوە کەم تا زۆر هونەر لەم ناوچەیەدا گەشەی سەندووە. بەڵام دوور بووە لە ئاستی زانستی، بۆیە فراوانیش بووبێت ئەوا ئاستێکی کەم بووە و زیاتر بۆتە هۆی (زۆربێ و بۆربێ)کە.

ئەو ڕێگرانەش یان ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی ئەم ئاستنزمی و فراوان نەبوون و پێش نەکەوتنە زۆرن ... لەوانە:

١-زۆری و بۆری ناوی پلە دەنگییەکانی مۆسیقا بەگشتی و پەیژەکانی مۆسیقا بەتایبەتی، کاریگەرییەکی خراپی لەسەر ڕەوتی پێشکەوتنی ئاستی هونەری ئاواز و مۆسیقا هەیە. وەکوو بە ئاشکرا لە هەموو ئاستێکی خوێندندا و لای هەندێک هونەرمەندی ئەم ناوچەیە (ڕۆژهەڵات) دیارە و هەر بەو جۆرەیە. هەر وەکوو ئەوە وایە کە من ئێستا لێرەدا ناوم (سەلاح) بێت، بەڵام کە چوومە جێگایەکی تر ناوم ببێت بە (هەر ناوێک پێت خۆشە)، بە واتای گۆڕینی ناوەکەم بە پێی شوێن و جێگاکە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا مایەی سەرلێشێواندنی خۆمان و دەوروپشت بە خزم و بێگانەشەوە. جا نموونەی ناوی خۆم نموونەیەکی زیندووە بۆ بەکارهێنانی ناوی پەیژەیەکی مۆسیقا، کە ئەبینین بۆ یەک پەیژەی مۆسیقا چەندین ناو دێتە کایەوە. وەکوو مامۆستا عەبدولڕەحمان چبقچی ئەڵێ: لە پارچە ئاوازێکدا دوو مەقامی جیاوازی بەکارهێناوە، کە ئەمەش ڕوووداوێکی گرنگە لە مۆسیقای عەرەبیدا. بەڵام بە داخەوە بەم جۆرە ئەو مۆسیقایە ناوی پەیژەکەی لە دەست داوە و، ئەبوایە بگەڕێین بۆ ئەوەی ناوێکی نوێ بۆ ئەو پەیژە نوێیە دابنێین، منیش ئەڵێم بەداخەوە جگە لە زۆروبۆری ناوی پەیژەکانی مۆسیقا کە هەرکەسەو ناوێکی نوێی بۆ دائەنێ، سەرلێ شێواوی گەورەی ناو مۆسیقای ڕۆژ هەڵاتی بریتیە ا – بەکارهێنانی پەیژەی مۆسیقاو وشەی مەقام بۆ یەک مەبەست ،کە وشەی مەقام بریتییە لە ئاوازێکی ڕیتم سەربەست وەکو قەتار و خاوکەر و .....هتد. ب – سەرلێشێواوی دووەم باسکردن لە بونی چارەکە دەنگ، کە هەڵەیەکی زۆر گەورەیە، بچوکترین میانەی دەنگی نیو پلەی دەنگی یەو دوای ئەو پلەی سێچارەکە دەنگی و پاشان دەنگی تەواو.

٢- نەبونی سیستمێکی زانستی بۆ نوسینی ڕابەری پەیژەکانی مۆسیقا لەساتی نۆتەنوسینی پەیژەکانی مۆسیقادا بەتایبەتی پەژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (ڕاست)و پەیژە دروستکراوەکانی سەر پلەدەنگیەکانی (شەشەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم)، کەتائێستاش هەرکەسەو بە بۆچوونی خۆی ئەینوسێ.

٣- نەبوونی سیستێمێکی زانستیی بۆ گەشەدان بە پارچە ئاوازێک و بەکارنەهێنانی پەیژەی جیاواز لە ئاوازێکدا و، مانەوەی پارچە ئاوازێک لەسەر یەک پەیژەی مۆسیقایی. بۆیە ئاواز و مۆسیقاکانمان تەنها لە شێوەی فۆرمی ئاواز و گۆرانی فۆلکلۆریدا ماونەتەوە. دیسانەوە بۆیە وەکوو میللەتانی ڕۆژئاوا بەگشتی و میللەتانی ئەوروپا بەتایبەتی نەبووینەتە خاوەنی فۆرمی نوێی وەکوو سیمفۆنی و کۆنسیرتۆ و ... هتد و چەندین فۆرمی نوێی جوان.

٤- نەدۆزینەوەی سیستێمێکی (میتۆدێکی) زانستیی بۆ بەکارهێنانی پەیژەی کرۆماتیک، بەتایبەتی لە پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (ڕاست)دا، کە ئەمەش هۆکارێکی گەورەیە بۆ بەکارهێنانی ئەم پەیژەیە لە ئاستێکی نزمدا.

# بەشــی دووەم
# کورتەیەکی مێژویی

بەرەوهونەرێکی ڕەسەن ...................... کام جۆرە ڕەسەنایەتییەک ... ؟ لەکەیەوە دەستپێ بکەیین؟ پار......... دوێنێ.... سبەینێ.... ؟ ئەی کەی ... ؟

زۆر گەڕام و زۆر کەسانی لەبار و وشیارم دی، کاتێکی زۆرم لەگەڵ کۆمەڵ و کۆڕی گەنجان و پیران بەسەر برد، خولیای تەنها پرسیارێک بووم، ئەویش ... ئایا مێژووی ئاواز و موسیقای کوردی لە کەیەوە دەست پێ ئەکات؟ ئەی کامەیە ناسنامەی ئاواز و مۆسیقای کوردی؟

ئایا ڕاستە زمانی ساز و ئاواز دیاردەیەکی سروشتین و، پێش دروستبوونی ئادەمیزاد بە هۆی دیاردە سروشتییەکانی وەک لەرینەوەی دارودرەخت و گڤەگڤی با و خوڕەی ئاوی چەم و ڕووبار و زەریاکان و دیاردە سروشتییەکانی تری وەک هەورەتریشقە و دەیان دیاردەی تریش پەیدا بووە ... ؟

دیارە ئەمە دیاردەکانی دروستبوونی دەنگە سروشتییەکانە. بەڵام ئەی دەنگە بەسۆزەکانی ئادەمیزاد کەی دروست بوون؟ یان ئایا لای میللەتی کوردیش هەر وەکوو میللەتانی تری سەر ڕووی زەمین پابەندی پەیدابوونی یەکەم مرۆڤی کورد بووە؟

زۆرم بیست، بەڵام لە هەموویان ئاشناتر بە گوێم وتە بەنرخەکەی مامۆستای گەورە (محەمەدی حەمە باقی) بوو، کە تا ئیستاش لە گوێمدا ئەزرنگێتەوە. لەو دانیشتنەماندا فەرموی: بە گوێرەی ئەوەی لە کتێبی (ئەهلی حەق)دایە، هونەری سازو ئاواز لە دێر زەمانەوە لە ناو پەیڕەوانی ئەم ئاینەدا برەوی هەبووە، لە نامەی سەرئەنجام لە(سرووتی یارسان)دا وا هاتووە: (ئەو کاتەی یەزدان ویستی ئادەم یان مشییەی کورد بخولقێنێت، ڕۆح بە بەر ئادەمی کورددا نەچوو، بۆیە دوای (40) ڕۆژ یەزدان بە (بنیامین)ی سەردەستەی فریشتەکانی فەرماندا کە گیان بە بەر ئادەمدا بکات، بنیامینیش ئاوازی بۆ گیان ژەند، بەو جۆرە گیان چووە بەری ئادەمی کوردەوە).

من لێرەدا مەبەستم ئەوەیە، گەر سەرچاوەی زمانی ساز و ئاواز وەکوو لای هەموو میللەتانی سەر ڕووی زەمین دین و ئاین بێت، ئەوا لای میللەتی کوردیش هەروا بووە. ئاشکرایە هەر لە دێر زەمانەوە لای هەموو میللەتانی سەر ڕووی زەمین، کوردیش لەگەڵیاندا چەندین گۆڕانکاری بەسەر باری ئاینی و بیروباوەڕیاندا هاتووە.

وشەی کورد وشەیەکی سۆمەرییە، بە مانای گرد و بەرزایی دێت، سۆمەرییەکان واژەی گرداکا یان کرداکایان بەکارهێناوە، سۆمەرییەکان لە ناوەند و خواروی عێراق ژیاون. گەر بەرەو سەرەوە بڕۆین هەر بەرەو بەرزایی ئەچین. یۆنانییەکان وشەی کاردۆخیان بەکارهێناوە، لە کتێبەکەی گەزنەفۆنیشدا هەر وا ناوبراوە. کاردۆخییەکان کێن؟ بریتین لەو کوردانە کە لە ڕۆژئاوای زێی گەورە ژیاون. کەواتە کورد یان نیشتمانی کورد لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی میدییەکانە و بەشی دووەمیش ناوچەی کاردۆخییەکانە. هەندێ لەسەرچاوەکان دەڵێن دوو میللەتن و بوونەتە نەتەوەیەک، چونکە ئاشکرایە نەتەوە لە ئەنجامی یەکگرتنی دوو یان زیاتری دوو میللەت دروست ئەبێت و، میللەتیش لە ئەنجامی دوو یان زیاتری دوو خێڵ دروست ئەبێت.

بۆیە بە چاکم زانی، کە ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان من و برای ئازیز دکتۆر (ئەکرەمی میهرداد)دا ڕوویدا هەندێکی بخەمە پێش چاو.

دکتۆر ئەکرەمی میهرداد (ئەکرەم محەممەد کەریم) شارەزای ڕووناکبیریی و فەرهەنگیی لە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی لە ( ٢٠٠٥ ) ی زایینی وتی: وشەی دین وشەیەکی کۆنی ئاڤێستاییە، کە لە وشەی دەئینا (Religion) وەرگیراوە. وشەی ئاینیش هەر وشەیەکی کۆنی ئاڤێستاییە، کە بە مانای یاسا، پەیڕەو یان مەزهەب هاتووە، کەواتە ئەتوانین بڵێین دینی زەرتووشتی، بەڵام ئاینی کاکەیی (ئەهلی حەق) یان ئاینی یەزدی یان ئاینی عەلەوی.

لەسەرەتادا با پێناسەیەکی وشەی ئاری بکەین، هەندێ سەرچاوە هەیە بەتایبەتی ئاڤێستا، کە وشەی ئاری بە وشەی نەجیبزادە لێک ئەداتەوە. لە هەندێ جێگەی تری ئاڤێستاشدا، بە مانای نیشتەجێ هاتووە. ئەو سەردەمە نیشتەجێبوون ڕەوشی گرنگی خێڵەکان بووە، لەبەرامبەر خێڵە کۆچەرەکانی بیابانی سارد، کە لە ناوچەی تۆرانەوە هاتوون و خێڵەکانی خوار خۆیان و ئەم ناوچانەیان داگیر و تاڵان کردووە. شارەزاکان دەڵێن: مێژووی دین و قۆناغە سەرەکییەکانی پەیامی دین (بیروباوەڕ) لە وڵاتی کوردان یان وڵاتی ئارییەکان لە سێ قۆناغ پێکهاتووە، دەڵێ ئەو سەرچاوانەی کە پشتم پێ بەستوون کتێبەکەی میهردادی یەزیدییە و، هەروەها کتێبەکەی (دکتۆر ڕەشاد میران) و چەند سەرچاوەیەکی فارسیش کە تیایدا دەڵێن:

### قۆناغی یەکەم:-

بریتییە لە قۆناغی چەند خواوەندیی، بە واتای پتر لە خواوەندێک پەرستراوە (تعدد الالهە) یان پۆلیسیزم. ئەم قوناغە هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی خێڵایەتی، بە واتای ڕێخستنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ڕێخستنی خێڵ بووە. لەم سەردەمەدا پێنج (٥) خواوەندی سەرەکی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا پەرستراون، ناوەکانیان ئەمانەن ئەگەر لە باکوری کوردستانەوە دەست پێ بکەین: یەکەمین خواوەند پێی ئەوترێت (بابە ئاسمان)، کە لە هەندێ سەرچاوەکاندا پێی ئەوترێ (دیاوس پیتر) وشەی پیتەر لە پدەری فارسییەوە و، لە وشەی فادەری ئینگلیزیشەوە نزیکە. ئەم خواوەندە (بابە ئاسمان) لە ناوچەکانی خۆی و سەڵماس و شنۆ و نەغەدە پەرستراوە . خواوەندی دووەم خواوەندی (دایەزەوی)یە کە لە ناوچەکانی سلەیمانی و موکریان و کەرکوک پەرستراوە، ناوێکی تریشی هەبووە کە ناوی ئافرەتیشی پێ وتراوە، وشەی ئافرەتیش بە مانای خولقێنەر، تا ئێستاش گەر کەسێک کارێکی باش بکات پێی دەڵێین ئافەرین، تا ئێستاش بە بەهرە (ئیبداع) دەڵێین ئەفراندن، نەفی (پێچەوانەی) ئافرەت نەفرەتە، هەردووک بە هەردوو واتای (ئەڕێ – ئافرەت و نەڕێ – نەفرەت) هاتووە. شوێنەوارناسەکانیش خواوەند (بت)ی دایکیان لە ناوچەکانی سلەیمانی دەوروبەرەکانی دۆزیوەتەوە. خواوەندی سێیەم بەناوی (کەلئاهورا)یە کە لە ناوچەی کەلهوڕەکان پەرستراوە و، بە ناوی خواوەندی تیشک (الهة النور) یان (الهة الحکمه) دێت. کەڵهوڕەکان لە ناوچەکانی ئیلام و کرماشان ئەژین و ناوی خێڵەکەشیان هەر لە ناوی خواوەندەکەیانەوە هاتووە. خواوەندی چوارەم کە لەوپەڕی باکوری کوردستان پەرستراوە، ئەویش خواوەندی (ئازەر یان ئاتەر)ە و بە مانای خواوەندی ئاگر دێت. لەبەر ئەوەی ئەم خێڵانەی کورد لە ناوچە زۆر ساردەکانی کوردستاندا ژیاون و پێویستییەکی زۆریان بە ئاگر بووە و ئاگر بەشێک بووە لە ژیانیان، بۆیە وەک خواوەندێک سەیریان کردووە. هەندێ لە لێکۆڵەرەوان دەڵێن ناوی ئاریاکان هەروەها وشەی ئێرانیش هەر لە وشەی ئارەوە هاتووە، گەر تەماشا بکەین ئەبینین، لە نێوان گەلێ کورد و فارسدا هەر بۆ ئەم واژەیە لەیەکچووی لەوانە واژەی ئاگر، ئاور، ئاهەر، ئایر، ئاتەش، ئار و ئازەریش هەیە. خواوەندی پێنجەم خواوەندی (هوما)یە، کە خواوەندێکی ئەفسانەییە، بریتییە لە باڵندەیەک کە لەشەکەی باڵندەیە و سەری مرۆڤە، تائێستاش هێمای ناسێنەرەوەی دینی زەرتووشت ئەم باڵندە (هوما)یەیە. وەک فارسەکان دەڵێن نمادێکی ڕەسەنی دینی زەرتووشتە و بە فرۆهەر (مرۆڤ یان گیانی ڕەوان) ناوی هاتووە، کە هەندێ لە شارەزایان دەڵێن ناوی خێڵی هەمەوەند لەم ناوەوە هاتووە. وەک زانایان دەڵێن ئەم قۆناغە لە (١٠٠٠٠ تا٢٠٠٠) ساڵ پێش زایینی خایاندووە، هەرچەندە بە سەردەمێکی زۆر ڕوون و ئاشکرا نەناسراوە و، زیاتر وەکوو ( هیگـــڵ) دەڵێت: بە سەردەمێکی ونبوو ناو ئەبرێت. لەبەر ئەوەی زۆربەی مێژووەکەی ون بووە. هەروەها ناوی ئەم سەردەمە بە ناوی چەند خواوەندییەوە ناوبراوە، لەبەر ئەوەی سەردەمی ڕێکخستنی خێڵە جیا جیاکانە و هەر خێڵێک بەجیا لە خێڵەکانی تر ژیاوە و، خواوەندێکی بە پێی ویست و خواستی خۆی پەرستووە.

## قۆناغی دووەم:-

قۆناغی میهرپەرستی لە ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین تا ٧٠٠ ساڵ پێش زایین ئەخایەنێت، میهر بە مانای زانایی، بەزەیی، دڵسۆزی یان ڕووناکی دێت. میهر کوڕی ئاناهیتایە و ئاناهیتا بەبێ باوک میهری بووە. وەک سەرچاوەکان ئەیگێڕنەوە، میهر حەز لە ئاناهیتا ئەکات. {کە لە زانستی سایکۆلۆجیدا گەر کوڕێک حەز لە دایکی خۆی بکات، پێی دەڵێن گرێی ئۆدێب ( ئەم ڕووداوە زۆر پێش شانۆگەرییەکەی ئۆدێب پاشای سۆفۆکلیس)ە، هەروەها گەر کچێکیش حەز لە باوکی بکات پێی دەڵێن گرێی ئەلیکترا}. ئاناهیتاش کە خواوەندی دایکە یان خواوەندی ئافرەتە و خۆی ( دایەزەوی)یە، ئاناهیتایەکی تری بۆ دروست ئەکات، کە ناوی (ناهید)ە، ناهیدیش بە مانای سنگی بەرز یان مەمک قوت دێت، بۆیە زۆربەی زۆری ئافرەتەکانی ئێران ناویان ناهیدە و، ناوی یەکێ لە ئەستێرەکانیش (ئەستێرەی زوهرە) لای ئێرانییەکان ناوی ناهیدە. هەندێک لەسەرچاوەکان دەڵێن: قۆناغی میهر هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی ئیبراهیم لە دینی سامییەکاندا. وەک دەڵێن، ئیبراهیم بە نیشانە خوای دۆزییەوە، جارێک ئەیوت ڕووناکی خوایە، جارێکی تر ئەیوت خۆر خوایە، جارێکی تر ئەیوت مانگ و جارێکی تریش ئەیوت باران خوایە. بەڵام لە کۆتایدا وتی ئەوەی هەموو ئەمانەی دروستکردوە ئەوە خوایە. هەندێ لەسەرچاوەکان دەڵێن میهر و ئیبراهیم هەر یەکن. بە گێڕانەوەی جیاواز سامییەکان بە ئیبراهیم ناوی ئەبەن و، ئارییەکان بە میهـــــر. زانایان هەموویان لەسەر ئەوە یەکن کە هەردووکیان لە باکوری کوردستان پەیدا بوون و، سەردەمەکەشیان هەر یەکە. بەم قۆناغە دەڵێن قۆناغی پەڕینەوە (هینۆسیزم)، بە واتای پەڕینەوە لە قۆناغی چەند خواوەندییەوە بۆ قۆناغی یەکتاپەرستی، هەرچەندە نەگەیشتۆتە ئاکامیش، بە واتای بە تەواوی بە یەک خواپەرستن نەگەیشتوون.

## قۆناغی سێیەم:-

قۆناغی یەکتاپەرستی (یەک خواپەرستی)، کە هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی دینی زەرتووشتی و دەوڵەتی میدیا یان میللەتی میدیا. سەردەمی یەکەمی- سەردەمی دەسەڵاتی خێڵە. سەردەمی دووەم- سەردەمی یەکگرتنی خێڵەکانە یان سەردەمی دەسەڵاتی میللەتە. واژەی میللەت واژەیەکی ئاڤێستاییە، بە واتای بەهێز یان یەکگرتنیی بۆ بەهێزبوون دێت. یەکەمین میللەت کە بە هۆی یەکگرتنی حەوت خێڵی جیاواز لە وڵاتی ئاریایەکاندا دروست بووە، پێی دەڵێن میللەتی (مـــاد) یان میللەتی (مانا) یان میللەتی (ماگـــا) یان میللەتی (مادا)، کە ناوی بەهێزترینی ئەو حەوت خێڵە یەکگرتووە بووە. سەرچاوەکان ئەم ناوانە بەکار ئەهێنن، کە یۆنانیەکان کردوویانەتە (میدیـــــا)، کە لە سەرەتادا بۆ ناونان لەم میللەتە بەکاریان هێناوە. ئەم میللەتە بۆ یەکەم جار خۆیان شارێکیان دروست کردووە بە ناوی هەگمەتانا (هەمەدان). ئەم واژەیەش لە واژەی (هەمە دانا) وە یان (هەمە زانا) وە نزیکە. شاری هەمەدان شارێکی ڕامیاری بووە و، لە یەکگرتنی ئەو حەوت خێڵە میللەتەکەی دروست بووە. مارکس دەڵێ: یەکگرتنی بەرژەوەندی لەسەر زەوی پێوستی بە یەکگرتنی بەرژەوەندی بیروباوەڕی ئاسمانیش هەیە. جا یان لە ترسی یەکتر یان لەبەرژەوەندی دوولایەنەیە. دیارە یەکگرتنی ئەم حەوت خێڵە هەردوو بەرژەوەندییەکەی تیا بوو.

یەکەمیان بۆ ئەوەی بەرژەوەندی خۆیان بکەن بە یەک و دوەمیش بۆ ئەوەی هێزی خۆیان بکەنە یەک تا دەرەقەتی ئاشورییەکان بێن. هەندێ لە سەرچاوەکان دەڵێن: ئەم سەردەمە سەردەمی دروستکردنی دەوڵەتی شارە، چونکە پێشتر دەوڵەت یان دەسەڵات دەسەڵاتی لادێ یان خێڵ بووە، لێرەدا پێویستە زانیاری زیاتر دەربارەی دینی ئاڤێستایی بزانین و، تایبەتمەندییەکانی کە لە دینەکانی تر جیای ئەکاتەوە چییە؟ چونکە دینی زەرتووشتی دەربڕینێکی ئایدۆلۆجی خاوەن دەستور و یاسا و پەیڕەو (ئاین)ە و، بۆ ئەم زانیارییەش پێویستە لە واژەی (وشەی) هەرە گرنگەوە

دەست پێ بکەین، کە ئەویش وشەی (خوا)یە. زەرتووشتییەکان بە خوا دەڵێن (ئاهورامەزدا)، کە بە واتای سەروەری زانا یان ڕووناکی سەروەر دێت.

**بەم جۆرە باسی لێ ئەکرێت:**

١-کاتێ کە زانایی ئەبێتە سەروەر، ئەشێ ئێمەش هەموومان زانا بین یان زاناییەکەی ناو هەموومان ئەبێتە گشت. هیگـــــڵ لە کتێبی (العالم الشرقية) دەڵێت: دروست بوونی ئەم دینە سەرەتای دروست بوونی دەسەڵاتی وشیاری و مێژوو و ڕووناکی و زانایییە. چونکە قۆناغەکانی پێش زەرتووشت، سروشت یان باوک یان دەسەڵات گشت بووە. پرسیارێک ... ئێمە هەموومان بەشێکین لە زانایی، بەڵام هێز و دەسەڵاتی سروشتمان نییە. بەڵام هەموومان زانایمان هەیە یان هەموومان باوک نین بەڵام هەموومان کوڕ یان نەوەین. هەموومان دەسەڵات نین بەڵام هەموومان خەڵکین. زاناییش ئەو شتەیە کە ئەکرێت هەموومان لێی بەهرەمەند بین. کاتێک کە وشیاریی (وەعی) ئەکرێتە دەسەڵات یان سەروەر، زانایی ئەکرێتە سەروەر، بۆیە هیگڵ دەڵێت: دروستبوونی ئەم ئاینە بە سەرەتای دروستبوونی وشیاریی ناو ئەبرێت یان سەرەتای مێژوویەکی وشیارییە.

٢-کاتێک کە ڕووناکی ئەبێتە سەروەر، گەر سەیرکەین کاتێ کە ڕووناکی هەڵدێت لە هەموو شوێنێک ئەدات، لە بەرزایی و نزمایی و کەسی بەهێز و کەسی بێهێزیش ئەدات، لە چاک و خراپ ئەدات. بۆیە ڕووناکیش وەک زانیاری ئەکرێتە گشت، چۆن زانیارییەک ئەتوانرێ گشت لێی بەهرەمەند بێت، ڕووناکیش ئەتوانرێ گشت لێی بەهرەمەند بێت. بۆیە هەڵبژاردنی واژەی ئاهورامەزدا کە هەردوو مانای زانایی گەورە و ڕووناکی گەورە ئەبەخشێت. بۆیە ئەم دینە دوو هێمای زۆر گرنگی لەخۆ گرتووە. ئەوانیش ڕووناکیی و زانایییە، کە هەردووکیان هێمای وشیارین لە پەیڕەوی ئەم دینەدا. تایبەتمەندییەکی تریش ئەوەیە، کە لەم دینەدا (ئافریدە) مرۆڤ (فرۆهەر) پەرستگەر (عبد) نییە، بەڵکوو بەشێکە لە دامودەسگای ئاهورامەزدا، کە دەڵێت گەر خوا بە باوک ناوبنێین ئەوا فرۆهەریش نەوەیە، ئەوا باوک بێشک حەزئەکات نەوەکەی لە خۆی باشتر بێت. بۆیە دەڵێت خوا ئافەرینکەرە و فرۆهەریش ئافەرینکراو و یەکێکە لە دەسگاکانی ئاهورامەزدا، وەکوو چۆن ئەیزەدەکان (فریشتەکان) هەر وان و ئەمشاسپەنتان (سەرۆکی فریشتەکان) هەروەها بەشێکن لە دامودەزگاکانی ئاهورامەزدا، کەواتە لەم دینەدا لە پیرۆزترین شتدا کە بە خوداییبوونە بەشی مرۆڤی داوە. خوداییبوونیش ئەوەیە کە مرۆڤ خوا نییە، بەڵام بەشێکە لە خوا. وەک چۆن دەڵێن کەسێکی خەڵکی کەرکوک، کەرکوک نییە بەڵام کەرکوکییە. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی تر ئەوەیە، کە ئاهورامەزدا توانای خۆی بە هەموو شتێ نازانێ، بەڵکوو داوای یارمەتی لە فرۆهەر ئەکات، بۆ شەڕی دژی (ئەهریمن). کەواتە فرۆهەر لەم دینەدا یارمەتیدەری خوایە. بۆیە وەکوو دەڵێن: خوا داوای لە (یەعقوب) کرد، کە ناوی خۆی بگۆڕی بە ئیسرائیل (یارمەتیدەری خوا) بە پێچەوانەی هەندێ دینی تر، کە خوا تیایدا هەر فەرمانکەرە و مرۆڤیش هەر ئەبێت پەسەندی بکات. بەڵام لە دینی زەرتووشتدا مرۆڤ خوداییە و یارمەتیدەری خوداشە.

تایبەتمەندییەکی تری ئەم دینە، ئاهورامەزدا هیچ پەیوەندییەکی بە دروست بوونی (ئەهریمەن)وە نییە، ئەهریمەن شتە ناشیرین و خراپەکانی ناو ناخی مرۆڤ و ناو سروشتە، بۆیە لە دینی زەردوشتدا خو بە زەبروزەوتکەر و دەسەڵاتی هەرە گەورە نییە، بەڵکوو خوا زانایە، خوا دانایە، خوا بەخشندەیە و میهرەبانە و ئەیەوێ فرۆهەریش هەر وابێت. بە پێچەوانەی دینەکانی ترەوە، کە ئەهریمەن (شەیتان) یەکێکە لە هەڵگەڕاوەکانی خوا و کەسێکی نەمرە و خوا هیچ دەسەڵاتێکی بەسەردا نییە. ئەو چی بوێ بە هەوەسی خوی ئەیکات. بە پێچەوانەوە کە لای زەرتووشت ئەهریمەن بریتییە لە شتە خراپەکانی ناو ناخی مرۆڤ و سروشت، کە مرۆڤ خۆشی دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە.

گرنگترین تایبەتمەندیەکانی دینی زەرتووشت کە لەسەر زمانی زەرتووشت لە ئاڤێستادا دەڵێ: ئاهورامەزدا بۆ پەیڕەوکردن لە چاکە و خێر، مەرج نییە لە ڕێی ئاهورامەزداوە بێت، ئەشێ مرۆڤ ڕێگەیەکی تر بۆ پەیڕەوکردنی چاکە و خێر بدۆزێتەوە. مەرجیش نییە ئەگەر مرۆڤ ئاهورامەزدایی

نەبێت ئەهریمەنی بێت. کەواتە لەم دینەدا مرۆڤ ئاڕاستەکراو نییە و خۆی سەرپشکە لە هەڵسوکەوتیدا. بەو واتایەی گەر مرۆڤ خودایی نەبێت مەرج نییە ئەهریمەنیش بێت. وەکوو لە زانستی نوێدا (Postmodernism) هەڵبژاردەیەکی تریش هەیە، کە پێی دەڵێن هەڵبژاردەی سێیەم، چونکە بیری فەلسەفیی لەسەر بنەمای بەرامبەریی شەو و ڕۆژ و، چاکە و خراپە و، ڕەش و سپی و، ژن و پیاو و، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بنیات نراوە. بەڵام بیری فەلسەفی نوێ(Postmodernism) هەڵبژاردەی سێیەمیش لە دووانەکەی تر بە کەمتر نازانێ. بۆیە (فریدریک نیتشە) لە کتێبەکەیدا بە ناوی (ماوراء الخير والشر) دەڵێت: جگە لە دوو بەرامبەریی (پەسەند و ناپەسەند یان چاکە و خراپە) هەڵبژاردەیەکی تریش هەیە. وە لە کتێبەکەی تریدا (زەرتووشت ئاوا ئەدوێت) ئەڵێ: من ئەم بیرۆکەیەم لە ئاڤێستای زەرتووشتەوە وەرگرتووە.

گرنگترین تایبەتمەندی دینی زەرتووشت ڕواڵەتی ئاهورامەزدا و ئەهریمەنە کە ناوی ئاهورامەزدا بە (سپەنتە مەینەڤا) بە مانای سپی، پاک، بێگەرد دێت و، بە ئەهریمەنیش دەڵێ (ئەنگرەمەینەڤا) بە مانای پەست، توڕە و ناشیرین دێت. گەر سەرنج بدەینە وشەی مەینەڤا ئەبینین لە وشەی (Meanin)ی ئینگلیزییەوە نزیکە و، ئێمەی کوردیش ئەتوانین بەکاری بهێنین چونکە زۆر لە وشەی (معنى) عەرەبی کۆنترە وە سەرچاوەکەشی هەر دینێکی کوردییە کە دینی زەرتووشتە. دیسان وشەی ئەنگرە مەینەڤا کە وشەیەکی ئاڤێستاییە، گەر سەرنج بدەینە وشەی ئەنگرە ئەبینین لە وشەی (Angry) ئینگلیزییەوە نزیکە، کە بە مانای توڕە یان پەست و دزێو یان ناشرین بەکار هاتووە.

دینی زەرتووشت لەو زنجیرە دەسەڵاتانەی کە لە کوردستاندا یەک لە دوای یەک بە دروستبوونی دەوڵەتی مادەکان (میدیا)کان و، پاشان هەخامەنشینەکان و پاشان ئەشکانیەکان و دواتریش ساسانییەکان بووە، دینێکی سەرەکی لە ناو دینی زەرتووشتیدا ئەو کەسانەی بە گەورەپیاوانی ئاینی ناسرابوون (ماگا)کان بوون، کە عەرەبەکان پێیان دەڵێن (موغ) کە ئەمە بە عەرەبکراوی وشەی ماگـــایە. یونانییەکان کردوویانەتە (ماگوش). عەرەبەکان هەر وشە یۆنانییەکەیان وەرگرتۆتەوە و کردوویانەتە (مجوس). ئەمیل پەنەڤیست لە کتێبە باوەڕپێکراوەکەیدا بە ناوی (دینی ئێرانی بەرپای مەتنەهای موعتەبەری یۆنانی) دەڵێ: تەنانەت وشەی (Magic) ی ئەورووپی، کە بە مانای سیحر دێت، لە (ماگا)ی ئاڤێستاییەوە وەرگیراوە، وەک چۆن وشەی (ئەفرۆدێت) لە وشەی ئافرەتەوە وەرگیراوە. زۆرترینی سەرچاوە ئەورووپاییەکانی وەک سترابۆ، ئەرستۆ، فیثاغۆرس، هێرۆدۆت و ئەفلاطونیش ئەوە ئەسەلمێنن کە زۆر لە زانستییەکانی یۆنانی لە زانستییەکانی زەرتووشتی و ناو ئاڤێستاوە وەرگیراون.

بە پێاوانی ئاینی لە دینی زەرتووشتدا (ماگەکان) وتراوە گۆرە، پاشان بۆ کۆیان پیتەکانی (ا، ن)ی خراوەتە سەر، بۆ بەکۆکردنی بۆتە وشەی (گۆران). ئەمانە فێرکردنی دینی زەرتووشتیان بە جۆری ئاوازئامێزەوە بە خەڵک وتووە، بۆیە بەم جۆرە فێرکردنەیان وتووە گۆرانی. هەرچەندە لە هەندێ سەرچاوەی عەرەبیدا وشەی (گەبر)ی بۆ بەکار ئەهێنن، کە گوایا ئەو کەسە نەگۆڕاوانە ئەگرێتەوە، کە نەبوونەتە ئیسلام، پاشان ئەم وشەیە بۆتە وشەی (گاور)، کە بە مانای نەگۆڕ دێت. بۆ زانیاری زیاتر تا ئێستاش لە ناوچەکانی (لەک و کەڵهوڕ و لوڕ و باجەلان ) بە وشەی گەورە دەڵێن (گۆرە). ماگەکان سەرەڕای ئەوەش کە زانستی دینەکەیان بە ئاوازەوە بە خەڵک وتووە، جۆرە بەرگێکی تایبەتیشیان لەبەردا بووە، کە جیاواز بوون لەگەڵ خەڵکی ئاسایی تردا. ئەو وەختە شەرواڵی فش لەگەڵ کەوای شۆڕ، کە دراوەتەوە بەسەر شەرواڵەکەدا لەبەر کراوە، ماگەکان هاتوون شەرواڵەکەیان تۆزێک تەسکتر کردۆتەوە، با بڵێین بە دەستوری مهابادییەکان یان هەولێرییەکانی ئێستا، مراخانی یان چۆغەکەشیان خستۆتە ناو شەرواڵەکەوە و، پشتێنی سێ گرێشیان بەستووە. کە ئەو سێ گرێیەش بە واتای (بیری باش، وتەی باش و کردەوەی باش) دێت، کە سێ پەیامە سەرەکییەکەی دینی زەرتووشتە. هەروەها جامانەی ڕەشیشیان لەسەر ناوە، بۆیە بەمانەیان وتووە

(سیاو جامانە)، بە واتای ئەو کەسانەی کە جامانەی ڕەشیان لەسەر ناوە و پاشان بەو ئاوازانەی کە وتویانە پێیان وتووە سیاوجەمانە (سیاچەمانە).

ئەم دینە بەردەوام ئەبێت تا سەردەمی ساسانیەکان، دوو جۆر ئاینی لێ دروست ئەبێت، یەکێکیان مانی و ئەوی تریش مەزدەک. ئاینی مانی لە ناوی کەسێکی خاوەن بەهرەی وێنەکێش و مۆسیقازان و فەیلەسوفەوە کەوتۆتەوە، کە ئاینەکەی هەر زەرتووشتییە، بەڵام کاریگەری دینی مەسیحی لەسەر بووە، ئەو کاریگەرییەتیەش تەنها لە ڕووی ڕەوشتەوە بووە، لەبەر ئەوەی دینی مەسیحی دینێکی ڕەوشتییە زیاتر لەو ڕێگەیەوە هەوڵی چارەسەرکردنی کۆمەڵگا ئەدات. ئەیەوێت باری گوزەرانی کۆمەڵگا و یەکسانی لە نێوانیاندا چاک بکات. ئاینی مەزدەکیش هەر بەو جۆرەی ئاینی مایی بووە، مەزدەک یەکێکە لە ناوەکانی خوا یان بچوککراوەی مەزدایە. ئەم ئاینانە بەردەوام ئەبن تا هاتنی لەشکر و داگیرکەرانی دینی ئیسلام. ئەوەبوو لە ساڵی ۲۱۹ی کۆچی ئاینێک لەو پەڕی باشووری کوردستان لە ناوچەکانی مەندەلی و خانەقین و قەسری شیرین و ئەو دەوروبەرە، بە ناوی ئاینی ئەهلی حەق (کەسانی خوا) دروست بوو، کە هەر دینی زەرتووشتییە و دیسان بە خۆشیان وتووە یارسان (یاری مەزن یان یاری یەزدان). واژەی سان هەر وشە ئەوروپییەکەیە کە بە مانای مەزن دێت. ئەم ئاینە هەوڵدان بوو بۆ زیندووکردنەوەی دینی زەرتووشت. دەڵێن سەرهەنگی دەودان کە یەکێکە لە پەیڕەوکەرانی باڵوڵی ماهی (باڵوڵی مایی یان باڵوڵی مادی) هەوڵی برەوپێدانی ئەم ئاینەی داوە، کە هەندێ لەسەرچاوەکان دەڵێن لەسەردردەمی ئەمدا برەو بە ئاینی کاکەیی دراوە. هەندێک دەڵێن کە لەسەردەمی ئەمدا ئاینی ئەهلی حەق دروست بووە. باشترین سەرچاوەش بۆ ئەمە شیعر و هۆنراوەکانی کاکەیی خۆیانە کە دەڵێن:

سەرهەنگی دەودان سەرهەنـــــــــگی دەودان
ئــەز کـە نـام مـەن سـەرهـەنـــــــگی دەودان
چــەنێ ئـێـرمـانـان مـەگـێڵــــــین هــەردان
تـــازیـــندو کــەرۆ ئـــایـــنی کـــــــوردان

ئەم هۆنراوەیە بە زمانی ماچۆیە.

باشترین نووسراوی کاکەییەکان (سەرئەنجام)ە، کە زۆربەی زۆری مێژووی کۆمەڵایەتی و ڕامیارییانی تیا نووسراوەتەوە و، زیندوکەرەوە و پەیڕەوکەری دینی زەرتووشتن. بە پێی ئاینی کاکەیی دنیا حەوت سەدەیە (سەردەم _عصر)ە.

١- سەردەمی پەروەردگار (خوا):- پەروەردگاریش چوار (بابا) بەرجەستەکاری هەیە، کە بریتین لە جوبرائیل و ئیسرائیل و میکائیل و عزازئیلە. لە ئاینی کاکەییدا هەردەم یەکێ لەبەرجەستەکارەکانی خوا ئافرەتە، کە پێی دەڵێن دۆنی خوا یان دۆنی دایک، ئەم ئاینە تاکە ئاینێکە کە ئافرەت گەیشتۆتە پلەی خوایی. بۆیە لەو سەردەمەدا زیاتر لە چەند شاعیرێکی ئافرەت لە ناو ئاینی کاکەیدا هەڵکەوتوون.

٢- سەردەمی (مەعریفەت) زانیاری:- کە هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی عەلی کوڕی ئەبی طالب. کاکەییەکان بە عەلـــــی دەڵێن مەولا، کە ئەمیش دۆنی خوایە و چوار بەرجەستەکاری هەیە کە ئەمانەن محەمەد، قەنبەر، سەلمان و نصیرە. ئەمیش دۆنێکی هەیە کە فاتمەی کچی ئەسەدە ئەمێش دۆنی دایکی خوایە، کە دایکی سولطان ئیسحاقە یان دایکی شاخۆشێنە.

٣- سەردەمی سێیەم (عصر)ی شاخۆشین:- کە بە سەردەمی تەریقەت بەناوبانگە. شاخۆشین کوڕی مامە جەلالەالدینی لوڕستانییە، مامە جەلالەالدینی لوڕستانی بەبێ باوک شاخۆشینی بووە، باوکی مامە جلالەالدین نەزری کردووە (کاکەییەکان کە خواردن ئەخۆن نەزر ئەکەن). لەو نەزرەدا هەناریان خواردووە، لەو هەنار خواردنەدا دەنکێ هەنار بەجێ ئەمێنێت، مامە جلالەالدین ئەو دەنکە هەنارە ئەخوات و بەو دەنکە هەنارە سکی پڕ ئەبێت، کە مامە جلالەالدین سکی پڕ ئەبێت، خەڵکی ئەکەونە قسە. باوکی مامە جەلالە دەڵێ: ئەوەستین تا مناڵەکەی ئەبێت، کە مناڵەکەی بوو ئەیخەینە ئاگرەوە. گەر مناڵەکە سووتا دیارە ئەم کچە زینای کردووە، گەر نەسووتا ئەوا کەسێکی

پیرۆزە. گەر سووتاش ئەوا دەر ئەکەوێ کە مامە جلالەالدین کەسێکی ناپاکە. کاتێک کە منالەکە ئەبێت، ئەیخەنە ئاگرەوە و منالەکە هیچی بەسەرنایەت. بۆیە بە کەسێکی پیرۆز سەیر ئەکرێت و بەرجەستەکارەکانی ئەمانەن: بابە بزورگ و بابە تایەری هەمەدانیی و بابە شاسوار و بابە یادگارە. شاخوشین بۆ خۆی دۆنی میهرە و مامە جەلالەالدینیش دۆنی ئاناهیتایە.

٤- سەردەمی چوارەم:- سەردەمی سوڵتان سوحاکە. سوڵتان ئیسحاق کوڕی شێخ عیسای بەرزنجییە، شێخ عیسای بەرزنجی کوڕی بابە عەلی هەمەدانییە، بابە عەلی هەمەدانیی زاوای بابە تاهیری هەمەدانییە. سەردەمی سوڵتان سوحاک بە سەردەمی زێڕینی کاکەییەکان ئەبژێردرێ. واژەی کاکەیی لەسەردەمی سوڵتان سوحاک پەیدا ئەبێت، چونکە سوڵتان سوحاک حەوت کوڕی هەبووە کە بە یەکیان وتووە (کاکە) و ناوی کوڕەکانی ئەمانە بوون: سید محەمەدی گەورە سوار، شاە ابراهیم، میری سور، سید سادق، سید ابولوفا، سید شهاوەالدین ... هتد. نەوەکانی ئەم حەوت کوڕەی کاکەیی پێیان ئەوتری سەیدەکانی کاکەیی. لێرە بەدواوە واژەی سەیید پەیدا ئەبێت، پێش ئەوان واژەی بابا بەکارهاتووە. دەڵێن (شاە دوخت کە کچی ئاخر کیسرای ساسانییەکان) بوو، کە ناوی یەزگورد (یەزدانگورد) بوو لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەطابدا ئەم کچە لە شەڕدا ئەگیرێت. خەلیفە عومەر دەڵێت مارەی بکەن لە یەکێک لە شەڕکەرەکان. شاە دوختیش دەڵێ من کچی کیسرام، بمدەن بە یەکێ کە جۆرە پلەوپایەیەکی هەبێت، لەوێدا ئیمامی حسەین کوڕی عەلی لێ ئەبێت و دەڵێ من ئەیهێنم، بۆیە تا ئێستاش نەوەی ساسانییەکان دەڵێن ئیمامی حسەین شەرەفی ئێمەی کڕییەوە. گوایا سەیدەکانی ئێران و سەیدەکانی کاکەییەکان نەوەی ئەم دووانەن (ئیمامی حسەین و شادوخت) ئەمە لەلایەک و، لەلایەکی تریشەوە گوایا لەسەردەمی خەلافەتی عەلـــیدا ڕێ بە هەموو بیروباوەڕێک و پەرستنێک دراوە و وەکوو سەردەمەکانی پێشووش سەرانە و باج و خەرجییان لێ نەسەنراوە. چونکە لەسەردەمی عوسماندا ئەگەر ئاگری نەورۆز بکرایەتەوە ئەبوایە باجی بدرایە یان ئەگەر جەژنی (میهرەگان – پیرۆزکردنی میهر) ئەبوایە سەرانە بدرایە. بە واتایەکی تر لەسەردەمی ئیمامی عەلـــیدا داگیرکردن وەستێنرا، بۆیە عەلـی لە ناو هەموو پەیڕەوانی سەرانسەری ئاینەکانی زەرتووشتی وەک کاکەیی و ئێزدی وئیسماعیلی و عەلەوییەکانیشدا پیرۆزە.

٥- سەردەمی ئاتەشبەگ.

٦- سەردەمی قرمزی.

٧- سەردەمی سەید محەمەدی نوربەخش.

یەکێ لە شتە سەرنج ڕاکێشەکانی ئاینی کاکەیی، ئەو خەرمانە زۆرەی شیعر و گۆرانی و ئاوزەمۆسیقایانەیە کە خاوەنین. کە زۆربەیان بە زمانی ماچۆ نوسراوە، زمانی ماچۆش زمانێکی تێکەڵاوە لە دیالیکتی لوڕی و سۆرانی و هەورامی (گۆرانی). کێشی شیعرەکان هەموویان کێشی شیعری ئاڤێستاییە، هەندێ لەسەرچاوەکان دەڵێن کە کێشی شیعرەکان کێشی شیعری پەهلەوین، ناوچەی پەهلە ئەکەوێتە خۆرهەڵاتی ناوچەی مەندەلـــی و خانەقین، کە ئێستاش کوردستانە و ئەوانیش هەر بە دیالێکتێکی ماچۆ ئەدوێن. ئێمەش بە دانیشتووی ئەو ناوچەیە دەڵێین (فەیلی)، کە هەر وشەی پەهلەوی بووە و عەرەبەکان کردوویانەتە فەهلەوی تا بۆتە فەیلـــــی. ئاشکرایە کە دین و ئاینی کوردان لەم سەردەمانەدا خاوەنی گەنجینەیەکی پڕ سەرووەری ئاواز و مۆسیقایە. کێشە زۆر و جۆراوجۆرەکانی هۆنراوەی یارسانەکان ئەگەڕێتەوە بۆ باری سروشتی جۆراوجۆری کوردستان. چونکـە وەک ئاشکرایە هۆنراوە و گۆرانی دەربڕینی ناخی مرۆڤە و لەگەڵ کارتێکردنی سروشت، بۆیە هەردەم جۆری زۆری گۆرانی وەک گۆرانی کـــار و هەموو جۆرەکانی وەک دروێنە و زەوی کـــێڵان و مەڵۆکردن ... هتد پەیدا بووە، بە زیاد بوونی پەیامی ڕوحی کە پەیامە دینی و ئاینییەکەیە، کە هەردەم کاری گرنگی کردۆتە سەر نەشونماکردنی ئاواز و مۆسیقای کوردی بەتایبەتی. بۆیە گۆرانی و ئاوازی مۆسیقای لەم سەردەمەدا بۆتە بەشێک لە نەریت و بیرکردنەوەش. ئەمەش لای یارسانییەکان (کاکەییەکان) لە خۆڕا نەبووە، ئەکرێ ئێمە بۆ لێکۆڵینەوەکەمان سەرەداوێک لای گۆرانییەکانەوە بهێنین، کە بە پێی ئامارەکەی (میهردادی یەزەدی)

١٥% کورد کاکەیین و بەشی هەرە زۆریان لە کـــرماشانن و دوای ئەوە هەمەدانە و دوای ئەوە کـــەرکوکە و دوای ئەو سلەیمانیە. لە ساڵی ١١٦٠ی ز بەدواوە لە ناوچەی هەکاری ئاینێکی تر پەیدا ئەبێ بە ناوی (ئێزدی) یان یەزدانی یان ئەیزەدی، کە وشەکان ئاڤێستایین و بە مانای فریشتە هاتووە و، دیسان مانای (خوا)ش ئەگرێتەوە. ئەم ئاینەش هەر هەمان ناوەڕۆکی ئاینی (کاکەیی) و دینی زەرتووشتییە، کە ناوەڕۆکەکەیان ئەمانەن:

١- بەرجەستەکردنی یەزدان (خوا): بەو واتایەی کە مرۆڤ بەشێکە لە خوا و بەرجەستەکانی خوایە.

٢- یەکەی بوون: کە مانای یەکیی خوا ئەگەیەنێ و بوونی خوا لە هەمووشتێکدا ڕەنگ ئەداتەوە، وەکوو هۆنراوەکەی بابا تاهیری هەمەدانی دەڵێت:

بـــەدەریا بنـگـــەڕەم دەریا تـەوینم      بەسەحرا بنگەڕەم سەحـرا تەوینم
بەهەرچا بنگەڕەم کوویی دەشـــتودەر      ســـیمایی ڕوحـــی تـــــەویـــنـــم

٣- دۆنای دۆن: کە بە واتای ودوبارەبوونەوەی (ڕۆح)ە، ئەوان هەموویان باوڕیان وایە کە ڕۆح هەزار و یەک جار دووبارە ئەبێتەوە، تا لە کۆتاییدا ئەو ڕۆحە ئەچێتەوە ناو خوا. مانای ئەوە ئەگەیەنێت کە مرۆڤ هەردەم لە پاکتاویدایە بۆ ئەوەی زیاتر لە پلەی خوا نزیک ببێتەوە.

هەندێ لەسەرچاوەکان دەڵێن 5%ی کورد یەزیدین. کە ئەمانیش هەندێ نەریتی تایبەتی خۆیان هەیە و کە تێکەڵاوە لەگەڵ زمانی مۆسیقا و ساز و ئاوازدا. باشترین نموونەش بۆ ئەمە لاوکی (کریڤ)ە، کە لای یەزیدییەکان بوونە کریڤ. بە واتای بوونە برای ڕۆحـــــی، بە واتای کچی هیچ کامیان بە کوڕی ئەوی تریان ناشێ (ناگونجێ ببنە هاوسەری یەکتر). جا لاوکی کریڤ باس لەو چەڵەمەیە ئەکات، کە کوڕی پیاوێک حەز لە کچـــــی کریڤەکەی ئەکات، هەندێ لەسەرچاوەکان دەڵێن: گوایە کە بۆ یەکەم جار لاوک لای یەزیدییەکان پەیدا بووە. ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنی کە گەر لاوکیش بۆ یەکەم جار لای ئەوانەوە دروستنەبووبێت بەلایەنی کەمەوە ئەمانیش گرنگییان بە ئاواز و مۆسیقا داوە. عەلەوییەکانیش هەر لەو دەوروبەرەدا پەیدا بوون و بنکەی یەکەمی دروستبوونیان شاری دەرسیمی باکووری کوردستانە، کە ئێستا پێی دەڵێن پارێزگای (تونجەلی). وشەی (عەلەوی) بەم جۆرە باسی ئەکرێت:

کتێبەکەی دکتۆر جەمال نەبەز (کوردانی سەرگەردان و برا موسوڵمانەکانیان) دەڵێ: وشەکە لە وشەی تورکی (ئەلیڤی)یەوە هاتووە و یەکێ لە ماناکانی - هاڵوە، گوایە هاڵاوی ئاگر بێت. کتێبی عەلەوییەکان ناوی (بیۆرک)ە، کە عەرەبەکان کردوویانەتە بیارق، کە بە مانای ئاڵا دێت. حاجی بەکتاش دروستکەری ئەم ئاینەیە. ئەو ئاڵایەش بریتییە لە وێنەیەکی عەلـــــی کە لە ژوور سەریەوە وێنەی ڕۆژێکە و لە خوارویشیەوە وێنەی ئاگرێکە. هاوبەشی عەرەب تەنها وێنەکەی (عەلی)یە، دوو وێنەکەی تر کە ڕۆژ (ڕۆژ پەرستی وەکوو باسمان کرد میهر پەرستییە) و ئاگرن (ئاگر پەرستیش هەر میهر پەرستییە) هەردووکیان لە نیشانەکانی ئاینی کاکەیی و دینی زەرتووشتە. عەلەوییەکان بڕوایان بە سێ شت هەیە: ا- عەلـــی بۆ عەلەوییەکان خوای باوکە. ب - بۆ موسوڵمانەکان خوای ڕۆحە. ج - عەلی هەر خۆی محەمەد و عیساشە.

زمانی کوردی لە مێژوودا ئەم ناوانەی هەبووە، یەکەم جار پێی وتراوە (ئێریەن ڤاج) بە مانای ئەو کەسانەی بە زمانی ئاری ئەدوێن، ئاری ناوی میللەتەکەیە و (ڤاج) بۆتە واژە، وشە، واتە.

لە دانشتنێکمدا لەگەڵ هاوڕێی خۆشەویست و پسپۆڕ لە بواری فەلسەفەی دینی زەرتووشتیدا کاک (جەلیلی عەباسی) وتی: ژیان لای زەرتووشت بریتییە لە خۆشگوزەرانی و لە شادی. خەم و پەژارە و لەخۆدان و گریان کە لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتدا باوە لای زەرتووشت نییە. لای زەرتووشت زمانی ساز و ئاواز بۆ پەروەردەکردنی ڕۆحی مرۆڤ بەکارئەهێنرێ تا ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی. بۆیە هەردەم هەڵگرانی بیروباوەڕی زەرتووشت ئاخافتنیان لەگەڵ کەسانی ئاسایی و تەنانەت ئاهورامەزداشدا هەر بە زمانی ساز و ئاوازە.

# کورتەیەکی پێویست لە مێژووی مۆسیقای جیهانی

کۆرت زاکس دەڵێت: (گۆرانی لە چاو ئامێرەکانی مۆسیقادا کۆنتر و لە پێشترە)، چونکە ئەو گەلانەی زۆریش دواکەوتوون، بەبێ ئەوەی شتێک دەربارەی مۆسیقا بزانن، کەچی خاوەنی ئاواز و گۆرانی خۆیانن. لەبەر ئەوەی مرۆڤ هەر بە منداڵی و لەسەرەتای زمان پژانیەوە کاتێک ئەکەوێتە گڕوگاڵ، وردە وردە ئاوازی پچڕ پچڕ ئەچڕێ، تاکوو فێری وشەی گونجاو ئەبێت و چەندین ئاواز لای کۆئەبێتەوە، بەبێ ئەوەی تاکە ئامێڕێکی مۆسیقای سەرەتاییش بزانێ.

منیش دەڵێم ... گەر ئەو ئاوازە پچڕپچرانەی ئادەمیزاد سەرەتا بێت بۆ زمانی ساز و ئاواز، ئەی ناتوانین بڵێین پێش ئەوەی کە ئادەمیزادیش دروست بووبێت، سرووشت دروست بووە و هەندێ جار بە هۆی لەرینەوەی تەنێکەوە، جا بە هۆی کارەساتێکی سروشتییەوە بێت وەکوو باو بۆران و هەورە تریشقە و دیاردە سروشتییەکانی تریش، چەندین ئاوازی لەو جۆرە پچڕ پچرانە هاتوونەتە کایەوە یان دروستبوون. بۆیە من لای خۆمەوە وای بە باش ئەزانم کە بڵێین: دیاردەی دروستبوونی ساز و ئاواز و گۆرانی هەریەکەیان پەیوەستی دروستبوونی دەنگ پەیداکەرەکەیەتی. ئەو ڕاستییەش ئەوە ئەیسەلمێنێت کە دروستبوونی سروشت پێش دروستبوونی ئادەمیزادە. بۆیە من وای بە ڕەوا ئەزانم کە دروستبوونی ئاوازی مۆسیقا و بگرە ژاوەژاویش پێش گۆرانی بن. دیارە دوای پەیدابوونی ئادەمیزاد زمانی ساز و ئاواز لەگەڵ پێشکەوتنی میللەتانی سەر ڕووی زەمیندا پابەندی ئەو پێشکەوتنەیان بووە، تا هاتۆتە ئەوەی لای هەندێک لە میللەتان پێش لە میللەتانی تر یاسا و ڕێسا بۆ مۆسیقا پەیدا ببێت. لای هەندێ لە میللەتان بە ئەندازەی پێشکەوتنی خۆیان فۆرمی مۆسیقا و گۆرانی جۆراوجۆر هاتە کایەوە. لە هەمەن ساتیشدا لای میللەتانی دواکەوتوو هەر بە شێوە سادەییەکەی خۆی ماوەتەوە و بگرە کاری زۆر بە پێزیشیان فەوتاوە و لە دەست چووە.

سەبارەت بە دۆزینەوە و دروستکردنی ئامێری مۆسیقا لە ژیانی ئادەمیزاددا مشتومڕی هەمەجۆر هەیە، کە تەنانەت هەندێکیان جێی متمانە نین و تەمێکی ئەفساناوییان بەسەرەوەیە. لەو ئەفسانانە ئەفسانەیەکی چینی هەیە دەڵێت: (باڵندەیەکی نەناسراو ڕێنوێنی مرۆڤی کردووە، بۆ دۆزینەوەی ئامێری مۆسیقا). یان دەڵێن: لامک کە بە چەند پشتێکی ئەچێتەوە سەر ئادەم، یەکەمین کەسێکە کە ئامێری عودی دروستکردووە و، یۆپاڵ و تۆپاڵیش کە هەردووکیان کوڕی ئەو بوون، پەییان بە دۆزینەوەی مۆسیقا بردووە و ئامێرەکانی (عود، تەپڵ، دەف)یان دروستکردووە. موسای پەیامبەریش ئەفەرموێت: تۆپاڵ لە پێش تۆفانەکەی حەزرەتی (نووح)دا ژیاوە و ئەو باوکی هەموو نەیژەن و عودزانێکە. (نووح)یش خۆی یەکەمین کەسێکە کە مۆسیقای بەکاربردووە. ئەو عودی دروستکردووە و ئاوازی پێ دەرهێناوە، بەڵام ئەو عودە لە تۆفانەکەدا لەناو چووە، لە ڕۆژگاری (داوود) پێغەمبەردا دۆزراوەتەوە و چاکراوەتەوە و بەکارهێنراوە. ( هـ .ج . فارمەر).

شارەزاکانی مێژووی مۆسیقا لەگەڵ ئەوەشدا کە بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری مۆسیقا بە قوڵی چوونەتە بنج و بناوانی، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاکامێکی یەکجاری و دڵنیاکار. هێندێک دەڵێن وڵاتی هیندوستان لانکەوازی مۆسیقا بووە. هێندێکی تر دەڵێن وڵاتی بابل کە جێگەی جادووگەری و زانست بووە. هێندێکی تر دەڵێن مۆسیقا لە وڵاتی میسر لە دایک بووە. هێندێکی تر لەسەر ئەوە سوورن کە وڵاتی (ئێرانە)، چونکە لانەی سیحر و جادووگەری بووە و هەر لە ڕێگەی ئەوانیشەوە گەیشتۆتە وڵاتی یۆنان و دوای ئەوانیش گەیشتۆتە وڵاتانی ئەوروپا. عەرەبەکانیش لە سەردەمی داگیرکردنەکانی ئیسلامدا (گام) پەیژەی مۆسیقایان هەر لەوێوە وەرگرتووە. هەروەها تورکەکانیش بنەمای مۆسیقایان هەر بۆ ئەوێ ئەگەڕێتەوە. عیبرانییەکانیش لە دێر زەمانەوە خاوەنی مۆسیقای خۆیان بوون و گرنگی زۆریان پێداوە و گەلێ ئاوازی بەسۆز و دڵگیریان داناوە، کە لە کۆڕی ئاینیدا وتویانە. لە (تەورات)یشدا ناوی هەندێک دانەری مۆسیقا و دەنگخۆش و ئامێری مۆسیقا هاتووە، لە دەنگخۆشەکانیان ناوی (داوود) پێغەمبەر و (سلێمان)هاتووە. فیرعەونەکانی

میسریش لە داب و دەستوری خۆیاندا سێ جۆری ئامێری مۆسیقایی (ژێدار و تەپڵ و فووکار)یان بەکاربردووە. لە فەرەنساش ئەشکەوتێک هەیە پێی دەڵێن (لانەی نۆتۆن)، هەندێ ئامێری ساکاری مۆسیقاییان تیا دۆزیوەتەوە، کە یەکێکیان  فیکە فیکێکە لە ئێسکی لولاقی بزن دروستکراوە.

بەڵام ئەوەی بە نووسین وەکوو سەرچاوەیەکی ڕوون لەبەر دەستدا بێت، نووسینی یۆنانییەکانە، کە هەردەم شیعر و مۆسیقایان هاوڕێ و هاوکاری یەک بوون. شیعرەکانیان بە هاوکاری و یارمەتی ئامێری مۆسیقایی تار (تەمورە) خوێندووە. هەرچەندە مۆسیقا لە سەرەتادا تەنها بۆ ڕاگرتنی ڕەزمی (ریتم) بەکارهاتووە و بەو پێشکەوتنەی ئێستا نەبووە، تەنها دابونەریتێکی سەرەتایی بووە، کوتومتیش لە دابونەریتی ئاینی (زەرتووشت) چووە.

هونەری مۆسیقا دوای بلاوبوونەوەی ئاینی مەسیح لە وڵاتانی ئەوروپادا زیاتر گەشەی سەند و زەمینەیەکی لەبارتری بۆ لووا، بەتایبەتیش لە ڕۆژگاری قوستەنتینی ئیمپراتۆردا، کە لە ساڵانی ۳۱۲ ی زاینیدا ئازادی بە دیانەتەکان دا کە دەستوری ئاینی خۆیان بەجێ بهێنن. لەو سەردەمەدا سرووتێک دەرکەوت، کە سۆز یان موناجاتێک بوو، بە شان و شکۆی یەزداندا بێژرابوو، تەنها بە دەنگی ئادەمیزاد ئەبێژرا و ئامێری مۆسیقایی لەگەڵدا بەکارنەدەبرا.




ئەو جۆرە نەریتە بەردەوام بوو تا سەردەمی پاپا گریگۆری گەورە، تا لەسەردەمی ئەودا و بە دەرکەوتنی جیدۆ ئەریتزۆ لە (۹۹۰–۱۰۵۰)ی زاینی کە ڕەبەنێکی دیبان بوو، گرێ کوێرەی لە زمانی مۆسیقادا کردەوە، کە تا ئەمڕۆش جێ پەنجەی دیارە. ئەویش بە دانانی سرووتێک کە تەواوی هەر حەوت پلە دەنگییەکەی مۆسیقایی تیا دەستنیشان کرد، کە بۆ (جان پاتیست)ی قەدیسی دانا، بەو جۆرەی کە لە سەرەتای هەر بەیتێکی شیعرەکەیدا، بە یەکێ لەو پلە دەنگییانەی مۆسیقا دەستی پێئەکرد. بە واتای هەر حەوت پلە دەنگییەکانی (ئوت (دۆ) _ ڕێ _ می _ فا _ سۆڵ _ لا _ سی) بەکارهێنا. هەرچەندە ئەم وشانە خۆیان سەربەخۆ هیچ مانایەکیان نەئەبەخشی تەنها ئەوە نەبێت، کە یارمەتی مرۆڤ بدەن بۆ دەستنیشانکردنی پلە دەنگییەکانی مۆسیقا لە پلەی نزمەوە بۆ پلەی بەرز. هەرچەندە ئێستا لە باتی ئەو حەوت پلە دەنگییانە لای هەندێک لە گەلانی جیهان بەتایبەتی ئینگلیز، بۆ ناو بردنی ئەو حەوت پلە دەنگییە، پیتەکانی زمانی لاتینی بەکار ئەهێنرێن. دێرە شیعرەکانیش بەم جۆرە بوون :

A , B , C , D , E , F , G

**De complete hymmne-tekst luidt:**

***Ut** queant laxis*

***Re**sonare fibris*

***Mi**ra storum*

***Fa**muli tuorum*

***Sol**ve polluti**la**bii reatum*

**S**ancte **I**oannes



دوای ئەم ئیتر زمانی ساز و ئاواز بەرە بەرە لەگەڵ پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی گەلاندا پابەندی پێشکەوتنیان بووە. لەسەر بیروڕاکەی کۆنفۆشیۆس کە دەڵێت: (گەر ئەتەوێ ڕادەی شارستانی هەر میللەتێک بزانیت، گوێ لە مۆسیقاکەیان بگرە). سەدەی شازدەهەم بە سەدەی زێڕین و وەرچەرخان ناسراوە، لەبەر پەیدا بوونی فۆرمی جۆراوجۆری مۆسیقای وەکوو:
کۆراڵ_Coral، مادریجاڵ_Madrigal, ئۆپێرا_ Opera، کانتاتا_ Cantata، ئۆراتۆریۆ_Oratorio، لیید_Lied، فۆگا_overture، پریلیۆد_Prelude، دیسان سۆناتا_Sonata، کۆنسێرتۆ_Concerto، سیمفۆنی_Symphony و چەندین فۆرمی مۆسیقای هاوچەرخ، کە بە دەست و پەنجەی مۆسیقازان و مۆسیقاناسانی بلیمەتانی وەکو:و باخ، هاندڵ، هایدن، مۆتزارت، رۆسینی، بیتهۆڤن، شۆبەرت، شۆپان، پرامز، ڤاگنەر، کۆرساکۆف، چایکۆفسکی، شتراوس و خاچادۆریان و چەندانی تریش، کە تا ئێستاش کارە هونەرییەکانیان لە گوێی ئادەمیزاددا ئەزرنگێتەوە. بەڵام سەیرکە ئەم ناوە بلیمەتانە تەنها هەر لە مۆسیقای ڕۆژئاواییدا هەن، تەنها چەند کەسێکی وەکوو کۆرساکۆف و خاچادۆریان نەبێت، کە لەسەر مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی هەژمار ئەکرێن. بەڵام بەداخەوە دیسان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناگرێتەوە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە میللەتی کوردیش وەکوو میللەتانی تری سەر دنیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەنی هیچ نەبووبن. بەڵکوو ئەتوانین بڵێین کە تاوانی دیار نەبوونی کەلتوری مۆسیقای کوردی لە ئەستۆی گەردوون و مێژوویدایە. دیار و ئاشکرایە کە میللەتی کورد لە دێرزەمانەوە گیرۆدەی دەستی داگیرکەران و دوژمنانییەتی، کە هەردەم نەیان هێشتووە هیچ کاتێک میللەتی کورد ئاهێکی بەبەردا بێتەوە. هەرچەندە من بە زیرەکی و ئازایەتی ئەزانم کە تائێستاش کەسی کورد توانیویەتی سنگاوسنگ بەهۆی کەسانی بلیمەتی وەکو زیرەک و ماملێ و ئەزغەرو سێوە و مەردان و خالقی و ڕەزازی ...هتد. کەلتوری خۆی بپارێزێت و لە دواییدا ئەمە ئەسەلمێندرێت.



# نەتەوەی کورد و ئاینی زەرتووشت

دەبێت ئەوە بزانین کە مادەکان سەر بەو شەپۆلگەلە کۆچە بەرودواییانەی ئاری نەژادن، کە لە سەدەگەلی زۆر کۆنەوە لە مەڵبەندەکانی باکوری ئەوروپا و باشووری ڕوسیاوە، ڕووە و چەندین ناوچە جیاجیاکان کە گرنگترینیان هیند و ئێران و ئەوروپا بووە کۆچیان کردووە. زەمانی کۆچەکەشیان بیروڕای جیاوازی لەسەر هەیە، کە زۆربەی زانایانی خۆرهەڵاتناس بەلای زۆرەوە لە نێوان ساڵی (١٠٠٠ تا ٢٠٠٠)ی پێش زایینی دائەنێن. ئەوانەی بۆ هیند و ئێران کۆچیان کردووە، بە خۆیان وتووە ئاریایی و لە کۆنترین پاشماوەکانیشیاندا ناوی ئاریایی هاتووە. لە پاشماوەکانی (ڕیک ڤیدا)دا کە ئاینی کۆنی هیند بووە، لە ئاڤێستاشدا کە ئاینی زەرتووشت بووە ناوی ئاریایی هاتووە. لە هەردوو ئاینەکەشدا مانای ناوی ئاریایی بە واتای نەجیب و ڕەسەن و میواننەواز هاتووە. لە ئاڤێستادا کە مەبەستی ئێمەیە، سەرزەمینی ئاریایی بە (ئاریانام ڤەیجا یان ئاریا ڤەیجا) یان ئاریان ڤاج ناوبراوە. وەک زانراوە ئاریان ڤەیجاش دامێنی زەریای خەزەری ئێستا بووە، کە دواتر بەرینتر بووە و، بووە جێی پێکەوەنانی دەوڵەتی ماد. دەوڵەتی مادیش لە (٦٩١–٥٥٠)ی پێش زایینی وەک لە نوسراوگەلی ئاشوریدا هاتووە، سنوورەکەی لە دامێنی زەریاچەی ورمێوە بەرەوخوار دەست پێ ئەکات بۆ سەقز و ئەکباتان (هەمەدان)، دواتریش لە نیوەی شەشەمی پێش زایینیدا ئەم سنوورە فراوانتر ئەبێت و بەشێکیش لە ئەفغانستان ئەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

بەڵام ئەو شەپۆلە کۆچەی لە نیشتمانی ماد (کوردستانی ئێستادا) نیشتەجێ بوون، ئەو شەپۆلە بوون کە دواتر زەرتووشتیان تیاهەڵکەوت. هەر ئەم شەپۆلەش لە سەردەمێکدا بۆ ماوەی چەند سەدەیەک خاوەنی دەسەڵات و فەرمان ڕەواییەکی یەک جار فراوان بوون. بە جۆرێک کە لە هەندێ سەردەمدا نەک هەر سەرپاکی کوردستانی ئێستا، بگرە ناوچەکانی تری ئێرانیشیان بە دەستەوە بوو. بەڵکوو لە ڕۆژگارێکدا وڵاتی ئاشورییەکانیش بە نەینەوای پایتەختیشانەوە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتیانەوە لە (٦١٤)ی پێش زایین،سەبارەت بەوەی کە زەرتووشت لە کامە ناوچەدا هەڵکەوتووە و لە چ سەردەمێکدا ژیاوە، بیروڕای جیاواز هەیە، کە هەندێکیان زانستیانەن و هەندێکی ترێشیان بە پێی خواست و حەزی خۆیانی دەبەن. بەڵام بەڵگە زانستیەکان ئەیسەلمێنن، کە زەرتووشت لە دامێنی چیای (چێئچست– ورمێ) باکوری خۆرئاوای ئێران (کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستا ئەگرێتەوە) هەڵکەوتووە. لەو ڕووەوە بارتۆڵمە، پرۆفیسۆر گۆڵدنەر، خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی هەرتەسفلد، جەکسۆن، ئێرانناسی مەزنی دانیمارکی ئارتورکریستین سن، فەیلەسوفی ناسراوی ئەڵمانی فریدریک نیتشە، مەسعودی گوڵزاری، نوسەری کرماشانی عیمادەدینی دەوڵەت شاهی، جان ناس، گیرشمن، مورتەزا ڕاوندی، ئۆژین، ئۆبین، دکتۆر جیهانگیر ئوشیدەری و هەروەها مێژوو نووسانی عەرەب وەکوو یاقوتی حەمەوی، ئیبن خردابە و بلازری و چەندین زانا و نوسەری تریش، دوای توێژینەوەیەکی زۆر و هەوڵێکی زانستییانە گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی، کە زەرتووشت لە ناو هۆزەکانی میدیا و لە باکوری خۆرئاوای ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)ی ئێستادا هەڵکەوتووە، باوکی زەرتووشت ناوی (پوروشەسپ) و دایکیشی ناوی (دوغدو) بووە. جەکسۆن پێی وایە باوکی زەرتووشت خەڵکی (ئازەربایجان)ی دەوروبەری زەریاچەی ورمێ و دایکیشی ئازەری بووبێت،سەبارەت بە ناوی (زەرتووشت) لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەیە.لە دوو توێی گاتاکاندا بە زەرتووشترە هاتووە، خۆرهەڵاتناسی بەناوبانگ زۆلستەر دەڵێت: زەرتووشتەر واتە خاوەنی وشتری زەرد. خۆرهەڵاتناسی ئینگلیزی بویس دەڵێ: بە مانای لێخور یان جڵەوداری وشتر دێت. زانای ئەڵمانی و مامۆستای زانکۆی ئۆکسفۆرد ماکس مۆلەر، بە خاوەنی وشتری جەسوور لێکی ئەداتەوە. توێژەرەوەی ئەڵەمانی شپیگل بە ئەشکەنجەدەری وشترانی لێکداوەتەوە. بەڵام لای یۆنانیە کۆنەکان بە زەرد ئاستەر ناوبراوە، کە بڕوایان وا بووە ئەم ناوەش لە ئاستەر یان ئێستار وەرگیراوە و، مانای ئەستێرەناس ئەگەیەنێ. (هێرمودورس)یش کە شاگردیکی ئەکادیمی ئیفلاتونە (سەدەی چوارەمی پێش زایین) لە ڕووی ئەدەبییەوە بە ئەستێرەپەرستی لێکداوەتەوە. پرۆفیسۆر

کیگەر پێی وایە کە یۆنانییان زەرتووشتیان بەواژەیەکی لێکدراوی زەئیرا ناوبردووە، لەمەش مەبەستیان لە فەرمان ڕەوایی ئەستێران بووە، زەرتووشت زێوان و خزمەت گوزاری ئورمازس یان ئورمەزد بووە، لە هەمان کاتێشدا زەرتووشتی بە کوڕی ئورومازس ناو بردووە.

پرۆفیسۆری ئەڵمانی هۆزنیگ ناوی زەرتووشتی بە دوو وشەی لێکدراوی زئوترا و ئەسترای زانیوە، کە پێی وا بووە چرای کەشتی ئەگەیەنێ و، لە ئاکامیشدا مانای ناوەکەی بە خاوەنی کێڵگەی نیاز لێکداوەتەوە. یۆسنیش کە توێژەرەوەیەکی ئەڵمانییە، ناوی زەرتووشتی لە دوو وشەی زەر بە مانای زێڕین و ئەستەری بە مانای ئەستێرە زانیوە، کە بە هەمووی ئەستێرەی زێڕینی گرتۆتەوە.

عەرەبەکانیش پێیان وایە کە ناوی زەرتووشت بریتییە لە (زەر– دەشت) کە بە مانای دەسەڵاتی زێڕین دێت، هەندێ لێکۆڵەرەوەی سەر بە ئاینی زەرتووشتیش وەک ئازەرگشنسب و پورواڵا، بەو خەیاڵەی ناوی پەیامبەرەکەیان باڵاتر بێت، پێیان وایە کە زەرتووشت لەسەرەتادا ناوی ئەسپیتامە بووە و دوایی کە پەیامەکەی بۆ هاتووە ناوی زەرتووشتی پێ بەخشرا. چونکە ئوشتی بە مانای سوتاندن و درەوشانەوە دێت و زەڕیش بە مانای زێڕینە، لەوەشدا کە گای کێوی لە نێوان هینددا وشتری پێ دەڵێن و وشتریش ڕەنگی زەردە، لەمەوە ئەنجامگیری ئەکەن، کە زەردئوشتر بە واتای کەسێک کە ڕوخساری لە ناو ڕوناکی خودادا ڕوناک و درەوشاوە بێت، هەروەها بە واتایەکی تر کە خەرمانەیەکی زێڕین لە دەوری ڕوخساری بێت. بەڵگەشیان لەم ناو پێ بەخشینە ئەوەیە، کە عیساش دوای ئەوەی بۆتە پەیامبەر نازناوی (کریستوس)ی پێ بەخشرا،مێژووی لەدایکبوون و سەرهەڵدان و مردنی زەرتووشتیش تا ئێستا نەزانراوە و نادیارە. ئەوەی تۆزێک ئاشکرابێت کە زەرتووشت لە نێوان سەدەکانی (١٧٠٠–١٨٠٠)ی پێش زایندا سەری هەڵداوە. لە دوای تەمەنی ٢٠ ساڵی کەوتۆتە بیرکردنەوە و ژیانی گۆشەگیری و ئەشکەوت و کێونشینی و، لە ئەنجامدا دوای ١٠ ساڵ واتا لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا پەیامەکەی لە ناو هۆز و ناوچەکەیدا ڕادەگەیەنێت، بەڵام بە سەختی دژی ئەوەستن و بروای پێ ناهێنن. ناچار ڕوو ئەکاتە ناوچەکانی دامێنتر و لە کێوی ئاویدەر (ئاوشی دەرینە)ی باشووری خۆرئاوای شاری سنەی ئێستادا ئەگیرسێتەوە. پاشان دووەمین کۆچی بۆ باکتریای لێواری جەیحون ڕووەو کێوی هۆگر و ناوچەی گوڵباخی لای ڕۆژهەڵاتی شاری کرماشان دەست پێ ئەکات. لێرەدا بە ئاشکرا بانگی پەیامبەرێتی ڕادێڵێ (گوشتاسپ) شای هەخامەنشی ئەو سەردەمە بروای پێ دێنێت. لێرە بەدواوە ئیتر ئاتەشگەدە و مەڵبەندەکانی خواپەرستی دائەمەزرێنێت. لەو مەڵبەندانەش تا ئێستا لە کوردستاندا شوێنەواریان ماوە، وەکوو ئاتەشگەدەی پاوەی هەورامان، کە لەسەر بڵندترین کێوی باشووری خۆرهەڵاتی شاری پاوەیە. هەروەها ئاتەشگەدەی ناوچەی ڕێژاو و حەلوان و قەسری شیرین. هەروەها ئاتەشگەدەی مەزنی (ئازەرگشنسب)ی ناوچەی تەختی سلێمان و ئاتەشگەدەی بیارەی هەورامان و، لەم چەند ساڵەی دوایشدا لە نزیک سورداش لای سلێمانی لە جاسەنە و دیسان لە نێوان سلێمانی و کەرکووکدا لە بناری کێوەکانی دەربەندی بازیان شوێنەواری ئاتەشگەدەیەکی تر دۆزراوەتەوە. هەروەها مامۆستا تۆفیق وەهبی پێی وایە کە گوندی زەرگەتەی باکوری خۆرئاوای شاری سلەیمانی لە بنەڕەتدا شوێنی ئاتەشگەدەیەک بووە. دیسان لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٥ی ز ئاتەشگەدە و پەرستگەیەکی زەرتووشت لە دهۆک دۆزراوەتەوە. هەروەها ئاتەشگەدەی دەرەشەهر لە ئیلام. لە ناو ئەم چەند ئاتەشگەیەدا، ئاتەشگەدەی بەناوبانگی (ئازەرگشنسب)ی پەرستگەی شاری شیز، کە لە نزیک پاشماوەکانی ئێستای تەختی سلەیمانە و ئەکەوێتە ٤٩ کم باکووری خۆرهەڵاتی شاری (تیکاب)ی ناوچەی هەوشار و کۆنترین و گەورەترین و پیرۆزترین ئاتەشگەدەکانی زەرتووشتە و، شاهەکانی ساسانی لە بۆنەکانی سەرکەوتن و تاج لەسەرناندا، بە نیازی سوپاس و دۆعاکردن ئەبوایە لە تەیسەفۆنی پایەختەکەیانەوە (کە کەوتۆتە ٣٢ کم باشووری خۆرهەڵاتی شاری بەغدای ئێستاوە) بە پێی پیادە زیارەتی ئەم ئاتەشگەدەیە بکەن و هەر لەمیشەوە دەستە چیلەی ئاگر بۆ ئاتەشگەکانی تر براوە.

# ئاڤێستا و پەیامی زەرتووشت

ئاڤێستا ناوی کتێب و پەیامە دینییەکەی (زەرتووشت)ە، کە زەمانی نووسینی ئەم کتێبە ئەگەر چی بە تەواوی نەزانراوە، بەڵام بەلای کەمەوە (١٠) سەدەی پێش زایینە. زانایانی وەک گۆڵدنەر و ئەندەرئاس پێیان وایە کە واژەی ئاڤێستا لە ( ئاڤێستاک )ەوە وەرگیرابێت و ( ئاڤێستاک )یش مانای بناغە و بنەڕەتە.

ئاڤێستا لە کاتی خۆیدا بە خەتی زێڕین لەسەر ١٢ هەزار پێستەی خۆشکراوی گـــا لە سەردەمی دارای کوڕی داریوشی سێیەمدا فەرماندراوە، کە ٢ دانە لە ئاڤێستا بە تەفسیری زەندەوە بنووسرێتەوە، یەکێکیان لە کتێبخانەی میللیدا بپارێزرێن و، ئەوی تریشیان لە گەنجینە و کتێبخانەی دەوڵەتیدا لە پەرسەپولیس (تەختی جەمشید) بپارێزرێن. بەڵام لە دوای هێرشی ئەسکەندەری مەقدۆنی بۆ سەر ئێران، ساڵی (٣٣٤) ی پێش زایین ئەسکەندەر فەرمانی کرد، هەرچی ئاڤێستا هەیە کۆبکرێتەوە و بسوتێنرێت. جگە لە هەندێ بەشی کە بریتی بوون لە زانستی ئەستێرەناسی و پزیشکی کە لەگەڵ خۆیدا بردنی. بۆیە ئاڤێستای نووسراوەش سەرپاکی لەناوچوو. بەم جۆرە دەسەڵاتی هێلینییەکان ٣٠٠ ساڵی خایاند، ئاینی زەرتووشتیش بێدەنگی و ساردبوونەوەیەکی درێژ و سەختی بەسەردا هات، بە درێژایی دەسەڵاتی هێلینیەکان، زەرتووشتیەکان لە ژێر ئەشکەنجە و ئازار و ڕاونان و شاربەدەرکردن و کوشتن و بریندا بوون. بەڵام دوای دەرکردنی هێلینییەکان، (وڵخش) پاشای ئەشکانی فەرمانی کرد هەرچی ئاڤێستا و زەندئاڤێستا هەیە کۆبکرێنەوە. دوای ئەمیش دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی (ئەردەشیری پاپەک) لە (٢٢٦–٢٢٧) ی زایینی بە ڕاوێژی تەنسەری پیری پیران، فەرمانی کرد سەرتاپای ئاڤیستا لە بارەگای دەربار کۆبکرێتەوە. تەنسەریش بۆ ئەنجادانی ئەم کارە هەموو موبەد و پێشەوایانی ئایینی بۆ پایتەخت بانگێشکرد، پاشان شاپووری یەکەمی جێنشینی ئەردەشیر ئەم کارەی ئەنجامدا.

ئەمەش کە نووسرایەوە دواتر بەر هێرشی ئایینی ئیسلام کەوت و، دیسانەوە قەدەغەکردنی ئاینی زەرتووشت و لەناوچوونی ئاڤێستا دەستی پێ کردەوە و کەوتنە بەر هێرشی ئاینی ئیسلام و ئیمبراتۆرییەتی ئیسلام (٦٢٣–٦٥٦) ی ز. بۆیە کەسانی زەرتووشتی دووبارە هەوڵیان دایەوە کە پەیڕەوی ئایینەکەیان سنگاوسنگی پیران و خواپەرستان حەشاربدەن. ئەو کەسانەش گەر دەرکییان پێبکرایە ئەوا ڕزگاربوونیان ستەم بوو، بۆیە هەوڵیان ئەدا کە خۆیان لە ناوچە دوورەپەرێز و شاخاوی و سەختەکاندا بپارێزن، زۆربەی زۆری ئەو پیرە ئایینییانە ڕاونراوان و لە ناوچە سەخت و دۆڵ و چەمەکانی هەوراماندا خۆیان حەشار ئەدا. یەکێکیش لەو پیرە بەناوبانگانە پیر شالیاری یەکەم یان پیر شەهریاری زەرتووشتییە، کە خاوەنی کتێبی ئایینی و فەلسەفەی ئاینی ماریفەتی پیر شالیارییە.

لە دوای سەقامگیربوونی ئاینی ئیسلام، مەئمونی خەلیفەی عەباسی موبەدێکی بە ناوی ئاتەر فەرنبەگ ڕاسپارد، کە سەر لەنوێ بەشەکانی ئاڤێستا کۆبکرێتەوە لە (٨١٣–٨٣٣) ی زایینی لەو سەردەمەدا کۆمەڵێکیان بە زمانی پەهلەوی بە ناوی (دینکورد)ەوە ڕێکخستەوە.

ئاڤێستای ڕۆژگاری ســـــاسانی بریتی بووە لە ٣٥٤٥٧٠٠ واژە، لێکدانەوەی زەندەکەشی ٢٠٩٤٢٠٠ واژە بوو. بەڵام ئەوەی ئێستا ماوەتەوە بریتییە لە ٨٣٠٠٠ واژە.

ئەو زمانەی ئاڤێستای پێ نووسراوەتەوە بە هۆی ئاڤێستاوە ناوبانگی دەرکردووە، یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی ئێران برەوی نازانرێت، بەڵام خەتی ئاڤێستا یەکێکە لە تەواوترین خەتەکانی جیهان، کە بە ئاینی دەبیرە ناسراوە. لەگەڵ زمانە کۆنەکانی ئارییایی وەک سەنسکریت و پارسی کۆندا نزیکایەتی و تێکەڵاوی هەیە و، گەلێ واژەی هەر یەکە لەو زمانانە لە یەکتردا هەن، بەتایبەتی لەگەڵ زمانی کوردی ئەمڕۆدا خزمایەتی و نزیکایەتی زۆرترە، چونکە بە دەیان واژەی زمانی کوردی هاوتا لەگەڵ زمانی ئاڤێستادا هەن،وتەی چاک بیری چاک کرداری چاک, لە بانگەوازی زەرتوشدا کە

ناوەڕۆکی بیری زەرتووشتە و لەسەر و بەندی ئاڤێستادا بە قوڵی باسیان لێ ئەکات، بۆ ئەوەیە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خۆیدا بە وتەی چاک لەگەڵ هاوڕێ و هاوسێ و هاونیشتمانیدا بدوێ و، بیری چاکیش بکاتەوە و بە کرداری چاکیش خەریکی کشتوکاڵ و بەرهەم هێنان و ئاژەڵداری و پێکەوەنانی ژیار و شارستانی و دروستکردنی لادێ و شار و، دەست هەڵگرتن بێت لە ژیانی کۆچەرێتی و ڕێگری و یەکتر کوشتن و دزی و درۆ. کە لە ئاکامدا مرۆڤ بە پەیڕەوکردنی ئەم سێ دروشمە ئەگاتە نەمری و نزیک بوونەوە لە ئاهورامەزدا. لە پیادەکردنی ئەم سێ دروشمەش لە ڕوخساری دەرەوەی مرۆڤدا پێچانەوەی جۆری ئەو پشتێنەی پشتە، کە لە وێنە هەڵکۆڵراوەکانی تەختی جەمشید و زۆر جێی تریشدا بەرچاو ئەکەون و، بریتییە لە دروستکردنی هێشتنەوەی سێ قەف، لەسەر یەکی پشتێنەکە لە دیوی پێشەودا، ئەم نەریتەش تائێستاش لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و بەتایبەتیش لە باکوردا پەیڕەو ئەکرێت. جۆری بەستنەوەی ئەم جۆرە پشتێنە لە ناوچەی موکوریان پێی ئەوتری گۆزان گرێ.

ئاڤێستا لە بنەڕەتدا بریتییە لە ۲۱ نەسک (کتێب)، کە هەریەکە لەم کتێبانە ناوی تایبەتی خۆیان هەبووە، لەسەردەمی ساسانیشدا دووبارە بە هەمان شێوەی کۆ کرایەوە بە 21 نەسک کە بریتین لە:

۱– ئەو نەسکانەی ناویان (گاسانێک)ە، تایبەتن بە ئاگاداری لە کاروباری ئەو دنیا.

۲– ئەو نەسکانەی ناویان (داتیک)ە، تایبەتن بە ئاگاداری لە کاروباری ئەم دنیا.

۳– ئەو نەسکانەی ناویان (هایلەی مانسریک)ە، تایبەتن لە کاروباری هەردوو دنیا.

بەڵام ئاڤێستای ئێستا هەر وەکوو کتێبەکانی ئێستای ئەهلی حەق، بریتییە لە (٦) نەسک کە ئەمانەن:

۱– گاتا، ۲– یەسنا، ۳– یەشتا، ٤– ئاڤێستای بچووک، ٥– ڤایسپەرد، ٦– ڤەندیداد.

لەم شەش بەشەشدا یەسنا گرنگترین بەشی ئاڤێستایە و بریتییە لە ۷۲ بەش (هات) (سورە).

یەسناش بە مانای پەرستن و نواندن و نوێژ و جەژن و شادی دێت، کە بە هەمووی ئەبێتە ئاهەنگی پەرستن، یان ئاهەنگ و جەژنی نوێژکردن.

واژەی یەسنا لە فەرهەنگی ئەدەبی نوسراوی کوردیدا، زۆر کەم بەرچاو ئەکەوێ و ئەوەی سنگاو سنگ دەربارەی ئەم واژەیە، لە فۆلکلۆری گۆرانی کوردیدا پارێزراوبێ و بەسەرزارانەوە مابێتەوە، گۆرانییەکی میللی ناوچەی شارەزور و هەورامانە کە لە یەسنا دەپاڕێتەوە و داوادەکات دڵدارەکەی بۆ بپارێزێ، سەربەندی گۆرانیەکەش ئەمەیە:

هەر یەسن یەسن یەسن  شێخەکان بپارێـــــزن

ئاوازەکەشی بەم جورە بووە:

**نۆتەکەی:**




ئەو ۷۲ بەشەی یەسناش هەموویان لە سوپاس و ستایشی خوا (ئاهورامەزدا) و مرۆڤ و سروشتدان. لە ناو ئەم ۷۲ بەشەی یەسناشدا، ۱۷ بەشیان لە باری زمان و دەربڕین و شێوەی داڕشتن و مەبەست و تەکنیکی شیعر و تایبەتمەندی تریەوە، لە بەشەکانی تری یەسنا و تێکڕای بەشەکانی تری ئاڤێستا جیاوازترن. ئەم جیاوازییەش لە خودی ئایەتگەلی ئاڤێستادا ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە هەموو ئاڤێستا ناسان و زانایان ئەم ۱۷ بەشەی یەسنا تایبەت بە خودی زەرتووشت ئەزانن و بەم ۱۷ بەشە دەڵێن سرووتی گاتا.

ئەم ١٧ سرووتەش کە لە دوو توێی یەسنادان بریتین لە بەشەکانی :-

١- سرووتی ژمارە:  ٢٨، ٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤لەگەڵ بەشێکی جیاواز بە ناوی ئاهنەڤەد یاخود ئاهنوڤەیتی، بڕگەی شیعرییەکانیان ١٦ بڕگەیە و بەم جۆرە (٩+٧).

٢- سرووتی ژمارە: ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦ کە پێیان ئەوترێ ئەشەدڤەد یان ئەشتەڤەیتی، بڕگەی شیعرییەکانیان ١١ بڕگەیە و بەم جۆرە (٧+٤).

٣- سرووتی ژمارە: ٤٧، ٤٨، ٤٩، ٥٠، بە ناوی سپەنتمەد یان سپنتامینیو ، بڕگەی شیعرییەکانیان ١١ بڕگەیە و بەم جۆرە( ٤+ ٧ ) .

٤- سرووتی ژمارە ٥١: کە بریتییە لە تێکڕای یەک فەسڵ و ناوی ڤەهوخشتەری لێ نراوە، بڕگەی شیعرییەکانیان ١٤ بڕگەیە و بەم جۆرە ( ٧+٧ ).

٥- سرووتی ژمارە ٥٣ کە بریتیە لە تێکڕای یەک فەسڵ و ناوی ڤەهیشتوایشتی یە، بڕگەی شیعرییەکانیان دوو جۆرن یەکەمیان ١٩ بڕگەییە بەم جۆرە (٧+٧+٥)، دووەمیشیان ١٢ بڕگەیین بەم جۆرە  (٥+٧) .



# (گاتاکان) و مۆسیقای کوردی

گاتا وشەیەکی ئاڤێستاییە، کە لە پەهلەویدا بۆتە گاس و، لە فارسیشدا (گا)، لە ئاینی زەرتووشتیشدا پێنج گاە، بەو پێنج عیبادەتە ئەوترێت کە زەرتووشت دیاری کردووە. لە سانسکریتیشدا بە مانای بەئاوازەوە وتن و خوێندن دێت. لە کتێبەکانی بودایشدا بەو چامە و مەنزومانە ئەوترێت کە پەخشانئامێز بن. (گات یان گاتا بە مانای سرووتە) لە کاتی ئەنجامدانی ڕێورەسمی ئاینیدا ئەخوێنرێت. سرووت خوێندنیش لای زەرتووشتیەکان بە شیعر بووە. بۆیە گاتا کۆنترین گۆرانییە کە لە چاخە دێرینەکانەوە بۆمان ماوەتەوە، نەک هەر لە بارەی شیعرەوە، بەڵکوو لە بارەی مۆسیقایشەوە بایەخێکی گەورەی هەیە، هێرۆدت سەبارەت چۆنیەتی ستایش و سوپاسی زەرتووشتیەکان دەڵێ:

موغەکان لە کاتی نوێژ و سوپاسی یەزداندا، ئاوازیان ئەژەند و گۆرانیان ئەوت.

لە ئاینی زەرتووشتدا هەموو پەرستێک بە هاوکاری ئاوازەوە ئەنجام دراوە، لە ڤەندیداد (بەشی شەشەمی ئاڤێستا)، بەشی سێیەم، بەندی یەکەمین، ئاوا هاتووە:– ئەی دروستکاری موبارەکی جیهانی مادی، خۆشترین جێگەی سەرزەمین کوێیە؟ ئاهورامەزدا وەڵام ئەداتەوەو دەڵێت: ئەی زەرتووشت خۆشترین جێگەی سەرزەمین ئەو جێگەیە کە مرۆڤی دەست و داوێنپاک، داری سوتەمەنی و چڵەدار هەنار (بەرسم مقدس) کە لقی تازەی دار هەنارە، شیر و هاوەن و دەسکەهاوەنی لەبەردەستایە و بە دەنگی بڵند ئاوازی ئاینی دڵنشین دەچڕێ و سوپاس و ستایشی (میترا) خوای دەشت و چیمەن و (ڕاما هیاسترا)ی زێوان و خزمەتگوزاری میترا ئەکات.

دکتۆر ئیبراهیمی پورداوود لەبەرگی یەکەمی یەشتادا و لەو کتێبەدا کە تایبەتە بە ناهید لە زمانی (ئیسترابون) جوگرافیزانی یۆنانییەوە دەڵێت: پەیڕەوکەرانی ئاینی زەرتووشت لە کاتی قوربانی کردندا ئاڤێستایان بە ئاوازەوە خوێندۆتەوە. لە خودی ئاڤێستاشدا چەندین جار پێسپێری ئەکات، کە گاتاکان بە ئاوازەوە بخوێنرێن، ئەو کەسەشی دۆعاکان بە ئاوازەوە نەچڕێ هیچ داوایەکی بەجێ ناهێنرێ و بە گوناهێکی گەورەش بۆی ئەژمێردرێ، گاتا یان گاسە یان گازە بە مانای بانگ و هاوار و داد و سکاڵا و بانگەوازی بە ئاوازەوەیە، تا ئێستاش لە هەندێ ناوچەی موکریان و دەشتی هەولێر بە بانگکردن دەڵێن گازکردن، کە لە تایبەتمەندییە دەگمەنەکانی کەلەپور و میراتی زیندووی دینی (زەرتووشت)ە و، لە ناو نەتەوەی کورددا وەکوو خۆی پارێزراوە و لای هیچ نەتەوەیەکی دراوسێی کورد بەو شێوە ڕەسەنە نەپارێزراوە و یان نییە. خۆ ئەگەر ئاڵوگۆڕێکیش لە واژەی (گاتا) ئەو ڕۆژگارە دێرینە و گازە و قەتاری ئێستادا بەدی بکرێت جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە تەمەنی واژەی گاتا ئەوەندە زۆرە، ئەگەر پابەندی گەلی کورد بەم واژەیەوە ئەوەندە توندوتۆڵ نەبوایە ڕەنگ بوو ئەم واژەیەش وەک سەدان واژەی تری زەرتووشت شوێنەواری لە ناو کورددا نەمایە. بەڵام لەوەدا کە قەتاریش هەمان ڕاز و سکاڵا و لاڵانەوەی ڕۆحی مرۆڤە و تا ئێستاش هەر بە شیعری برگەی (هیجا)ی شێوەی هەورامی (گوران) ئەوترێت، بۆیە زۆر ڕێی تێ ئەچێت کە هەردووکیان یەک مانا ببەخشن و هەردووکیشیان کەلەپور و میراتی زیندووی دینی (زەرتووشت) بن.

مامۆستا محەمەدی حەمەباقی ئەفەرموێت: لەسەردانێکی تایبەتیمدا بە مەبەستی سۆراخی دێرینەی واژەی قەتار، بۆ لای نووسەری ناسراو جەنابی سەیید قاسمی ئەفزەلی یەکێک لە ڕێبەرانی ئەهلی حەق لە کرماشان، کە لە سەدان ساڵەوە سنگاوسنگ ئاوازە ڕەسەنەکانی کوردییان بە تەموورەژەندن بۆ ماوەتەوە. ئەهلی حەقیش بە هۆی ئەو چەندین پردانەوە کە لەگەڵ دینی زەرتووشتیدا هەیەتی، ناوبراو بە دڵنیاییەوە بۆی سەلماندین کە قەتار میراتی دێرینەی ئەم دین و ئاینە بووە و، واژەکەش هەر گاتای زەرتووشتییە و هەر خۆی بە تەمووره بۆی ژەندین و کەلامیشی لەگەڵدا چڕی.

هەر لە بواری بەسەرکردنەوەی ئاوازی سرووتەکانی گاتا و دینی (زەرتووشت)یدا، هەرچەندە زۆربەیان لەبەر ناهەموارێتی بارودۆخی ئەم دینە بەگشتی و میللەتی کوردیش بەتایبەتی بەر لافاوی فەوتاندن کەوتوون. بەڵام لەبەر ڕەسەنی ئەم ئاوازگەلە و پەیوەستییان بە گەلی کوردەوە خۆشبەختانە بەشێک لە ڕەسەنترین ئاوازەکانی کوردی سنگاوسنگ ماونەتەوە (دواتر ئەیانخەینە بەر چاو). لە گرنگترینی ئەم ئاوازانە ئاوازەکانی هۆرە و سیاوچەمانەیە، کە پاشماوەکانی ئاوازگەلی گاتاکانن. جوگرافیای سیاوچەمانە ناوچەی هەورامانە و، جوگرافیای هۆرەش ناوچەکانی کرماشان و لوڕستان و ئەمبەر و ئەوبەری ڕوباری سیروان و شارەزوورە. جا لەبەر ئەوەی دینی زەرتووشت دینێکی ئاوازئامێز بووە، گەر مێژووی ڕاستەقینەی لەدایکبوونی زەرتووشت و ڕاگەیاندنی دینەکەی بزانین، ئەشتوانین مێژووی بڵاوبونەوەی سرووتەکانی گاتا (گازە) بزانین و سەرەتای مێژووی گۆرانی و ئاوازی کوردیش دیاری بکەین.

وەکوو وتمان واژەی گاتا لە ناوەڕۆکدا بە مانای ڕاز و سکاڵا و بانگەوازی سوپاس و ستایشی بە ئاوازەوەی مرۆڤە بۆ (ئاهورا مەزدا)، کە زەرتووشت ئەم بانگەوازە (گازە)یەی خۆی بە ئامێری مۆسیقایی (تەمورە- تەمیرە)وە وتووە. بەم سرووتگەلەشیان وتووە سرووتی گاتا. جگە لەوەی کە لە بەڵگە و پاشماوەی کۆنینەی مێژوییدا هاتووە، موغەکانی زەرتووشت ئەم سرووتانەیان لە ئاتەشگاکاندا بە ئامێری مۆسیقاوە خوێندۆتەوە، بۆیەش پێیان وتراوە سرووت تا پلەیەکی بەرزتری لە گۆرانی ناو خەڵکی پێ بدەن.

کەواتە وەک لەسەرەتادا وتمان ئەبێ تەمەنی ئاواز و سترانی کوردی زۆر لە پێش واژەی گۆرانیشەوە بێت. چونکە پەیڕەوانی ئەهلی حەق بەو شیعرە دە (10) بڕگەییانەی خۆیان، کە لە جەمخانەکاندا بە ئامێری تەنبوورەوە ئەیخوێنن دەڵێن (سرووتی یارسان). ئەوەی لە جیاتی سرووتیش بە واژەی گۆرانی بەسەریاندا دابڕاوە، خەڵکانی تری دەرەوەی (ئەهلی حەق)ن. بەڵام خۆیان لەو کارەی خواپەرستیی پەیڕەوانی زەرتووشت کاری تێکەڵکردنی شیعر و مۆسیقاکەی خۆیان ناو ناوە: سرووتی یارسان.

وەکوو وتمان سرووتەکانیان ڕاز و سوپاسی ڕۆحی مرۆڤە بۆ ئاهورامەزدا، وەک لە بەندی (٨)ی سرووتی (٣٢) شدا وشەی (زئوتر) هاتووە، لێکۆڵەرەوان وا واژەی (زئوتر) لێک ئەدەنەوە، کە بە مانای (سوپاسگوزار و سرووتگۆ) بێت. لە ڕاستیشدا وشەی زئوتر لەسەردەمی زئوتر دێرینترە، چونکە زمانناسان پێیان وایە کە ئەم واژەیە، هەر هوتری ئاینی ئەو شەپۆلە ئارییانە بێت کە لە پێش سەرهەڵدانی زەرتووشت و ئاینەکەی بەرەو هیندوستان کۆچیان کردووە. هەر ئەم واژەیەش لە سرووتەکانی ڕیگ ڤیدای هیندییەکانیشدا بەکارهێنراوە و ئەوانیش سرووتەکانی ڕیگ ڤیدایان بە مۆسیقاوە وتۆتەوە. ئەوەندەش پەیوەندی بە هونەری ئاواز و مۆسیقای دەسەڵاتی مادەکانەوە هەبێت وەک مێژوو بۆمان ئەگێڕێتەوە، هونەری ئاواز و مۆسیقا جێگەیەکی بەڕێز و هێژای هەبووە و لە زۆر بۆنەی خەم و شادیشدا بەکارهێنراوە.

بەڵگە مێژووییەکانیش ئەوە ئەسەلمێنن، کە ناوچەکانی (ماد) لە پێش هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە لە ژێر کارتێکردنی شارستانییەتی سۆمەری و ئەکەدی و بابلی و عیلامی و ئاشووریدا بوون، کە ئەمانیش لە بواری مۆسیقادا لە لوتکەی شارستانی دنیادا بوون. هاوپەیمانێتی زۆر لە نێوان بابلییەکان و مادەکاندا هەبووە، لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی دانیال پێغەمبەردا، چەندین جار ناوی ئەو ئامێرە مۆسیقاییانە هاتووە کە لە ناو بابلییەکاندا وەکوو چەنگ و سەنتوور و قانون کەڵکیان لێ وەرگرتوون. مێژوونووسانی یۆنانیش لەم بارەیەوە هاوبیرن، کە مۆسیقا لە کەرەسە گرنگ و پێویستییەکانی دانیشتن و کۆڕەکانی شادی و ئاهەنگی بەشکۆی خەڵکی بابل بووە. لە تەوراتیشدا ناوی ئەو ئامێرە مۆسیقاییانەی کە لە دەرباری بابلیدا ژەنراون بریتی بوون لە کەڕەنای، سوورنای (زوڕنا)، عوود، بەربەت، سەنتوور، کەمانچە. ئاشوورییەکانیش کە فەرمانڕەواییان لەبەری خۆرئاوای میدی و لە جوگرافیای ئێستای باشووری کوردستان و هاوسەردەمی بابلییەکان بوون، هەمان ئەو ئامێرە مۆسیقاییانەیان بەکارهێناوە، بەتایبەتیش لە

ناوچەکانی نێوان هەردوو زێی دیجلە و فوراتدا. کۆمەڵێک کەلاوە و شوێنەواری هەڵکۆڵراویان ئەوە ئەسەلمێنن، کە ئەمانیش ئامێری مۆسیقایی پێشکەوتوی وەک: چەنگ، سەنتوور، تەنبوور، شمشاڵ، دوونای، قانون و دایەرەشیان هەبووە.

لەبەری خۆرهەڵاتی بابلییەکانیشەوە، دەسەڵات و فەرمانڕەوایی سۆزیانا هەبوون، کە لە شوێنی ئێستای خۆزستان و ئەو شوێنەدا بوون کە جولەکەکان پێیان وتووە ئیلام (٣٠٠٠) ساڵ پێش زایین حکومەتیان پێکەوەناوە و، سنووریان لە خۆرهەڵاتەوە تا ئەسفەهانی ئێستا بووە و پایتەختەکەشیان شاری شوشی ئێستا بووە. ئەمانیش وەک دراوسێکانی خۆیان خاوەنی شارستانێتی و ژیار و هونەری مۆسیقایی زۆر باڵا بوون. لە کەلاوە پشکێنراوەکانی ئاشوریدا وێنەی تیپێکی مۆسیقاژەنان دۆزراوەتەوە، کە ئامێری هەمە جۆرەی وەک: شمشاڵ، دوونای و چەند چەنگژەنێک و هەندێ ئامێری مۆسیقایی تری نزیک بە سەنتوور بە دەستیانەوە بووە.

لە کتێبەکەی (دانیال)دا سەرپاکی ئەو ئامێرانە دراونەتە پاڵ بابلی، بەڵام (ڕاولینسۆن) بە پشتیوانی بەو بەردە هەڵکۆڵراوانەی لە شوێنەوار و پاشماوەکانی ئاشووردا دۆزراونەتەوە، توێژینەوەیەکی دەربارەیان کردووە و ئەوە ئەسەلمێنێ کە ئەو ئامێرە مۆسیقاییانە تایبەتن بە خەڵکی سۆزیاناوە.

لە کەلاوە دێرینیەکانی (شوش)یشدا سێ پەیکەری گڵین دۆزراوەتەوە، کە مێژوویان بە (١٥٠٠) ساڵ زیاتریش ئەقەبڵێندرێت، دوو پەیکەریان وێنەی مۆسیقاژەنەکانیان لە ئامێری تەنبوور ئەچن و، سێیەمیشیان لە بەربەتژەن ئەچێت، ئەم سێ پەیکەرە ئێستا لە مۆزەخانەی (ئیران باستان) لە تاران پارێزراون.

مێژوونووسانی مۆسیقای جیهانی وای بۆ ئەچن، کە مۆسیقازانانی بابلی و ئاشوری لە کاتی مۆسیقا ژەنیندا، بۆ ڕێزلێنان لە مۆسیقاکەی خۆیان و ڕێزلێنانیش لەو کۆڕ و ئاهەنگە هەموویان بە پێوە وەستاون، هەر بۆ نموونە ئەو بەڵگانەی ئێمە مەبەستمانە، ساڵی ١٩٢٧ی زاینی لە ناوچەی (ئوور)ی عیراقی ئێستادا، کە شوێنی کۆنینەی شارستانێتیی ئەوانە بووە کە باس کران، زانای ئینگلیزی (سێر لیۆنارد وولی) ئامێرێکی مۆسیقایی دۆزیوەتەوە، بریتییە لە چەنگێکی گەورە و بە توێژاڵێکی زیوین داپۆشراوە، سەرومڕی چەنگەکەش لە شێوەی جەستەی گادایە. ئەم ئامێرە ئێستا لە مۆزەخانەی (بەغداد)دایە. نموونەی تری وەک ئەمیش کە هەر لەو ناوچانەدا دۆزراونەتەوە و لە مۆزەخانەکانی زانکۆی فیلادلیفیا و ئینگلیستاندا هەن. سێر لیۆنارد وولی بە دڵنیاییەوە پێی وایە ئەم ئامێرە دەستکرد و پاشماوەی سۆمەرییە، ئەم ئامێرە ئێستا بە عەرەبی پێی دەڵێن (القیثارة)، مێژووی دروستکردنی ئەم ئامێرە ٤٧٠٠ ساڵ لەمەو بەرە.

شوێنەوارناسی ناسراوی ئەڵەمانی (شتاوەرد) کە پسپۆڕێکی دێرینەزانە. لە بنەچەی ئامێرەکانی مۆسیقادا لە نەخش و نیگارە کۆن و گڵێنە بەردینەکانا بە لێکۆڵینەوە سەلماندوویەتی، کە عـــــود یەکێکە لەو ئامێرە مۆسیقایانەی تایبەتمەندە بە خەڵکی کوێستان و چیانشینەکان و بە تایبەتیش هورییەکان، کە خێڵێک بوون (١٥٠٠) ساڵ بەر لە دایکبوونی عیســـــا لە دەوروبەری زەریاچەی وان و دامێنی نیشتەجێ بوون تا ئەگاتەوە باکووری ئێستای عێراق (باشووری کوردستان) و دراوسێی نزیکی شوێنی دواتری میدییەکان و ئەوان ئەو ئامێرە مۆسیقاییانەیان داهێناوە و هەر ئەوانیش لە دامێنی باشووری کوردستان بڵاویان کردۆتەوە. ئەم وتەیەشیان لە ئەنجامی دۆزینەوەی شوێنەواری ئەو ئامێری عودەدا وتووە کە لە ناوچەی نوزیی نزیک شاری کەرکوک دۆزیوەتەوە، کە ئەکەوێتە (٥–٤) کیلۆمەتری خۆرئاوای شاری کەرکوکەوە. هەروەها پرۆفیسۆری ئەڵمانی کیرتیساگ لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە تا ئێستا بۆ زۆر لە زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوە و لە زۆربەی زانکۆکانی جیهاندا ئەخوێندرێت، ڕەچەڵەکی ئامێری کەمانچە ئەگەڕێنێتەوە بۆ کورد و دەڵێت: شوێنی سەرهەڵدانی کەمانچە باکـووری خۆرئاوای ئـێرانە و کـــــورد ئەم ئامێرەی دروستکردووە.

وەکوو وتمان ئارییەکانی هیندوستانیش لەگەڵ سرووتەکانی ڕیگ ڤیدادا کە هاوتای ئاڤێستا یان گازەی زەرتووشتە، ئەمانیش دراوسێی بەری خۆرهەڵاتی مادەکان بوون. خۆ ئەگەر مێژووی

ڕاستەقینەی ڕیگ ڤیداش تا ئێستا بە ڕەوانی نەزانرابێت، ئەوا مێژووی هەڵکەوتنی (داوود) پێغەمبەر ئاشکرایە، کە هەزارەی یەکەمی پێش زایینە، لە ناوچەکانی ئیسرائیل و فەلەستینی ئێستادا ژیاوە. ئەم پەیامبەرەش وەک زانراوە دەنگخۆشێکی یەکجار بەناوبانگ بووە، ئەمیش ڕاز و سکاڵای ئایینی خۆی هەر بە ئامێری مۆسیقاوە دەربڕیوە. ئامێری مۆسیقاکەی حەزرەتی داوود وەک لە تەوراتدا باسکراوە، گوایە ئامێری تار بووە، بەڵام وەک لە (قورئاندا) باسکراوە شمشاڵ و بلوێر (مزامیر) بووە، لە ساڵەکانی (٨٤٤–٨٥٠) پێش زاییندا، شەڵمانسەری سێیەمی شای ئاشووری کۆمەڵێک هێرش و لەشکرکێشی بۆ سەر وڵات و ناوچەکانی دراوسێیانی کرد. لە یەکێک لەو هێرشانەدا بۆ سەر ئیسـرائیل نزیکەی (٣٠) هەزار دیلی لێگرتن، هەر بە دیلیی لەگەڵ خۆی بردنی. هەموویانی ڕووە و خۆرهەڵاتی ئیمبراتۆریەتی ئاشـــــــووری بردن، هەزارانیشی لە ناوچەکانی دامێنی زەریاچەی ورمێدا ئاوارەکرد. ئەمانیش بۆ ئەوەی نەریت و ڕەوشتی ئاینی خۆیان بیرنەچێتەوە، ڕابەرانی ئاینییان ئەهاتن و بە شێوەی پۆل پۆل کۆیان ئەکردنەوە و بە گوێرەی بەرنامەی ئاینـــی خۆیان بە ئامێری مۆسیقاوە نەریتی ئاینیی خۆیان ئەنجام ئەدا.

ئەو ڕۆژگارەی یەهوودییەکان دیل و ئاوارە و دەستبەسەر بوون، زۆربەی سرووتەکانیان بریتی بووە لە ڕازی دووری نیشتمان و بێزاری لە دەست ژێردەستیی، کە لە پوختەی یەکێکیاندا دەڵێ: (ئێمە لە ئاقاری بابلدا، تەموورە (بەربەت)ەکانمان بە دار بییەکاندا ئاوێزان کردووە و، خەڵکی بابلیش ئەیانەوێ سرووتیان بۆ بچڕین، بەڵام چۆن ئەتوانرێ ئەو سرووتانە لە ناو خاکی بیاباندا بچڕێ.

لە ژیاننامەی (داوود)دا هاتووە، کە داوود بە ٤ هەزار مۆسیقاژەنەوە بەرامبەر بە خوا پەرستنی ئەنجام داوە، لە دەرباری (سلێمان)یشدا گۆرانیبێژان بە مۆسیقاوە بەرەو پەرستگە چوون و هاتنیشیان بە ئامێری (شەیپوور) ڕاگەیاندووە. مووسای پەیامبەریشیان بە باوکی چەنگژەنان ئەناسرێت. بێگومان مانەوەی ئەمانە لە ناو خاکی کوردستاندا و لە دراوسێیەتی خەڵکی کوردستاندا و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، کە نازانرێت چەندە و هەر لەو ناوچە و دەوروبەرەدا کە زەرتووشتی تیا هەڵکەوتووە، هەر وەک چۆن زەبر و ڕەنگدانەوەی مۆسیقا و سرووتەکانیان لە ناو گەلان و ئاینی تری وەک یۆنان و مەسیحیدا، جێگەی خۆیان کردۆتەوە بێسێ و دوو, جێ پەنجە و ڕەنگدانەوەیان لە ناو ئەو کۆمەڵگە و زەمینە، کە زەرتووشتی پێگەیاندووە و لە دوای پێگەیاندنیشی، کە لای (گوشتاسپ)ی شای هەخامەنشینیەکان داڵدە دراوە و برەوی بە ئاینەکەی داوە. ئەوەندەش پەیوەندی بە مۆسیقاکەوە هەبێت لە ژیار و شارستانێتی هەخامەنشیدا لە چەند جێگەیەک وێنەی هەڵکۆڵراو و هەندێ ئامێری مۆسیقا دۆزراوەتەوە، وەک ئەوەی کەڕەنایەک لە ژوور سەری گڵکۆی ئەردەشیری سێیەم لە تەختی جەمشید دۆزراوەتەوە، کە ئێستا لە مۆزەخانەی تەختی جەمشیدە. دیسان (چەنگ)ێک کە لە ئامێرەکانی گەلانی ئاریاییە، لە گەنجینەیەکی (پازیرک)ی دامێنی کێوەکانی ئاڵتای (باشووری سیبریا) دۆزراوەتەوە، کە مێژوەکەی (٥٠٠) ساڵی پێش زایینە لە مۆزەخانەی ئارمیتاژدا پارێزراوە. هەروەها وێنە هەڵکۆڵراوەکانی سەر کێوەکانی (ماڵ)ی ئەمیر بەختیاری، کە بریتییە لە چەند چەنگژەنێک و مێژووی ئەگەڕێتەوە بۆ (٨٠٠) ساڵ پێش زایین. لە (نیشابور)یش چەند چەنگژەن و گۆرانیبێژێک لە کێوەکانی قەندەهار دۆزراونەتەوە، کە هی سەدەی یەکەم و دووەمی زایینە. هەروەها پارچە کاشییەکی مۆزاییک کە وێنەی ژنێکی چەنگژەنی تێدایە. بۆیە ئەم پێشکەوتنە مەزنە بە جۆرێک ڕەگی لە ناو کۆمەڵگای خۆیدا داکوتا، کە هێرشە داگیرکەرانەکەی ئەسکەندەری مەقدۆنی (٣٣٤)ی پێش زایین، بەو هەموو ڕقە ئەستوورەیەوە نەیتوانی بەرامبەر دینی زەرتووشت و پەیڕەوانی و کەلەپووری ناوچەکە کە (٣٠٠) ساڵێکیشی خایاند چرای گەشی ئەو پێشکەوتنە بۆ یەکجاری و پابەندی خەڵکەکەی بە مۆسیقاوە بکوژێنێتەوە. ئەسکەندەر لەگەڵ ئەوەشدا کە داگیرکەرێکی سەرچڵ بووە، بەڵام لە ماوەی مانەوەی خۆیاندا لەو ناوچانەدا کە داگیریان کردبوو (بەشی خۆرئاوای ئێرانی ئەوسا– کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستایە)، فەرهەنگی خۆیان تیا بەجێ هێشتبوو. هەر یۆنانیەکانیشن کە کۆنترین سەرچاوەی

مێژووپین کە باسی کوردیان کردبێت، سەرچاوەکەش کتێبەکەی (گزەینەفۆن)ی یۆنانییە، کە لە ساڵی(٤٠١)ی پێش زاییندا کە هەر گزەینەفۆن خۆی سەرکردایەتی ئەو لەشکرە یۆنانییەی کردووە، دوای هێرش هێنانی و کوژرانی (کۆرش) لە گەڕانەوەیاندا بە کوردستاندا تێپەڕبوون و سەبارەت بە سرووت و گۆرانی کوردی دەڵێت: دانیشتوی ئەو ناوچانە [مەبەستی وڵاتی کوردانە] هەر سەیریان کرد ئەوا بەشێکمان لە ئاو پەڕیوەتەوە و بەشێکی ترمان لەو بەر ئاوەکەوەیە، بە سرووت خۆێندن لە شاخەکانەوە هاتنە خوارەوە و پەلاماریاندابن. بەڵام گرنگ ئەوەیە کە لە ناو یۆنانییە کۆنەکانیشدا، بە گوێرەی نووسینە کۆنەکانی یۆنان شیعر و مۆسیقا هاوکاری یەکتربوون. شاعیرەکانی ئەو سەردەمە شیعرەکانیان بە یارمەتی ئامێری ژێداری وەک چەنگ و سەنتوور و قانوون خوێندۆتەوە. هەر وەکوو شێوە نەریتەکەی پەیڕەوانی دینی زەرتووشت بۆ پەیڕەوکردنی دینەکەیان بە خوێندنەوەی سرووت گەلی گاتا بەیارمەتی ئامێری تەمیرە.

توێژینەوەکەی زانای ناسراو (فریتز کۆتنەر)، لەو کلاوڕۆژنەیەوە کە شوێن پێی زانستی مۆسیقای یۆنانی هەڵگرتبوو، هەوڵی داوە کە ئەو باسە تیۆریانەی لە کتێبەکانی (ئەرخۆتاس، ئەرستۆکسینۆس، دیودیموس) دەربارەی مۆسیقای دێرینەی یۆنانی باسیان کردووە، لە مەیدانی پراکتیکدا پیادە بکات، بۆیە بە پشتبەستن بەو کتێبە دێرین و زانستیانەی لە یۆنانییە کۆنەکان بەجێماون، زانیارییان لە باسکردنی پلە و پەیژە مۆسیقاییەکانی کۆنی یۆنان بەتایبەتی ئەوانەی سەدەکانی پێنجەهەم تا یەکەمی پێش زایینی تێدابوو پیادەی کردن، لە ئەنجامدا کۆتنەر گەیشتە ئەو ئاکامەی کە ئاوازەکان و پەیژەگەلی مۆسیقاکەیان کوتومت هەمووی ئاوازی خۆرئاوای ئاسیان. دیسان کۆتنەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی پێشینانی (چین)یش لەسەرەتای سەدەی شەشەمی پێش زایینەوە، تیۆرەکانی (فیثاگۆرس)یان بە تەواوی زانیوە، بۆیە کۆتنەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە تەواوی سەلماندی کە ئەو پەیژە مۆسیقاییانە لەسەرەتادا لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی زەریای ناوەڕاستدا دەرکەوتووە. بە لای زۆرەوە ئەم ناوچەیەش ئەبێ میانەی هەردوو زێی دیجلە و فورات (میزۆپۆتامیا، کوردستانی ئێستا) بێت و، لەوێوە ڕووەو خۆرئاوا گەیشتۆتە یۆنان پاشان بۆ وڵاتانی ئەوروپا، دیسان بەرەو خۆرهەڵاتیش گەیشتۆتە چیـــــن.

تازەترین ئینسکلۆپیدیای مۆسیقایی (فاسک)ە، کە لە فەرەنسا لە سێ بەرگدا لە ئەوروپا و ئەمەریکادا بڵاو بۆتەوە. لەبەرگی دووەمدا وتارێکی تایبەت بە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیی تیایە، کە پوختەکەی ئەوە ئەسەلمێنێ کە ناوچەی ئێرانی کۆن و نێوان هەردوو زێی دیجلە و فورات (میزۆپۆتامیا) کۆنترین مەڵبەندی شارستانییەتی مۆسیقا بوون.

توێژینەوەکانی مۆسیقازانی ناسراوی فەرەنسی (ژان دورینگ)، ئەوە ئەسەلمێنن کە ناوچەی ڕیزەچیاکانی زاگرۆس و بەشی خۆرئاوای ئێرانی کۆن (کە هەر وڵاتی کوردانە – باشووری کوردستان)، مەڵبەندی ڕەسەنی مۆسیقای ناوچەکەن هەروەها دەڵێ: ناشێ گوێ لە مۆسیقای میللی کوردستان بگریت و چێژ وەرنەگریت.

خاتوو دکتۆر (شەهرەزاد قاسم)یش لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی لە دوو توێی کتێبێکدا، سەبارەت بە ئامێری (تەنبوور، تەمیرە)ی ناوچەکانی باشووری کوردستان کردووە و، تیایدا بە پشتیوانی لە توێژینەوەی زانایانی شوێنەوارناسی مۆسیقای جیهانی و بەڵگەی باوەڕپێکراو ئەوە ئەسەلمێنێ کە: کوردستان کۆنترین ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، (٤٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر ئامێری مۆسیقایی تیا بەکارهاتووە.

پێشەوایانی دینی زەرتووشت (ماگ یان موغ)ەکان لە پلەی یەکەمی دەستەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەت بوون، لە دوای دەسەڵاتی شا و دینی زەرتووشت و ئاڤێستاش بە هۆی ئەمانەوە لە هەڕەتی ڕێز و پیرۆزیدا بووە. مۆسیقاش کە هاوەڵ و هاوڕێی گاتاکانی ئاڤێستا بووە، بۆیە مۆسیقا گەیشتە گەشەکردن و هونەرمەندانیش لە ناو کۆمەڵدا پلەو پایەی ڕێزلێنراوی خۆیان هەبووە. لەسەردەمی دوای ئەردەشیر ( ٤٦٤ –٣٢٤ ) ی زایین سەردەمی بەهرامی گۆر ( ٤١٧ – ٤٣٨ ) زایینی، لەبەر ئەوەی خۆی ئارەزوومەندی ئاهەنگ و گۆرانی و مۆسیقا بووە، پلەوپایەی هونەرمەندانی بەرزتر کردۆتەوە.

سەردەمی ساسانییەکان بە سەردەم و ڕۆژگاری زێڕینی هونەر ناو ئەبرێت. لە هەرە گرنگترین یادگارییەکانی سەردەمی ساسانییەکان ئەو تابلۆ هەڵکۆڵراوەی (تاق بوستانی) دامێنی کێوەکانی بێستوونی نزیک شاری کرماشانە، کە بە تابلۆی ڕاوە شوور و ڕاوە یەکانە بەناوبانگە و، بریتییە لە دوو تابلۆی ڕاو، کە بەرامبەر بەیەک لەسەر بەردی تاشراو هەڵکۆڵراون. مێژووی ئەم تابلۆیە سەدەی پێنجەمی زایینە،کەشایەکانی ڕۆژگاری شارستانێتیی گەش و درەوشاوەی ساسانی گرنگییەکی یەکجار زۆریان بە نرخ و بایەخی مۆسیقا داوە. لەم وێنەیەدا (خەسرەو پەروێز) و یاران و سەربازان و ڕاوکەرانی دەستەکەی خەسرەوی تیادا نیشاندراوە، ئەوە ڕوون ئەبێتەوە کە شایان و دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە لە هەموو بۆنەیەکدا مۆسیقایان لەیاد نەکردووە، بۆیە بۆ ئەم جۆرە ڕاو و شکارانەش مۆسیقازانان فەرامۆش نەکراون، بۆ ئەوەی لە کاتی ڕاوەکە و دوای ڕاوەکەیش ماندووبونیان بە ئاوازە مۆسیقاکانیان لە بیر بچێتەوە و ڕوحیان بحەسێتەوە.

لە ڕۆژگاری ساسانیدا ئامێری چەنگ ناسراوترین و شیرینترین ئامێری مۆسیقایی بووە، وەک بەڵگەکان نیشانمان ئەدەن و بۆمان ئەسەلمێنن، چەنگ هەروەها (لیری)ش کە لە سەرەتادا لە ناوچەکانی ئێستای ئێران و عێراقدا برەویان هەبووە، تایبەت بوون بە گەلانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لای تێکڕایی چینەکانی ئەم گەلانە خۆشەویست بوون، (فارمەر) لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی (شوێنەواری زانایانی خۆرئاوا دەربارەی ئامێری مۆسیقا) ڕوونی ئەکاتەوە کە باوەڕی وایە، کە هەرچی لە نموونە و شێوەی چەنگ بوبێ یۆنانییەکان لە دراوسێکانی خۆرهەڵاتی خۆیان وەریان گرتووە. بەڵام ئامێری (ڕەزم، ڕیتم، کوتان) لە سەردەمی ساسانیدا هەر ئەوانەن لە تابلۆکانی ڕاوە شوور و بەرازەکەدا هەن، ئامێرە ڕەزمییەکانی ئەم دوو تابلۆیە بە تایبەتی لە ڕاوە شوورەکەدا و، لە کۆڕی تیپی مۆسیقای سوپاکەدا هەن. ئامێری چوارگۆشە کە جۆرێکە لە دەف، هەروەها ئامێری دایەرەش لە کۆندا چەمبەریان پێ وتووە، لە زمانی پەهلەویشدا کەمبەری پێ دەڵێن، واژەی دەفیش بە لای (عیبری)یەکانەوە بە مانای کوتان دێت. هەروەها ئامێرەکانی (کۆس) کە گەورەترین ئامێری کوتان بووە و نەقارەش بە زۆری بەکارهێنراوە. هەروەها جۆرە دەهۆڵێک کە هەردوو سەری لە ناوەڕاستەکەی ئەستور و پانتر بووە. هەروەها ئامێری دومبگ کە هەروەک و دومبگی ئێساتا بووە. هەروەها زنچیر کە هەمان زنجیری ئێستایە، کە دەروێشەکان لە کۆڕی زیکر و عارفانەدا بەکاری ئەهێنن. ئامێری ڕەزمی تری سەردەمی ساسانییەکان چەغانە یان چەقەوانە بووە، کە دوو داری باریکی تاشراو بوون، ئەم سەرەوسەرەکانیان بەیەکەوە گرێدراون و زەنگ و زەنگۆڵەیان پێوە بەستوون و، بە دەستەوە بەستراون و لە کاتی لەراندنەوەیاندا زەنگۆڵەکان لەراونەتەوە و زرنگاونەتەوە. هەروەها ئامێری کەوچک کە بریتی بووە لە دوو داری باریک و تاشراوی ڕێک و لووس و، هەریەکەیان وەک شێوەی دەمی کەوچک چاڵ و پان بوون، بە جۆرێک کاتێ کە ئەڵقەیەک یان زەنگۆڵەیەکیان لە ناو یەکێ لەم چاڵانەدا دانابێت و ڕووەچاڵەکانیان بەرامبەر یەکتر بەیەکدا دابێ دەنگی لێوەهاتووە. ئامێری کۆسیش لە ئامێرە ڕەزمیە کۆنەکانە، واژەی کۆس لە زمانی پارسیدا بە مانای کەوتن و داچوون و هاڕین دێت و، ئێستاش لە زمانی کوردیدا بە مردن و لێقەومان و زیانی گەورە و ئەو جۆرە کارەساتانەی ئەبنە مایەی خەمی گەورە، هەر بۆیەش ئامێری دەهۆڵ لە چەمەریدا بەکاردێت. (کۆس)یش بەگشتی بریتی بووە لە دەهۆڵ یان تەپڵ و نەقارەی گەورە، بەڵام جیاوازی ئەم ئامێرە لە چاو ئامێرەکانی تردا ئەوەیە، کە ئەم بە شێوەی کاسە یان نیو کاسە دروست کراوە. ئەولیا چەلەبی دەڵێت: کۆس یان ڕابەر یان پیری کۆس خاقانی تاتار بووە، لەبەر ئەوە بەم ئامێرە دەڵێن کۆسی خاقان.

هەروەها ئامێری مۆسیقایی سوورنای ، کە ئەم ئامێرە لە ناو کوردا زۆر بڵاوە، (فارمەر) دەڵێت: بە هەمان شێوە لە ناو گەلانی چیندا پێی دەڵێن سوئرنای (Suerh Nai)، یان سوئل نای ( So–eul–nai )، یان سونا ( So–na )، هەر لە وڵاتی کوردانیشەوە گەیشتۆتە ئاسیای ناوەند. لە دوو واژەی سوور و نای پێک هاتووە، کە واژەی سوور لە ناو کوردا بە مانای شادی و جەژن و ئاهەنگ و زەماوەند دێت، بۆیە دەوترێ خەتەنە سوران. بۆیە هەر لەو سەردەمانەدا لە ماڵی

جوتیارێکدا زەماوەندێک بگێڕدرایە ئاغا یان دەرەبەگەکەیان سورانەی لێ سەندوون. واژەی(نای)یش ئاشکرایە کە مانای قامیش هاتووە.

ئەو پشکنینانەی لەم دواییەدا لە (حضری)ی لای موسڵ کراون، ئەیسەلمێنن کە سوورنای ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام (ساڵی ١٦٠)ی پێش زایین.

دکتۆر(مهدی فروغ) لە باسی سوورنایدا دەڵێ: جۆرێک زوورنای بچووک هەیە دەنگی زۆر خۆشە، زۆرتر لە ناوچەکانی (ئەرزروم) ولە ناو هێزەکانی کورددا برەوی هەیە.

لەسەردەمی ساسانیدا جگە لە ئامێری سوورنای، ئامێری (شمشاڵ) بە هەموو جۆرەکانیەوە زۆر بایەخی پێدراوە و گەلێ کەرەسەی ناوماڵ وێنەیانی لەسەر هەڵکۆڵراوە. بەڵام ئاشوورییەکان لە پێش ساسانییەکانەوە شمشاڵیان بەکارهێناوە. کۆنترین شوێنەواری ئاشووری کە نزیک بێت بە شمشاڵ، ئامێرێکە لە شێوەی شاخی ئاژەڵێکدا، لەسەر بەردێکی تاشراوی لای گڵکۆی سەنحاریب دۆزراوەتەوە. دەڵێن گویا حەزرەتی (موســـــا) لە ئارەزوومەندان و دڵبەستەی شمشاڵ بووە. نووسەری ئیسلامی (جاحظ) دەڵێت: ئەردەشیری ساسانی مامۆستایانی مۆسیقا و گۆرانی لە پلەی شازادە و سواراندا داناوە، دەستەی شمشاڵژەن و چەنگژەنانیشی لە پلەی سێیەمدا داناوە. مێژوونوسی ناسراوی عەرەب (مەسعوودی)یش لە(مروج الذهب)دا کە ئاماژە بۆ ناوی ئامێرەکانی سەردەمی ساسانی ئەکات، ناوی شمشاڵ و نای پێکەوە ئەبات لە ڕیزی چەنگ و تەنبوور و بەربەتدا دایان ئەنێ و دەڵێ: شوانە کوردەکان ئامێرێکیان بەکار ئەهێنا، کە فوویان پیا ئەکرد دەنگی لێوە ئەهات! بەمە ئەگەر مێگەلەکانیان بڵاوەیان لێ بکردایە کۆیان ئەکردنەوە. نووسەری کتێبی (الاغانی) ابی فرج الاصفهانی سەبارەت بە شمشاڵ دەڵێت: جولەکەکان لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا شمشاڵیان وەک ئامێرێکی جەنگی و سوپایی بەکارهێناوە.

کوردناسی ناسراو (تۆمابوا) دەڵێت: لە سەردەمی ساسانییەکاندا کــــــورد مۆسیقایەکی یەکجار بەرزییان هەبووە، هەروەها کاریشی کردۆتە سەر نەتەوەکانی دراوسێشی، دیارترین مۆسیقازانانی ئەو سەردەمەش نەکیسا و باربەد بوون. نەکیسا جگە لەوەی لە چەنگژەنیندا زۆر بەناوبانگ بووە، داهێنەرێکی باشیش بووە. بۆ هەموو ڕۆژەکانی هەفتە ئاوازێکی تایبەتی داناوە، بەو پێیەش بۆ هەموو ڕۆژەکانی مانگ و ساڵیش. بەو پێیە بۆ هەموو ڕۆژەکانی ساڵ کە ئەکاتە ٣٦٠ ئاوازی جیای داناوە و هەندێ لەو ئاوازانە تا ئێستاش وەکوو ناو ماون. هەندێک نووسەر تەقەلای ٧٢ لەم ئاوازانەیان داوە، بەڵام شاعیری گەورە (نیزامی گەنجەوی) لە داستانی شیرین و خەسرەوەکەیدا تەنیا ناوی ٣٠ لەم ئاوازانەی یاد کردۆتەوە، شاعیری گەورەی کورد خانەی قوبادی لە وەرگێڕانی هەمان داستاندا بۆ زمانی کــــوردی (شێوەی گۆران) ناوی هەمان ئەو ٣٠ ئاوازەی هێناوە. شەمسی قەیسی کوڕی ڕازی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (المعجم في معايير العجم) ساڵی ١٢١٧ی زایینی لە مەروە نووسیویەتی لە دوو توێی شیعرێکدا ناوی ئاوازی کوردی بە ناوی (ئاوازی هەورامانی) دێنێ و دەڵێ:

***لحن اورامان و بيت بهـــــلوی***

***زخمه ء رود و سماع خســروی***

تێبینی: ئەم هۆنراوەیە دەقاودەق لە کتێبە بەنرخەکەی مامۆستا حەمەی حەمەباقی وەرگیراوە.

کۆمەڵەی (اخوان الصفا) کە عەرەب نەژادن و هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، لە شاری بەسرەی خوارووی عیراقی ئێستادا ژیاون، لە نووسراوێکیاندا ناوی گۆرانی کوردییان هێناوە و دەڵێن: هەر گەلێک بۆ خۆی خاوەنی ئاواز و گۆرانی تایبەتی خۆیەتی، کە چێژی لێ وەرئەگیرێت و پێی دڵخۆش ئەبێت. ئەوەندەش چێژ لەوەی خۆیان وەرئەگرن لە هی گەلێکی تری وەرناگرن. وەک گۆرانی گەلانی دیلەم، تورک، عەرەب، کورد، ئەرمەن، زنجی، فارس و ڕۆم. ئاشکرایە ناوی گەلی کورد لێرەدا لە خۆوە نەهاتوە، ئەگەر لە سەدان ساڵی لەوەوبەرەوە کورد جێ پەنجەی دیار نەبووبـێت.

# مۆسیقا و گۆرانی (ئەهلی حەق)

مێژووی سەرهەڵدانی  سرووتگەلی (یارسان)، کە تایبەتن بە ئاینی ئەهلی حەق، لە کۆتایی سالآنی سەدەی چوارەمی هیجری (١١٠٠ زاینیی)دا لە کاتی دەسەلآتدارێتی سەلجوقیەکاندا دەست پێ ئەکات. لەو سالآنەدا (موبارەک) شای ناسراو بە شاخۆشین، لە لوڕستاندا هەڵکەوت و ئاینی (حەقیقەت)ی لە بەشێک لە لوڕستاندا برەوی پێدا. پەیڕەوانی موبارەک شا، ڕوخساری ئەم ڕابەرەیان بە ڕوخساری خوا ئەزانن و دەڵێن لە دایکێکی پاکیژە (عذراء – باکرة) هاتۆتە دنیاوە، کە ناوی مامە جەلالە بووە. موبارەک شا پیاوێکی ناسک بووە و لە ماوەیەکی کورتدا پەیڕەوکارانێکی زۆری لە دەور کۆبوونەتەوە، شاخۆشین لە لوڕستانەوە چۆتە هەمەدان و دیدەنی بابا تایەری شاعیری ناسراوی کردووە و، دواتر ڕێی کرماشانی گرتۆتە بەر. بەلآم مردن مەودای نەداوە و لەدەوروبەری (هەرسین)ی خۆرئاوای کرماشان لە ڕووباری (گاماسی ئاب) گاماسیاودا خنکاوە. وەک لە دوو توێی سرووتەکانی یارساندا باسکراوە، موبارەک شا درەوشانەوەی پرشنگی ڕوخساری پەروەردگار بووە، لە کۆبوونەوەکانی بەربلآوی پێڕەوانی ئەهلی حەقدا، کە لە بارەگا مەزنەکەی خۆیدا کۆبوونەتەوە، یاران و مریدانی خۆی بەش بەش بە دەستە دەستە کردووە، هەر دەستەیەکیش لەمانە ( ٩٠٠ ) کەس بوون و، دواتر بە (٩٠٠ – ٩٠٠) ناسران. داوای لەمانە کردووە کۆڕێکی زیکری مۆسیقا ئەنجام بدەن، کە ئەبێ هەریەکە لە ئەندامانی ئەم دەستانە بە جۆرە ئامێرێکی جیاواز بەشداری ئەم کۆڕی مۆسیقا و زیکرە بکـــات. ئیتر لەو ڕۆژەوە و تا ئێستاش پەیڕەوانی ئەهلی حەق ئامێری (تەموورە)یان وەک ئامێرێکی تایبەتی (موبارەک شا – شاخۆشین) ناو بردووە. خودی موبارەک شاش لە نێوان دەیان ئامێری تری بەشداری ئەو کۆڕەدا تەنها  هەر (تەموورە)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و تەمورەشی لێداوە. هەندێ لەو مۆسیقایانەی کە لەلایەن مۆسیقاژەنە مەزنەکانی ئەو کۆڕەوە سازدراوە تا ئێستاش بە شێوەی سنگاوسنگ ماونەتەوە و، لە لایەن پیران و مامۆستایانی ئەهلی حەقەوە بۆ موریدان و قوتابیان ئەژەنرێتەوە. ئیتر لەسەردەمی موبارەک شا بەدواوە پەیڕەوانی ئەهلی حەق لە کۆڕی زیکری مۆسیقای خۆیاندا هەمە جۆر ئامێری مۆسیقای وەک تەموورە، بەربەت، قانوون، ڕوباب، نەی، دەف و دەهۆڵیان بەکارهێناوە.

ئاکار و هەڵسوکەوتی پێڕەوانی ئەهلی حەق بە گوێرەی بەرنامەیەکە، کە لە سرووتەکانی ئایینەکەیاندا (سرووتی یارسان)دا دیاری کراوە، ئەهلی حەق بەم بەرنامە نووسراوەیە دەڵێن دەفتەر یان کەلام، کە بەناوبانگترینیان سەرئەنجامە یان کەلامی سەرئەنجام یان کەلامی خەزانە، (سەرئەنجام)یش شەش بەشە، کە ناویان بەم جۆرەیە: دەورەی حەوتەوانە، بارگە بارگە، گلێم و گۆڵ، دەورەی چل تەن، دەورەی عابدین و وردە سەرئەنجام. جگە لەم دەفتەرە دەفتەری تریشیان هەیە کە لە سەدەکانی چوارەم تا حەوتەمی هیجری نووسراونەتەوە وەک دەورەی بەهلول، دەورەی بابا سەرهەنگ، دەورەی شاخۆشین، دەورەی بابا ناوس. هەروەها دەفتەری تریشیان بەم ناوانە هەیە دەفتەری پردیوەر، دەفتەری ساوا، دەورەی دامیار، دەورەی بابا جەلیل، دەورەی دێوانە گەورە، دەورەی حەیدەری، کەلامی ئەڵماس خان، کەلامی تەیمور، کەلامی ئێل بەگی جاف و  کەلامی نەورۆز. شیعرگەلی ئەم دەفتەرانە بە هەموویان (سەرئەنجام) یان (سرووتی یارسان)ی پێ دەڵێن. هەموویان بە کێشی دە بڕگەیین، کە تێکڕای شیعر و داستان و مەنزومەی شێوەی گۆران بە گشتی و، شیعری شاعیرانی ناسراوی ئەم شێوە زمانە  هەموویان لە درێژەی ئەم هەزار ساڵەی ڕابوردوودا هەر بەم کێشەیە بووە. واژەی (یارسان)یش لە دوو وشە پێکهاتووە، کە وشەی (یار) و (سان)ە، یار بە مانای دۆست، ئاشنا، دڵدار، دڵبەر و هاوڕێ هاتووە. سانیش لە فەرهەنگی گۆران و پارسی کۆندا بە مانای شا و سوڵتان دێت، کە بە گوێرەی نامەی سەرئەنجامیش مەبەست لە (شا و سوڵتان) ڕووی ڕاستی و ئاوێنەی خوا دێت. کە بە هەردوو وشەی لێکدراوی (یارسان) مانای دۆستانی ڕاستی و دڵدارانی هەق و یارانی خواناس و ڕاستی پەرست ئەگرێتەوە. لە ناو ڕابەرانی

ئەهلیَ حەقدا ناوی سوڵتان ئیسحاق لە هەموویان زیاترە، بە گوێرەی ڕۆژمێری ئەهلی حەق (ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی و ١٩٩٣ زاینی) چاپ کراوە، ساڵی لە دایکبوونی سوڵتان سحاک ڕێکەوتی ٦٢٨ ی کۆچی ١٢٩٩ی زاینی لە دایک بووە، ئەم ڕابەرەش (سوڵتان سحاک) ناوچەکانی هەورامان و جوانرۆ و گۆران و کێوەکانی دالاهۆی کردۆتە شوێنی کار و بڵاو کردنەوەی ئاینی حەق. لەسەردەمی ئەمدا ئامێری تەموورە کرایە ئامێرێکی سەرەکی بۆ هاوکاریکردنی خوێندنی سرووتەکانی یارسان و، فەرمانی نووسینەوەی هەر ٧٢ ئاوازەکەی سرووتەکانی یارسانی دەرکرد. تا لە کۆڕ و کۆبوونەوەی ئاینی و جێگەی ڕاز و نیاز و شوێنی سازدانی کۆڕی زیکری مۆسیقادا بژەنرێن و ببیسترێن. ناوچەکانی ئەهلی حەق بریتین لە پارێزگەی کرماشان و بە تایبەتی شارەکانی قەسری شیرین، سەرپێڵ، کرند، کەنگاوەر، زەهاو، دەوروبەری بێوەنیج، ماهیدەشت، هەلیلان و ناوچەکانی دڵڤان، پشتکۆ، خێڵاتی سەگوەندی لوڕوستان، هەوشاری ئازەربایجان، گەڕووس، شیشەوان، ئێڵخچی، ئاقاری ماکۆ، میان دواو، هەمەدان، تاران، دامێنی کێوی ئەلبوز، پاتاق، شەهریار، لوڕوستان و هەندێکیش لە باکووری کوردستان و باشووریدا هەن. ئەو شێوەیەی (سەرئەنجام)ی پێنووسراوە شێوەیەکی پاک و بێگەرد و سەربەخۆی گۆران نییە، بەڵکوو شێوەگەلێکی تێکەڵی شێوەکانی لەک و لوڕ و کەڵهوڕ و کرماشانی و مەریوانی و کرمانجی سنەییە، کە شێوەی گۆران تیایدا زاڵتر و زەقترە. چونکە ئەگەرچی ناوی گۆرانی لەم خێڵەوە داکەوتووە، کە هەموویان لە پەیڕەوانی (ئەهلی حەق)ن بەڵام خێڵی (سنجاب)یش (ئەهلی حەق)ن، هەروەها بەشێکیش لە خێڵەکانی کەڵهوڕ و زەنگەنەی کەندوڵە و عوسمان وەند و جەلال وەندیش سەر بە ئاینی (ئەهلی حەق)ن. فەلسەفە و دیدەی سەرئەنجام (سروودی یارسان) لەلای تێکڕای پەیڕەوانی (ئەهلی حەق) لە پلەی وەحی دایە. ئەو ئامۆژگاریانەی لە دوو توێی سەرئەنجامی ئەم ئایینەدا هاتووە بە بالاترین بەڵگەی ڕێبازەکانی ئەزانن و، ئەو فرمانانەش کە تێیدا هاتووە بۆ کاروبارێکی ژیانی هەر ئەندامێکی سەر بە ئەهلی حەق دەست ئەدات. لەسەر هەمووشیان پێویستە لە هەر پلە و قۆناغێکی ژیاندابن لە ڕۆژی لە دایکبوونیانەوە تا منداڵێتی و لاوێتی و پیری و مردن، کە بۆ هەریەکیَ لەو قۆناغانە جۆرێک یاسا و فرمانی بۆ دیاری کراوە و ئەبیَ بە ڕێکوپێکی ئەنجامی بدەن. لای کەسانی بێگانەش بە ئەهلی حەق هیچ شتێک لەو بارەیەوە نەدرکێنن. مۆسیقا لای ئەهلی حەق وەک شتێکی موبارەک و موقەدەس و پیرۆز سەیرئەکرێت. پەیڕەوانی ئەهلی حەق لە کاتی کۆبوونەوەکانیاندا لە جەمخانەدا، کە مەڵبەند و بارەگای ئایینیانە، شیعر و سرووتگەلی یارسان (سەرئەنجام) بە ئاوازی تەمموورەوە ئەخوێننەوە و تەمموورەش لایان ئامێرێکی موبارەکە. بۆیە لە سەرەتای دەست پیَ کردنی هەر سرووت خوێندنێکدا تەنبوورەکە ماچ ئەکەن و لە دوایشدا دووبارە ماچی ئەکەنەوە. واژە و ناوی تەنبووریش کە وەک ئێستا ئەیبینین لە دوو وشەی لێکدراوی (تار + مور) پێکهاتووە، تار مانای ئامێرە ژێدارەکەیە و مور لە ناوچەکانی دامێنی کرماشان و ئیلامدا بە مانای (کۆتەڵ و چەمەری و شیوەن) دێت. هەردوو وشەکەش بە مانای ئامێری شیوەن دێت، کە مەبەست لە ڕاز و گریە و سۆز و لالانەوە و پاڕانەوەیە، کە لە ناخی پاکی دڵدار (یار)ە وە بۆ دڵبەرەکەی (سان – خوا) بە ئاوازەوە ئەوترێت. بۆیە بەو کاری سرووت خوێندنە لە جەمخانەکانیاندا دەڵێن ڕاز و نیاز. لە کوردستانی باشوور بە تەموورە و تەمیرەی ناو ئەبەن .

سرووتی یارسانی مۆسیقا ئامێزی ئەهلی حەق، وەک ئەرکێکی پێویست و فەرمانێکی ئاینیی، تەموورە فێربوون (تەموور ژەنین) لە ئەستۆی هەموو پێڕەوانی ئەهلی حەق بەگشتی و چینی سادات و پیرانی حەق دایە کە هەموو فێری بن. ئاوازی سرووتەکانی یارسان ( ٧٢ ) چەپکە ئاوازن، هەریەکەیان بۆ بەشێک ( فەسڵێک ) لە ٧٢ بەشەکەی یەسنا ئاماژەن.

لە نووسینەکانی دکتۆر محەمەد موکری کە لە کتێبی وەرگێڕاو لە زمانی فەرەنسییەوە (چەند باسێک دەربارەی ئەهلی حەق)ی نەجاتی عەبدوڵا. باس لە مۆسیقای پیرۆز لای کوردەکانی ئەهلی حەق بەم جۆرە ئەکات: لە کۆمەڵگەیەکی دەشتەکی تەقلیدیدا، مۆسیقای ئاینیی و بگرە هەتاوەکوو مۆسیقای غەیرە ئاینیش پەیوەندییەکی توندیان بە دەربڕینی ڕازی ناوەوە و پیرۆزییەوە هەیە. لای

کوردەکان بەگشتی و لای کوردەکانی ئەهلی حەقی باشووری خۆرهەڵاتی کوردستانی بەتایبەت، مۆسیقا (نە گەپسازییەکی بێهودەیە و نە سەدای جیهانێکی فانیشە). لەم ڕووەوە مۆسیقا لای کوردەکان ناکۆکە لەگەڵ ئەو ترادسیۆنە ئۆرتۆدۆکسییە ئیسلامییەی کە پێش دەورانی (غەزالی) هەبووە و دواتر غەزالی مۆسیقای ئیسلامی هێنایە شوێنی کۆنە شارستانییەتی ئێرانی، (مۆسیقا توخمێکی کەلتورییە) بەم شێوەیە مۆسیقا لای کورد قبوڵ کرا.

وێڕای ئەوەی کە ئاسان نییە مۆسیقای ئاسایی لە مۆسیقای ئاینی جیابکەینەوە، بەڵام هەوڵ ئەدەیین باس لە مۆسیقای پیرۆز لای پەیڕەوانی ئەهلی حەق (کاکەیی) بکەین.

مۆسیقا وەختایەک هاوەڵی ئەرکە ئاینییەکان ئەکات لە کۆبونەوە سێریمۆنییەکان نزیکایەتی لەگەڵ سەمای مۆسیقا و سەمای ئیفتینانی لای سۆفییەکان دەکات. هەڵبەتە لای ئەمانە زۆربەی جار مەبەست لە زیندووکردنەوەی بۆنەکانە، کە لە ئەنجامی ڕەوداوێک یا تەجروبەیەکی سۆفیگەرییەوە دەگیرێ. بەڵام لای کوردەکانی ئەهلی حەق مۆسیقا شوێنی خۆی لەسەر ئاستێکی زۆر تەقسی تر و زۆر بە کارتر وەردەگرێت. مۆسیقای پیرۆز ڕەگەکانی خۆی لەسەرچاوەی کولتورێکی ناوخۆی تێکەڵاو بە عەقیدەی سێکتە ئێکستریمەکان (مولحید لە ڕوانگەی ئیسلامی ئۆرتۆدۆکسەوە) دەبینێتەوە و سووت لە بەشداری چینە شارستانییەکانی کۆنە هەرێمی حەلوانی و ساسانی وەردەگرێت.

لە بارەی سێکتی نهێنی ئەهلی حەق ڕووداوە میتا مێژووییەکان تایبەت بە دروستکردنی جیهان و یەکگرتنی ئەزەلی دەبنە پێشەنگی ژیانی باوەڕدارەکان. ئەوە لە سایەی مۆسیقاوە کە باوەڕدار دەتوانێ بچێتە ناو ڕازەکانەوە، ئەوە مۆسیقایە کە وای لێدەکات بە تەواوی پەیوەندی بە جیهانی نەبینراو و یارە خۆشەویستەکەیەوە بکات. مۆسیقا دنیای کاتیی و دنیای نەمریی بە یەکەوە دەبەستێ و لەو زەمەنەدا گەرەنتی نەمریی یەکێتیی ئەدات. ئەو مۆسیقایە ڕۆحی باوەڕدار وریا دەکاتەوە و هەژانێکی ڕۆحی لە لا دەوروژێنێ، کە لە ناوەوەیدا وریا بوونەوەیەکی لە لا دروست ئەبێت.



# ئامێرە مۆسیقا تەقلیدییەکان (کۆنەکان)

کتێبی پیرۆزی ئەهلی حەق بەشێکی زۆری دەستنووسە. ئەهلی حەقەکان ئاماژەی زۆریان لەسەر بەکارهێنانی مۆسیقا و لەسەر ئاهەنگگێڕانی کۆبوونەوە سێریمۆنیەکان هەیە، کە ئامێری (ســـاز)ی تیا ئەژەنرێت. ئەم ئامێرە هەر ئامێری ژێداری تەمیرە یان تەمبورە. یەکەمین موتەجەللی گەورەی ئەهلی حەقەکان لەسەردەمی دوای هاتنی ئیسلامەتیدا (موبارەک شا)یە کە ناسراوە بە شاخۆشین، کە لە سەدەی چوارەمی کۆچی بە دیار کەوتووە. ئەمەیان وەکوو پاشای پاشاکانی ئەهلی حەقە، بە شێوەیەک باسی دەکەن کە نۆسەد مۆسیقاژەنی هەبووە، لە (تذکرە الاعلی)ی تێکستی ئەهلی حەق لە هۆنراوەیەکدا بە دیالێکتێکی گۆرانی ئاوەهای دەناسێنێ، کە ٩٠٠ دەفژەن و ٩٠٠ تەمبوورژەن و کە ئێستا بە عارف یان تەمبورژەن ئەناسرێن و ٩٠٠ بلوێردان (بلوێرژەن، شمشاڵژەن) هەبووە و بە هەمان شێوەش ٩٠٠ ئاوازی لە بارەی ئاینی (یاری– یەکێکە لە ناوەکانی ئاینی ئەهلی حەق)یان هەبووە.

هەروەها دکتۆر موحەمەد موکری دەڵێت: لە یەکێک لە تێکستە بڵاونەکراوەکان کە لای من هەیە و ناوی سەرئەنجامی (یاری)یە ئەم دەربڕینانەی خوارەوەمان دۆزییەوە:

ڕۆژێکیان شاخۆشین فەرمانی بە ٩٠٠ مۆسیقاژەن کرد تا ئاوازی یار بۆ یادکردنەوەی سێریمۆنی بچڕن. هەموو سازەکان لە کار کەوتبوون، هیچ کام لە سازژەنەکان نەیان توانی ساز بژەنن. پاشای جیهان پێی وتن (ئەمە بۆیە وایە چونکە کەسێکی خۆشەویست لێرە نییە)، فەرمانی بە کاکە ڕەزا (تەجەللی پیر بنیامین – یان فریشتەی جوبرائیلی ئەو سەردەمە) دا، کە هەموو بوونەوەرەکانی زەوی و زەریاکان بهێنێ، تا بزانن بە ئامادەبوونی کێ سازەکان ئەکرێنەوە. کاکە ڕەزا هەر دەمودەست هەموو بوونەوەرەکانی جیهانی هێنا لە مرۆڤ، شەیتان، جنۆکە، پەری، شیردەرەکان و باڵندەکان. بەڵام ئامێرە مۆسیقاییەکان دیسانەوە دەنگیان لێوە نەهات و نۆسەد سازژەنەکە بەرە بەرە هەستیان بە شەرمەزاری و نیگەرانی کرد. دوا جار باوەڕدارەکان هانایان بردە بەر پاشای خۆیان و گوتییان: هەموو پیاوەکان تاقی کرانەوە ... بەزەیی، چیتر حەوسەڵەمان نەماوە، ئەوە نۆ ڕۆژە گۆرانی یار نەچڕاوە. ئەو کاتە شا فەرمانی بە کاکە ڕەزا دا بچێتە ناو ئەشکەوتێکی ناو شیوێک تا کەسێکی خۆشەویست بهێنێ کە لەوێیە، کاکە ڕەزا لەو شوێنە پیاوێکی نیوە ڕووت جەستەبۆگەن و کرمخواردووی بینی، هاتەوە و بە پاشای گوت: تۆ هەموو شتێک ئەزانی و پێویست بە لێکدانەوە ناکات. پاشا هاواری کرد شێوەی هوما (باڵندەیەکی ئەفسانەییە کە لەشی باڵندەیە و کەللەسەری مرۆڤە) وەربگرە و باڵەکانت بکەوە و بەبێ ئەوەی کەمترین ئازاری پێ بگەیەنیت بیهێنە ئێرە، کاکە ڕەزا دووبارە چووەوە و هێنای، ئەم کەسە کەڕ و لاڵ بوو و ناوی بلە شێت بوو، پاشا پڕ بە سۆزمیهرییەوە تێی ڕوانی، پیاوەکە هەر لەوێدا چاک بووەوە و دوا جار باوڕدارەکان داوایان لە پاشای جیهان کرد فەرمان بدات ساز بژەنن، پاشا فەرمانی بە سازژەنەکان داو سازەکان کرانەوە، ماوەی حەوت ڕۆژ و حەوت شەو ئاوازی ئاینی یان چڕی.

یەکێک لە نیشانە هەرە مانادارەکانی کرانەوەی تەنبوور لە ترادسیۆنی ئەهلی حەقەکان چیرۆکی هاتنی (بابا ناعوس)ە، کە چەند ماوەیەک دوای شاخۆشین بەدیار کەوتووە. ڕاستییەکەی ئەو پێشبینی کردبوو کە (وەختانێک تەنبوورەکان ئەکرێنەوە، ئەبێ ئێوە ئەو ڕاستییە بزانن کە من لەگەڵ ئێوەدام). بابا ناعوس دەگاتە شوێنەکە و دەبینێ چوار فریشتە تەجسید کراوەکە (چوار جەسەد) دانیشتوون و هەوڵ دەدەن تەنبوور بژەنن، بەڵام ناتوانن ئەمە بکەن و هەر کە ئەم موتەجەللیە ئەگاتە شوێنی کۆبوونەوەکە، تەنبوور دەنگی لێوەدێ و تێدەگەن کە خوا لە جیهاندا لەسەر شێوەی مرۆیی بابا ناعوس خۆی وەدیار خستووە، ئەمەشیان تەنها تەجەللی شاخۆشین خۆیەتی.

# ڕۆڵ و تایبەتمەندییەکانی تەنبوور

تەنبوور تاقە ئامێرێکی بەکارهێنراوە بۆ ژەنینی مۆسیقای ئاینی، ئەم ئامێرە پیرۆزە بۆ کۆبوونەوە سێریمۆنییەکان تەرخان کراوە و ئامێرێکی ڕێزلێگیراوە. سرووتە پیرۆزەکان بە سەدایەکی خودایانە دەگوازێتەوە ناو ژێیەکانییەوە. ئەم ئامێرە هەمیشە بە شوێنێکی بەرزی دیواردا هەڵدەواسرێت و ئەو ژورەش دەبێ هەڵسوکەوتێکی شایان و ڕێزلێگیراوی لەگەڵدا بکرێت، (لە کاتی چوونە ناو ژوورەکە بەر لە ژەنین و دوای ژەنینیش بە دەست هەڵی دەگرن و وەک نیشانەی پیرۆزیش ماچی دەکەن).

بۆ ئەوەی لیستێکی ناوە دیارەکانی مۆسیقا کوردییەکانی ئەهلی حەق بناسێنین، ئەوا بە شێوەیەکی بنەڕەتی پشتمان بە گێڕانەوەی زارەکی و یادەوەرییە گێڕاوەکان بەستووە. بەڵام گێڕانەوەی زارەکی هەمیشە ڕێگەمان نادا ئەوە لێک جیابکەینەوە، داخۆ ئەم ناوانە ناوی مۆسیقاژەنەکان یان گۆرانیبێژەکانی جاران بوون، یا تەنها ناونانی یادەوەرییە؟ لە شاهنامەی حەقیقەتدا (کتێبی پاشای حەقیقەت) مێژووی ترادسیۆنی ئەهلی حەق ناوی حەوت سازژەنی (سازندە) ئەهلی حەق هاتووە، کە لە هەمان کاتدا ئاوازدانەریش (نەوازندە)ش بوون، کە بریتی بوون لە تەمیر، یارمحەممەد، پیرکەرەم، ڕەزا، شاوەیش هەمزە و عەبدولڕەحمان، کە لە کۆشکی پاشا گۆرانییان دەچڕی. نوسیاری کتێبی شاهنامەی حەقیقەت لە کتێبەکەیدا ئەم مۆسیقاژەنانە لە ژێر ناوی حەوت مۆسیقاژەنی کۆمیونیتەی یار کۆدەکاتەوە. ئەو ئاوازانەی کە ناوی شاخۆشینیان بەسەرەوەیە بەبێ هیچ گومانێک لەلایەن ئاوازدانەرە لوڕە کوردەکانەوە پێشکەش کراون، کە لەو ساوە مێژووگێڕەرەوەکان ناوەکانیان نەپاراستوون. هەرچی ئەو ئاوازانەن کە پەیوەستن بە ناوەکانی بابا ناعوس، بابا سەرهەنگ، بابا جەلیل، بابا فەقێ، کاکاردا، عابدین و سەید خامۆش کە وا پێ دەچێ ئەم کەسایەتییانە خاوەنەکانی بن. ئەمەیان ئەوەیە کە کەسانی ئەهلی حەق دووپاتی ئەکەنەوە، بەڵام بەبێ هیچ بەڵگەیەکی ڕاستەقینە. لە لایەکی ترەوە دەکرێ بە هەموو دڵنیاییەکەوە خاوەنێتی برێک لە دانراوەکان بۆ مۆسیقاژەنی گەورە (شێخ ئەمیر– لە دەوروبەری ١١٢٥ کۆچی و ١٧١٣ زاینی)، بە گوێرەی ئەهلی حەق تەجسیدی فریشتە، جوبرائیل بووە و لەسەردەمی موتەجەللی سەید فەرزی (فەردی) کە لە ئاوایی قەزوینە، لە ناوچەی کەنگاوەری (هەرێمی کرماشان) ژیاوە و ئەگێڕنەوە، کە نەک تەنها ئاوازدانەر بووە، بەڵکوو هەروا دانەری سرووت و ژمارەیەک هۆنراوەی هەمەچەشنەیە کە لە ماوەی کۆبوونەوەکان دەی چڕن.

لە نێوان مۆسیقاژەنە لە هەمووان ناسراوترەکان ئەتوانین ناوی میرزا خوداکەرەم و حاجی نیعمەتوڵا ببەین، کە ناوەکانیان پەیوەستن بە ئاوازەکانی شێخ ئەمیرەوە. چونکە مۆسیقا بەشێک لە تقوس و ژیانی ڕۆحی ئەهلی حەق ئەگێڕێتەوە، بۆیە ئەبینین هەموو سەرۆکە ئاینییەکان پیر، مورشید، سەید و کەلامخوان مۆسیقازانن.

کۆبوونەوەی باوەڕدارەکان (جەم یان جەمخانە) شوێنێکی گرنگ دەگرێت لە ژیانی ئاینی ئەهلی حەق، کە ئەمەیان هاوەڵی ئاهەنگگێڕانە ڕەسمییە سێریمۆنییەکان دەکات. کە ئەم کۆمەڵەیە لە ڕێگەی بە پیرۆزکردن بۆ ڕێبەرێکی ڕۆحانی کە پیر بنیامین یا مەلیک جوبرائیل نوێنەرێتی لەسەر زەوی دەری دەبڕن. ئەم تەقسە (سرووت) هێما بۆ نوێ کردنەوەی زەمەن بۆ پەیمانی یەکێتی ئەزەلی لەگەڵ خودا دەکات. جەم بۆ خۆی لەسەر شێوەی درێژە پێدەری یەکەم کۆبوونەوەی ئەزەلی خۆی بە دیار دەخات، کە پێش دروست کردنی جیهان و مرۆڤیش بوونی هەبووە، کە بریتییە لە کۆبوونەوەی خوا و فریشتەکانی. ئەمانەی دوایی (فریشتەکان) بە درێژەی سەدەکان ڕازی بوون بەوەی لە ڕاژەی ڕەوشی مرۆییدا بن، پشت بە یاسا و تقوسە ڕەمزییەکان ببەستن کە لەلایەن کۆبوونەوەی یەکەمەوە بڕیاری لەسەر دراوە. بۆ ئەوەی بەشداربووەکانی کۆبوونەوەکانی ئەهلی حەق هەمان ئامادەیی ڕۆحییان هەبێت بۆ کڕنووش بردن و نوێژ و زیکرەکانی خودا، بۆیە پیرۆزکردنەکە لەبەرایی یان کۆتاییدا بە ئاواز و سرووت دەست پێ ئەکات. ئەو کەسەی کە تەنبوور ئەژەنێ و ئاماژە بە کەلامی

خوازراوەی کتێبی پیرۆزی ئەهلی حەق دەکات یا سرووت ئەچڕێ پێی دەڵێن کەلامخوان (ئاوازخوێنی کەلام) و، سەرجەمنشین (سەرۆکی جەم). کەلامخوان سەرەتا دەست بە لاڵانەوە دەکات و بە خوێندنەوەی (سەرەتا و کۆتایی هەردووکیان یار – خوا)ن دەست پێ ئەکات. پاشان کەلامخوان دەست دەکات بە چڕینی بڕگەیەک لە کتێبی پیرۆز و بە شێوەیەکی تایبەتیش دانراوەکانی شێخ ئەمیر لەسەر ئاوازی (شێخ ئەمیری) تاوەکوو سەرنجی دڵ بۆ جەوهەری خوایی ڕابکێشێ و، بەم شێوەیە ئامادە بووان بە خشوعەوە سەربەرەوخوار تێدەفکرن. ئەم خوێندنەوەیە تەواو بوو کەلامخوان جارێکی تر لە نوێوە دەست پێ ئەکات، لەگەڵ ژەنینی ئامێری تەنبووردا دەست ئەکەن بە وتنەوەی هۆنراوەی ئاینی و، ئامادە بووان بە کۆمەڵ لەگەڵی دەڵێنەوە بە شێوەیەکی تەقلیدی. هەموو بڕگەیەک لە بڕگەکانی ئایەتەکان ئاوازی تایبەتی خۆیان هەیە، بە وتنەوەی دووبارەی دوا بڕگەکە ئامادە بووان ڕێکوپێک چەپڵە دەکوتن و ئەم چەپڵە لێدانە پێی دەڵێن (چەپ دەسان)، واتە دەست کوتین یا بە شێوەیەکی تر پێی دەڵێن چەپ سوحبەت. لە کۆبوونەوەکانی ناوچەی گۆران ئامادەبووان چوار مشقی – چارزەنوو دادەنیشن و لە ناوچەی سەحەنە و ناوچەکانی تر لەسەر ئەژنۆ دادەنیشن.



گۆڕستانی چراکان

# دەستگاکان (ئاوازەکۆنە ئاینیەکان)

پێش هەموو شتێک برێک سرووت بەسەر یەکەوە هەن دەستگا پێکدەهێنن، کە برێک جار بریتییە لە ژمارەیەک پارچە مۆسیقای سەربەخۆ، کە یەک لە دوای یەک دەخوێندرێن و لە ڕووی هونەرییەوە چەندین خاڵی هاوبەشیان هەیە:

١- دەسگای شێخ ئەمیریی: ئەم دەسگایە بریتییە لە ١٢ ئاواز، برێکیان بە ناوی ئاوازخوێنێکی بەناوبانگ دەناسرێ و برێکی تریشیان بە ناوی هۆز یا سێکتی چکۆڵەوە بەناوبانگە. تەواوی ئاوازەکانی ئەم کۆمەڵەیە سۆزێکی قوڵ و خەمناک دەردەبڕن، هەرچەندە بە سۆزەوە بچڕێ زێتر پەسەندتر دەبێت.

آ – مەقامی شێخ ئەمیریی بە گوێرەی ئاوازی میرزا خوداکەرەم .

ب- مەقامی شێخ ئەمیری ئاتەش بەگیی، کە سەر بە کۆمەڵەی ئاتەش بەگی تایەفەی ئەهلی حەقە.

ج، د، هـ – سێ شێوە گێڕانەوەی مەقامی شێخ ئەمیری گۆران، کە لای هۆزە کوردەکانی ئەهلی حەقی گۆراندا ناسراوە.

و- مەقامی شێخ ئەمیری شا هەیاسی، ئاوازێکە لای کۆمەڵەی ئەهلی حەقی شا هەیاسی (شا ئەیاز) دەژەنرێت.

ز، ح – مەقامی شێخ ئەمیری سەحنەیی، ئاوازی شەرەفە (ڕێزلێنان) لای ئەهلی حەقەکانی شاری سەحنە ئەم ئاوازە دوو شێوە گێڕانەوەی هەیە.

ط، ک – مەقامی شێخ ئەمیریی، کە لای تایەفەی ئەهلی حەقەکان لە باشووری کوردستان باوە، بەتایبەت لە ناوچەکانی کەرکوک و موسڵ ئەم ئاوازە دوو شێوە گێڕانەوەی هەیە.

ل – مەقامی شێخ ئەمیری حاجی نیعمەتیی، کە پێشتر بە ناوی نیعمەالله جیحون ئابادی ١٨٧١-١٩٢٠ی زاینی دەگوترا.

م – مەقامی شێخ ئەمیریی، کە بە ئاسانی ناوەکەیەوە ناسراوە، ئەم ئاوازە لە هەموو ئاوازەکانی دیکە باوتر و لە هەمووشیان کۆنترە.

٢- مەقامی بابا ناعوسی: نیسبەت بە بابا ناعوس، یەکێکە لەو (موتەجەللی)یانەی کە لە سەدەی پێنجەمی کۆچی (سەدەی یازدەهەم و دوازدەهەمی زاینی) بە دیار کەوتووە. کەمێک لە دوای دەورانی شاخۆشین دێت و ئاوازێکە پڕیە لە زیندوویەتی و لەسەر تەنبوور و، هاوڕێ لەگەڵ کۆکی بەرزدا دەچڕێ.

٣- مەقامی باوە سەرهەنگ: کە دەگەڕێتەوە بۆ باوە سەرهەنگ. یەکێک لە موتەجەللیەکانی ئەهلی حەق، ئەم مەقامە چەپڵە لێدانی لەگەڵدا نییە، بەڵام ئەو کەسەی لەسەر تەنبوور ئەیژەنێ ئەتوانێ بە گۆرانیش بیچڕێ.

٤- مەقامی بابا جەلیلی: (سەردەمی بابا جەلیل) یەکێک لە موتەجەللیەکانی ئەهلی حەق. ئەم مەقامە چەپڵە لێدانی لەگەڵدا نییە، بەڵام ئەو کەسەی لەسەر تەنبوور ئەیژەنێ ئەتوانێ بە گۆرانیش بیچڕێ.

٥- مەقامی قەرە چۆپی: ئەمە لەو ئاوازە ناسراوانەیە، کە بەم ناوە لە مۆسیقای کوردی غەیرە ئاینیدا هەیە.

٦- مەقامی تەنمیری: لە ڕوانینی برێک لە عاریفانی ئەهلی حەق، ئەم پێنج مەقامەی لە پێشەوە باسکراون دەسگایەکی سەربەخۆن بە ناوی دەسگای باباناعوس.

٧- دەسگای شاخوشین: ئەمەیان کۆمەڵەیەکی سەربەخۆیە و دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی شاخوشین (سەدەی چوارەمی کۆچی – سەدەی دەیەمی زاینی) و هەمیشە لەسەر تەنبوور ئەژەنرێ بەبێ ئەوەی گۆرانی لەگەڵدا بێت.

٨- دەسگای کاکاردایی: نیسبەت بە کاکاردار، کە ڕابەری ڕۆحی (پیر) بووە. لەسەردەمی شاخوشین و ئەویش وەکوو دەسگای شاخوشین بەبێ گۆرانی لەسەر تەنبوور ئەژەنرێ.

٩- مەقامی سەحەری سەید خامۆشی: نیسبەت بە خامۆشی ئەکابر، سەرۆک و دامەزرێنەری خانەدانەکانی خامۆشی، یەکێک لە دوانزە تایەفەکەی ئەهلی حەق.
١٠- مەقامی بابا فەقێ: ئاوازێکی سەربەخۆیە و ئەگەڕێتەوە بۆ بابا فەقێی مورید و هاوسەردەمی شاخوشین.
١١- مەقامی عابدینی: ئاوازێکی سەربەخۆیە و دەگەڕێتەوە بۆ عابدینی موریدی سوڵتان سوحاق، کە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی - سەدەی چواردەیەمی زاینی ژیاوە.
١٢- مەقامی بەیاتی کورد: فارسەکان پێی دەڵێن دەسگای شوور، لە کرماشان بەیات (صارم الدولە)شی پێ دەڵێن. ئەم ناوەش یەکێکە لە شازادەکانی زنجیرەی قاجاری. صارم الدولەی کوڕی عیماد الدولەی حاکمی کرماشان هەوەسی لەم ئاوازە بووە و زۆربەی جار خۆی ژەنیویەتی.

ئەم دوانزە دانراوە بریتین لە بناغەی مۆسیقای ئاینی ئەهلی حەقەکان. بەڵام بێجگە لەوە گۆرانی و سرووتی دیکەش هەن کە لەسەر ئاوازی جیا جیا دەچڕێن، کە لە بڕێک جاردا لەسەر پەیژەی مۆسیقای کوردی غەیرە ئاینییەکان بنیات نراون. وا ڕێک دەکەوێت حاڵەتی جەزب و وەجدە دەبنە هۆیەک بۆ لە دایکبوونی ئاوازێکی نوێ. بەو پێیەی کە ئەهلی حەقەکان نەوە لە دوای نەوە ئەم ئاوازانە لەیەکدی وەردەگرن، بۆیە زۆربەی ئەم گۆرانیانە لەوەتای سەردەمانێکی زۆر کۆنەوە وەکوو خۆیان ماونەتەوە، هەرچی سرووتەکانە بەم شێوەیە دەوترێنەوە:

کەلامخوان لە پێناو ڕیتمی ئاوازەکە دێڕی یەکەم بە تەنبوورەوە دەژەنێ و، توخمی دووبارەبوونەوەی دوا بڕگە دەخاتە دوای هەردوو بڕگەی پێنجەم و دەیەم، یا هەر بڕگەیەکی دەیی یا وەکوو دوای هەر بڕگەیەکی چوارەم و هەشتەم لە هەر بڕگەیەکی هەشتەکی، پاشان بە تەنیا تەنبوور دەژەنێ، لە کاتێکدا کە ئامادەبووان لەگەڵی دەڵێنەوە، لەگەڵ سەرەتای توخمی دوابڕگەی دووبارە بووەی دووەم، کەلامخوان لەگەڵ بەشداربووەکان گۆرانی دەچڕێ و هەموو بڕگەیەکی سرووتەکە بەهەمان شێوەیە، تەواوی ئاوازی سرووتەکان بە کۆکی بەرز دەچڕێ، بڕگەی دووبارە بووەی بڕێک لە سرووتەکان دەبێ چەپڵە لێدانی لەگەڵدا بێت.

لێرەدا لەو میتۆدە ئەدوێین کە زۆربەی ئەو سرووتانە لەسەرەتا بە وشەی بەراییەوە دەست پێ ئەکەن. وەکوو نموونەی سرووتی (ڕەژیان داڵەهۆ)، ئەم سرووتە لە بارەی چیای داڵەهۆ (داڵەهوو) کە یەکێکە لە زنجیرە چیاکانی زاگرۆس لە خۆرهەڵاتی کوردستان و نیشانە پیرۆزییەکەی لەبەر چەند هۆیەکە:- ئەم چیایە بە درێژایی سەردەمەکان وەکوو شتە پیرۆزەکان و نوختەخاڵی بەیەک گەیشتنی ئاسمان و زەوییە. وەک ئەوەی کە زۆرینەی کوردەکانی ئەم ناوچەیە باوەڕیان بەوە هەیە، کە ئەستوونێک لە ڕوناکی چیای داڵەهۆ بە عەرشی خواوەند ئەگەیەنێت. زیاد لەوەش ئەم چیایە ئاوێتەی ترادسیۆنە خورافییە ئاینییە فۆلکلۆرییە کۆسمیکیە (کۆسمیکی-کەونی، جیهانی)یەکانە. بەدەر لە حاڵەتی بە پیرۆزکردنی تایبەت بەم چیایە، ئەو ئاوازەی کە لێرە لەم بارەیەوە لە ڕوانگەیەکی تەواو ئاینییەوە لێیان کۆڵراوەتەوە، بە شێوەیەک کە پرسەکە پەیوەندی بە هاتنی موتەجەللییەوە هەیە بۆ ئەم شوێنە، کە هەر لە ئەزەڵەوە ئەم شوێنە بۆ ئەم وەدیارکەوتنە هەڵبژێردراوە. لە سەدەی پازدەهەم کۆبوونەوەکانی ئەهلی حەق لێرە بەسراون، کە تیایدا سوڵتان سوحاک پەیڕەوە ڕیفۆرمییەکانی خۆی ڕاگەیاندووە. ڕووداوێکی لەم چەشنە پیرۆزییەکی نوێی بە چیای داڵەهۆ بەخشیوە کە سرووتەکە یادەوەریەکە زیندوو ئەکاتەوە. لوتکەی شاهۆ و باڵەمۆ بەشێکن لە چیای دالەهۆ، کە هەموویان لەگەڵ لوتکە بەرزەکانی ناوچەی (سەرانە) یەک زنجیرەن. کۆبوونەوەکانیش هەر جارەی لەسەر لوتکەی چیایەک بەستراون. فریشتەکانی بێنیامین (جوبرائیل)، موسێ (ئیسرافیل) و داود (میکایل) لەسەر شێوەی ئینسانی پۆشاکی خۆیان گۆڕیوە و پێش وەدیارکەوتنی سوڵتان سوحاک هاتوونەتە ئەم چیایە و، ئامانجی بینیامینی فریشتە لەگەڵ فریشتەکانی هاوەڵی گەڕان بووە بە شوێن وادەکانی خوداییدا. بینیامینی فریشتە لەگەڵ دوو هاوەڵی بە نهێنی بە دوای هەڵۆی پاشایەتی تەجسیدی خواوەندا دەگەڕێن.

زیندووکردنەوەی سوڵتان سوهاک و هاوەڵەکانی کە لە چیای شاهۆ و باڵەمۆی زنجیرە چیاکانی داڵەهۆ و لەسەر چیای سەرانە ڕاوەستاون، کە سەردەمی سوڵتان سوحاکە (سەدەی پازدەهەمی زاینیی)  و لە ناوچەی گۆران و هەورامان ڕووی داوە لە نموونەی کەلامەکانی شێخ ئەمیرە.

**نموونەی یەکەم**

بابـــەت: زیندووکردنەوەی یادی سوڵتان سوحاک و هاوەڵەکانی کە لە چییای شاهۆ و باڵەمۆی زنجیرە چیاکانی داڵەهۆ و سەرچیای سەرانە ڕاوەستاون.

سەردەم: سەردەمی سوڵتان سوحاک (سەدەی پازدەهەمی زایینی).

شـوێـن: ناوچەی گۆران و هەورامان.

تێکستەکە: کەلامی شێخ ئەمیر.

بەشێک لە تێکستی سرووتەکە بەم جۆرەیە:

ئەی دیدە و گیانی ڕەژیان ئەی داڵەهۆ

وەسەنـی وەنـە شـاهـۆ ئـەی بـاڵـەمـۆ

ماناکەی بریتییە لە:

هۆ عەزیزی وەک چاو و گیانم،

هۆ داڵەهۆی ڕووناک

ئەوان بێرەدا هاتن هۆ شاهۆ هۆ باڵەمۆ

**نۆتەکەی:**

**Kelamy Sheyx Amier**




**شی کردنەوەی ئەم بابەتە:-**

گەر سەیری ئەو بابەتە (کەلامی شێخ ئەمیر) نموونەی ژمارە یەک بکەین ئەبینین، کە پەیژەیەکی مۆسیقاییە میانەی دەنگییەکانی بەم جۆرەیە (لا، سی بیمۆل، دۆ، ڕێ، می، فا، سۆڵ، لا)، کە بریتییە لە مەودای میانەکانی نێوان پەیژەی فریجی (کورد). هەرچەندە ئەم ئاوازە میانەی دەنگەکانی بریتین لە تەنها شەش پلە دەنگی پەیژەکە. بەڵام ئاشکرایە کە ئەم گۆرانییە لەسەر مەودای میانەکانی ئەم پەیژەیە بنیات نراوە. بەڵام گەر هەر لە پلە دەنگی (لا)وە پەیژەی فریجی بنووسین ئەبێ بەم جۆرەی خوارەوە بێت:

**سکێڵەکەی:**



کەواتە پێویستە نۆتەی ئەم ئاوازە گەر لەسەر هەمان پلەی دەنگی، واتا پەیژەی فریجی (کورد) لەسەر پلە دەنگی (لا) بنووسینەوە و هێمای ڕابەری پەیژەی بۆ بنووسین ئەبێ بەم جۆرە بێت:

**نۆتەکەی:**

## Kelamy Sheyx Amier




**نموونەی دووەم:**

**با بەرەو ئاینی حەقیقەت بێین:**

بابەت: ڕۆڵی ڕابەری پیر داود یان پیر داوید، بریتییە لە دۆزینەوەی نیشانە و شوێنەوارەکانی هەڵۆی خودایی، کاری بنیامین بریتییە لە بەدیل گرتنی ئەو هەڵۆیە.

سەردەم: سەردەمی بابا یادگاری خەلیفەی سوڵتان سوحاک لە ناوچەی سەرانە.

شوێن: سەرانە لە ناوچەی گۆران.

کەلامی شێخ ئەمیر:

ئـــەی دیدە و گیـــانی (گیـــان بەیـــان ئـــەو یـــاری)

بەیەو (یا بەیۆ) پیر داود (گیان نیشانەی باری)

مانای تێکستەکە

هۆ خۆشەویستەکەم وەکوو چاو و ڕۆحم (هۆ گیانەکەم با بێین بەرەو ئاینی حەقیقەت)

پیر داود دێت (هۆ گیانەکەم نیشانەی خۆی ئەدۆزێتەوە).

**نۆتەکەی:**

## Kelami Shex Amier 2



**شیکردنەوەی ئەم بابەتە:-** گەر بڕوانینە ئەو گۆرانییەی (کەلامی شێخ ئەمیری-2) ئەبینین، کە میانە دەنگییەکانی نێوان پلە دەنگییەکانی پێک دێن لە میانەکانی (دۆ، ڕێ، می بیمۆڵ، فا#، سۆڵ)، هەندێ جاریش لە پلە نزمەکەیدا پلە دەنگی (سی) وەکوو جوانکارییەکی دەنگیی بەرئەکەوێت. جا ئەم میانە دەنگییانە لەسەر پلەی چوارەمی پەیژەی گەورەی هارمۆنی بەدەست ئەهێنرێن، کە لای گەلانی ئەوروپا ناسراوە بە پەیژەی سیگان و، لای گەلانی ڕۆژهەڵات ناسراوە بە پەیژەی هەمایۆن. جا گەر ئەم پەیژەیە لەسەر پلەی چوارەمی پەیژە سەرەکییەکەوە بنیات نرابێت، کە پلە دەنگی (دۆ)یە کەواتە پلەسەرەکییەکە ئەکاتە پەیژەی سۆڵی گەورەی هارمۆنی وەک لەم نموونەیەدا:

**سکێڵەکەی:**




**کەواتە چاتر وایە ئەم نۆتەیە بەم جۆرە بنووسرێتەوە:واتا نوسینەوەی نۆتەی مۆسیقا بەڕێگای زانستی .**

**نۆتەکەی:**

**Kelami Shyx Amier 2**




## نموونەی سێیەم:

بابەت: هاوەڵەکان لە جەمدا کۆ ئەبنەوە (یاران جەم نیان) هاتنی پاشای جیهانی بۆ شوێنی ژووان لەگەڵ فریشتەکان لەسەر چیای داڵەهۆ و کۆبوونەوەی هاوڕێیان لەسەرانە و شادمانی باوەڕدارەکان.

سەردەم: سەردەمی بابا یادگار کوڕی ڕۆحی و جێگرەوەی سوهاک.

شوێن: سەرانە لە ناوچەی گۆران.

کەلامی شێخ ئەمیر:

ئەی دیدە و گیانی (یاران ئەی جەم نیان)

شادی شا کەرمێ (شاە شیان وەر و قەولگە)

مانای تێکستەکە:

هۆ عەزیزی وەک چاو و گیانم (هاوڕێیان کۆبوونەتەوە)

با بۆ شا شادمان بین (شا چۆتە شوێنی وادە)

نۆتەکەی:

**Kelami Shex Amier 3**




### شیکردنەوەی ئەم بابەتە:-

گەر بڕوانینە ئەو گۆرانییەی (کەلامی شێخ ئەمیری-3) ئەبینین کە میانە دەنگییەکانی نێوان پلە دەنگییەکانی پێک دێن لە میانەکانی (لا، سی، دۆ، ڕێ، می، فا). جا ئەم میانە دەنگیانە لەسەر پلەی شەشەمی پەیژەی گەورە بەدەست ئەهێنرێن، کە لای گەلانی ئەوروپا ناسراوە بە پەیژەی مینۆر یان بچووک و، لای گەلانی ڕۆژهەڵات ناسراوە بە نەهاوەند. جا گەر ئەم پەیژەیە لەسەر پلەی شەشەمی پەیژە سەرەکییەکەوە بنیات نرابێت، کە پلە دەنگی (لا)یە کەواتە پلەسەرەکییەکە ئەکاتە پەیژەی (دۆ)ی گەورە وەک لەم نموونەیەدا:




### نموونەی چوارەم:

بابەت: ئەم سرووتە یادی چل یاران دەکاتەوە کە هەمیشە لە نێو ئەهلی حەق نوێنەری سەر زەوین. بنچینەی چل یاران کە هەموو لە یەک جەوهەری خودایی دەرچوون.

سەردەم: سەردەمی بابا یادگار لەسەرانە.

تیکستەکە: کەلامی پەردێوەری.

ئەی چل تەن چلانان (عەزیز یار)

شاشان مـهمـانــەن (چــلانــان)

مانای تێکستەکە:

هۆ یارانی چل تەن (هۆ هاوڕێی عەزیز)

شا میوانمانە (میوانی چل تەن)

نۆتەکەی:

**Kelami Prdeyweri**




### شیکردنەوەی ئەم بابەتە:-

گەر سەیری ئەو بابەتە (پەردێوەری) نموونەی ژمارە چوار بکەین ئەبینین، کە پەیژەیەکی مۆسیقاییە میانەی دەنگیەکانی بەم جۆرەیە: بە پلە دەنگی (می بیمۆل) دەست پێ ئەکات و، بە

دەنگی (ڕێ)ی هەمان چینە دەنگ کۆتایی دێت. بەڵام میانەی نێوان پلە دەنگییەکانی ئەو گۆرانییە پێک دێت لە میانەکانی لا ، سی بیکار، دۆ، ڕێ، می بیمۆڵ.

بۆیە هیچ شکی تیا نییە کە ئەو گۆرانییە پەیوەستی پەیژە مۆسیقای فریجییە، کە لە پلەی دەست پێ کردنەوە کە پلە دەنگیی (ڕێ)یە، بەڵام لە میانە دەنگییەکانی پەیژەی فریجیدا گەر پلەی شەشەمی نیو پلە دەنگی بەرز کرایەوە پێویستە پلەی پێنجەمیشی نیو پلە دەنگی نزم بکرێتەوە. (بەڵام لە پلەبەرزییەکانیدا)، بۆ ئەوەی ببێتە پەیژەی فریجی (کورد حیجاز یان تەرزی نوێ). بەڵام لەم ئاوازەدا تەنها پلەی شەشەمی نیو پلەی دەنگی بەرز کراوەتەوە و، پلەی پێنجەمی لەبەر ئەوەی لە پلە نزمەکانیدایە (واتا چینی خوارووی) دەسکاری نەکراوە. بۆیە من بە جۆرە تەکنیکێکی ئەو دیالێکتەی (لوڕی) ئەزانم. بەو پێیە ئەبێ میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەی خوارەوە بێت:

**نموونەی سکێڵەکەی:**






# ئامێری تەنبوور و ئاواز و مۆسیقا لای پەیڕەوانی ئاینی ئێزدی (یەزیدی)

لە ناو کوردانی باکوور بەتایبەتیش لە سەدان ساڵ دێرترەوە، لە ناو کوردانی (ئێزدی)دا، کە لە ناوچەی دهۆک و موسڵ و جەزیرە و بۆتان و دیاربەکر و سەعرد و ماردین و نسیبین و ئەرمەنستان و تفلیسدا نیشتەجێن و مەڵبەندی گشتیشیان لە شەنگار و بنکەی گرنگ و سەرەکیشیان لە (لالش)ە، ئامێری تەنبوور بە چەند ناوێکی تری وەک تەنبیر، تەمیر یان تەنبیور ناوی ئەبەن. پەیڕەوانی ئاینی (ئێزەدی) بۆنەی ئاینیی و ئاهەنگی کۆمەڵایەتییان زۆرە و هەموویشی بە مۆسیقاوە ئەنجام ئەدەن. بۆ نموونە ئاهەنگی سەر گۆڕستانی (شێخ محەمەد حەنیفە)، کە لە (باشیک)دایە لە یەکەم ڕۆژی هەینی پاش سەری ساڵی یەزیدی، کە بە یەکەم ڕۆژی هەینی پاش یەکەم چوارشەممەی مانگی گوڵان (نیسان)ی خۆرهەڵاتی ئەکەوێ، یەزیدیەکان هەستی ڕێزگرتنی خۆیان بەرامبەر ئەم پیاوچاکەی خۆیان دەرئەبڕن و ئەو شەوە قەواڵ (ئاوازچڕان) یان وەک زانای ڕوسی کوردناس (ن. مـار) پێیان دەڵێت چەلەبی، کە جگە لە مانای ئاوازچڕ بە چەندان مانای وەک نەجیبزادە، ئاغا، خاوەن تەلار، شاعیر، خوێندەوار، پێشکەوتوو، مەزن، بەڕێز، بەڕەوشت، جوانپۆش و هـــــتد، مانای لێکداوەتەوە. پێی وایە ئەم واژەیە لە سەدەی چوارەمی زاییندا تورکانی سەلجوقی لە کوردیان وەرگرتووە و کوردیش لە (ئارامـــــی) وەرگرتووە. ئەو شەوە ئاوازژەنانی یەزیدی شمشاڵ ئەژەنن و دەف لێ ئەدەن. گەورە و بچووک و ژن و پیاوی یەزیدیش بە هەر چوارلای گۆڕستانەکەدا تا بەرەبەیان ئەسوڕێنەوە و ڕەشبەڵەکیش (هەڵپەڕکێ) ئەکرێت. ئەزیدیان زۆر حەزیان لە ڕەشبەڵەکە بەتایبەتی کچەکانیان، ئەم ڕەشبەڵەکەش هەر قەواڵ (چەلەبی) بەڕێوەی ئەبات و دەهۆڵ و زوورنا (سوور نای)یان بۆ لێ ئەدەن. ئەم ئاهەنگە لە حەوت گۆڕستانی پیاوچاکی تریشرا ئەگێڕن کە بریتین لە بازان، شێخان، جەروانە، دۆغان، باعەدرە و خەتارە. لە شەنگاریشدا ئاهەنگی کۆڕی شێخ شرف الدین لە هەموویان گرنگترە. هۆزەکانی جوانا و خۆرکان و زۆریش لە موسوڵمانان تیایدا بەشدار دەبن و ئەوانیش بە چەشنی شێخان ئاهەنگەکە بەڕێوە دەبەن. لیباردی کوردناس (تاساڵی ١٨٨٠ز گەورە باڵوێزی ئینگلستان بووە لە ئەستەموول) لە بارەی گۆرانی و مۆسیقای یەزیدییەوە لە لاپەڕەی ٢٩٤ بەرگی یەکەمی نەینەوا و پاشماوەکانی بە سەرسامییەوە دەڵێت: ئاوازەکانیان کە لەسەر گۆڕی شێخ هادی (شێخ عدی) بە شکۆ و خەمەوە بوو، لە هەموو تەمەنی خۆمدا ئاوازی وام نەبیستبوو، کە تا ئەو ئاستە خەمئامێز و لەهەمان کاتیشدا دڵنشین بێت.

خاتوو دکتۆر شهرزاد قاسم لەو کتێبەی کە لەسەر بنەچە و جوگرافیای ئامێری تەموور نووسیویەتی بە دڵنیاییەوە ئەیسەلمێنێت، کە لە کۆنترین ڕۆژگاری مێژووەوە ئەم ئامێرە تایبەت بووە بە کورد و دەڵێت: لە کاتی گەڕان و سۆراخکردنە مەیدانییەکانمدا لە هەندێ ئامێرساز و ئامێرژەنی (عەرەب)مان پرسی، کە هۆی درووستنەکردن و بەکارنەهێنانی ئەو ئامێرە (تەنبوور) چییە؟ پێیان وتین: تەنبوور زمانی کوردی خۆش دەوێت. مەبەستیش لەو وتەیە ئەوەیە، کە زیاتر تەنبوور لەگەڵ ئاوازی کوردیدا ئەگونجێ و ئەسازێ.

هەر ئەم نووسەرە جوگرافیای ناوچەکانی بەکارهێنانی ئەم ئامێرە بە سەرانسەری وڵاتانی کیشوەری ئاسیا هەر لە ژاپۆنەوە تا چین و هیند و ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست و تورکیاش ناو دەبات. لە ئەورووپاش وڵاتی بالقان و کەناری زەریای سپی ناوەڕاست تا ئەگاتە ئیسپان و پاشان هەردوو ئەمریکاش. بەڵام واژەی تەنبوور (تەموور) هەندێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، یان ناوی تری لێنراوە وەک عەرەب پێی دەڵێت طنبور، چینیش پێی دەڵێت تەنبولا، یۆنانی پێی دەڵێن تام پوراس، لە ڕوسیاش پێی دەڵێن دومرا. جۆری تری ئەم ئامێرە لە هیندوستان و تورکیا بە سێتار ناوی دەبەن و لەچینیش بە سێتارەکەی دەڵێن سیمەڕە.

لە ئینسکلۆبیدیای بەریتانی ( Groves Dictionary of Music ) وا نووسراوە کە بە هۆی هەمەجۆرە بەکارهێنانی واژەی تەنبوورەوە، لە وڵاتە جیاجیاکانی ئەورووپادا بەناوی وەک پاندۆرا – Pandora، پاندۆلا – Pandola، ماندۆرا – Mandora ، ماندۆلا – Mandola و ماندۆلین – Mandolin ناونراوە وەک ئامێرێکی خۆرهەڵاتیش ناو دەبرێت. کۆنترین شوێنەواری تەنبوور لەبەردە هەڵکۆڵراوەکانی ئاشووردا ئامێرێک لە شێوەی سێتاردا بینراوە، کە کاسەیەکی بچووک و دەسکێکی درێژی هەیە بەڵام ژمارەی ژێکانی بەدی ناکرێت.

*　　*　　*



# مۆسیقا و گۆرانی کوردی دوای هاتنی دینی ئیسلام

مەسعودی (نووسەر و مێژوونووس) دەڵێت: لەسەرەتادا ئایینی ئیسلام بە ئاسانی نەیتوانی جێگەی خۆی لە ناو کورداندا بکاتەوە، چونکە کوردەکان لە وەرگرتنی ئەم دینە نوێیەدا خۆیان لێ ئەپاراست و دورەپەرێز بوون، کە ئەمەش وەک مەسعودی گوڵزاری دەڵێت: نیشانەی ئەوەیە بێسێ و دوو بڵێین کوردان گەورەترین پشتیوانی شاهەکانی ساسان و دامودەزگاکانی دەوڵەتی ساسانی بوون. هەر بۆیەش لە کاتی هێرشی ئیسلامیدا بۆ سەر (مەدائین) پایتەختی ساسانی یەزگردی دوایین شای ساسانی، لە تێشکان و هەڵهاتنیدا ڕووی لە ناوچەی ( حەلوان یان زەهاو )ی کوردستان کردووە. تا بەهۆی هاوکاری و پشتیوانی کوردانەوە یارمەتی و هێزی زۆر بۆ بەرگری و بەرهەڵستی لە هێرشی ئیسلام و سەندنەوەی دەسەڵاتی ساسانی بکـــــات. هەر بەو جۆرەش لەسەردەمی عومەری دووەمین خەلیفەی ئیسلامدا ترس و سڵی ئەوە هەبوو نەتوانرێت کێوە سەختەکانی کوردستان داگیر بکرێت یان لە ڕێگەی سوریا و جەزیرەوە هێز و یارمەتی بۆ پشتیوانی ساسانی بگات، بۆیە لەساڵی 18ی کۆچیدا (عیاظ بن غانم) بە فەرمانی (سەعد کوڕی وەقاص) بە سێ لەشکرەوە بۆ سەر سێ قۆڵی ناوچەی جەزیرە نێردرا. هەر لە هەمان ساڵدا و لە قۆڵێکی ترەوە لە شکری ئیسلام بە سەرکردایەتی (عەزرە کوڕی قەیس) بەرەو شارەزوور نێردرا. بەڵام بەرەنگاری سەختی کوردان لەشکری ئیسلامی ناچار کرد پاشەکشێ بکەن و، عومەریش ناچار بوو دووبارە لەشکری تر بەسەرکردایەتی (عەقەبە فرقدالسلمی) بۆ شارەزوور و سامگان بنێرێتەوە، کە لەم جارەیاندا دوای شەڕی سەخت و خوێنین و قەلاچۆی کوردان و شارەزوور داگیر کرا. ئیتر هەر لەسەردەمی خەلیفایەتی عومەردا چەندان سەرکردەی تری ئیسلامی وەک (سلمة بن قیس الاشجعی) و (جارود عبدی) لە چەندان قۆڵی تری وەک موسڵ، لوڕستان، ئەهواز و ... هتد، هێرشیان کردۆتە سەر ناوچە کوردنشینەکان و شەڕی سەختیان لەگەڵدا کردوون. لە هەندێ لەم شەڕانەدا لە ئاکامی بەرەنگاری سەختی کورداندا لەشکری ئیسلام ناچار بووە پەیمان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچانەدا مۆر بکات، وەک ئەو پەیمانە مەرجدارەی کە هەر لەسەردەمی عومەردا هەردوو سەرلەشکری ئیسلام (حذیقە بن الهیان و مغیرە بن شعیبە) لە دوای شەڕ و پێکدادانی خوێناوی و بێئاکام لە ناوچەی (ئەردەبیل) لەگەڵ کاربەدەستانی ناوچەکانی (ئازەربایجان)دا بەستیان و، تیایدا بەرامبەر بە ساڵانەی (٨٠٠٠٠٠) درهەم کە کاربەدەستانی ئازەربایجان بە لەشکری ئیسلامی بدەن، بە مەرجێک ئیسلامیش دەست لە کوشتن و برین و تێکدانی ئاتەشگەدەکانی ناوچە کوردنشینەکانی (ساتروان و بلاسکان و سەبەلان) هەڵبگرن و ڕێز بۆ نەریتی ئایینی ناوچەکە دابنێت.

وەک مێژوونوسان بۆمان دەگێڕێتەوە شەڕ و پێکدادان و ڕاپەڕین و یاخیبوونی کوردان لەسەرانی ئاینیی ئیسلام تا کۆتایی سەدەی چوارەم و لە هەندێ جێگەی تری وەک ناوچەکانی هەورامانیشدا تا درەنگتریشی خایاندووە. لەبەر ئەوەی دینی زەرتووشت پێش دینی ئیسلام بووە. دینی زەرتووشتیش زۆر ڕێز و گرنگی بۆ مۆسیقا داناوە، بۆیە ڕەگ و ڕیشەی مۆسیقا لە هەندێ لەم ناوچانەدا بە تایبەتی لە ناوچەکانی هەورامان و ئازەربایجان و لوڕستاندا شوێنی پێ لەق نەکراوە و، دواتریش ئەم مۆسیقایانە کە لەو ناوچانەدا ڕێزیان لێگیراوە بە جۆرێکی تر کە دینی ئیسلام پەسەندی بکات گەیشتە ناو ئیسلامیش. زەبر و جێ پەنجەی خۆی لە ناو ئیسلامدا ڕەنگی دایەوە بەڵام نەک بەو جۆرەی لای پێڕەوانی دینی زەرتووشتی و دواتریش لای ئەهلی حەق، کە لە ئاتەشگە و جەمخانەکاندا بەکاریان هێناوە. بەڵکوو هەر لە کۆڕی زیکرو مەولوودنامە و میعراجنامەدا کەڵکیان لێ وەرگرت، کە لە سەرەتادا تەنیا (تەپڵ و دەف)یان وەرگرت و لە مزگەوت و خانەقاکاندا بەکاریان هێنا و، دواتریش وردە وردە ئامێرەکانی تری وەک عوود و تەنبوریشیان تێکەڵ مناجات و تواشیحی ئاینی کرد. کەواتە تا ئەو سەردەمانەش مۆسیقا و گۆرانی لە دینیی ئیسلامدا کارێکی نامۆ بوو. ئەو مۆسیقایەی کە دینیی ئیسلام پەسەندی کرد مۆرکی مۆسیقایەکی مات و خەماوی بوو. لە کاتێکدا مۆسیقای پەیڕەوانی دینیی زەرتووشت شادیهێنەر و خەمڕەوێن بوون، کە تا ئێستاش هەوێن

و ڕۆحی ئەو شادی و بەزم و خۆشییە لە هەڵپەڕکێ و زەماوەند و گۆرانی و بەستە و جل و بەرگی ئاڵ و واڵای ئافرەت و پیاوی کورد و زەوقی کورد وەک خۆی ماوە.

دینی زەرتووشتی چونکە وەک وتمان هەوێنەکەی مۆسیقا بووە. بۆیە لەو 450 ساڵی حوکمڕانی شایەکانی ساسانی (مەبەست لە مۆسیقای زەرتووشتە) زەبر و جێ پەنجەی لەسەر دەوروپشتی خۆی هەبووە، بە تایبەتیش لەسەر مۆسیقای عەرەبی و ئیسلامی، چونکە لە کاتێکدا پایەتەختی ساسانی لە تەیسەفۆن بوو، لە هەمان کاتیشدا لە نزیکی ئەم پایەتەختەوە میرنشینێکی بچکۆلەی عەرەبیش لە شاری حیرەی لای بەری خۆرئاوای ڕووباری فورات نیشتەجێ بووە و لەلایەن ساسانییەکانەوە حوکمڕانی ئەکرا، ئەم میرنشینە بچووکەی عەرەبیش مەڵبەندی درەوشانەوەی فەرهەنگی ساسانی بوو کە لەهەمان کاتدا فەرهەنگی ئاشووری و (بابلی)شی تێکەڵ بوو بوو وە ئەم میرنشینە بچووکە کە نزیکەی ٣٠٠ ساڵ لە لایەن ساسانییەکانەوە بەڕێوەبرا.

مێژوونووسی عەرەبی (طبری) دەڵێت: بارامی گۆڕ کە یەکێک بووە لە شایەکانی ساسانی، بەر لەوەی ببێتە شا سەردەمی مناڵی خۆی (٤٣٠–٤٣٨ ) لە حیرە بەسەر بردووە، بۆیە یاگادارییەکی زۆر باشی لە مۆسیقای ساسانی هەبووە. هەر لەو کاتەی لە حیرە بووە بایەخ و گرنگیی بە مۆسیقا داوە، کە بۆتە (شا)ش یەکێک لە کارە گرنگەکانی پلەوپایەی مۆسیقازانان و هونەرمەندان و گۆرانیبێژانی لە باری کۆمەڵایەتییەوە باڵاتر کرد و ڕێزی لێنان. بۆیە هونەری مۆسیقا پێشکەوت و ئەم پێشکەوتنەش کاری لە دەوروبەری خۆی کرد، بۆیە هەر لە حیرەشەوە فەرهەنگ و هونەری مۆسیقای ساسانی بە هەرێمەکانی تری عەرەبستان گەیشتووە.

مێژوونووسی (عەرەب) مەسعوودی ئەیگێڕێتەوە: لەسەردەمە زۆر کۆنەکاندا لە عەرەبستان ئامێرێکی مۆسیقایی بە ناوی (مزهرە) هەبووە، کە ڕووی سەرەوەی ئەم ئامێرە بە پێست داپۆشراوە، بەڵام (بەربەت) ڕووەکەی بە تەختە داپۆشراوە، بۆیە بەربەت جێی مزهری گرتەوە. لەبەر ئەوە ناوی بەربەتیشیان گۆڕی و ناوی عوودیان لێ نا. عوودیش لەگەڵ تەنبووردا هەر لە شاری حیرە دواشێوەی خۆی وەرگرت.

لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلامدا عەرەبەکان سەرگەرمی بڵاوکردنەوەی دینی ئیسلام و کاروباری جەنگ و داگیرکردنی وڵاتانی دراوسێ و هەرێمگەلی فراوان بوون، کاری مۆسیقایان لە خوار پلەی جەنگاوەرانەوە داناوە. مۆسیقازانیان بە دەستەیەکی تایبەت زانیوە، بە چاوی ڕێزلێنانەوە سەیریان نەکراوە، بە پێچەوانەی پلەی مۆسیقازان و گۆرانیبێژانی سەردەمی ساسانی کە پلەی باڵایان دراوەتێ. دوای گواستنەوەی پایەتەختی حکوومەتی ئیســلام لە مەدینەوە بۆ شام، بەتایبەتی دوای دەست پێ کردنی دەسەڵاتی (عەباسییەکان) کە بە هۆی زیرەکی ئەبو مسلمی خۆراسانی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان گوێزرایەوە بۆ عەباسییەکان. جێ پێی خوراسانییەکان لە دەرباری عەباسیدا کرایەوە، چونکە لەم سەردەمەدا لە عەرەب ڕوانین وەک نەتەوەیەکی باڵا و بە سووک سەیرکردنی نەتەوەکانی تر خرایە لاوە. مۆسیقای عەرەبی پێش هاتنی دینی ئیسلام بریتیی بوو لە هەندێ کاری بێسەروبەر، کە نرخی زانستیانەیان نەبوو. دواتر لەسەردەمی ئیسلامدا هونەرمەندانی گەلانی ژێردەستە بەتایبەتی گەلانی ئێرانی کۆن و نیشتەجێیانی نێوان هەردوو زێی فورات و دیجلە و وڵاتانی تری ژێردەستەیان بەتایبەتی میللەتی کورد، بوونە هۆی گەیشتنی هونەری ئەوانیش بە پلەیەکی گەشەدارتر. لەسەرەتادا ڕێگە بە ئیسلامەکان درا کە ئامێرە مۆسیقاکانی وەک تەپڵ و دەف و عوود (بەربەت) بەکاربهێنرێن، دواتریش ئامێری شمشاڵیش ڕێگەی پێدرا.

ناسر خەسرەویش لە سەفەرنامەکەیدا کە باسی تیپی مۆسیقای فاتمییەکان ئەکات دەڵێت: مۆسیقاکەیان بریتی بوو لە (بوق، تەپڵ، کوس، دەهۆڵ و سوورنای). نووسەری کتێبی (الاغانی)یش دەڵێ: شمشاڵ و دەف لای ئیسلام لەو ئامێرانە بوون کە وەک ئامێری جەنگی لای هۆز و خێڵەکان بەکارهێنراون.

ئامێری دەف تەنانەت پێش هاتنی دینی زەرتووشتیش، لە ناوچەی دەوروبەری هەردوو زێی دیجلە و فوراتدا هەبووە. چونکە لەسەردەمی سۆمەرییدا بەم ئامێرەیان وتووە دوپ یان ئادۆف کە بە مانای تابلۆ و خەت هاتووە و، هەر لە زمانی (سۆمەری)یشەوە گەیشتۆتە ناو (ئەکەدی)، کە ئەوان پێیان وتووە دوپو یان توپوو وە لەوانیشەوە تێکەڵی زمانی ئارامی بووە، کە لای ئەوان بۆتە دوپ و مەبەستیشیان لە تابلۆ و لاپەڕە بووە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەم ئامێرە زۆرتر لە ناوچە کوردنشینەکاندا و بەتایبەتیش لە مزگەوت و خانەقاکانی کوردستاندا کەڵکی لێ وەرئەگیرێت.

ئەو شۆڕش و یاخی بوونانەی کوردان لە سەرەتای هاتنی دینیی ئیسلام و ساڵانی دواتریش هەندێکیان بوونە مایەی پێکهێنانی دەسەڵاتدارێتی کوردی، لە هەندێ ناوچەدا وەک میرنشینی (ڕووادی ٦٢٣ – ٦١٨ ی کۆچی) لە ناوچەکانی ئازەربایجان و میرنشینی (شەدادیان ٤٣٠–٥٥٩ ی کۆچی) لە گەنجە و دوین و میرنشینی (حەسنەویە ٤٧٤–٣٤٨ ی کۆچی) و لە دەینەوەر و نەهاوەند و حەلوان و شارەزوور و میرنشینی (دۆستەکی ٢٧٢ – ٤٧٨ی کۆچی) لە ناوچەکانی دیاربەکر و میافارقین کە بوونەوە هۆی ژیاندنەوەی دووبارەی ئەو مۆسیقایەی کە پێش هێرشی دینی ئیسلام هەبوو. ئیتر ئەم بارە تا هاتنی هێرشی تورکانی سەلجوقی لە دوای ساڵانی ٤٢٠ی کۆچی بە دواوە شەڕ و بەرەنگاری نوێ لەسەرانسەری کوردستاندا ڕوویدا، ئەو دەسەڵاتە کوردانەش دووبارە لە ناوچوونەوە تا هێرشی مەغۆلەکان کە لە ماوەی سێ ساڵ کەمتردا ( ١٤٤٧–١٤٥٠ی ز) تێکڕای شارە ئاوەدانەکانی کوردستان کاول و داگیرکران و قەڵاچۆیەکی بێبەزەییان لە کورد کرد. دوای ئەمانیش دیسانەوە کورد کەوتە ژێر دەسەڵات و ستەمی تورکانی (ئاق قۆینلو و قەرە قۆینلو) تا دروست بوونی حکوومەتی سەفەوی (١٥٠١ی ز) کە ستەمکاری ئەمانیش بەرامبەر کوردان لەوانی پێش خۆیان کەمتر نەبوو. بەڵام کوردان لە دوای ساڵانی (١٥٢٠ی ز) بە هۆی چەند ڕاپەڕینێک و دژ وەستاندنەوە بەرامبەر داگیرکەران چەندان میرنشینی کوردی پێک هاتەوە، کە لە سێبەری ئەم میرنشینانەدا ئەدەب و هونەر گیانێکی بەبەردا هاتەوە. چەندان ئەدیب و شاعیری بەناوبانگی وەک (مەلای جەزیری– سەدەی پانزەی زایین) و (ئەحمەدی خانی – ١٦٥٠–١٧٠٧ی ز ) و دواتریش دەرکەوتنی (نالی ١٨٠٠–١٨٧٣ی ز) و هاوڕێکانی و (مەولەوی ١٨٠٦ – ١٨٨٢ی ز) لە سێبەری میرنشینەکانی (جزیرە و بەتلیس و بابان و ئەردەڵان ... هتد) بەڵگەی بەرچاوی ئەم پێشکەوتنانەن. دیارە مۆسیقا و گۆرانیش بە پێی گەشەکردنی ئەدەب و هونەر لە دەرباری دەسەڵاتی میرنشینەکاندا گەشەیان کردووە. لە سەردەمی میرنشینی (دۆستەکی)دا مامۆستا (عەبدولڕەقیب یوسف) دەربارەی مۆسیقا و گۆرانی ئەم میرنشینە دەڵێت: گۆرانی و مۆسیقا لەم دەربارەدا لەو پەڕی باڵاکردندا بوو، بە تایبەتیش لەسەردەمی حوکمڕانی (نصرالدولة)دا گرنگی زۆریان پێدراوە و، کە (فارقی) لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەوەندەی لەم میرنشینانەدا گرنگایەتی بە گۆرانی و مۆسیقا دراوە، لە هیچ میرنشین و دەربارێکی تری دور و نزیکی ئەو سەردەمەدا نەبووە. دوای (نصرالدولة)ش میر سەعـــــد هەمان گرنگی بە گۆرانی و مۆسیقا داوە، کە ناوبراو لە سەفەریدا بۆ (هەتاخ) گۆرانیبێژان و مۆسیقاژەنانی لەگەڵ خۆیدا بردووە. ئەم ڕێزەش لای قازی حسین کوڕی سلحەی مالکیی گەورەی قازییەکانی دەوڵەتیشەوە، کە (قازی فارقین و دیاربەکری پایتەخت بووە) هەروا بووە، مامۆستا (عەبدولڕەقیب یوسف) گومانی ئەوە ئەکات کە چیرۆکی زەمبیل فرۆش و چیرۆکی ژنهێنانی میر ئەحمەد لە ئاوارەییدا مۆرکی ئەم سەردەمەیان پێوە بێت. ئەو ئامێرە مۆسیقاییانەش کە لەم میرنشینەدا بەکارهێنراون ئەمانە بوون: عـــــود، تەنبور، قانون و شمشـــــاڵ ... هتد.

خاوەنی (شەرەفنامە) شەرەفخانی بەدلیسی (١٥٤٣–١٦٠٤ی ز )یش سەبارەت بەو ئاهەنگی میوانداریییەی کە میـــــر خەلیل کوڕی میر سلێمانی حاکمی حەسەنکیفا بۆ خوشکەکەی شا ئیسماعیلی سەفەوی ساز کردبوو، لەو کاتەدا کە بەوێدا تێپەڕ بووە لە زیارەتی حەجدا شەرەفخانی بەدلیسی خۆی لەگەڵ ئامادەبووەکاندا بووە، دەڵێت: گۆرانیبێژی زۆر دەنگخۆش ئامادە بوون کە زۆر شارەزای هونەری ئاواز بوون، مۆسیقا ژەنەکانیش لە عوودژەنیندا زۆر لێزان بوون و کۆڕەکەیان سەرسام کردبوو. هەروەها لە وەسفی (بایسنقر)دا کە دووەمین میری (برتک) بووە لە

ناوچەی دەرسیم دەڵێت: لە پاڵ ئەو هەموو توانا و زانستیانە و کار و فرمانە زۆر ژیرییەی لە چاو میرانی کوردستان و سەرکردەکانی ئێستایاندا شارەزاییەکی زۆریشی لە باری مۆسیقادا هەبووە. لە باسی میهرەجانێکیشدا کە لە قەڵای بەدلیسدا ساز دراوە دەڵێت: گۆرانیبێژانی لە ئاواز و ئاهەنگدا و مۆسیقاژەنانی خاوەن ئاوازی بەسۆز و دەنگ دڵگیر بە تار و لێژان لەبەرنامەی کورد کە دەستییان بە چالاکی نواندن کرد، کارێکیان کرد گەشکە و شادییان گەیاندە زوحەل. هەر لە ژێر سێبەری ئەو میرنشینە کوردییانەی (جەزیرە و بۆتان و بەتلیس و حەسەنکیفا)شدا، کە شەرەفخانی بەدلیسی باسیان ئەکات مەلای جەزیری و ئەحمەدی خانی تیادا هەڵکەوتوون، بەو ئاماژە زۆرەی لە شیعرەکانیاندا بۆ جۆرەکانی ئامێری مۆسیقا و گۆرانی ئەکەن. بەڵگە بۆ ئاستی پێشکەوتنی مۆسیقا و مەقام و گۆرانی ئەو ڕۆژگارانە کە مەلای جەزیری ناوی ئەم ئامێرە مۆسیقایانە ئەبات ڕوباب، چەنگ، نای، دەف، قانون و ئەرگۆن. بەڵام ئەحمەدی خانی ناوی ئەم فۆرم و مەقامانە دێنێت عوشاق، نەوا، ئەوج، کردان یان کوردان، ڕەهاوی، کەوەشت، شەهناز، حەزین، ئاهەنگ، تەرەنوم، سەروسەهی، سەبا، سەدا، نەوبەهاری، شاهێن، دلڕوبا، دڵگوشا، نەغمە، نصفیە، ئەوازە و گولڕوح ... جگە لەمانە خانی وەک شارەزایەکی مۆسیقازان لە گۆرانی و ئاوازدا، ئاواز و مەقامی جیاکردۆتەوە. چونکە لە شیعرەکانیدا هەریەکەیان بە جیاجیا باس ئەکات و جارجاریش باسی تێکەڵ بوونی مەقامەکانی ڕەهاوی و سەماع (سەماعی) ئەکات. یان ئەم واژە و زاراوە مۆسیقایانە بەکار ئەهێنێ زمزمە، زێرگولە، سازگار، سەفا، طەنانە، گوڵستان، گوڵعوزار، لالە ڕوخ، ناز، نازەنین، نەسیم، نیگار، نەوەرسیدە، نەورۆز، بەزم، پەردە، هەوا، جامی جەم، شەودێز، زەنگەڵە، موخالیف، مەقلوب، بێداد و دڵنەواز. هەروەها ناوی ئەم ئامێرە مۆسیقاییانەش دێنێت دەف، قانون، چەنگ، ڕوباب، کەمانچە، عود، تەنبور و سور، لە جێگەیەکی تردا ناوە هاوتا کوردییەکانیش ئەهێنێت وەکوو کەڕەنا، ناقوور، سەنتوور، نای، ساز یا سازان، کوس، ضرنا (سورنا)، نەفیر میتر (میهتەر)، تەپڵ، خان و سازان، جەرەس و میضراب.

(ئەولیا جەلەبی)ش لە سیاحەتنامەکەیدا ( ١٦٣٠ ز ) بۆ میرنشینی جەزیرە و بۆتان چاوی بە عەڤداڵ خانی میری جەزیرە و بۆتان کەوتوە و دەڵێت: عەڤداڵ خان لە هونەری مۆسیقا و گۆرانیدا هەر باس ناکرێ، مەقامی ڕاست و دووگاش زۆر باش ئەزانێت. لە وتنی زەجل و زیکر و تەنسیف و مورەبەعات و وارسیقی و شەرقی و سەرچیادا وەستایەکە کەس نایگاتێ. هەرچەندە دەنگی زۆر زلە بەڵام کە دەست ئەداتە ئامێری مۆسیقا و شیعری حافظ بە بیست و چوار ئوسوڵەوە، دەڵێت مەل بە ئاسمانەوە ڕائەگرێت و لە تەپل لێداندا وەستایەکە ئەتوانێ لە نێوان چوار تەپڵدا دابنیشێ و بە شێوەیەکی ڕێک دەست بە هەر چواریان بگەیەنێ و کاری چوار تەپڵکوت بەجێ بهێنێت. بەهۆی ئەم وەستاییەیەوە سوڵتان (مورادی چوارەم ١٦٢٣-١٦٤٠ی ز) خەرجی موشی پێ بەخشیوە. دیسان (ئەولیا چەلەبی) لە باسی (مەلاتیە)دا دەربارەی مۆسیقازان و دەنگخۆشانی کورد دەڵێت: دەنگخۆش و مۆسیقازانانی کورد هەریەکە لە لایەکەوە کۆڕی خۆیان گەرم ئەکەن و ئاسمان ئەخەنە سەمـــــــا. لە کاتی گەڕانەوەشیدا لە باسی ئاسنگەرەکانی شاری دیاربەکردا دەڵێت: ئاسنگەر و وەستاکار و مسگەرەکان لەکاتی کارکردندا، چەکوشەکانیان لەسەر ئاوازی مۆسیقا دائەوەشێنن و مەقامی سێگا و حسەینی لەگەڵ دەڵێن، هەر کەسێ گوێی لێبێت پێی ڕۆیشتنی نامێنێت.

میستەر کلودیوس جیمس ڕیچ (١٨٢١- ١٨٧٨ی ز) لەو سەفەرەیدا کە لە ساڵی (١٨١٤-١٨١٥ی ز) بۆ باکووری کوردستان کردوویەتی، وێنەی گۆرانیبێژێکی نابینای یەزیدی کردووە، بە ئامێری تەموورەوە خەریکی گۆرانی وتن و تەموور ژەندنە و سەبارەت بەم سترانبێژە دەڵێت: شەوێکی تەواوم لە تەک ئەم سترانبێژ و تەموورژەنە یەزیدییەدا بەسەر برد، کە ناوی (لاسۆ) بوو. دەیان سترانی شیرینی بۆ چڕیم، لە ناویاندا سترانی (لیلێ غەزالێ) کە هەرگیز لە یادم ناچێت.

لە هەمان کاتدا لە بەهاری ساڵی ١٨٢٠ی ز گەیشتۆتە باشووری کوردستان و میوانی مەحموود پاشای بابان بووە. سەبارەت بە گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەڵێت: پاشاکانی بابان لەگەڵ پیاو ماقوڵەکانیاندا هەفتەی جارێک یان دوو جار کۆ ئەبنەوە بۆ ئەوەی گوێ لە مۆسیقا و گۆرانی بگرن.

ئامێرە مۆسیقاییەکانیان بریتی بوون لە: دەهۆڵ، زوڕنا، شمشاڵ، تەپڵ، دەف، بلوێر و دوزەلە. هەروەها سەبارەت بە شەوانی سلەیمانی دەڵێت: شەوێکمان لە سلەیمانی لەگەڵ دوو بلوێرژەنی کورددا بەسەر برد وە بلوێرەکانیان لە قامیش دروست کرابوون. هەردوکیشیان لەسەرخۆ و خەمگین بە ئاوازی دڵتەزێن بلوێرەکانیان ئەژەنی. باشترین ئاوازیان گۆرانییەک بوو ناوی (لەیلێ گیان) بوو، گۆرانییەکی تریش بە (ئەز دەناڵم) دەستی پێ کرد. جگە لەمانەش گۆرانی بەناوبانگی تری کوردی وەک مەمکوژە بەناز و مەلەکێ جان و ئازیزێیان بۆ وتین. لە شێوەی گۆرانی (سنە)ش گۆرانییەکیان بۆ وتین، بەڵام ئەوانەی سلێمانی وایان دەرخست کە کەمێکی لێ تێگەیشتوون.

دیسان میستەر کلودیوس جیمس ڕیچ دەڵێ: ڕۆژی ٢٣ ی ئازاری ساڵی ١٨٢٠ گوێم لە مۆسیقای پیرەمێردێکی هۆزی (سورەمەنی) کورد کە خەڵکەکەیان بە مۆسیقا و گۆرانی بەناوبانگن گرت. ئەم پیرە کەمانچەیەکی (ڕوباب) دوو ژێی پێ بوو، ئاوازێکی کەمێک خۆش و ئاهەنگاوی بۆ ژەندم و شەویش هاتەوە دیسانەوە هەندێ گۆرانی بە زمانی کوردی بۆ وتم. ڕۆژی ١٩ی تەموزی ١٨٢٠ی ز دروێنەوانان خەریکی دروێنە بوون، بە دەمیشیەوە گۆرانی چیرۆکی شیرین و فەرهادیان بە شیعری کوردی ئەوت. ڕۆژی ٢٧ ی تەموزی هەمان ساڵ پیرەمێردێکی کوردی کەمانچەژەن سەمایەکی بۆ ژەندم، ئەی وت لەو تیپە مۆسیقایەوە کە لەگەڵ بارمۆلۆفدا بوون فێربووە. ڕۆژی ٢ ی تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ لە ماڵێکی قەراخشاری سلێمانی ئامادەی زەماوەندێک بووە، هەر ئەو کاتە وێنەیەکی زەماوەندەکەی بە دەستی خۆی دروستکردووە و وێنەی تیپە مۆسیقاکە بریتی بوون لە شمشاڵ و تەپڵ و زوڕنا کە تیا نیشان داوە.

هەر لە مەڕ ئەو چەندان نووسەرە بیانییانەی کە لەسەر مۆسیقا و گۆرانی کوردی نوسیوویانە، لەوانە (بلاو– Blau) کە خۆی تێکڕای ناوچەکانی باکووری خۆرهەڵاتی کوردستان گەڕاوە و دەڵێت: هەژارترین هۆزی کورد لە ئاواز و ئاهەنگی دڵنەوازدا دەوڵەمەندن. دیسان کوردناسی ناسراو ڤاسیـــلی نیکیتین کە سەردەمێ لە ورمێ باڵیۆزی ڕوسیا بووە، لە توێژینەوەکەیدا کە دەربارەی گۆرانی و مۆسیقای کوردی ئەنجامی داوە و دەڵێت: میللەتی کورد بە پێچەوانەی تورکی موسڵمان و ئەرمەنی مەسیحییەوە کە بە زۆر کرانە موسڵمان و مەسیحی و کەلەپور و فۆلکلۆرەکەی خۆیان لە دەست دا. میللەتی کورد دوای ئەوەی کرایە موسڵمانیش دەسبەرداری هیچ نەریتێکی کوردەواری خۆی نەبووە و پاراستووشیەتی. ئەم نووسەرە پشت بە نووسینەکانی (ئۆسکارمان) ئەگرێت و دەڵێت: لە پاڵ ئەوەشدا کە لە هەموو جێگەیەکی کوردستاندا (حوجرەی ئاینیی) بۆ فێربوونی دینی ئیسلامی هەبووە، هەر بەو جۆرەش جێگای تایبەتی (مەبەستی لە قاوەخانە و دیوەخانی گەورەپیاوان بووە) بۆ فێربون ژەندنی ئامێرە مۆسیقاییەکان و گۆرانی وتن هەبووە.

هەروەها هەوڵەکەی کوردناسی ناسراو (ئەلیکسندەر ژابا) بە یارمەتی نووسەری کورد (مەلامحەمەدی بایەزیدی) لە کتێبەکەیاندا بە ناوی (داب و نەریتی کوردەواری) ئاماژە بۆ گۆرانی و مۆسیقای کوردی بەگشتی و لاوژەش بەتایبەتی ئەکەن. پێناسەی لاوژەشیان وا کردووە کە بریتییە لەو جۆرە گۆرانیەی لە مەجلیسی کوردەواریدا بە شێوەیەکی بەربڵا و لە باکوری کوردستاندا ئەوترێت. واژەی گەڕەلاوژەشیان وا لێکداوەتەوە کە لاوژە لە مەجلیسدا بە نۆرە ئەوترێ، بە واتای گەڕانی لاوژەکە.

مەبەستمان لەم کورتە باسە مێژووییە ئەوەیە، کە میللەتی کورد خاوەنی کەلتور و کەلەپوری هونەری و داب و نەریتی تایبەتی خۆیەتی. هەرچەندە لە هەندێ سەردەمدا بەهۆی باری نائارامی و ئاڵۆزییەوە دوورکەوتوونەتەوە لە گەشەدان و برەودان بەو هونەر و کەلتورە. بەڵام هونەرەکەی ئەوەندە ڕەسەنە، ئەو بارە ئاڵۆز و نالەبارە تەنها کاری کردۆتە سەر گەشە پێ نەدانی و پەرە نەسەندنی و هەر بە هونەرە خامەکەی خۆی ماوەتەوە و بە هیچ جۆرێک لەکەدار و تەفروتونا نەبووە. سەرەڕای ئەمەش بۆتە هەوێنێک تا هونەرمەندانی میللەتانی دراوسێی وەک فارس و تورک و عەرەب کەڵکیان لێ وەرگرتووە. من لە لای خۆمەوە جگە لە سوپاس هیچی ترم نییە بۆ ئەو ئەو

هونەرمەندە دراوسێ بێگانانەمان، کە کەم تا زۆر بوونەتە هۆیەکی چالاک بۆ نەفەوتانی ئەو کەلتوورە هونەرییەی میللەتەکەم و دیسان دەستخۆشییان لێ ئەکەم. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە خۆمان ئاوڕێک لەو کەلتور و بابەتە هونەرییە ڕەسەنانەی خۆمان بدەینەوە و جوان خەرمانەکەمان شەن بکەین و خەلە جوانەکەی چەندین جۆری نوێی لێ بێنینە کا

## سەرچاوەکانی بەشی دووەم


١- هەردوو بەرگی یەکەم و دووەمی کتێبە دانسقەکەی مامۆستا محەممەدی حەمە باقی (مێژووی مۆسیقای کوردی- دەزگای چاپ و بلاو کردنەوەی ئاراس، هەولێر) کە بە دەستە موبارەکەکانی پێشکەشی کردم و بوونە هەوێنی زۆرینەی بابەتەکانی ئەم بەشە و، هەروەها چەند دانیشتنێک لەگەڵ ئەو زاتە پیرۆزە لە ماڵی خۆیان و لە کۆڕی زانیاری کورد لە هەولێر.

٢- چاوپێکەتنێک لەگەڵ دکتۆر ئەکرەمی میهرداد، لەسەر مێژووی دین و ئایینە ئاسمانیەکان (١٠-٢-٢٠٠٥)، سلەیمانی مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکان، تۆمارکردنی بە دەسگای ( MD و PC ).

٣- شعوبی ئیبراهیم – دلیل الانغام لطلاب المقام، دار الحریة بغداد، ١٩٨٥ز.

٤- دکتۆر شەهرزاد قاسم – الالات الموسیقی التقلیدیة فی العراق المعاصر، بغداد ١٩٧٦ ز.

٥- دکتۆر صبحی ئەنوەر ڕەشید- الالات الموسیقیة فی العصور الاسلامیة، بغداد ١٩٧٥ ز.

٦- عبدولڕقیب یوسف – حضارة الدولة الدوستکیة فی کوردستان الوسطی. بەشی دووەم، بەغداد، چاپخانەی الحوادث ١٩٧٥ز.

٧- سیاحەتنامەی (ئەولیا چەلەبی) – گۆڕینی بۆ کوردی، سەعید ناکام لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد ١٩٧٩ ز.

٨- گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان، گۆڕینی بۆ کوردی محەممەدی حەمە باقی، چاپی یەکەم تەوڕێز، ١٩٩٢ز.

٩- گەنجینەی گۆرانی کوردی – عوسمان شاربازێڕی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، چاپخانەی الزمان بەغداد ١٩٨٥ ز.

١٠- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نووسەری بەهرەدار کاک (جەلیلی عەباسی)، دەربارەی سرووتی گاتا و ئاینی زەرتوشت، ماڵی خۆیان لە ( ١٠/١٠/٢٠٠٤) لە هەولێر.

١١- چەند باسێک دەربارەی ئەهلی حەق نووسینی:

هـ. ئاجەریان

ڤ. مینۆرسکی

دکتۆر محەمەد موکری

ژ. هـ. کـــرامیز

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە نەجـــاتی عەبدوڵڵا.




# بەشی سێیەم

**گرنگترین هۆکار بۆ بزواندن و گەشەسەندنی هونەری ساز و ئاواز (مۆسیقا و گۆرانی)، دەستنیشانکردن**
**(پۆلێنکردن) و گەشەدان بەو دەستنیشان و پۆلێن کردنەیە بەم جۆرە:**

**١- دەستنیشان و پۆلێنکردنی پەیژە مۆسیقایەکان.**
**٢- گەشەدان بەو پەیژە مۆسیقاییانە و بەکارهێنانی زیاتر لە پەیژەیەکی مۆسیقایی لەنێو پارچە ئاوازێکدا.**

## ١-دەستنیشان و پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقا

**ئاشکرایە کە هەموو گەلانی سەر ڕووی زەمین کەم تا زۆر جۆری کەلتور و هونەری مۆسیقایان پەیوەستییەکی بەیەکەوە هەیە. هەرچەندە بە هۆی باری سروشتیی و کۆمەڵایەتی و بگرە بارودۆخی ڕامیاری و ئابووریش کە گاریگەرییەکی زۆریان لە فراوانکردنی ئاستی ئەو هونەر و کەلتوورە هەیە، کەم تا زۆر میللەتان ڕۆژانە هەوڵی چاککردن و لەبارکردن و شیاوکردنی هونەرەکەیانن. ئاشکراشە کە گەلانی ئەوروپا بە هەمان دەردەسەری و نەهامەتییان بەهۆی جەنگ و پێکدادان و بارە نەهامەتییەکانی کۆمەڵگادا ڕۆشتوون، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ هونەرەکەیان فراوانتر و بەرەو پێشتر ئەچێت. وەنەبێت ئەو گێژاو و جەنجاڵییەی کە ئێستا لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە ئەوانیش بە خۆیانەوە نەدیبێ ... بەڵام لە زیرەکی و کارامەیی خۆیان کە ڕۆژانە خەمخۆریی بەرەو چاککردن و لەبارکردنی هونەرەکەیان بوون. بۆیە ئێستا گەیشتونەتە ئەو ئاکامەی کە ئێستا تیایدان، بە واتای شەنکردنی تەواوی هونەر بەگشتی و، هونەری مۆسیقا بە تەواوی. هەروەها گەلانی خۆرهەڵاتی ئاسیاش کە بریتین لە گەلانی هیند و چین و ... هتد، ئەوانیش کەم تا زۆر هەر خەمخۆری هونەرەکەیان بوون. بەڵام هێشتا نەگەیشتونەتە ڕادەی گەلانی ئەوروپا لە چاکسازی هونەرەکەیان بەگشتی و هونەری مۆسیقا بەتایبەتی. بەڵام ئەمە ئەوەش ناگەیەنێ کە کاری چاکیان نەکردبێت و بەردەوامیش نەبن لە چاکسازیدا، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە هونەرەکەیان (بەتایبەتی هونەری مۆسیقا) چۆن بووە، ئێستاش هەروایە و جەنجاڵتریشە. (من لێرەدا تەنها باس لە پەیژە و فۆرمە مۆسیقاییەکان ئەکەم)، ئەوەتا چەندین کۆنگرە و چەندان بڕیاری کۆ و تاکەکەسیش تەنها کەمێکیش لە باری گرانی ئەو جەنجاڵییەی کەم نەکردۆتەوە.**

**گەلانی ئەوروپا پاش ئەوەی گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە بنەمای مۆسیقاکەیان بریتییە لە هەردوو پەیژەی گەورە و بچووک و چەند پەیژەیەکی دروستکراو، ئەم پەیژانە ڕۆژ بە ڕۆژ چاکسازی تیا ئەکرێت و لە نرخە زانستییەکەی پتر ئەکرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە، کە گەلانی ئەورووپا لەسەرکردەکانیانەوە تا منداڵێکیان خۆیان بە خاوەنی ئەو کەلتووره ئەزانن، هەرکەسێک ڕۆژێک لە ڕۆژان کارێکی زانستی بکات، ئەوا دەستی نەوازشی ئاڕاستە ئەکرێت و خۆشحاڵیشی بۆ دەرئەبڕدرێ، تەنانەت کەسانێکی بێگانەش بەوان کارێکی زانستی بکەن ئەوا هەر بەو چاوەوە سەیر ئەکرێت، هەر هەمان پێشوازی لێ ئەکرێت. تەنانەت کارەکەشی تەنها لە خزمەتی میللەت و کۆمەڵگاکەی خۆشیدا بێت هەر هەمان دەستخۆشکەری لێ ئەکرێت و یارمەتی و کارئاسانیشی بۆ ئەکرێت.**

ئێمەی کوردیش کە بەشێکین لە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمان دەردەسەری و نەهامەتی کە بەسەر مۆسیقا و کەلتوری هونەری ئەو گەلانەدا هاتبێت ئێمەشی لێ بێبەش نەبووین. هەرچەندە ئێمە وەک خۆمان ئەیزانین و مێژووش پێمان دەڵێت، کە خاوەنی بیروباوەڕێکی (دین) مۆسیقائامێزین و کەلتورێکی مۆسیقایی فرە دەوڵەمەندمان هەیە. بەڵام لەبەر گوێ پێنەدان و کەمتەرخەمی و لێنەپرسینەوەی هونەرمەندان و کۆمەڵگا و بگرە لێپرسراوانیش، هونەرەکەمان زۆربەی زۆری لە ناوچوون و، یان گەلانی تر کەڵکیان لێ وەرگرتووە. هەرچەندە من دەسخۆشی لە هونەرمەندانی دراوسێ و بێگانە ئەکەم کە بە هەر شێوەیەک بێت بوونەتە مایەی ئەوەی کە بەشێکی کەم نەفەوتێت، ئێستا گەر ئێمە چاببووک بین لێیان وەرئەگرینەوە و دەستخۆشیشیان لێ ئەکەین. بەڵام وەکوو وتم ئەو نەهامەتی و بارودۆخە نالەبارەی بە درێژایی مێژوو بەسەر گەلەکەماندا هاتووە هۆکاری گرنگ بوون. گەر ئاوڕێکی خێرا بە مێژووی گەلەکەماندا بدەینەوە، بۆمان دەرئەکەوێت کە مۆسیقا و گۆرانی کــــوردی لە هەموو میرنشینە درێژخایەن و کەمخایەنەکانیشدا هەر جێی سەروەری میللەتەکەمان بووە. هەر لە ڕێی ئەوان و برەو پێدانیان بە پلەوپایەی هونەر و هونەرمەندان هونەرەکەمان کەم تا زۆر هێشتا کەڵکی ئەوەی پێوە ماوە کە هەوڵ بدەین کە چیتر بەر شاڵاوی فەوتان نەکەون. بەڕای من گرنگە ئێمە ئاوڕێک لە کەلتوری هونەری مۆسیقا و گۆرانییەکانمان بدەینەوە و سەر لە نوێ بە زانستکردنیان و دوورخستنەوەیان لە جەنجاڵی و سەرلێشێواوی. ئێمەی کورد کاتی ئەوەمان هاتووە کە بایەخ بە هونەرەکەی خۆمان بدەین، ئەو دراوسێیانەی کە کەڵکیان لە هونەرەکەمان وەرگرتووە، بە سوپاسەوە لێیان وەربگرینەوە و چیتر هەقمان بەسەر ئاڵوزی و جەنجاڵی مۆسیقا و گۆرانی گەلانی دراوسێوە نەبێت. ڕێگە زانستییەکان بگرینە بەر بۆ برەو پێدان و بایەخ پێدانیان، تا ئەو ڕۆژە دێت هەر وەک چۆن میللەتەکەی ئێمە بە تاسەوە گوێ لە ئاواز و مۆسیقای بیانی و گەلانی دراوسێمان ئەگرێت، ئاوا گوێ لە مۆسیقا و ئاوازەکانی خۆمان بگرین. هەروەها بە کاری بەپێز و سەردەمیش ئەتوانیین گەلانی جیهان وا لێ بکەین کە بە خۆشحاڵییەوە گوێ لە ئاواز و مۆسیقاکەمان بگرن. بۆیە من لە لای خۆمە وە لە کتێبی پێشومدا (پۆلێنکردنی پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) پۆلێنی زۆربەی زۆری پەیژە مۆسیقاییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم کردووە و، بە شێوەیەکی زانستی پەیژە سەرەکییەکان و پەیژە لاوەکییەکانیشم دەستنیشان کردووە. ئەوەش هەر بەو مەبەستە بوو کە ئەمڕۆ کەڵک لەو زانستیانە وەربگرم تا پۆلێنی ڕاستەقینەی ئاواز و پەیژە و فۆرمە مۆسیقاییەکانی کوردی پێ بکەم. بۆیە لەم کتێبەشمدا دەرئەنجامی ئەو پۆلێنکردنە بە کورتی ئەخەمەوە پێش چاو تا کارەکەم نامۆیی پێوە دیار نەبێت.



# چۆنییەتی بەکارهێنانی پەیژەی مۆسیقا
# لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**تێبینی:**

**وەکوو لە کتێبی پێشوما باسم کرد، کە وشەی (مەقام) ... وشەیەکی نەشیاوە و تەنها لای عەرەبەکان بەکار ئەبرێت، هەندێ جار لەباتی وشەی پەیژەی مۆسیقا و هەندێ جار لە باتی فۆرمی مۆسیقا بەکار دەبرێت.**

**پەیژەی مۆسیقا: بریتییە لە کۆی حەوت پلەی دەنگیی و بە دووپاتکردنەوەی پلەی بنکەوە ئەبنە هەشت پلەی دەنگیی و پێی ئەوترێت (دیوان)، هەروەها پەیژەی مۆسیقا لە دوو چوارینەی مۆسیقا و میانە دەنگییەک پێکدێت، کە ئەو میانە دەنگییە لە سەرەتا یان ناوەند یان کۆتایی ئەو دوو چوارینەیەدایە. چوارینەی یەکەم پێی دەوترێ ڕەگەز (جنس)، چوارینەی دووەم پێی دەوترێ لق (فرع).**

**١- چوارینەی یەکەم: ڕەگەز (جنس) بە ڕەگەزی یەکەم ناو ئەبرێت، گەر لە سێ میانەی نێوان چوار پلەی دەنگیی کە لە دە (٥) نیوە دەنگیی پێک بێن.**
**٢- چوارینەی دووەم: لــق (فرع)، یان ڕەگەزی دووەم، یان گرێ (عقد)ی دووهەم بەپێی ئەو چارەکە دەنگییانەی کەتیایدایە (لە چوارینەی یەکەمدا ڕوونکراوەتەوە).**

**٣- میانەی دەنگی: کە لە میانەیەکی تەواو پێک دێت، ئەکەونە پێش یان پاش یان ناوەندی هەردوو چوارینە مۆسیقاکەوە.**



# پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

پاش چاوخشاندن بەو هەموو سەرچاوانەدا و ئەو هەموو بابەتەی لەسەر مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نووسراوە، هەندێ ڕاستیم بۆ ڕوون بووەوە، کە مرۆڤی مۆسیقازان نابێ چی تر لە ئاستی ئەو گرفتە زۆرانەی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەستێت کە بە هۆی زۆر و بۆری ناوی مەقام و ناوی پلە دەنگییەکانی مۆسیقا کە بوونەتە هۆی پێش نەکەوتن و بگرە مانەوە تەنها لەو ئاستەی کە تیایدایە. بۆیە بە باشم زانی وەکوو مۆسیقازانێکی کورد خەمێکی ئەم بابەتە بخۆم، گەر تەنها لەبەر کەلتووری مۆسیقای میللەتەکەی خۆشم بێت، وا ئەزانم کە ئەمە ئەبێتە سەرچاوەیەک بۆ دەستنیشان کردنی ئەو پەیژە مۆسیقایانەی کە میللەتەکەم بۆ مۆسیقاکەی بەکاری ئەهێنێ، تا چی تر ئەو تێکەڵاویەی نێوان فۆرم و پەیژە مۆسیقاییەکان نەمێنێت. دەڵێم ... بەسە با ئیتر باسی پەیژەی مۆسیقا وەکوو پەیژەی مۆسیقا بکرێت و، فۆرم (شێوە یان شێواز)ەکان وەکوو خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. ئەوخاڵانەی کە لەم باسەمدا بە گرنگم زانی ئەمانەن:

١- ناوی پلەدەنگییەکانی مۆسیقا هەر بە شێوە جیهانییەکەی بمێنێتەوە، کە بریتین لە ناوی حەوت پلەدەنگییەکە بەم جۆرە (دۆ . ڕێ . مـی . فا . سۆڵ . لا . ســـــی) و چیتر گوێ نەدرێتە ئەو ناوە زۆر و بۆرانەی کە دروستکراوی دەستی نەزانانی مۆسیقان. بەڵام ڕەچاوی پلە سێ چارەکە دەنگییەکان بکرێت، بۆ ئەوەی لە هەموو پیژەیەکی مۆسیقادا لای کورد بەتایبەتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی پەیژەی کرۆماتیک دەستنیشان بکرێت، نەک وەکوو ئەو دیوانەی کە تائێستا بە ناو هەیە و بەڵام بە کردار ناتوانرێت کاری پێ بکرێت و، لە کەم ئامێری مۆسیقاییدا ئەتوانرێ کاری پێ بکرێت.

٢- ناوی پەیژە سەرەکییەکانی مۆسیقای کوردی کە بریتین لە هەردوو پەیژەی گەورەی بێچارەکە دەنگی (عەجەم)، پەیژەی گەورەی خاوەن دوو پلەی سێ چارەکە دەنگی (ڕاست) هەر وەکوو خۆیان بمێننەوە. گەر نەوەکانی دوای خۆمان یان لە داهاتوودا ناوی شیاوتریان بۆ دانان ئەوا شیاوتر ئەبێت. هەروەها ناوی پەیژە دروستکراوەکانی سەر پلە دەنگییەکانی شەشەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمی ئەو دوو پەیژەیەش وەک پەیژە سەرەکییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

گەر لەسەر ڕوانگەی پەیژە مۆسیقاکەی ڕۆژئاوا هەنگاو بنێین، کە خاوەنی تەنها پەیژەی (گەورە)ن، پەیژەکانی تری سەر پلە دەنگییەکانی شەشەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم بە زادەی (نەوەی) پەیژەی گەورە بزانین، ئەوا ئەبێ بەم جۆرە ڕەفتار لەگەڵ مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکەین.



# پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و کوردی بەتایبەتی

پاش ئەو گەڕانە زۆرەم و ئەو ئامادەبوونانەم لە دەیان وانە و لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی پەیژەی مۆسیقایی و، هەموو بابەتەکانی مۆسیقالۆژی و بگرە ئەتنۆمۆسیقالۆژیش لە زۆر لە وڵاتانی جیهان، هەروەها ئەو نامیلکە و کتیبە زۆرانەی کە لەبەر دەستمدا بوون و ئەو جەنجاڵییەی مێشکی خۆشم، کە هەردەم وای لێ ئەکردم بە دوای ڕاستییەکاندا بگەڕێم و چیتر دوای وتە کۆن و سواوەکانی وەک، کە کورد پەیژەی مۆسیقایی نییە، یان مۆسیقای کوردی تەنها لە قەبارەی سێ چوار دەنگییەکدایە و ناکرێ ببێتە پەیژەی مۆسیقایی. ئەمانە هەموویان منیان ورووژاند کە تیۆرێکی ڕاستەقینە بۆ بەپەیژەکردنی ئاواز و گۆرانییە کوردییەکان بدۆزمەوە و بەم جۆرەی خوارەوە لەسەریان بدوێم:

## پەیژەکانی مۆسیقای کوردی پێک دێن لە دوو پەیژەی گەورەی مۆسیقا و پەیژە نەوەکانیان

**١- پەیژەی گەورەی بێ سێ چارەکە دەنگیی (عەجەم): لەگەڵ پەیژە نەوەکانی (ئەو پەیژانەی کە لەسەر پلە دەنگییەکانی شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەمی بنیات ئەنرێت.**

**٢- پەیژەی گەورەی خاوەن سێ چارەکە دەنگیی (ڕاست): لەگەڵ پەیژە نەوەکانی (ئەو پەیژانەی لەسەر پلە دەنگییەکانی شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەمی بنیات ئەنرێت.**

## ١- پەیژەی یەکەم (1) پەیژەی گەورەی بێ سێ چارەکە دەنگیی (عەجەم):

تەواوی ئەو پەیژە مۆسیقاییانەیە کە لە وڵاتانی هەموو دونیادا بەگشتی و، لای نەتەوەکانی ئەوروپاش بەتایبەتی بە ناوی پەیژەی گەورە (ماجۆر) بەکار دێن. لای زۆربەی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێی دەڵێن پەیژەی گەورە. هەندێکیش پێی دەڵێن (عەجەم، ئەو کەس و میللەتانە ئەگرێتەوە کە بە ڕەگەز عەرەب نین). هەر میانە دەنگی پەیژەی گەورەی ڕۆژئاواییە بە هەمان جۆرەکانی.

### ا – سەر پلەی بنکە:

ئەم پەیژە مۆسیقاییە هەر ئەو پەیژە مۆسیقاییەیە کە ئێستا لای گەلانی دنیا بەگشتی و، لای گەلانی ئەوروپا پەیژەی گەورە (Major Scale)ی پێ دەڵێن. لای وڵاتانی عەرەبی نازناوی (عەجەم)، کە وشەی بێگانە یان ئەو گەلانەی عەرەب نین ئەگرێتەوە. بۆیە من بە چاکی ئەزانم کە وشەی پەیژەی گەورە پڕ بە پێستی ئەم پەیژە مۆسیقاییەیە و، با ئێمەش وشەی بێگانەی نەخەینە پاڵ چونکە ئەو پەیژە مۆسیقاییە بە میللەتی کورد نامۆ نییە. ئەو ناوانەی تریش کە لەسەر هەمان پەیژەی مۆسیقا ڕووئەدات وەک (عەجەم حیجاز، دڵدار، عەجەم کورد، نەورۆز)، کە بە هۆی گۆڕانکارییەکی لاوەکییەوە ڕووئەدات و کە تەنها بریتییە لە جوانکاری لە ژەنینی ئەم پەیژە مۆسیقایەدا، باشترە ئەم جۆرە گۆڕانکارییە لاوەکیانە بەلاوە بەرین و تەنها وشەی (پەیژەی گەورە–

یان پەیژەی گەورەی بێ چارەکە دەنگی) بۆ بەکار بهێنین. پێم وایە ئەم شەنکردن و پاکژکردنە مایەی کەم بوونەوەی جەنجاڵییە لە مۆسیقا و ئاوازەکانماندا.

١- پەیژەی گەورە، ماژۆر (عەجەم): عەرەب پێی دەڵێت (عەجەم عەجەم) یان (عەجەم کەبیر) عەجەمی گەورە، هەمان پەیژەی (دۆ) ی گەورەیە بێدەستکاری پلە دەنگییەکانی.

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




٢- پەیژەی گەورەی (عەجەم حیجاز) یان شوق ئەفزا.

بە تەواوی و بێگۆڕانکاری پەیژەی گەورەی هارمۆنییە، کە پلە دەنگی شەشەمی نیو پلەی دەنگی نزم دەکرێت.

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




٣- پەیژەی گەورەی (عەجەم نەهاوەند) پەیژەی (دڵدار)یشی پێ دەڵێن.

ئەم پەیژە مۆسیقایە، تەنها جیاوازی لەگەڵ پەیژەی گەورەی سرووشتیدا ئەوەیە، کە پلەی حەوتەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت. (ئەمە گۆڕانکارییەکی لاوەکییە، لەوە ئەچێت کەسێک لە خۆوە ئەو گۆڕانکارییەی کردبێت و ناچێتە خانەی یاسای میانەی نێوان پلە دەنگییەکانی پەیژەی مۆسیقا، لای ئەوروپیەکانیش فەرامۆش کراوە). پەیژەیەکی زۆر بەناوبانگ نییە، تەنها لای فارسەکان بایەخی پێ ئەدرێت.

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




٤- پەیژەی گەورەی (عەجەم کورد) مێجۆر میلۆدی.

بە تەواوی پەیژەی گەورەی میلۆدییە، کە هەردوو پلەی شەشەم و حەوتەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێن.

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**



**٥– پەیژەی گەورەی (عەجەم حیجاز)، پەیژەی (نەورۆز)یشی پێ دەڵێن.**

**ئەم پەیژە مۆسیقایە، تەنها جیاوازی لەگەڵ پەیژەی گەورەی سرووشتیدا ئەوەیە،کە پلەی پێنجەمی نیو پلەی دەنگیی بەرز دەکرێت. (ئەمە گۆڕانکارییەکی لاوەکییە، لەوە ئەچێت کەسێک لە خۆوە ئەو گۆڕانکارییەی کردبێت، ناچێتە خانەی یاسای میانەی نێوان پلە دەنگییەکانی پەیژەی گەورەی مۆسیقا و لای ئەوروپییەکانیش فەرامۆش کراوە). پەیژەیەکی زۆر بەناوبانگ نییە. تەنها لای فارسەکان بایەخی پێ ئەدرێت.**

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**






## ب – پەیژەکانی تری سەر پلە دەنگییەکانی تری پەیژەی گەورەی بێ سێ چارەکە دەنگ:

هەر وەکوو ڕۆژئاوییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر پلە دەنگییەکانی (شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەم)ی پەیژەی گەورە، پەیژە نەوەکانی پەیژەی مێجۆری ڕۆژهەڵاتیی دروست دەکرێت بەم شێوەیە:

### ١– پەیژە مۆسیقای سەر پلەی شەشەمی پەیژەی گەورەی ڕۆژهەڵاتیی.

### پەیژەی بچووک (مینۆر) یان نەهاوەند.

هەر وەکوو پەیژەی بچووکی ڕۆژئاوایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەرسێ جۆرە پەیژەکەی (بچووکی سرووشتی و بچووکی هارمۆنی و بچووکی میلۆدی) بە هەمان جۆر و شێوە بەکار ئەهێنرێن. بۆیە پێویست ناکات جارێکی تر دووپاتیان بکەمەوە. بەڵام لە ڕاستیدا لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەم جۆرانەیان بەناوبانگن:

ا– پەیژەی بچووکی سرووشتی:

(هەمان پەیژەی بچووکی سروشتی ئەوروپییە)، بەڵام بە ناوی جیاواز. ئالێرەوە گرفتەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیی دەست پێ ئەکات. لەبەر ئەوەی هەمان پەیژەی مۆسیقا گەر لەسەر پلە دەنگی (دۆ) بێت ناوێکی هەیە، بەڵام گەر خرایە سەر پلە دەنگییەکی تر ئەوا ناوەکەی ئەگۆڕێت. ئەوەی شایانی باسە تا پێش سەدەی شازدە لە ئەوروپاش هەمان گرفت هەبوو، بەڵام پاش دەستنیشانکردنی پەیژەی تێکڕایی (معدل) ئەو گرفتەیان لەناو برد.

پەیژەی بچووکی سروشتیی ئەم ناوانەی هەیە و (هیوادارم تەنها ناوێک بەکاربهێنرێت، کامەی لە میللەتی کوردەوە نزیکە بەکار ببرێت)، نەهاوەند کورد یان نەهاوەندی تورک یان فەرەح فەزایشی پێ دەڵێن.

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




ب– پەیژەی بچووکی هارمۆنی:

نەهاوەند حیجاز یان نەهاوەندی گەورە یان نەهاوەند نەگریز یان (سوڵتانی یەکگا)یشی پێ دەڵێن.

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




ج– پەیژەی بچووکی میلۆدی:

نەهاوەند عەجەم یان تەرزی نوێ (جدید)یشی پێ دەڵێن. میانەی پلە دەنگییەکانی لە سەر چووندا بەم جۆرەن، لە هاتنە خوارەوەشدا وەکوو پەیژەی بچووکی سروشتی لێ دێت.

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**



د– پەیژەی بچووکی دوو نەهاوەند (نەهاوەندەین):
لای فارسەکان (نەهاوەند بزورگ)یشی پێ دەڵێن، جیاوازی ئەم پەیژەیە ئەوەیە پلەی شەشەمی نیو پلەی دەنگی بەرز دەکرێت، (ئەمە گۆڕانکارییەکی لاوەکییە، لەوە ئەچێت کەسێک لە خۆوە ئەو گۆڕانکارییەی کردبێت و ناچێتە خانەی یاسای میانەی نێوان پلە دەنگییەکانی پەیژەی بچووکی مۆسیقا)، پەیژەیەکی زۆر بەناوبانگ نییە، تەنها لای فارسەکان بایەخی پێ ئەدرێت.

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




هـ– پەیژەی بچووکی نەهاوەند کورد (نەوبەهار):
جیاوازی ئەم پەیژەیە ئەوەیە پلەی پێنجەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت، (ئەمە گۆڕانکارییەکی لاوەکییە، لەوە ئەچێت کەسێک لە خۆوە ئەو گۆڕانکارییەی کردبێت و ناچێتە خانەی یاسای میانەی نێوان پلە دەنگییەکانی پەیژەی بچووکی مۆسیقا). پەیژەیەکی زۆر بەناوبانگ نییە، تەنها لای فارسەکان بایەخی پێ ئەدرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەن:

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




و– پەیژەی بچووکی نەهاوەند مورەسەع، (بەزم ئەلتەرەب یان سونبولە): جیاوازی ئەم پەیژەیە ئەوەیە، پلەی پێنجەم و حەوتەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت، (ئەمە گۆڕانکارییەکی لاوەکییە، لەوە ئەچێت کەسێک لە خۆوە ئەو گۆڕانکارییەی کردبێت و ناچێتە خانەی یاسای میانەی نێوان پلە دەنگییەکانی پەیژەی بچووکی مۆسیقا)، پەیژەیەکی زۆر بە ناوبانگ نییە، میانەی پلە دەنگییە کانی بەم جۆرەن:

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**



## ٢- پەیژە مۆسیقای سەر پلەی سێهەمی پەیژەی گەورەی ڕۆژهەڵاتیی.

### پەیژەیفریجیی (کورد).

وەکوو لەمەوبەر باسمان کرد، ئەم پەیژە مۆسیقاییە پەیژەیەکی خاوەن مێژوویەکی کۆنە و هەر لەسەردەمی گریکییە کۆنەکان و سەردەمی کڵێساوە لە سەرانسەری مێژووی مۆسیقادا بە کۆن و نوێوە پابەندی مۆسیقای گەلان بووە. لای ڕۆژئاواییە کۆن و نوێکانیش بە زۆری بەکارهێنراوە، نازناوی پەیژەی (فریژی یان فریجی)یان بۆ بەکارهێناوە.
لای زۆربەی زۆری میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش نازناوی پەیژەی (کورد)یان بۆ بەکارهێناوە.

جــۆرەکـــانـی:

ا- پەیژەی فریجی (کورد نەهاوەند).

پەیژەی (کورد کورد) یان (حیجاز کارکورد)یشی پێ دەڵێن. ئەم پەیژەیە بە تەواوی لەسەر پلە دەنگی سێهەمی پەیژەی گەورەی سروشتی بنیات ئەنرێت، بێدەستکاری لە هیچ پلە دەنگییەکی.

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




ب- پەیژەی فریجی (کوردین یان لامـــی) Hypo Frygische toonladder

ئەم پەیژەیە بە تەواوی لەسەر پلە دەنگی سێهەمی پەیژەی گەورەی بنیات ئەنرێت، بەڵام پلە دەنگی پێنجەمی نیو پلەی دەنگی نزم دەکرێت.

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا**




ج- پەیژەی فریجی (کورد حیجاز یان تەرزی نوێ).

ئەم پەیژەیە بە تەواوی لەسەر پلە دەنگی سێهەمی پەیژەی گەورە بنیات ئەنرێت، بەڵام پلە دەنگی پێنجەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت، پلەی شەشەمی نیو پلە بەرز دەکرێت.

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




د- پەیژەی فریجی (کورد نگریز یان شاهنازی کورد یان حەسار کورد).

ئەم پەیژەیە بە تەواوی لەسەر پلە دەنگی سێهەمی پەیژەی گەورە بنیات ئەنرێت، بەڵام پلەی حەوتەمی نیو پلە بەرز دەکرێت.

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**



تێبینی:-

لەسەر ئەم پەیژەی (فریجی)یە هەندێ پەیژەی لاوەکی دروست ئەبن، کە تێکەڵاوی نێوان پەیژەی گەورەی بێچارەکە دەنگیی و پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگیداریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، لەبەر ئەوەی گۆڕانکارییەکە تەنها لە چوارینەی دووهەمدایە بۆیە بە گرنگم زانی بیانخەمە پێش چاو.

١- پەیژەی کورد سێگا (کوردانییە).

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




٢- پەیژەی کورد سەبا (شەوقی تەرەب).

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




## ٣- پەیژە مۆسیقای سەر پلەی چوارەمی پەیژەی گەورەی ڕۆژهەڵاتیی.

### پەیژەی سیگان (هومایۆن).

وەکوو لەمەوبەر باسمان کرد ئەتوانرێ لەسەر پلەی چوارەمی پەیژەی گەورە پەیژەیەکی تر بنیات بنرێت، ئەوەتا لای ڕۆژئاواییەکان پێی دەڵێن پەیژەی سیگان. با بزانیین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جۆرەکانی کامانەن:

جۆرەکانی:

ا- پەیژەی سیگانی (نگریز)

میانەی پلە دەنگییەکانی لای ئەوروپییەکان بەم جۆرەیە:

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




میانەی پلەدەنگییەکانی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەمجۆرەیە .

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا**



ب– پەیژەی سیگانی (نەواسر یان نگریز حیجاز یان حەســــــــار).

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




## ٤– پەیژە مۆسیقای سەر پلەی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتیی.

### پەیژەی میکسۆلیدی (حیجاز).

ئـەم پەیژەیە لای هەردوو میللەتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەکاردێت. بـەتایبەتی لەسەر پلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی گەورەی هارمۆنی. لای ڕۆژئاواییەکان ناوی نییە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێیدەڵێن حیجاز عەجەم یان زنجران.

جۆرەکانی :

ا– حیجاز عەجەم (زنجران)

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




ب– حیجاز نەهاوەند (زمزمە)

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




ج– حیجاز حیجاز (حیجازەین)




د– حیجازکار (شـــــاناز– خورشیدی)

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**



**تێبینـــی:**

**١– ئەمە سەرجەمی ئەو پەیژانەی مۆسیقا بوو کە لەسەر پلەی بنکە و شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەمی پەیژەی مۆسیقای گەورەی بێ سێ چارەکە دەنگیی (عەجەم) بنیات ئەنرێت. بە واتای میانەی سێ چارەکە پلەی دەنگییان تیا نییە، جگە لەو پەیژەیەی کە لە تێکەڵاوبوونی هەردوو پەیژەی بێچارەکە دەنگیی و چارەکە دەنگیدار، کە لەسەر پلەی سێهەمی پەیژەکە دروست ئەبێت.**

**٢– لەمەوبەر میانەی دەنگی تەواو هێمای (T) یان ژمارەی (١) یان ژمارەی(٤) بۆ چەندی چارەکە دەنگییەکانی میانەیەکی تەواو، یان ژمارەی (½) یان هێمای(S) یان ژمارەی (2) بۆ چەندی چارەکە دەنگییەکانی نیو میانەییمان بەکارهێنا. لێرەدا لەبەر گرنگی بابەتەکە پێوستە هێمایەک بۆ ئەو پلە دەنگییانە دابنێین کە پلە دەنگی سێ چارەکە دەنگیین، بۆیە بە باشم زانی کە پیتی (K) یان ژمارەی ( ¾ ) بۆ ئەو میانە دەنگییانەی کە سێ چارەکە دەنگیین دابنێ.**



## ٢- پەیژەی دووەم  پەیژەی گەورەی (٢)سێ چارەکە دەنگ (ڕاست):

لەمەوبەر باسی ئەو پەیژە مۆسیقاییانەی کە تەنها خاوەنی پلە دەنگی میانەی تەواو و نیو میانەن کردووە. بەڵام وەکوو وتمان لای میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جگە لەو میانە دەنگییانەی کە میانەی تەواون یان نیو میانەن، میانە دەنگییەکی تریش هەیە، کە پێک دێت لە میانەیەکی سێ چارەکە دەنگیی، بۆیە ئەبێ لەمەودوا باس لەو پەیژە مۆسیقایانە بکەین. ئاشکراشە کە باوکی ئەو پەیژە مۆسیقاییانەی کە خاوەنی پلە دەنگییەکانی سێ چارەکە دەنگین، لە دێر زەمانەوە واژە (وشەی) ڕاستیان بۆ بەکارهاتووە. جا لەبەر ئەوەی واژەی ڕاست واژەیەکی ئارییاییە و دیسان لە ناو نەتەوەی کورددا مانای تەواوی خۆی هەیە،  گەر هەر هەمان ناوی هەبێت بە لای مۆسیقازانی کوردەوە هیچ نامۆییەکی نابێت.

### میانەکانی پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگی:

ئەم پەیژە مۆسیقاییە هەر وەکوو پەیژەی گەورە (عەجەم) وایە تەنها پلە دەنگییەکانی سێهەم و حەوتەمی پلەی سێ چارەکە دەنگین. بۆیە هەر لە سەرەتای ڕابەری پەیژەدا هەردوو هێمای سی کاربیمۆل (سی سێچارەکە دەنگیی) و می کاربیمۆل (می سێ چارەکە دەنگیی) بۆ ئەنووسرێت، تا ببێتە هێمای ناسینەوەی ئەم پەیژە مۆسیقاییە.

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| T | K | K | T | T | K | K |
| 4 | 3 | 3 | 4 | 4 | 3 | 3 |

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .






## تێبینی:

**لەوانەیە بپرسین ...؛**

**بۆچی دەڵێین دوو میانەی سێ چارەکە دەنگیی، کەچی لە نێوان میانەکاندا چوار جار ژمارەی ( ¾ ) ئەبینین؟**

**لێرەدا گرنگە بزانین کە میانە دەنگیی پلەی سێهەم و حەوتەم هەریەکەیان یەک چارەکە دەنگ لە پلەی دەنگی تەواو کەمترە، بۆیە ئەو کەمبوونە بۆتە هۆی ئەوەی کە میانەکەی لەگەڵ پلە دەنگیی پێش خۆیدا چارەکە دەنگێک کەمتر بێت (لەوەوبەر میانەیەکی تەواو بوو)، بەڵام لەم پەیژەدا ئەبێتە میانەیەکی سێ چارەکە دەنگیی. هەروەها میانەکەی لەگەڵ پلە دەنگیی پاش خۆیدا میانەیەکی چارەکە دەنگیی زیاد ببێت، (لەوەوبەر نیو میانەیەک بوو)، بەڵام لەم پەیژەدا ئەبێتە میانەیەکی سێ چارەکە دەنگیی. ئەم یاسایە بۆ هەردوو پلە دەنگی سی کاربیمۆل و می کاربیمۆلە.**

**جۆرەکانی ئەم پەیژەیە:**

**١- پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگیی سروشتی (ڕاست).**

**پەیژەی ڕاستی گەورەی پێ دەڵێن، پلە دەنگییەکانی سێهەم و حەوتەمی پلەی سێ چارەکە دەنگین لە دوو چوارینەی وەکوو یەک پێکدێت.**

**ا- چوارینەی یەکەم (خواروو).**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

| | | |
|---|---|---|
| T | K | K |
| 4 | 3 | 3 |




**ب- چوارینەی دووهەمی سەروو**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

| | | |
|---|---|---|
| T | K | K |
| 4 | 3 | 3 |

**نموونە بە نۆتەی مۆسیقا .**




**هەردوو چوارینەکە بەیەکەوە میانەی پلە دەنگییەکانیان بەم جۆرەی لێ دێت:**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| T | K | K | T | T | K | K |
| 4 | 3 | 3 | 4 | 4 | 3 | 3 |

**نموونە بە نۆتەی مۆسیقا .**



**تێبینی:**

**لە مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەر ئەم جۆرە لە پەیژەی دووهەمی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (پەیژەی مۆسیقایی پلەی سێ چارەکە دەنگیدار، کە بە پەیژەی ڕاست بەناوبانگە)، پلە دەنگی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بەرز ئەکەنەوە، بە واتای ئەبێتە پلە دەنگی(سی سروشتی) و نازناوی پەیژە موزیکەکەش ئەبێت بە پەیژەی (ماهور). لەلای خۆمان لە کوردستان زۆربەی فۆرمە (شێواز)ە مۆسیقاییەکانی وەکوو ئەڵلاوەیسی لەسەر بنیات ئەنرێت، بۆیە بە گرنگم زانی کە جۆری ئەم پەیژەیەش بخەمە پێش چاو.**

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**٢- پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگی هارمۆنیی (ڕاست)**

**بریتییە لەو پەیژە مۆسیقایەی کە پلە دەنگی شەشەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت و، پلەی دەنگی حەوتەمیشی ئەبێت بە سی سروشتی، (بە واتای چارەکە پلەیەکی دەنگیی بەرز دەکرێت و ئەم پەیژە مۆسیقایە پێیدەڵێن پەیژەی ڕاست حیجاز یان سۆزناک یان دڵکشا یان شەرەفنما و لای هەندێک نازناوی ڕاست نەواسر یان (زاویل)یشی پێ دەڵێن.**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

T K K T S TS S

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**٣- پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگی میلۆدی (ڕاست):**

**بریتییە لەو پەیژە مۆسیقایەی کە پلە دەنگی شەشەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت و، پلەی دەنگی حەوتەمیشی چارەکە پلەیەک نزم دەکرێت (بە واتای چارەکە پلەیەکی دەنگیی نزم دەکرێت). ئەم پەیژە مۆسیقاییە پێی دەڵێن پەیژەی (ڕاست کورد یان شورک لای هەندێک ئەسفەهان)یشی پێ دەڵێن.**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**٤- پەیژەی گەورەی سێ چارەکە دەنگی میلۆدی (ڕاست):**

**بریتییە لەو پەیژە مۆسیقایەی کە پلە دەنگی شەشەمی نیو پلەی دەنگیی نزم دەکرێت (بە واتای چارەکە پلەیەکی دەنگیی نزم دەکرێت). ئەم پەیژە مۆسیقاییە پێی دەڵێن پەیژەی (ڕاست سۆزدلار)یشی پێ دەڵێن.**

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**



# پەیژەکانی تری سەر پلە دەنگییەکانی تری پەیژەی گەورەی

# سێ چارەکە دەنگی (ڕاست)

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر پلە دەنگییەکانی (شەشەم و سێهەم چوارەم و پێنجەم)ی ئەم پەیژە سێچارەکە دەنگیدارە پەیژە نەوەکانی دروست دەکرێت بەم شێوەیە:

**پەیژە مۆسیقایی سەر پلەی شەشەمی پەیژەی گەورەی ڕۆژهەڵاتیی:**

**پەیژەی بچووک (مینۆر – بەیات )**

بنیاتنانی پەیژەی مۆسیقایی لەسەر پلە دەنگی شەشەمی ئەم پەیژەیە خۆی لە خۆیدا تاموچێژێکی تایبەت بە پەیژەی بچووکی هەیە، وەکوو وتمان ئەم پەیژەیە لە دوو چوارینە دروست ئەبن.

بەم شێوانە:

ا– هەردوو چوارینەکانی دەستکاری نەکرابن، بە واتای هەر وەکوو پەیژەی ڕاست مابێتەوە بەم جۆرە:

١– چوارینەی یەکەم (خواروو)

میانە دەنگییەکانیان بەم جۆرەیە:

3 – 3 – 4

K – K – T

**نموونە بە نۆتەی مۆسیقا:**




٢– چوارینەی دووهەم ( سەروو ) .

میانە دەنگییەکانیان بەم جۆرەیە .

4 – 4 – 3

T – T – K

**نموونە بە نۆتەی مۆسیقا .**




کۆی هەردوو چوارینەکە بەم جۆرە ئەبێت:

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| K | K | T | K | K | T | T |
| 3 | 3 | 4 | 3 | 3 | 4 | 4 |

نازناوی ئەم پەیژەیە دوو بەیاتی یان حوسەینی عوشەیرانی پێ دەڵێن.



## ب- هەردوو چوارینەکانی وەکوو یەک بن.

١- چوارینەی یەکەم (خواروو).

میانە دەنگییەکانیان بەم جۆرەیە:

3 – 3 – 4

K – K – T

**نموونە بە نۆتەی مۆسیقا.**




٢- چوارینەی دووهەم (سەروو).

میانە دەنگییەکانیان بەم جۆرەیە:

3 – 3 – 4

k – k – T

**نموونە بە نۆتەی مۆسیقا .**




کۆی هەردوو چوارینەکە وەکوویەک ، بەم جۆرە ئەبێت .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| K | K | T | T | K | K | T |
| 3 | 3 | 4 | 4 | 3 | 3 | 4 |

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا.**




*ئەوەی شایانی باسە ئەم پەیژە مۆسیقایە پێی ئەوترێت (بەیاتی ڕاست یان بەیاتی موحەیەر یان حسەینی یان بەیاتی سێگا یان عوشاقی تورکی).

ج- گۆڕانکاری لە چوارینەی دووەمدا کرابێت.
1- پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکە دەنگێک بەرز بکرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| K | K | T | T | S | T | T |
| 3 | 3 | 4 | 4 | 2 | 4 | 4 |

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




نازناوی ئەم پەیژەیە بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا، بەیاتی کورد یان کنزاز. لە هەندێ شوێن بەیاتی عەجەم یان شاورگ، دیسان بەیاتی چوارگا یان عەرزبار.

٢- پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکە دەنگێک بەرز بکرێت وە پلەی دووهەمیش نیو پلەی دەنگیی بەرزبکرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| K | K | T | T | T | S | T |
| 3 | 3 | 4 | 4 | 4 | 2 | 4 |

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




نازناوی ئەم پەیژە مۆسیقاییە، بەیاتی عەجەم یان تاهیر و هەروها بەیاتی نەهاوەند یان (وەجهەعرزبار) یان نەهافتی پێ دەڵێن.
٣- پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکە دەنگێک نزم بکرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| K | K | T | S | T | T | T |
| 3 | 3 | 4 | 4 | 4 | 4 | 2 |

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




نازناوی ئەم پەیژە مۆسیقاییە، بەیاتی کورد یان کوردانییەی پێ دەڵێن.

٤- پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکە دەنگێک نزم بکرێت، پلەی دووهەمیشی نیو پلە بەرزبکرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K T S TS S T
3 3 4 2 6 2 2

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




نازناوی ئەم پەیژەیە، بەیاتی حیجاز، شوری یان بەیاتی شوری، قارچغار، بەیاتی نگریز یان دڵئاوری پێ دەڵێن.

٥- پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکە دەنگێک بەرز بکرێت، پلەی سێهەمیشی نیو پلە بەرزبکرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K T T S TS S
3 3 4 4 2 6 2

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




نازناوی ئەم پەیژەیە، (بەیاتی نگریز یان زێرفەکەند یان زفرتێن یان سبهەر)ە.

٦- پلەی سێهەمی چوارینەی دووەم نیو پلە بەرزبکرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

K K T K K S TS
3 3 4 3 3 2 6

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




نازناوی ئەم پەیژەیە، بەیاتی سەبا یان شەوقی تەرەبی دووهەمی پێ دەڵێن.

٧– پلەی دووهەمی چوارینەی دووەم نیو پلەی دەنگێک بەرز بکرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| K | K | T | K | TK | S | T |
| 3 | 3 | 4 | 3 | 5 | 2 | 4 |

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




نازناوی ئەم پەیژەیە، حیجاز غەریب یان مسحینی پێ دەڵێن.

٨– پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکە پلە دەنگییەک بەرز بکرێت، پلەکانی دووەم و سێهەمیشی نیو پلەی دەنگی بەرز بکرێت.
میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| K | K | T | T | T | T | S |
| 3 | 3 | 4 | 4 | 4 | 4 | 2 |

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




نازناوی ئەم پەیژەیە پێی ئەوترێ بەیاتی عەجەم یان دڵدار.

**تێبینی:–** لەمەوبەر وتمان جار جار بە هۆی لێهاتوویی ئامێرژەنی مۆسیقا، هەندێ گۆڕانکاری لە پەیژە مۆسیقاکاندا ڕوودەدات، بە مەرجێک کار نەکاتە سەر بنەمای پەیژە مۆسیقاکە، بەتایبەتی چوارینەی یەکەمی پەیژە مۆسیقاکە، کە هەرچی دەست تێوەردانێک لە پلە دەنگییەکانی ئەم پەیژە مۆسیقایەدا ڕووبدات ئەوا هیچ مافێکی بەسەر پەیژەی سەرەکی مۆسیقاکەوە نامێنێت، بەڵام ئاشکرایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاری زۆری وا کراوە. من لێرەدا تەنها بۆ زانیاری بڵاویان ئەکەمەوە.

## ئەو پەیژە مۆسیقایانەی لەسەر پلەی شەشەمی پەیژەی ڕاست بنیات ئەنرێن، چوارینەی یەکەمیان دەستکاری کراوە.

### (پەیژە لاوەکی و فەرامۆشکراوەکان)

### (بە پەیژە بەھەڵە دروستکراوەکان ھەژمار ئەکرێن)

**١- بەیاتی حیجازکار یان حەسار.**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| S | TS | S | TS | S | K | K |
| 2 | 6 | 2 | 6 | 2 | 3 | 3 |

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**٢- پەیژەی سەبـــــــا.**

**پلە دەنگیەکانی ئەم پەیژەیە، نیو پلە کەمترن لە پەیژەی ئاسایی.**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| S | T | S | TS | S | K | K |
| 2 | 4 | 2 | 6 | 2 | 3 | 3 |

**نموونە بەنۆتە مۆسیقا .**




**٣- پەیژەی سەبـــــــاڕاست.**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| K | K | T | TS | S | K | K |
| 3 | 3 | 4 | 6 | 2 | 3 | 3 |

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**



**٤- پەیژەی سەبـــــــا عەجەم یان زێرفکەند.**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

S T T TS S K K

2 4 4 6 2 3 3

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**٥- پەیژەی سـەبـا کورد یان سـەفـا.**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

T T S TS S K K

4 4 2 6 2 3 3

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**٦- پەیژەی سـەبـا حیجاز یان سبهەر جدید.**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

S TS S TS S K K

2 6 2 6 2 3 3

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**٧- پەیژەی سەبـــــــا بەیات یان کوچک.**

**میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:**

T K K TS S K K

4 3 3 6 2 3 3

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا**



٨- پەیژەی ئەســـــــفەهان

میانەی پلە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە:

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| T | K | K | T | S | TK | K |
| 4 | 3 | 3 | 4 | 2 | 5 | 3 |

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**






**تیپی مۆسیقای پیرەمێرد**

# پەیژەمۆسیقای سەرپلەی سێهەمی پەیژەی گەورە( ڕاست )ی
# ڕۆژهەڵاتیناوەڕاست
# پەیژەی سێگا

وەکوو لەمەوبەر باسمانکرد پەیژەی گەورەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ( پەیژەی راست ) هەردوو پلەدەنگی سێهەم و حەوتهەمی هەریەکەیان پلەدەنگیەکی سێچارەکەدەنگین . جا گەر لەسەرپلەدەنگی سێهەمی ئەم پەیژە مۆسیقایەوە پەیژەیەکی مۆسیقا بنیات بنێین ، ئەوا ئاشکرایە پلەدەنگییەکی سێچارەکە دەنگییە ، پلەدەنگی سێگا ئەکات ، ئەڵێن فارسەکان ووشەی گاە یان بەواتای شوێن بەکارهێناوە . مێژووش بۆمان ئەسەلمێنێ کەووشەی گا ووشەیەکی زەردەشتییە کۆنەکانەو بەواتای دەنگ دێت ، کەواتا بەکوردی واتاە دەنگی سێهەم ئەگەیەنێ .

## جۆرەکـــــــانی :

١- بێدەستکاری کردنی پلەدەنگییەکانی .

**ناوەکانی :-**

پەیژەی سێگا یان سێگابەیات یان سێگامایە یان فەرەحناک یان ئەوشار.

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| K | T | K | K | T | T | K |
| 3 | 4 | 3 | 3 | 4 | 4 | 3 |

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




٢- بەدەستکاری کردنی پلەدەنگییەکانی .

ا- پەیژەی هوزام یان راحە الارواح یان سۆزناک عەنبەرئەفشان .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| K | T | S | TS | S | T | K |
| 3 | 4 | 2 | 6 | 2 | 4 | 3 |

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**



ب – پەیژەی سێگای‌کـــورد یان خوزامجدیـــــد .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

K T T T S T K

3 4 4 4 2 4 3

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




ج– پەیژەی سێگاعەجەم یان ماهوورخان یان فەرەحناک .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

K T S T T T K

3 4 2 4 4 4 3

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا**




د– پەیژەی سێگای‌نەهاوەند یان موستەعار یان ئەوج بۆسلیک یان بەستەی‌ئەسفەهان .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

K T T S T T K

3 4 4 2 4 4 3

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




هـ– پەیژەی سێگای‌بەیات یان عێراق‌ئەوج یان رەونەق‌نمـــــا .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

K T T K K T K

3 4 4 3 3 4 3

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**



و- پەیژەی سێگایسەبا  یان  بەستەینیگــــــــار .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

K TS S K K T K

3 6 2 3 3 4 3

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




ز- پەیژەی سێگاسێگا یان سێگاغەریب یان سێگایشەرقی .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

K T K T K T K

3 4 3 4 3 4 3

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




**تێبینی :**

هەندێ پەیژەی لاوەکی مۆسیقا هەن کەلەسەر ئەم پلەدەنگییە بنیات ئەنرێت ،بۆ بەتەنها گۆڕانکارییەکی بچووک ،ناوێکی گەورەو قەبەیان بەسەردا سەپاندووە ، ئەمەلەساتێکدا لەموزیکی رۆژئاوییدا ،سەدان لەم جۆرە گۆڕانکاریانە ئەبینین ، بگرە گۆڕاناکاری زۆر لەمانە گەورە تر کەهەندێ جار پەیژە مۆسیقاکە گۆڕاوەتە سەر پەیژەیەکی تری مۆسیقا لەگەڵئەوەشدا هەوڵی ئەوەیان نەداوە کەناوێک یان نازناوێکی تر بۆئەو پەیژە مۆسیقا بدوزنەوە ، بەپێچەوانەی لای ئێمە ، کە هەر گۆڕانکارییەکی کتوپڕی گەر کەمیش بێت ، هەوڵدراوۆ خێراو بەپەلە ناوێکی تر بۆ پەیژە مۆسیقاکە بدۆزنەوە تاوەکوو ئێستا بەومالۆیرانە ماوەتەوە ، تەنانەت کەسانی مۆسیقازانییش ناوێرن خۆیان لەقەرەی بدەن ، من لێرەدا تەنها بۆ زانیاری بڵاویان ئەکەمەوە ، بۆئەوەی لە ئەرشیفی مۆسیقادا بمێننەوە .



## پەیژە (فەرامۆشکراوەکان) لاوەکییەکانی سەرپلەی سێهەمی پەیژەی راست .

١- پەیژەی سێگاسەبا یان دڵــــــــــــــناز .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| TK | S | K | K | T | T | K |
| 5 | 2 | 3 | 3 | 4 | 4 | 3 |

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا.

Segasebba- Dlnaz




٢- پەیژەی سێگای‌کورد یان ئەوشــــــــــــار2 .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| T | T | T | S | T | T | K |
| 4 | 4 | 4 | 2 | 4 | 4 | 3 |

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .

Segakurd - Aushar




**تێبینی:**

ئەمەو چەندین پەیژەی لاوەکی تر کەبەرای من جگەلەوەی کە سەرقاڵی زیاتریان خستۆتە ناو مۆسیقاکەمان ، هیچی‌تری پێ نەبەخشیوە ، بەڕای من رۆژی ئەوەهاتووە کەپیاچونەوەیەکی زانستیانە بەکەلتوری هونەری ئاوازو موزیکی خۆماندابکەین . بۆئەوەی زیاتر رۆلی هونەرەکەمان بەرەوپێشتربەرین .وەکوو ئاشکرایە کەئێمەی کورد خاوەنی هونەری رەسەنی خۆمانین ، من ئەم هەولەم بۆئەوەداوە کەلەئایندەیەکی نزیکدا هەوڵبدەم زیاتر نوسینەکانم لەکەلتووری هونەری ئاوازو موزیکی کوردی بدوێن ، بۆیە لەم سەرەتایەوە دەستم پێکردووە بۆئەوەی روونی بکەمەوە کە ئێمەین خاوەنی ئەم کەلتووری کەتاایستاش میللەتانی هاوسێمان ،خۆیان بەخاوەنی ئەزانن ، بەلام ئەوەی دلْخۆشکەرەیە . بەڵگەی زۆر بەجێ هەن کە میللەتی کورد خاوەنی کەلتووری هونەری ئاوازو مۆسیقای خۆیەتی ، پشت بەخوا کارە گرنگەکانی تر لەدواوەن .

# پەیژەمۆسیقای سەرپلەی چوارهەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی‌ناوەڕاست

**پەیژەی چوارگا : –**

**ئەوپەیژەمۆسیقایانەی لەسەرپلەدەنگی چوارهەمی پەیژەی ڕاست بنیات ئەنرێن بریتین لەم پەیژانە.**

**١– پەیژەی چوارگا .**

**میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| K | K | T | T | S | T | T |
| 3 | 3 | 4 | 4 | 2 | 4 | 4 |

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**٢– پەیژەی شـــیراز یان شەوقی‌دڵ .**

**میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| T | S | T | T | TK | K | S |
| 4 | 2 | 4 | 4 | 5 | 3 | 2 |

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**




**٣– پەیژەی  شەوقی ئاور .**

**میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| T | T | K | K | T | T | S |
| 4 | 4 | 3 | 3 | 4 | 4 | 2 |

**نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .**



# پەیژە مۆسیقای سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی دووەمی گەورەی رۆژهەڵاتی.

١- پەیژەی حیجازراست یان نیاز ، حیجازبەیات ، یشی پێئەڵێن .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| T | K | K | T | S | TS | S |
| 4 | 3 | 3 | 4 | 2 | 6 | 2 |

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .




٢- پەیژەی حیجازغەریب .

میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە .

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| S | TK | K | T | S | TS | S |
| 2 | 5 | 3 | 4 | 2 | 6 | 2 |

نموونە بەنۆتەی مۆسیقا .






## تێبینی :

**١– ئەو ژمارانەی لەژێر یان لەنێوان میانەکاندا نوسراوە ژمارەی چارەکە دەنگیەکانە، بۆنمونە ژمارە ٢ واتا دوو چارەکە دەنگ، یان نیوو دەنگ، ژمارە ٣ واتای ٣ چارەکە دەنگ، ژمارە ٤ واتای چوار چارەکەدەنگی یان میانەیەکی تەواو، ژمارە ٥ واتای میانەیەکی تەواو و چارەکە دەنگییەک، ژمارەی ٦ واتای میانەو نیوێک.**

**٢– هەردوو پیتی (TK)، هەریەکەیان بەتەنها مانایەکی هەیە، کە ئەبێ بکەنە میانەیەکی ٧چارەکە دەنگی، بەڵام لەڕاستیدا میانەکەی نێوان ئەودوپلە دەنگیە کۆکەیان ٥ چارەکە دەنگییە.**

**٣– ئەمە تائێستا ئەو پەیژەمۆسیقاییانەبوو کە لەسەرانسەری رۆژهەڵاتیناوەڕاست کاریان پێ ئەکرێت .**

**من هەوڵمداوە پۆلین یانبکەم ، هیوادارم کە منیش وەکوو هونەرمەندێکی کورد کە بە مافی ڕەوای خۆمی ئەزانم ، هەوڵ بدەم کە بنەمایەک بۆ پۆلێنکردنی فۆرم پەیژە مۆسیقاەکانی مۆسیقای کوردی دەستنیشان بکەم، لە سەر بنەمای زانستیەکانی مۆسیقای میللەتانی رۆژئاوا ، هەوڵ بدەم لە سەربنەمایەکی زانستی ئەو پەیژەو فۆرمە مۆسیقایانە بخەمە پێش چاو ، ڕونکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە مۆسیقا بەتایبەتی لەلای نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کامانەن ؟ بەتایبەتی هەردووپەیژەی گەورەی بێچارەکەدەنگی ( عەجەم ) و گەورەی سێ چارەکە دەنگیدار ( راست ) وپەیژەکانی تری سەرپلەدەنگییەکانی شەشهەم و سێهەم و چوارهەم و پێنجهەمیان ، چیتر گوێنەدرێ بەپەیژە لاوەکییەکان و تەنها بۆجوانکاری کەڵکیان لێ وەربگیرێ ، بۆ ئەوەی چیترمۆسیقا زانەکانمان بەشتی لاوەکییەوە خۆیان نەبەستنەو هەردەم خەریکی نوێ کاری و داهێنانی کاری بەپێزبن .**



# خشتەی تێکڕای پەیژەکانی مۆسیقای کوردی (( ڕۆژهەڵاتی ))

## ١- پەیژەی ماژۆر (( عەجەم )) پەیژەی یەکەمی گەورەی مۆسیقای کوردی .

## جۆرەکانی :

### ١- سەرپلەی بنکە .

ا- عەجەمی گەورە :

4 – 4 – 2 – 4 – 4 – 4 – 2 .

ب- عەجەم حیجاز1 (( شەوقی ئەفزا )) .ماژۆری هارمۆنی:

4 – 4 – 2 – 4 – 2 – 6 – 2 .

ج- عەجەم نەهاوەند ( دڵدار ) :

4 – 4 – 2 – 4 – 4 – 2 – 4 .

د- عەجەم کورد ( ماژۆری میلۆدی ) :

4 – 4 – 2 – 4 – 2 – 4 – 4 .

ە-عەجەم حیجاز 2 (نەورۆز ) :

4 – 4 – 2 – 6 – 2 – 4 – 2 .

### ٢- سەرپلەی شەشەم .

ا- پەیژەی بچووکی سرووشتی (نەهاوەند کورد یان نەهاوەندی تورک یان فەرەح فەزا) :

4 – 2 – 4 – 4 – 2 – 4 – 4 .

ب- پەیژەی بچووکی هارمۆنی (نەهاوەند حیجاز یان نەهاوەندی گەورە یان نەهاوەند نگریز یان سوڵتانی یەکگا) :

4 – 2 – 4 – 4 – 2 – 6 – 2 .

ج- پەیژەی بچووکی میلۆدی (نەهاوەند عەجەم یان تەرزی نوێ) :

4 – 2 – 4 – 4 – 4 – 4 – 2 .

د- پەیژەی دوو نەهاوەند :

4 – 2 – 4 – 4 – 4 – 2 – 4 .

د- پەیژەی نەهاوەند کورد (( نەوبەهار )) :

4 – 2 – 4 – 2 – 4 – 4 – 4 .

و- پەیژەی نەهاوەند مورەسەع (( بەزمی تەرەب یان سونبولە )) :

4 – 2 – 4 – 2 – 4 – 2 – 6.

### ٣- سەرپلەی سێ هەم .

ا- پەیژەی فریجی (کورد ، کورد کورد یان حیجاز کار کورد) :

2 – 4 – 4 – 4 – 2 – 4 – 4 .

ب- پەیژەی فریجی ( کوردین یان لامی ) :

2 – 4 – 4 – 2 – 4 – 4 – 4 .

ج- پەیژەی کورد حیجاز (تەرزی نوێ) :

2 – 4 – 4 – 2 – 6 – 2 – 4 .

د– پەیژەی کورد نگریز (شانازی کورد  یان حەسار کورد) .
2 – 4 – 4 – 4 – 2 – 6 – 2 .

**تێبینی** : *هەندێ پەیژەی تر لەسەرپلەدەنگی سێ هەم بنیات ئەنرێ بەڵام زۆر کاریان پێ ناکرێ تێکەڵاوی میانەی هەردوو پەیژەی گەورەی رۆژهەڵاتیین وەک :*

ا–پەیژەی کورد سێگا یان کوردانیە :
2 – 4 – 4 – 3 – 4 – 3 – 4 .

ب– پەیژەی کورد سەبا یان شەوقی تەرەب :
2 – 4 – 4 – 3 – 3 – 4 – 4 .

## ٤– سەرپلەی چوارەم .

پەیژەی سیگان یان ڕەوەند :
4 – 2 – 6 – 2 – 4 – 4 – 2 .

ا– پەیژەی  سیگان ، ڕەوەند (نگریز) :
4 – 2 – 6 – 2 – 4 – 2 – 4.

ب– پەیژەی نەواسر  یان نگریز حیجاز یان حەســــار :
4 – 2 – 6 – 2 – 2 – 6 – 2 .

## ٥– سەرپلەی پێنجەم .

پەیژەی میکسۆلیدی (( حیجاز )) ( لە سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی گەورەی هارمۆنی بنیات ئەنرێ .

جۆرەکانی :

ا– حیجاز عەجەم  (زنجران) :
2 – 6 – 2 – 4 – 4 – 2 – 4 .

ب– حیجاز نەهاوەند (زمزمە) :
2 – 6 – 2 – 4 – 2 – 4 – 4 .

ج– حیجاز حیجاز (حیجازەین) :
2 – 6 – 2 – 2 – 6 – 2 – 4 .

د– حیجازکـــار (شاناز) :
2 – 6 – 2 – 4 – 2 – 6 – 2 .



## ٢– پەیژەی ڕاست . پەیژەی دووەمی گەورەی مۆسیقای کوردی .

# جۆرەکانی:

## ١– سەرپلەی بنکە .

ا– پەیژەی ڕاستی سرووشتی . بێ دەسکاری کردنی پلە دەنگیەکانی پەیژەی (ڕاست):

4 – 3 – 3 – 4 – 4 – 3 – 3 .

بەڵام گەر لە پلە نزمەکانا بەکارهێنرا،(لەساتی بەرەوخوارچوندا) ئەوا پلە دەنگی حەوتەمی چارەکە پلەیەک بڵند ئەکرێ ، لەو ساتەدا پێی ئەڵێن پەیژەی ڕاستی ماهوور:

4 – 3 – 3 – 4 – 4 – 4 – 2 .

ب– پەیژەی ڕاستی هارمۆنی . نازناوی (ڕاست حیجاز یان سۆزناک یان دڵکشا یان شەرەف نما یان ڕاست نەواسر یان زاویل )ی پێ ئەڵێن :

4 – 3 – 3 – 4 – 2 – 6 – 2 .

ج– پەیژەی ڕاستی میلۆدی .ناز ناوی (ڕاست کورد یان شورک یان ئەسفەهان) .

4 – 3 – 3 – 4 – 2 – 4 – 4 .

## ٢– سەرپلەی شەشەم (( بەیات )) .

ا– پەیژەی دووبەیات :

3 – 3 – 4 – 3 – 3 – 4 – 4 .

ب– بەیاتی موحەییەر .((بەیاتی ڕاست یان بەیاتی حسەینی یان بەیاتی سێگا یان عوشاقی تورکی:

3 – 3 – 4 – 4 – 3 – 3 – 4 .

ج– بەیاتی نەوا . (بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی کورد یان کنزاز یان بەیاتی عەجەم یان شاورگ بەیاتی چوارگا یان عەرزبار یشی پێ ئەڵێن) :

3 – 3 – 4 – 4 – 2 – 4 – 4 .

د– بەیاتی عەجەم یان تاهیر ، (بەیاتی نەهاوەند و نەهافت و وەجهەی عەرزبار) :

3 – 3 – 4 – 4 – 4 – 2– 4 .

ە– بەیاتی کورد یان کوردانیە :

3 – 3 – 4 – 2 – 4 – 4 – 4 .

و– بەیاتی حیجاز یان شوری (قارچغار، یان بەیاتی نگریز،یان دڵ ئاور) :

3 – 3 – 4 – 2 – 6 – 2 – 4 .

ز– بەیاتی نگریز .(زیرفکەند زفرتێن یان سبهەریشی پێ ئەڵێن ) :

3 – 3 – 4 – 2 – 6 – 2 .

ح– بەیاتی سەبا یان شەوقی تەرەبی دووەم :

3 – 3 – 4 – 3 – 3 – 2 – 6 .

ط–حیجاز غەریب یان مسحیین :

3 – 3 – 4 – 3 – 5 – 2 – 4 .

ک– بەیاتی عەجەم یان دڵدار :

3 – 3 – 4 – 4 – 4 – 4 – 2 .

## تێبینی :

هەندێ پەیژەی لاوەکی تر هەن کە چوارینەی یەکەمیان دەستکاری کراوە وەک :

ا– بەیاتی حیجازکار یان حەسار :

3 – 3 – 2 – 6 – 2 – 6 – 2 .

ب– بەیاتی سەبا :

3 – 3 – 2 – 6 – 2 – 4 – 2 .

ج– پەیژەی سەبا ڕاست :

3 – 3 – 2 – 6 – 4 – 3 – 3 .

د– پەیژەی سەبا عەجەم . (زیرفکەند) :

3 – 3 – 2 – 6 – 4 – 4 – 2 .

ه– پەیژەی سەبا کورد (سەفا) .

3 – 3 – 2 – 6 – 2 – 4 – 4 .

و– پەیژەی سەبا حیجاز( سبهەر جدید) :

3 – 3 – 2 – 6 – 2 – 6 – 2 .

ز– پەیژەی سەبا بەیات (کوچک) :

3 – 3 – 2 – 6 – 3 – 3 – 4 .

ح– پەیژەی ئەسفەهان :

3 – 5 – 2 – 4 – 3 – 3 – 4 .

# ٣– سەرپلەی سێ هەم . (( سێگا )) .

## جۆرەکانی :

ا– پەیژەی سێگا . (سێگا بەیات یان سێگا مایە یان فەرحناک یان ئەوشار) :

3 – 4 – 4 – 3 – 3 – 4 – 3 .

ب– پەیژەی هوزام .(ڕاحە الارواح یان سۆزناک یان عەنبەر ئەفشان) :

3 – 4 – 2 – 6 – 2 – 4 – 3 .

ج– پەیژەی سێگا عەجەم . (ماهوورخان یان فەرەحناک) :

3 – 4 – 4 – 4 – 2 – 4 – 3 .

د– پەیژەی سێگای کورد . (خوزام جدید) :

3 – 4 – 2 – 4 – 4 – 4 – 3 .

ه– پەیژەی سێگای نەهاوەند . (موستەعار . ئەوج بۆسلیک . بەستەی ئەسفەهان) :

3 – 4 – 4 – 2 – 4 – 4 – 3 .

و– پەیژەی سێگا بەیات . (عێراق ئەوج یان ڕەونەق نما) :

3 – 4 – 3 – 3 – 4 – 4 – 3 .

ز– پەیژەی سێگا سەبا . (بەستە نیگار) :

3 – 4 – 3 – 3 – 2 – 6 – 3 .

ح– پەیژەی سێگا سێگا . (( سێگا غەریب یان سێگای شەرقی )) .

(( 3 – 4 – 3 – 4 – 3 – 4 –3)) .

**تێبینی :**

هەندێ پەیژەی لاوەکی تر هەن کە لە سەرپلەی سێ هەمی پەیژەی ڕاست بنیات ئەنرێن وەک:

ا– پەیژەی سێگا سەبا . (دڵناز) :

3 – 4 – 4 – 3 – 3 – 2 – 5 .

ب– پەیژەی سێگای کورد . (ئەوشاری 2) :

3 – 4 – 4 – 2 – 4 – 4 – 4 .

## ٤– سەرپلەی چوارەم . (( چوارگا )) .

### جۆرەکانی :

ا– پەیژەی چوارگا :

4 – 4– 2 – 4 – 4 – 3 – 3 .

ب– پەیژەی شیراز یان شەوقی دڵ :

4 – 4– 2 – 4 – 3 – 5 – 2 .

ج– پەیژەی شەوقی ئاور :

4 – 4– 3 – 3 – 4 – 4 – 2 .

## ٥– سەرپلەی پێنجەم . (( حیجاز ))

### جۆرەکانی :

ا– پەیژەی حیجاز ڕاست . (نیاز یان حیجاز بەیات) :

2 – 6 – 2 – 4 – 3 – 3 – 4 .

ب– پەیژەی حیجاز غەریب :

2 – 6 – 2 – 4 – 3 – 5 – 2 .




یادی هەڵەبجەی شەهید (1992)

# خشتەی پەیژەکانی مۆسیقای کوردی




**تێبینی:**

ئەم کڵێشەیە، بۆ پەیژەلاوەکیەکانی (فەرامۆشکراوەکان) ی سەرپلەدەنگیەکانی هەردو پەیژەی (عەجەم و ڕاست) ە.

# پەیژەی کرۆماتیک

## پەیژەی یەکەمی گەورە (ماجۆر)

ئاشکرایە کە پەیژەی یەکەمی گەورە (ماجۆر – عەجەم) هەمان جۆرە کە لای ئەوروپییەکان بەکار دێت بۆ نموونە میانە دەنگیەکانی نێوان پلەدەنگیەکان تەنها نیو پلەیە .
بەمجۆرە:

دۆ ماجۆر کرۆماتیک:




هەروەها بەپێی ڕابەری پەیژە هەڵسوکەوت لەگەڵ پەیژەکانی تردا ئەکرێت، بەمجۆرە:
ئەو پەیژانەی خاوەنی بڵندکەرەوەکانن (# دێز) :




**تێبینی :**

سیستمیپەیژەیماجۆریکرۆماتیک بەوردی لە پەرتوکی تیۆرەکانی مۆسیقادا بڵاوکراوەتەوە، بۆیە بەپێویستم نەزانیٔ دوپاتی بکەمەوە.

ئەوپەیژە گەورانەی خاوەنی نزمکەرەوەکانن (بیمۆڵ – b ) :




**پەیژەی دووەمی گەورە (ڕاست).**

هەرچەندە بەداخەوە ئەڵێم جۆری ئەم پەیژەیە (پەیژەی ڕاستی کرۆماتیک) لە بەر نەشارەزایی یان نەزانینی تیۆرە زانستیەکەی تائێستا وەکو پەیژەی کرۆماتیک بە تیۆری یان بەپراکتیکیش بەکار نەهێنراوە، بۆیە ئەبێ زۆر لە بەکارهێنانی بەئاگابیین.

وەکوئاشکرایە ئەبێ کۆی میانەکانی پەیژەی کرۆماتیک بکەنە (12) نیوەپلە دەنگی، بەڵام ئەم کردارە بەدوو جۆر ئەتوانرێ کاری لەگەڵدابکرێت.

**جۆری یەکەم:**

لەبەر ئاسانکاری بۆسیستمی پراکتیکی هەردوو پلەدەنگییەکەی کەخاوەنی سێ چارەکەدەنگیین، تەنها یەکجار دوپات ببنەوەو هەریەکەیان یەکجار بە میانە سێ چارەکەدەنگیەکەی بەکاربهێنرێ بەمجۆرە :

١– لە سەر کەوتندا:

2 – 2 – 3 – 3 – 2 – 2 – 2 – 2 – 3 – 3

٢– لە بەرەو خوار جوندا:

3 – 3 – 2 – 2 – 2 – 2 – 3 – 3 – 2 – 2

لەبەر ئەوەی پەیژەی ڕاست کە بەپلەدەنگی (دۆ) دەستی پێکرد یەکسەرخاوەنی هەردوهێمای نزمکەرەوەی سیکاربیمۆڵ و می کاربیمۆلە بۆیە ئەبێ ئاگاداربین و ئەبێ پلە دەنگییەکانی بەمجۆرە بن:

بەیژەکە بەمجۆرە بەکاردێت:

## C Rast Chromatic



**هەروەها پەیژە خاوەن(دیێز – #) بڵندکەرەوەکانی تر .**

**تێبینی:**

وە کولەمەوبەر ئاشکرامانکردکە، پەیژەی سۆڵی ڕاست پەیژەیەکی شازە، لەبەر ئەوەی کەتاکە پەیژەیە(مەبەست لەپەیژەی ڕاست)ە، هەردو هێمای بڵندکەرەوەی سێ چارەکە دەنگێ کاردێز و هێمای سێچارە کە نەویکەر (کاربیمۆڵ) لە ئەرماتۆرادا بەیەکەوە بنوسرێ ، ئەمەلەزانستی نوسینی مۆسیقادا دەگمەنە و تەنها پەیژەی سۆڵی ڕاست ئەم دیاردەیەی تیا بەدی ئەکرێ.

## Rast Chromatic #



هەروەها پەیژە خاوەن نزمکەرەوەکان (بیمۆڵ– b).

## C Rast Chromatic b




**تێبینی:**

**لە زانیاری مۆسیقادا بۆهەردوو پلەدەنگی (فا و دۆ) کاربیمۆڵ بەکار نایەت، من پەیژەی (ڕێ بیمۆل ڕاست)م لەبەر ئەومەبەستە نوسیوە، لەبەر ئەوەی وەکوزانستی نوسین هەیە بەڵام لەبارەی پراکتیکەوە ستەمە، هەروەها ئەمجۆری یەکەمی کرۆماتیکە بەکارناهێنرێ،لەبەر ئەوەی تەنانەت کۆی پلەدەنگیەکانی،ناکەنە کۆی پلەدەنگی پەیژەی کرۆماتیکی، بۆیە تەنهابۆڕونکردنەوە نوسیومە.**



**تیپی مۆسیقای شۆرش ١٩٧٤**

**جۆری دووەم :**

ئەمجۆرە وەکووشێوازی تیۆری ئاسانە بەڵام بەپراکتیکی کارێکی ئەستەمەو لە بەر ئەوەی پلەدەنگی یەکچارەکەدەنگی تێ ئەکەوێ ، ئاشکراشە کە پلە یەک چارەکە دەنگی بونی نییەو تەنها لەڕۆژهەڵات تەنها بەباسکردن هەیە نەک بەپراکتیک، تەنانەت بە بیستنیش خۆشووئاسان نییە، بەڵام لەبەر بارەزانستییەکەی ئەبێ ڕاستیەکەی ڕونبکرێتەوە کە ئەم جۆرە پراکتیکە بونی نییە، پلەدەنگیەکانی بەمجۆرەدەبن:

١- لە سەرکەوتندا :

3 – 1 – 2 – 2 – 2 – 2 – 2 – 2 – 3 – 1 – 2 – 2 – 2

٢- لەبەرەوخوارچووندا :

2 – 2 – 2 – 1 – 3 – 2 – 2 – 2 – 2 – 2 – 2 – 1 – 3

بەمجۆرە :

C Rast Chromatic




وەکوو ووتمان ژەنینی پەیژەی ڕاستی کرۆماتیک بەمجۆرە کارێکی ئەستەمە بۆیە جۆری پێشوو جۆرێکی ئاسانترەوە لەبارەی پراکتیکیەوە تاموچێژێکی تایبەتی هەیە, بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە بەهیچ جۆرێک کاری پێ نەکرێ و لەبەر ئەوەی لەمەوبەر لەهیچ سەرچاوەیەکدا بەڕوونی باسنەکراوە بۆیە من ئەم دووجۆرەم باسکردوە، ئەکرێ لە کۆنگرەیەکی نەتەوەییدا بسەپێنرێ کامیان کاری پێبکرێ باشترە، هەرچەندە هەریەکەیان تایبەتمەندێتی خۆی هەیە, ڕاستە کە جۆری دووهەم زۆر ئاسان نییە لەڕووی پراکتیکەوەم بەڵام شێوەزانستیەکەی لەجۆری یەکەم ڕەواترە، هەروەها وەکوزانستی مۆسیقا ئەشێ کۆی پلەدەنگیەکان دوانزە پلە دەنگی بن، بەڵام لەجۆری یەکەمدا ئەمزانستیە دەستناکەوێ وەکو جۆری دووەم.

جۆری ئەم پەیژەیە بەنۆتەی مۆسیقا :

**نۆتەکەی:**

Rast Chromatic



هەروەها ئەوپەیژانەی کە هێماکانی بڵندکەرەوەیان تیادایە.
نۆتەکەی :

## Rast Chromatic




**تێبینی:**
گەر سەرنج بدەینە کۆی پلەدەنگیەکانی، بەتەواوی کۆی پلەدەنگی پەیژەی کرۆماتیکە،بۆیە ئەمجۆرە لەپەیژەی کرۆماتیک جۆری لایەنەزانستیەکەیەتی.


ASO

# بەشی چوارەم

## گەشەدان بەفۆرمە کوردیەکان بە بەکارهێنانی زیاتر لە پەیژەیەکی مۆسیقایی

## لەنێو پارچەئاوازێکدا

ئاشکرایە هونەری مۆسیقای کوردی لە دێر زەمانەوە خاوەنی کەلتورێکی ڕەسەن و دەوڵەمەند بووە. هەرچەندە لەسەرەتای بوونیەوە تاکوو سەردەمانێکی زۆر نزیک هەروەکوو خۆی ماوەتەوە و هیچ گەشەپێدانێکی بەخۆیەوە نەدیوە. هۆکاری ئەم گەشەنەسەندنەش زۆرن، لەوانە میللەتی کورد تاکوو سەردەمێکی زۆر نزیک خاوەنی دەسەڵاتی خۆی نەبووە و هەر گیرۆدەی دەستی داگیرکەران و چەوسێنەران بووە و ئەمەش بۆتە هۆی نەتوانینی کۆکردنەوە و گەشەپێدان بەو هونەرە. دیسان نەتوانینی هونەرمەندان بە فراوانکردنی ئاستی ڕۆشنبیری هونەری خۆیان و، هەوڵدان بۆ فراوانکردنی ئاستی هونەرەکە و نەگیشتنی بە ئاستی هونەری گەلان. بۆیە هونەرەکە تەنها لە ئاستی هونەری فۆلکلۆریدا ماوەتەوە، وەکوو گەلانی پێشکەوتوو نەبووینەتە خاوەنی فۆرمی مۆسیقای نوێتر لە فۆرمی فۆلکلۆری. هەر بۆیە ئەتوانین بڵێین لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا لە پێش ئەوەی پێناسەیەکی باش بۆ مۆسیقاکەیان بدۆزنەوە، ئەوانیش هەر وەکوو کورد بوون، بەتایبەتی میللەتانی ئەوروپا تا پێش دۆزینەوەی پەیژەی تێکڕایی لە لایەن (باخ)ەوە. ئەوانیش پاش ئەو کارە گەورەیەی باخ بەرەبەرە بەرەو فراونکردنی ئاستی هونەری مۆسیقاکەی خۆیان بوون. ئەوە بوو پاش ئەو ڕووداوە گەورەیە فۆرمە مۆسیقاییە جیاجیا و نوێکانی وەکو سیمفۆنی کۆنسیرتۆ و ... هتد، لە مۆسیقای ئەوروپیدا هاتە کایەوە.

هەر بەو هۆیەشەوە بلیمەتانی وەکوو مۆتزارت و بیتهۆڤن و هونەرمەندانی بلیمەتی تر دەستیان هەبوو لە فراوانکردنی ئاستی هونەرەکەیان و، ڕۆژانە لەو فۆرمە مۆسیقاییە نوێیانە بە شێوەی گونجاو و لەبارتر کاری تیا ئەکرا. ئەوە بوو لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا زۆربەی زۆری ئەو فۆرمە مۆسیقاییە نوێیانە بەو پەڕی گەشەدارییەوە کەوتنە بەر گوێ و دیدەی هەموو جیهان. هەرچەندە لەو سەردەمانەدا دەستگاکانی ڕاگەیاندن بەگشتی و تۆمارکردن بەتایبەتی گەر نەتوانین بڵێین نەبوو، ئەوا زۆر دەگمەن بوون. لەگەڵ ئەوەشدا هونەرەکە ئەوەندە گەشەی سەندبوو پێوستی بە ڕاگەیاندن نەبوو، بەڵکوو خەڵکی وا لێ کردبوو، کە بە دوایدا ئەگەڕان و عەوداڵی گوێگرتن و بینینی بوون. بۆیە هۆکاری یەکەمی فراوانکردن و ناسینی هونەری هەر میللەتێک پەیوەستە بە جۆری ئاستی هونەرەکەی، جا گەر هونەرێک هەر لە ئاستی فۆلکلۆرییەکەیدا بمێنێتەوە بە هیچ جۆرێک پێشکەوتن و فراوانکردنی ئاستی ئەو هونەرە بەدی ناکرێت. بۆیە من لەلای خۆمەوە لەسەر بنەما زانستییەکانی مۆسیقای ڕۆژئاوایی جۆری گۆڕانکارییەکانی نێوان ئاوازێکی مۆسیقام دیاری کردووە، بۆ ئەوەی چیتر ئاواز و مۆسیقاکانمان لەسەر ئاستی هونەری فۆلکلۆری نەمێنێتەوە و، ئێمەش وەکو هەموو میللەتانی تری سەر ڕووی زەمین ببینە خاوەنی فۆرمە مۆسیقاییەکانی تری وەکوو گەلانی پێشکەوتووی جیهان و چیتر لەو ئاستە نزمەدا نەمێنێتەوە. هەرچەندە هەندێ جاری دەگمەن لەلایەن هەندێ هونەرمەندی دەگمەن و بەهرەدارەوە، هەوڵی بەکارهێنانی زیاتر لە پەیژەیەکی مۆسیقا لە ئاوازێکدا دراوە، بۆ نموونە (فاتیمە)کەی هونەرمەندی گۆرانیبێژی بەهرەداری کورد عەلی مەردان. بەڵام ئەم هەوڵانە زۆر دەگمەنن و بەداخەوەش دەڵێم پەیوەندی بنەمایەکی زانستی نەبووە، بەڵکوو بەهرەیەکی خۆڕسک بووە. جا ئەگەر ئەم هونەرمەندە بلیمەتە پێشینەیەکی زانستی هونەری هاوچەرخی ببوایە ئەوا من زۆر لام ئاسایی بوو کە کەڵەکاری زۆری بۆ میللەتی کورد بەجێ ئەهێشت، هەرچەندە کەمتەرخەمیشی نەکردووە. بەهەرحاڵ ئێمەی کورد تا ڕۆژێک زووترماڵی خۆمان کۆبکەینەوە باشترە. ئێمەی کورد خاوەنی کەلتورێکی زۆر گەورە و دەوڵەمەندین، بەڵام مەخابن لەبەر ئەوەی دوورین لە زانستی هونەرییەوە، بۆیە هونەرکەمان

بەتایبەتی لە ئاستی فۆلکلۆریدا ماوەتەوە و گەر واش بڕوات هەروا ئەمێنێتەوە. بۆیە من لەلای خۆمەوە بە پشت بەستن بە زانستییە جیهانییەکان، لێکۆڵینەوەیەکی زۆرم لە پەیژەکانی مۆسیقای میللەتانی هەموو جیهان هەر لەم پەڕی دنیا تا ئەوپەڕی دنیا کردووە. پاش تێگەیشتنم لە هۆکارەکانی چۆنییەتی پێشکەوتنی هونەری ساز و ئاوازی هەموو گەلانی پێشکەوتوو گەیشتمە ئەو ئاکامەی، کە ئەبێت ئێمەش چاو لە میللەتانی پێشکەوتوو بەتایبەتی میللەتانی ئەوروپا بکەین، تا ئاستی هونەرەکەمان بگەیەنینە ئاستی پێشکەوتووی هونەرەکەی ئەوان.



**تیپی مۆسیقای پیرەمێرد**

# تیۆری گۆڕانکاری پەیژەکانی مۆسیقا

**دوو جۆرن :**

**١- گۆڕانکاری سەرەکی:** بریتییە لەو گۆڕانکارییەی، کە ئەبێتە هۆی گۆڕانی ڕابەری پەیژە.

**٢- گۆڕانکاری لاوەکی:** بەکارهێنانی ئەم جۆرە گۆڕانکارییە، هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕابەری پەیژەدا ڕوو نادات.

**١- گۆڕانکاری سەرەکی.**

**جۆرەکانی:**

**جۆری یەکەم- گۆڕانکاری ڕاستەوخۆ:** بەواتای گۆڕانکاری نێوان دوو پەیژەی مۆسیقا لە هەمان پلەی دەنگیدا.

**١- لە پەیژەی گەورەی یەکەمەوە وە بۆ پەیژەی بچووکی هەمان پلە دەنگی.**

**نموونە: لە پەیژەی دۆ ماژۆر (عەجەم) بۆ دۆ مینۆر (نەهاوەند) بچووک.**




**٢- لە پەیژەی دووەمی گەورەوە (ڕاست) بۆ پەیژەی (بچووکی ڕاست) بەیاتی هەمان پلە دەنگی.**

**نموونە: لە پەیژەی دۆ (ڕاست) بۆ پەیژەی دۆی بەیات (بچووکی ڕاست).**




**٣- لە پەیژەی یەکەمی گەورە (عەجەم)وە بۆ پەیژەی دووەمی گەورە (ڕاست).**

**نموونە: لە پەیژەی دۆ ماژۆر (عەجەم) بۆ دۆ ڕاست.**




**جۆری دووەم- گۆڕانکاری نزیکایەتی:** گۆڕان لە پلە دەنگی سەرەکی پەیژەیەکی مۆسیقاوە بۆ پێنج پلە دەنگی سەرووی یان خوارووی.

**نموونە:**

**١- نزیکی سەروو: گۆڕانی پەیژە بەرەو پێنج پلەی سەرووی خۆی.**

**نموونە:**

**ا- لە پەیژەی دۆ ماژۆر (عەجەم) بۆ پلە دەنگی پێنجەمی سەرووی خۆی (سۆڵ ماژۆر) سۆڵی عەجەم.**




**ب- لە پەیژەی دۆ ڕاست بۆ پەیژەی سۆڵی ڕاستی پێنج پلە دەنگی سەرووی خۆی.**



**تێبینی:** وەکوو لە یاسای نووسینەوەی نۆتەی مۆسیقادا ئاماژەی پێکراوە، کە هەردوو هێمای بڵندکەر و نەویکەر بە یەکەوە لە ئەرماتۆرا (خانەی ڕابەرەکان)دا نانووسرێن، بەڵام لەبەر ئەوەی تەنها پەیژە سۆڵی ڕاست پەیژەیەکی شازە لە ناو پەیژەکانی تری پەیژەی ڕاستدا. بۆیە ڕەوایە هەردوو هێمای بڵندکەرەوە و نەویکەرەوە لە خانەی ڕابەرەکاندا بەیەکەوە بنووسرێن، تەنها بۆ ئەم پەیژەیە لواوە کە ئەو هەردوو هێمایە بەیەکەوە بنووسرێن.

٢- نزیکی خواروو: گۆڕانی پەیژە لە پلەی بنکەی پەیژە سەرەکییەکەوە بۆ پێنج پلە خوارووی خۆی.
نموونە :
ا- لە پەیژەی دۆ ماژۆرەوە پێنج پلەبەرەو خوار بۆ پەیژەی فا ماژۆر.




ب- لە پەیژەی دۆ ڕاست پێنج پلەبەرەو خوار بۆ پەیژەی فا ڕاست.




**1- گۆڕانکاری لاوەکی:** وەکوو وتمان بەکارهێنانی ئەم جۆرە گۆڕانکارییە نابێتە هۆی گۆڕان لە ڕابەری پەیژەدا، بۆیە سەربەستە لە گۆڕانکاری نێوان پەیژەیەکی گەورە (عەجەم بێت یان ڕاست)، بە مەرجێک لە ڕەگەزەکەی خۆی بێت. بە واتای لە نێوان پەیژە مۆسیقاییەکانی سەر پلە دەنگییەکانی یەکەم و شەشەم و سێهەم و چوارەم و پێنجەمی ماجۆر (گەورە – عەجەم) بە تەنها ڕەوایە. هەروەها بۆ پەیژەی ڕاستیش هەر بەو جۆرە ڕەوایە.

نموونە: پەیژەی دۆ ماژۆر و پەیژە دروستکراوەکانی سەر پلە دەنگییەکانی.




نموونە: پەیژەی دۆی ڕاست و پەیژە دروستکراوەکانی سەر پلە دەنگییەکانی تری.




**تێبینی:-** گۆڕانکاری لە نێوان هەردوو پەیژە گەورەی ڕۆژهەڵاتیی (عەجەم و ڕاست) گۆڕانکاری سەرەکییە، لەبەر ئەوە ئەبێتە هۆی گۆڕانی ڕابەری پەیژە.

# بەشی پێنجەم
# ناوچە جیاجیاکانی کوردستانی گەورە

وەکوو ئاشکرایە بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە تا ئێستا کوردستانی تیا بووە و، جیاجیا کراوە بە چەند بەشێکەوە و هەر بەشەش کەوتۆتە ناو وڵاتێکی دەسەڵاتداری ناکورد، لەوانە دەسەڵاتدارانی تورک و فارس و عەرەب. بۆیە تاکوو ئێستاش ناتوانرێت وڵاتی کوردان لە چوارچێوەی وڵاتێکی سەربەخۆدا ناوبەرین. دووبارە تا ئێستاش بە چەندین جۆری جیاواز ئاماژە بۆ خاکی کوردان کراوە و چەندین نەخشەی جیاوازی بۆ کراوە، کە زۆربەیان تا ئێستا هەر بە دڵی داگیرکەرانی بووە، نەک بە دڵی کەسانی کورد. ئێمە لە بەشەکانی پێشودا باسمان کرد کە لە دێر زەمانەوە و پێش سەدان ساڵ بگرە پێش سەدان سەدە، کوردان وڵاتی سەربەخۆی خۆیان هەبووە. بەڵام بەهۆی ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی کە لە لایەن دراوسێیانی داگیرکەرییەوە بە ئەنجام گەیشتووە. وڵاتی کوردان بە چەندین شێوە پارچە پارچەکراوە و، چەندین فۆرم و کڵێشە و نەخشەی بە پێی خواستی داگیرکەرانی وەرگرتووە. من نامەوێ لەسەر ئەو بەشبەش کردنە بڕۆم، بە قەدەر ئەوەی مەبەستمە کڵێشەی ئێستای کوردستانی پارچەکراو ئاشکرا بکەم. هەڵبەتە ئەمەم لە خۆوە نەکردووە، بەڵکوو پشتم بە چەندین سەرچاوەی بڕواپێکراو بەستووە، کە کەم تا زۆر ئاهێک بە دڵماندا ئەهێنێ و خوێنەری کورد بۆی دەرئەکەوێت کە ئەو نیشتمانەی ئێمە نیشتمانێکی گەورەیە و داگیرکەران بە هۆی خواستی خۆیان ڕۆژانە کلک و گوێیان کردووە. باشترین سەرچاوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کڵێشەیە، ئەو کڵێشەیەیە کە لە ساڵی ١٩٤٧ لە چاپخانەی (السعادە)ی قاهیرە، لە وڵاتی میسر دەرچووە، کە وێنەگری هێژا کاک ڕەفیق (فۆتۆ ڕەفیق) لە سلەیمانی پێی بەخشیم. دیارە وڵاتی کوردان بە پێی نەخشە و پلانی داگیرکەران کراوە بە چوار بەشەوە و، هەر بەشەی خراوەتە ژێر دەسەڵاتی دەسەڵاتێکی دەوڵەتێکی بێگانەی دراوسێوە، وەکوو وڵاتانی (عێراق و ئێران و سوریا و تورکیا)وە.

لە سەرەتادا باسمان کرد کە وڵاتی کوردان نیشتمانێکی گەورە و بەربڵاوە و وڵاتێکی شاخاوییە. هەر وەکوو زانایانی زمان وتویانە ناوی کورد لە وشەی بەرزاییەوە هاتووە، وڵاتێکی شاخوداخاوییە. بە واتایەکی تر وڵاتێکی هەمە جۆری بەرزی و نزمییە، وە هەر وەکوو وتیشمان کە زۆر لە مێژە خەڵکی کوردستان خاوەنی بیروباوەڕێکی تایبەتی بوون، کە ئەو دین و ئاینە ئاهەنگ و ئاوازئامێز بوون، وە ئاواز و مۆسیقا بەشێکی گەورە بووە لە ژیانی مرۆڤی کورددا. نوێژکردن و پاڕانەوەیان لە یەزدانی مەزن بە ئاواز چڕین و گۆرانی وتنەوە بووە و هەموو نزایەک و داواکارییەکیان لە یەزدان ئاوازئامێز بووە. بۆیە لە سەرانسەری وڵاتی کوردانداا ئاوازچڕین و ئامێری مۆسیقا بەکارهێنان کاری هەموو مرۆڤێکی کورد بووە. بۆیە ئەبێ ئەو گەنجینە و سامانە زۆرە فۆلکلۆرییەی کە بۆمان ماوەتەوە جێی سەرسوڕمان نەبێت، هیچ بەشێکی ئەم کوردستانە گەورەیە نییە کە بە سەدان و بگرە بە هەزاران ئاواز و سترانی تیا کۆنەبووبێتەوە. هەرچەندە مەخابن وەکوو وتمان ئەو بارودۆخەی کە نەتەوەکەمانی تیا ژیاوە لەبار نەبووە بۆ نەفەوتاندنی ئەو کەلەپورە گەورەیە. بەڵام خۆشبەختانە مرۆڤی کورد ئەوەندە لێهاتوو و بەسەلێقە بووە، سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتییەی کە بەسەریدا هاتووە، هێشتا هەر کەڵکی ئەوەی پێوە ماوە کە کەسێکی وەکوو من دووبارە و سەر لە نوێ ڕەچاو و دەستنیشانی هەندێکی پێوست لەو ئاواز و سترانانە بکات. ئەویش بە گەڕان بە دوای کەسە شارەزا و خاوەن ئەزمون لەو بووارەدا و کەڵک لێوەرگرتنیان بۆ ئەو مەبەستە، ئەویش پۆلێنکردنی جۆر و شێوازی فۆرم و پەیژەکانی ئاواز و مۆسیقاکەمانە. وەکوو وتمان کوردستانی ئێستا دابەشی چوار وڵاتی دراوسێی کورد بووە، جا بە پێی دەوڵەمەندی و کەمتر دەستی بێگانە پیاگەیشتنیان، ئەبێ بەم جۆرە باسیان لێ بکەین:

١- ڕۆژهەڵاتی کوردستان: کە بریتییە لەو بەشەی کە خاکەکەی ئەکەوێتە نێو وڵاتی ئێرانەوە، ئەمیش خۆی لە خۆیدا خاوەنی چەندین دیالێکتی زمانی جیاوازن. بەڵام ئاواز و مۆسیقاکەیان هەموو هاوتا و هاوسەنگی یەکترن. جگە لەو کاریگەرییە سروشتییانەی وەک و شاخ و دەشت و ... هتد، کە کاری کردۆتە سەر جۆری ئاواز و بگرە ئامێرە مۆسیقاکانیشیان. خۆشبەختانە تا ئێستاش زۆربەی زۆری دانیشتوی ئەم دەڤەرە هەر پاشماوەی هەڵگری دینی زەرتووشت و پەیڕەوەکانی کاکەیی و ئەلیڤی و ئێزدین.

٢- باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان: باکووری کوردستان کە خاکەکەی ئەکەوێتە ناو وڵاتی ئێستای تورکیاوە، هەروەها ڕۆژئاوای کوردستان کە خاکەکەی ئەکەوێتە ناو وڵاتی سوریاوە. هەردووکیان بە دیالێکتی کرمانجی ژوروو ئەدوێن و زۆری دانیشتووی ئەم دەڤەرەش هەر هەڵگری پاشماوەکانی دینی زەرتووشتی و ئاینەکانی وەک و ئێزدی و ئەلیڤییەکانن.

٣- باشوور کوردستان: کە خاکەکەی ئەکەوێتە نێو وڵاتی عێـــــراقی ئێستاوە، کە مەخابن دوژمنان و داگیرکەرانی زۆر بەزوویی دەستیان گەیشتۆتە ئەم دەڤەرە، بۆیە کەم جێگا هەیە تیایدا کە دەستی داگیرکردنی ئیسلام و داگیرکردنەکانی تریشیان نەگەیشتبێتێ. هەرچەندە زۆر مەڵبەندیی ئەم دەڤەرە کە جێگایەکی سەخت و شاخاوی بووە، بۆیە زۆر بەدەگمەن یان بەهیچ جۆرێک دەستی دوژمن و داگیرکەری نەگەیشتویەتێ. دانیشتوانی ئەم دەڤەرە تێکەڵاوی ئاینەکانی ئیسلام و پاشماوەی زەرتووشتی وەک کاکەیی و ئێزدی و بگرە ئەلیڤییەکانیشن.

من پێم باشە کە بڵێم ئەو نەخشەیەی کە بۆ ئەم کارەم بەکارم هێنا، تا ئێستاش لە هەموو نەخشەکانی تری کوردستان بە کەڵکترن و زۆربەی زۆری وڵاتی کوردانی گرتۆتە خۆی. بۆیە پێم باشە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەم بە بەشی یەکەم دەست پێ بکەم.




**نەخشەی کوردستان**

**چاپخانەی (السعاده) تەنیشتی پاڕێزگا – میســـر – قاهیرە ساڵی 1947 زاینی**

## ١–خۆرهەڵاتی کوردستان:

وەک و وتمان ئەو بەشەیە کە زۆربەی زۆری خاکەکەی خراوەتە سەر خاکی وڵاتی ئێران، بە پێی ئەو گەڕان و سەردانانەم و بینینی کەسانی جیاواز و شارەزا بەتایبەتی لە بواری ئاوازچڕین و مۆسیقاژەنندا ڕاستی زۆرم بۆ ئاشکرا بوو.

لە چاوپێکەوتنێکمدا لەگەڵ هونەرمەندی گۆرانیبێژ (ناسری ڕەزازی)، لە شەوی 6–11– 2004 لە هەوارگەکەی خۆی لە هاوینەهەواری دوکان، کە بە هاوەڵی قوتابی و هاوڕێی خۆشەویستم کاک (زانا مەحمود هەژار) چووبوومە لای و لەم بابەتە بەم جۆرە دوایین: گەر جوگرافیای زمانی کوردی باس بکەین ئەبێ بەم جۆرە باسی بکەین، هەورامی، کەڵهوڕی، کرمانجی و موکری (سۆرانی). ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان گەر بەشی سەرەوەی هاوسنووری باکووری کوردستانە، کە زۆرینەی خاکەکەی ئەکەوێتە ناو وڵاتی تورکیاوە بە ناوچەی قتورماکۆ و بازرگان دەست پێ ئەکات. دوای ئەوە سەلماس کە پێی دەڵێن شاپور، دوای ئەوە خۆی و ورمێ دێت و پاشان تا دەشتەبێڵ دانیشتوی ئەم ناوچانە بە کرمانجی گفتوگۆ ئەکەن، بریتین لە خێڵەکانی عەبدۆیی و شوکاک و جەلال و بڵباسن لە دەشتەبێڵ بەرەوخوار تا ئەگاتە تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ بە شێوەی سۆرمانجی گفتوگۆ ئەکەن. واتای وشەی سورمانجی ئەوە ئەگەیەنێ کە لەهجەکەیان نە کرمانجییە و نە سۆرانی و تێکەڵاوی هەردووکیانە. لەوێ بەرەوخوار ئەبێ بە موکری، کە پێک دێت لە شارەکانی نەغەدە و پیرانشەهر (خانێ)، شنۆ، سەردەشت، مهاباد، بۆکان، بانە و سەقز. ئەمانە بە شێوەی موکریانی (سۆرانی) گفتوگۆ ئەکەن، لە ناو ئەمانەدا خێڵەکانی دێبوکری و سوێسنایەتی و وەکوو ناوچەش گەوڕکایەت و مەنگوڕان کە هەموویان بە هەمان دیالکتیک گفتوگۆ ئەکەن. بەڵام بنەی ئەم دیالێکتە چوار دێیە، کە بریتین لە دێهاتەکانی قەمتەرە و کولیجە و دەرمان و بورهان بەو زمانە ئەدوێن کە شاعیرانی وەک هێمن و هەژار پێی ئەنووسن. لە خوار سەقزەوە تا ئەگاتە ئیلام ڕەگەی کەڵهوڕە کە لە خوار بانەوە بە ناوچەی ئەردەڵان کە مەرکەزەکەی شاری سنەیە دەست پێ ئەکات. بەڵام گەر بەرەو ڕۆژئاوا بڕۆیین ئەبێ بە شاری مەریوان و دیواندەرە و کامیاران و قوروە و بیجاڕ و بەشێکی کەم لە هەورامان کە لەمە تێپەربووین ئەبێ بە هەورامان، بە واتای هەورامانی تەخت و هەورامانی لهۆن. هەورامانی تەخت ئەبێ بە دزڵی و دەرەکێ و دەمەیۆ و ژاڵانی و تەتە و هەرارە. هەورامانی لهۆن پێک دێت لە پاوە و نەوسروود و شۆشمێ و دشە، لەوێ تێپەڕ ئەبیت و ئەبێت بە ناوچەی جاف و گۆران کە بەشێکی پان و بەرینە تا ئەگاتە شاری کرماشان، کە بە دیالێکتی کەلهوڕی یان کرماشانی ئەدوێن، تا ئەگاتە ئیلام کە هاوبەشی هەردوو خێڵی لەک و کەڵهوڕن. لەوە بە دواوە ناوچەی لوڕستان دەست پێ ئەکات، خێڵەکانی بەختیاری و کەهکیلێیە تا ئەگاتە سەر کەنداوی فارسی هەموویان لوڕن. گەر بە پێی ئەو جوگرافیایەی باسمان کرد لەسەرەوە پیا بێین وامان بۆ دەرئەکەوێت، کە ئەو ناوچانەی یەکەم کە سنوورەکەیان بە وڵاتی ئازەربایجان و دەوروپشتەکەیانن و دانیشتوانەکەی هەردەم سەرقاڵی کاری تر بوون و، درەنگتر نیشتەجێییان بە خۆیانەوە بینیوە، بۆیە بە تەواوی ناتوانرێت دەستنیشانی کەسانی ناوداریان بکرێت. هەرچەندە خاوەنی فۆلکلۆری خۆیانن کە نزیکە لە سۆز و هەوای مۆرکی ئازەرییەوە و هەندێ لەو گۆرانییە فۆلکلۆریانەش هونەرمەندی گۆرانیبێژی گەورەی کورد (حەسەن زیرەک) وتوونیەتەوە. ئێمەش هەر لە باسی ئەو هونەرمەندەدا ئەو ئاواز و مۆسیقایانە ئەخەینە پێش چاو. بەڵام گەر بە ڕاستی باسی فۆلکلۆری خۆرهەڵاتی کوردستان بکەین، ئەبێ لە پێشی پێشەوە باسی ناوچەی موکریان بکەین، کە هێلانەی فۆلکلۆری کوردییە و لە پێش هەمووشیاندا  لە شارەکانی بۆکان و مەهاباد دەست پێ بکەین. باشترین گۆرانیبێژ و باشترین شایەر (گۆرانیبێژی میللی) وەک عەلی خەندان و عەبە دەڕژێ و مەلا حسەینی عەبدوڵا زادە و ئیبراهیمی قادری و گۆرانیبێژی گەورەی وەک محەمەدی ماملێ و حەسەن زیرەک و حسێن قاقی و حسێنی ماملێ و وەفایی شاعیر (گوایا دەڵێن دەنگخۆش و ئاوازدانەرێکی باش بووە) و خەلیلی سدیقی و عەبدوڵای سنجانی سەید عەلی سەردەشتی. ئەمانە هەموویان

کۆڕپەی ئەم خاک و ناوچەیە بوون و ئەم ناوچەیە بەوانەوە بەناوبانگە. لە خوارەوە لە ناوچەی ئەردەڵان گورانیبێژ هەن کە تەنها بە موڵکی ئەو ناوچەیە ناسراون. هەموو گۆرانیبێژە دیارەکانی ناوچەی هەورامانیش هەر خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستانن، لەوانە عوسمان کێمنەیی و شەفیع کێمنەیی و حەمە حسێن کێمنەیی کە ئەمانە سێ ئەستێرەی ئەو ناوچەیەن. ناوچەی کرماشانیش باشترین گۆرانیبێژی کوردی تیا هەڵکەوتووە لەوانە عەلی و حسەینی ئەلبورزی و شەهاب جەزائیری و لوڕنەژاد و مەسقەتی، کە بە زاراوەی کەلوڕی گۆرانییان وتووە. بەڵام لە لوڕستان دوو گۆرانیبێژی دەگمەنیان تیا هەڵکەوتووە، کە ڕەزای سەقایی و فەرەج عەلی پور بوون. جا بۆیە گەر تەماشا بکەین ئەبینین هەر لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا هەر چوار دیالێکتەکە (هەورامی، کەلهوڕی، کرمانجی و موکری– سۆرانی)یە.

هەریەکە لەو ناوچانەش تایبەتمەندییەکی تایبەتی هەیە، لەوانە گۆرانی لای موکرییەکان نەفەس درێژ و هەلقوڵاوی سینەن، بە واتای گۆرانیبێژ زیاتر سنگی بەکار ئەهێنێت لە چڕینی گۆرانیدا پاشان گەرووی. ئەمە بە پێچەوانەی دیالێکتی هەورامییەوەیە، کە گۆرانیبێژانیان زیاتر گەروویان بەکار ئەهێنن. بۆیە ئاوازەکانیان کورت و خاوەن لەرینەوەیەکی زیاترن لەو ناوچانەی تر.

کاک ناسری ڕەزازی وتی:

کتێبێک لە ئێران بە ناوی (خۆنیاگەری دەر ئیران بزورگ) دەرچووە، کە خانمی ماری بۆیسی هیندی نەژاد و پەروەردەی ئینگلستان نووسیویەتی. مانای وشەی هۆنیاواچی تیایە کە وشەیەکی ئاڤێستاییە و لە واژەی هۆنیاگەرییەوە هاتووە. وشەی هۆن واتاکەی خۆن یان خۆش ئەگەیەنێت وە وشەی ڤاچیش مانای بێژەر یان خوێنەر ئەگەیەنێت. کە لەسەرەتادا وشەی هۆنیاواز یان هۆنیاڤاچ بووە، لەم کتێبەدا خاتوو ماری بۆیس بە دوای وشەی بەیتدا ئەگەڕێت و دەڵێت: من زۆر ئەملاولام کرد تا بگەمە ئەو ڕاستییەی، کە بەیت کێ خاوەنی سەرەکییەتی؟ بۆیە دەڵێت: بۆم دەرکەوت کە بەیت تەنها لای کوردەکان هەیە و لای بەشێکی دانیشتووی وڵاتی ئەفغانستانیش بیستوومە تەنانەت بەیتی وەیس و ڕامین هەر بەیتێکی کوردییە و بە زمانی پەهلەوی نووسراوە.

هێمن موکریانی شاعیری ناسراوی کورد لە توحفەی موزەفەریەی ئۆسکارماندا دەڵێت:

وەبیرم دێ ئەو سەردەمەی کە منداڵێکی سەر بە کۆچکە و دیوەخاننشین بووم و هێشتا شوێنەواری شەڕ و گرانی و هەژاری و نەداری لە وڵاتەکەماندا هەر مابوو، لە ناوچەی موکریان هەر ئاغایەک، دانگەملکێک، کۆنە دیوەخانێک، قولە بارگینێک، کەچە زینێک، پیرە تاژییکی هەبایە خۆشخوانێکی ڕادەگرت، کە شەوانە لە دیوەخان بەیت و باوی بۆ بڵێت، لە وەختی نووستندا حیکایەتی بۆ بکات، لە شاییدا داوەت و ڕەشبەڵەکی بۆ بگێڕێت، لە سەنگەردا تانوتی لێ بدات، لە ڕاودا لەسەر تەماڵ پایزە و ئازیزەی بۆ بڵێت، فران باوێتە دوژمنی و بەندان بە دۆستی هەڵ بڵێت و تەنانەت لە پاش مردنی شینی بۆ بگێڕێت، تا ئاغا دەسترۆیوتر تا دێ ئاوەدان تر و گەورەتر، تا دیوەخان بە بێنە بێنەتر، تا ئەسپ ڕەسەن تر، تا زین و لغاو ڕەخت و، ڕێشمە پەرداختر، تا تاژی چێتر و دەمگەرمتر، خۆشخوانیش وەستاتر و شارەزاتر و تێر و پڕتر و کۆک و پۆشتە تر دەبوو. دیارە خۆشخوان وەک هونەرمەندێک چاوی لێ نەدەکرا و ڕێزی لێ نەدەگیرا، بەڵام لە کوێخا و گزیر و سەرکار و پاکار و بابنۆکەر و غوڵام و چاپەز و بەردەست ماقوڵتر بوو. هەقی بوو لە دیوەخان لەسەر چۆک دابنیشێ و خەنجەری بچەقێنێ و ئانیشکی وێبدا و جا گوتن بڵێ. خۆشخوان لە حوزووری ئاغادا نانی دەخوارد و دەگەڵ مام میرزا لەسەر یەک سینی دادەنیشت و بەرماوەخۆر نەبوو. چونکە خۆشخوانان زۆربەیان دڵتەڕ و قسەخۆش و دڵپاک بوون. خەڵکی خۆشیان دەویستن و لە دێ تەنها هەر ناحەزێکیان هەبوو، ئەویش مەلای دێ بوو کەم وا بوو دانوویان پێکەوە بکوڵێ، بۆیە پێیان دەوتن چاوەش و بە چاوی سووک سەیریان ئەکردن. تا مەلا لە دیوەخان بوایە، دەبوایە خۆشخوان قوڕوقەپ دانیشێ و نوتقێ نەکا. دیارە مەلای وەک خانی و حاجی قادرمان هەیە کە نرخی

سامانی نەتەوایەتییان زانیوە، بەڵام مەخابن گەر مەلایەکانی دیکەش وکی ئەوان وابوونایە و نرخی هونەریان زانیبا و لە باتی سوڵتان جومجمە و ئیسماعیل نامە هەر یەکی بە یتێک، لاوکێک، حەیرانێک، گەلۆیەکیان نووسیبایە ئێستا کار لە جێگەیەکی تر بوو. سامانی نەتەوایەتیمان دەگەیشتە پلەیەکی تر و فەرهەنگێکی دەوڵەمەندتر و گەورەترمان پێکەوە دەنا.

لە شارەکانیش شەوانە خەڵک لە قاوەخانە کۆدەبوونەوە و تا شەو درەنگ دەبوو، بەیتبێژ و حیکایەتخوان دەیخافڵاندن، قاوەچی ئەو هونەرمەندانەی بەکرێ دەگرت بۆ ئەوەی قاوەخانەکەی ڕمێن پەیدا بکا.

شایەری گەڕۆکیش هەبوون، کە بەهار و هاوین و بەشێکی پایز خەریکی کاروکاسبی و جوت و گا بوون، کە شەو درێژ دەبوو و کاری مەزرایە کەم دەبوو، وێ دەکەوتن و بە ماڵە ئاغایاندا دەگەڕان و لە هەر ماڵێک چەند ڕۆژێک دەمانەوە و، کۆڕی بەزمیان دەڕازاندەوە و شاباش و خەڵاتی باشیان دەسەند. باشترین شایەر ئەوانە بوون تەنانەت سنووریشیان دەپەڕاند و گەرمێن و کوێستانیان دەکرد. کاک ناسری ڕەزازی وتی: ئەمن بۆ خۆم چەند کەس لەو مامۆستا گەورانەم دیبوون و هونەر و نواندنی وانمان وەبیر دێت، ئەوەی بیانناسم و گوێم لە دەنگیان بووبێت و بە هونەرمەندم زانیبن ئەوانە بوون، مەجیدە گڕوێ، دەروێش سەرڕاو، حاجیلەی ئیندەرقاشی، سەید عەوڵای سەید مینەیی، عەزیزە خڕە، حەمەدی ئاغایی، وسێن کەنیلە، هەباسە خڕە، شەریفی مام سەعیدی و وسێن زارخوار.

سەرەژنی واش هەبوون کە لە وەختی ئاساییدا بەیت و حەیرانیان بۆ مەجلیسی ژنان دەگوت و لە شینگایان بە ئاهەنگی زۆر پڕ سۆز بە مردوویان هەڵدەگوت، قەتم دەنگی خۆش و ئاهەنگی پڕ سۆز و جۆشی (فاتەڕەشی لاچینی و ژنی ئاغای لە بیر ناچێتەوە). زۆر منداڵ بووم کچێک لە دێیەکەی ئێمە جوانەمەرگ ببوو، ئەو فاتە ڕەشە بە دەنگێکی زوڵاڵ و ئاسمانیی پێی هەڵ دەگوت. ئێستاش ئەو بەندەم هەر لە گوێدا ئەزرنگێتەوە کە دەیگوت:

هـەی مەکە، ڕۆڵە مەکە، بـابـان وێرانم مەکـــــــــــــە
خــەڵکی بە تاڵانی دەچۆوە مـەڕە بـەرانە بـەختەیە شەکە
ئەمنی مل بە کوێن بە تاڵانم دەچۆوە، گەردنــــــی زەرد و
بەژنی باریک و ڕووی بەخاڵ و دوو چاوی دەبەڵەکـــــــە

شێوەیەک لە جۆری وتنەکەی بە نۆتەی مۆسیقا کە لە ناوچەی موکریان دەیڵێن.

**Hey meke**



مەنیج حەیران و زلەیخا چوختیش دوو ژنی بێباک بوون، کە دەفیان لێ ئەدا و گۆرانییان دەگوت و شایەری شایی بوون و، هیچ لە پیاوەکانی ئاوەڵیان نەدەمانەوە، بەتایبەتی مەنیج حەیران کە خەڵکی سابلاخ و لە خێزانێکی دەوڵەمەند و بەناوبانگ بوو، بۆ خاتری هونەرەکەی دەستی لە خزمەکانی هەڵگرتبوو. لەو ساتانەدا حەیرانبێژان دیوەخانی ئاغایان و قاوەخانەکانیان ئاوەدان کردبوو، هەر کەسێ تۆسقاڵێک دەنگی هەبوایە ئەوا دەفتەریان ئەدایە و تا بەیتە بەناوبانگەکانی شیرین و خەسرەو، ڕۆستەم و زۆراب، ناسر و ماڵماڵ، عەزیز و شیرین و دەیان بەیتی تری بەناوبانگی ئەو دەڤەرە لەو شەوانەدا دەخوێنرانەوە. یەکێ لە هەرە گرنگەکانی جۆری چڕینی ئەو بەیتانە کە لە زمانی زۆر کەسەوە وەرمگرتبوو و، لە هەموویان بە چاترم زانی، خوێندنەکەی برای ئازیز و هونەرمەندم کاکە عەلی زەندی بوو، کە بەو جۆرە نمونەی بەیتەکانی بۆ خوێندم و وتی: خوێندنی بەیت پێی دەڵێن باوە، کە مانای بەیت و باو و حەکایەت و بڵاوکردنەوەی ئەو چیرۆکە ئەگەیەنێت. ئەو کەسەی کە کتێبەکە ئەخوێنێت، بیست مەسرەع ئەخوێنێت و سەری بیستویەکهەمین دانیشتوان لەگەڵیا دووپاتی ئەکەنەوە، هەرچەندە ئەم جۆرە چڕینە زۆر لە چڕینی ڕیستاتیڤی ئەورووپی ئەچێت و پەیژەی مۆسیقای بەدەگمەن تیا دەستنیشان ئەکرێت، بەڵام من بە باشم زانی کە نموونەیەکی ئەو جۆرە بخەمە پێش چاو.

**نموونەی تێکستەکەی:**

حامسا توخوا هــەنی وەسـەن وەسـت  وەسەنای باڵای دووری دیدەمەست
بەری تو عەیبەن سەنای زولف و خاڵ  تاریخ عـومـرم گەیشتە چـەن ســاڵ
دوای ئـــەمە عومرت مـــەواجان وەبیر  عەیبەن پەری بیر لە هەڵقەی زنجیر
مـەکە بـەسەرمـەند عیشقی مــەجـازی  بنیرە بینای هـــەقیقەت بــــــازی

**نۆتەکەی:**




پاش شەڕی جیهانی و پەیدابوونی گرامافۆن لە قاوەخانەی شار و دیوەخانی ئاغا، جێی بە خۆشخوانان لێژ کرد. گۆشەی مزگەوتی دێ و زەماوەند و شایی دێهات نەبێت، چییان بەدەستەوە نەما. هونەرمەندە گەورەکان لانەواز و بێمەئوا مانەوە، چونکە زۆربەیان پشتڕەق و دەستەوسان بوون، تووشی نەداری و هەژاری و سەرگەردانی و پەرێشانی هاتن، هەر یەکە دەریایەک هونەریان دەگەڵ خۆیان بردە ژێرگڵ. شاگردە لاوەکانیش دەستیان لە فێربوون هەڵگرت و وەدووی کار و کاسبی و ژیان کەوتن.

پاش پەیدابوونی ڕادیۆی باتری لە لادێ، فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی بە جارێک کەوتە مەترسییەوە، ڕووناکبیرانی کورد هەستیان بەو مەترسییە کرد. لاوانی وریا و زانا دەستیان بە

کارکردن کرد و کەوتنە کۆکردنەوەی بەیت و باوی کوردی. هەرچەندە ئیمکانی ئەو کارە لە کوردستانی خۆرهەڵات زۆر کەم بوو، جارجاریش تووشی دەردەسەری ئەبوون، بەڵام چەند کەسی خوێندەوار و ڕووناکبیر تا ڕادەیەکی باش لەو کارەدا سەرکەوتن. کاک (عبیداڵا ئەیوبیان و کاک قادری فەتاحی قازی و دکتۆر کەیوان پوری موکری) هەر یەکە بەش بە حاڵی خۆیان بەرهەمی باشیان لە فەوتان و نەمان ڕزگار کرد.

ئەوەی ئاشکراشە کە بەیت لای کورد مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و، چەندین بەیتی ناسراوی وەکوو ناسر و ماڵماڵ و بەیتی قەڵای دمدم و بەیتی لاس و خەزاڵ و بەیتی برایمۆک و بەیتی زەمبیلفرۆش و بەیتی عەبدوڕەحمان پاشای بەبە و مەم و زین و چەندین بەیتی ناسراوی تر کە زیاتر پەیوەستی ناوچەی موکریانن و، ئەم بەیتانەش بە ئاوازەوە لە قاوەخانە و دیوەخانی سەرەک خێڵ و پیاوماقوڵی ناوچەکەدا بە ئەنجام گەیەنراون، کە سەردەمانێک هیچ هۆکارێکی ڕابواردن و زانستی بڵاوکەرەوە و گەیەنەری وەکوو ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و کەرەسەکانی تری میدیا نەبوون. بۆیە خۆشخوانان یان خۆنیاگەرەکان کۆئەبوونەوە و بە دەنگی بەسۆزیان ئەو سەرگوزشتە و چیرۆکە کوردییە دێرینانەیان ئەخوێندەوە. چەند ئاوازێکی ناسراویش هەبووە کە سەرانسەری ئەو بەیت و چیرۆکانەیان پێ گێڕاوەتەوە، لە هەرە گرنگەکانیان ئاوازی شەوچەرەی دیوەخانمی بووە، کە ئاوازێکی کوردی ڕەسەنە و هەڵقوڵاوی ناوچەی موکریانە، هەرچەندە ئەم ئاوازە وای لێهاتووە کە لە زۆربەی ناوچەکانی تریشدا بەکار ببرێت. ئەوەندە پەیوەستی ئاواز و گۆرانی کوردییە کە گۆرانیبێژانی هەر ناوچەیەک بیانگوتایەتەوە بە مۆرکی ناوچەکەی خۆیان زانیوە.

ئەم ئاوازەش پێک هاتووە لە:

بەشی یەکەم: بریتی بووە لە گێڕانەوەی چیرۆک و بەیتەکە و زیاتر بە کێشی( 3/4 یان 3/8 ) یان هەر ڕیتمێکی تری ئاشنا بەو بەیت و باوانە بوویێت. ڕیتمەکەی زیاتر بە کارێکی تاکە کەسی کراوە و، وەکو سۆلۆیەکی گۆرانی لە لایەن گۆرانیبێژێک یان چەند گۆرانیبێژێک یەک لەدوای یەک وتوویانەتەوە و، زیاتریش پەیژەی ئەم ئاوازە لەسەر ئاوازێکی ڕیستاتیف ئاسا یان پەیژەی بچوکی سەر پلەی شەشەمی پەیژە مۆسیقای گەورەی دووەمی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتیی، کە بە پەیژەی (ڕاست) بەناوبانگە و کە پەیژە بچووکەکەشی بە پەیژەی بەیات بەناوبانگە.

بەشی دووەم: بریتییە لە وەڵامدانەوەی چەند ڕستەیەکی گۆرانییەکە لەلایەن کۆی گۆرانیبێژان و هەندێ جاریش گوێگرانیش بەشدارییان کردووە بە هەمان پەیژە، بەڵام بە تۆزێ مەودای فراوانتر. هەرچەندە مۆرکی گۆرانییەکە ڕەسەنایەتی ناوچەی ئەردەڵانی پێوەیە، بۆیە هاوشانی ئاوازە بەناوبانگەکانی بەیت و باوچڕینی ئەم دەڤەرە لە کاردا بوون.

نمونەکەی:




دیسانەوە هەندێ نمونەی ئاوازی تریش هەن، کە تا ئێستاش لە هەندێ جێگەی ئەو ناوچەیەدا ئەو بەیت و بالۆرانەیان پێ ئەوترێت، بەڵام لەوە ئەچێ کە ئاوازەکانیان سەربەست بن و هەر خۆنیاگەرێک (خۆشخوانێک) بە ئارەزوو و بۆچوونی خۆی بەکاری بهێنێت. لەو ئاوازانەش ئەم نمونەیەی خوارەوەیە کە خۆم لە دەمی زۆر کەسی ئەو ناوچەیەم بیستووە و لەوە دەچێت کە

مێژویەکی زۆر کۆنی هەبێت و تەنانەت بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگاداری و زانیاری لەلایەن خۆش خوانانەوە، ئاڕاستەی دانیشتوانی ئەو جێگەیە کرابێت.
نمونەکە:



هەرچەندە لەوە ئەچێ کە ئەم جۆرە ئاوازە زیاتر ئاوازێکی ڕیتم و پەیژە سەربەست بێت، بەڵآم وا دەرئەکەوێت کە ئەم جۆرە ئاوازە بۆ گێڕانەوەی کارە سەرکەوتنە سەربازییەکان و، ئاگادارکردنەوەش و مژدەدان بە جەماوەر بەکارهاتووە. من لێرەدا تەنها بە مەبەستی زانیاری بڵاوم کردۆتەوە. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە کە سەرانسەری ئەو بەیت و باڵۆرانە هەر بە ئاوازی گوڵوەنەوشە زیاتر وتراون و بەتایبەتیش بەشی یەکەمی، چونکە لە زۆربەی زۆری خوشخوان و گۆرانیبێژانم وا بیستووە. هەرچەندەش لەسەر ئاوازەکانی بەیت باس بکەین، ئەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت کە کێش و پەیژە سەربەستی ئەم ئاوازانە وای کردووە، کە چەندین ئاوازی جیاوازی لێ بکەوێتەوە و هەر خۆشخوانێک بە پێی توانا و بەهرەی خۆی بیانخوێنێت. بۆیە من تەنها بەم چەند جۆرە کەمە واز ئەهێنم، چونکە ئەزانم هەتا لەسەری بڕۆین هەر دێت بە دەممانەوە. بۆیە بە باشی ئەزانم هەر لە ئاواز و مۆسیقای ئەم ناوچەیە بەردەوام بین و، هەوڵ بدەین خۆمان بدەین لە قەرەی خوێندنەکانی کەڵەهونەرمەند و ئاوازبێژەکانی ئەم ناوچەیە. هەڵبەتە من ئەمەوێ تەنها باس لەو ئاواز و گۆرانیانە بکەم کە لە لایەن کەڵەگۆرانیبێژ و هونەرمەندەکانی ئەم ناوچەیە خوێندوویانە، نەک بمەوێت باس لە ژیانی تایبەتی ئەو خوێنەر و ئاوازچڕانە بکەم.



ئامێرژەنە فوودارەکانی تیپی مۆسیقای پیرەمێرد

# محەمەدی مامڵێ



محەمەدی مامڵێ : ( ١٩٢٥– ١٩٩٩ ) لە شاری مەهاباد لەدایک بووە .
ناوی محەمەد سەعید عەلی یە ( کە پاشان وشەی مام عەلی بۆتە مامڵێ ) . نازناوی مامڵێ ی لە باپیرانییەوە بۆماوەتەوە ،

## ١– گۆرانی ( *سترانی* ) بلوێری شوان :–

تێکستەکەی :

نیوەشەوە دنیا خامـــۆش     دێتە گوێم ئاهەنگێکی خۆش
ئاهەنگێکی گیان پەروەرە     شادی هێنە خەفەت بـــەرە
ئاهەنگێکی دڵ نــــــەوازە     تارە یۆڵۆنە یا ســـــــازە

نۆتەکەی:

**Blwyri Shwan**




سکێڵەکەی:

گەر سەیری ئەو گۆرانییە بکەیین ئەبینین ، کە ئاوازەکە لە سەرپلەیٔ سێ یەمی پەیژەی( دۆ ی گەورە ) بنیات نراوە ، کە ئەکاتە پەیژەی فریجی ( کورد ) ، لەبەرئەوە هیچ نیشانەیەکی بەرزکەرەوە و نزم کەرەوەی تیا نابینین ،گەر سەیریش بکەین ئەبینین کە مەودای ئاوازەکە پڕاوپڕی پەیژە مۆسیقاکەیە ،بەواتای میانەکانی ئاوازەکە لەپلە دەنگی یەکەمی پەیژەکەوە دەست پێ ئەکا کە پلە دەنگی ( می) یە و بەرزبونەوەی تیادایە تا پلەی کۆتایی ( هەشتەمی ) پەیژە مۆسیقاکە ،لەکۆتایشدا بەپلەی بنکە کۆتایی بە ئاوازەکە دێت ، جۆری ئەو پەیژە مۆسیقایەش بەپێی زانستی مۆسیقا بەم جۆرەیە.

نمونەی سکێڵەکەی :




نموونەی ریتم ( ئیقاع )ە کەی .



## ٢-گۆرانی ( سترانی ) ( ئاهەنگی ) ( ئاوازی ) سەر لە سەر ڕانی :

**نموونەی تێکستەکەی :**

| | |
|---|---|
| زۆرم حـــــــــــەوڵ لە دوا دا | سەر لە سەر ڕانی تاکو بەیانی |
| بوومە میوانی نازەنینـــــــــێ | بێ وەفا بووی نەمزانـــــــــی |
| سەر لە سەر ڕانی تاکو بەیانی | بوومە میوانی نازەنینـــــــێ |

**نۆتەکەی :**

Ser le ser rani




**سکێڵەکەی:**

گەر سەیری ئەو گۆرانییە بکەیین ئەبینین ، کە ئاوازەکە لە سەرپلەیٚ شەشەمی پەیژەی( سۆڵ ی گەورە ی ڕۆژ هە لاتی کە پەیژەی ڕاستی پێ ئەڵێن و ئەم پەیژە یەش تاکە پەیژەیە کە هەردوو هێمای فا کار دێز و سی کار بیمۆل ئەگرێتە خۆی ) بنیات نراوە ، کە ئەکاتە پەیژەی بچوک ( لە رۆژ هەلاتی ناوە ڕاست بەیات ی پێ ئەڵێن ، لەبەرئەوە لە سەرپلەی شەشەمی سۆڵ ی گەورە ( ڕاست ) بنیات نراوە ،گەر سەیریش بکەین ئەبینین کە مەودای ئاوازەکە پڕاوپڕی پەیژە مۆسیقاکەیە ،بەواتای میانەکانی ئاوازەکە لەپلە دەنگی یەکەمی پەیژەکەوە دەست پێ ئەکا کە پلە دەنگی ( می) یە و بەرزبونەوەی تیادایە تا پلەی کۆتایی ( حەوتەمی ) پەیژە مۆسیقاکە ،لەکۆتایشدا بەپلەی بنکە ( می ) کۆتایی بە ئاوازەکە دێت ، نازناوی ئەم پەیژەیەش لە رۆژ هەلاتی ناوەڕاستدا ناوی بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا یان بەیاتی کورد یان کنزاز و لە هەندێ شوێندا بەیاتی عەجەم یان شاورگ دیسان بە بەیاتی چوارگا یان عەرزبار بەناوبانگە ، کە هەر هەمویان هەمان میانەی مۆسیقاییان هەیە . جۆری ئەو پەیژە مۆسیقایەش بەپێی زانستی مۆسیقا بەم جۆرەیە.

**نمونەی پەیژە مۆسیقاکەی :**




**ریتمەکەی :**



٣- گۆرانی ( *سترانی* ) ( *ئاهەنگی* ) ( *ئاوازی* ) بازی بێریان :

نموونەی تێکستەکەی :

بازی بێریان دوورە دەستە ئەمان ئامـــان
بێری دێن دەستە بەدەستە ئەمان ئامـــــان
رادەبرن دڵ دەبەن بەغەمزەی چـــــــــاوان
بە برژانگ کون دەکەن جەرگ و هەنـــاوان

نۆتەکەی :

# Bazi bêrian




سکێڵەکەی:

گەر سەیری ئەم گۆرانییە بکەیین کە لە دووبارە بوونەوەی چوار پلەدەنگی ( لا ، سی کار بیمۆڵ ، دۆ ، رێ ) پێک هاتووە . لە بەر ئەوەی میانە دەنگییەکانی چوارینەی دووەم دیار نییە ، ئەتوانین بڵێین ، ئەم پەیژە مۆسیقاە لە سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەبێ دەست کاری بنیات نراوە ، بۆیە بەپێی زانستیەکانی مۆسیقا ئەتوانین بڵێین کە پەیژە مۆسیقای ئەم ئاوازە لە سەر پەیژەی ( دوو بەیات ) بنیات نراوە ، بە واتای پلەی شەشەمی پەیژەی ڕاست بێ دەست کاری کردنی پلە دەنگییەکانی .

نمونەی پەیژەکەی :




بەڵام بەپێی ئەو مۆسیقا سەرەتایی یەی کە لە کتێبی ( هەورام ی جەلالی ڕەحیمی ، کە لە چاپخانەو ئۆفسێتی کیان مهاباد چاپی کردووە ) ، وادەر ئەکەوێ کە پلە دەنگی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەکی دەنگی بڵند کراوە بۆ ئەوەی ببێتە می ناتوراڵ . لەو ساتەدا ناز ناوی ئەم پەیژە مۆسیقاکە ئەبێتە بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا یان بەیاتی کورد یان کنزاز و لە هەندێ شوێنیش پێی ئەڵێن بەیاتی عەجەم یان شاوەگ دیسان بەیاتی چوارگا یان عەرزبار ، ئەم گۆڕانکارییە تەنها بەهۆی زیادکردنی پێشەکییە مۆسیقاکەی روی داوە ، لەو ساتەدا پەیژەکەی بەم جۆرە ئەبێت . نمونەی ریتمەکەشی کێشی 3/8 یەو بەم جۆرە ئەژەنرێ .

نمونەی ریتمەکەی :



**٤-گۆرانی ( *سترانی* ) ( *ئاهەنگی* ) ( *ئاوازی* ) مەستورەی ئامان :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەو ساڵ حەوت ساڵە جەمم ڕەفیقە
مەستورەی ئامان مەستورەی گیــان
شادی بێ مەیلە دەی بێ دەقیـــــقـە
مەستورەی ئامان مەستورەی گیـان

**نۆتەکەی :**

# mesturê




**سکێڵەکەی:**

گەر سەیری ئەو گۆرانییە بکەیین ئەبینین ، کە ئاوازەکە لە سەرپلەیً شەشەمی پەیژەی( سۆڵ ی گەورە ی ڕۆژ هە ڵاتی کە پەیژەی ڕاستی پێ ئەڵێن و ئەم پەیژە یەش تاکە پەیژەیە کە هەردوو هێمای فا کار دێز و سی کار بیمۆل ئەگرێتە خۆی ) بنیات نراوە ، کە ئەکاتە پەیژەی بچوک ( لە رۆژ هەڵاتی ناوە ڕاست بەیات ی پێ ئەڵێن ، لەبەرئەوە لە سەرپلەی شەشەمی سۆڵ ی گەورە ( ڕاست ) بنیات نراوە ، بەواتای میانەکانی ئاوازەکە لەپلە دەنگی یەکەمی پەیژەکەوە دەست پێ ئەکا کە پلە دەنگی ( می) یە و بەرزبونەوەی تیادایە تا پلەی کۆتایی ( پێنجەمی ) پەیژە مۆسیقاکە ،لەکۆتایشدا بەپلەی بنکە ( می ) کۆتایی بە ئاوازەکە دێت ، نازناوی ئەم پەیژەیەش لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا ناوی بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا یان بەیاتی کورد یان کنزاز و لە هەندێ شوێندا بەیاتی عەجەم یان شاورگ دیسان بە بەیاتی چوارگا یان عەرزبار بەناوبانگە ، کە هەر هەمویان هەمان میانەی مۆسیقاییان هەیە . جۆری ئەو پەیژە مۆسیقایەش بەپێی زانستی مۆسیقا بەم جۆرەیە.

**نمونەی سکێڵەکەی :**




**نمونەی ریتمەکەی :**



٥- گۆرانی ( *سترانی* ) ( *ئاهەنگی* ) ( *ئاوازی* ) مریەم سابلاغی :

نمونەی تێکستەکەی :

دەنگم نایگاتێ مریەم چاوجوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاغـــی
دیوارمان بەینە مریەم چاوجوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاغـــی
کەسمان تێ ناگا مریەم چاوجوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاغـــی
لەم کەین و بەینە مریەم چاوجوان مریەم ئامان مریەمێ سابلاغی

نۆتەکەی :

**Mryem Sablaxi**




سکێڵەکەی :

ئەم جۆرە پەیژەیە تەنها لە کوردستانی خۆرهەلات و لای فارسەکان برەوی هەیە . لە سەرپلەی شەشەمی پەیژەی گەورەی دووەمی رۆژهەلاتی ناوەڕاست ( راست ) بنیات ئەنرێت ، بەلام گۆڕانکارییەکی زۆر لە نێوان پلە دەنگییەکانیا هەیە ، پلەی سێ یەمی پەیژەکە ( ئەسفەهان ) نیو پلەی دەنگی بڵند ئەکرێت هەروەها پلەی پێنجەم و شەشەمی هەمان پەیژە چارەکە پلە دەنگییەک بڵند ئەکرێن . وەکو لە پیرانی ئەم ناوجەیە بیستوومە ئەم ئاوازە ئاوازێکی زۆر کۆنە ، هۆنراوەکەشی لە کۆندا جۆرێکی تربووە ،بەلام ئێستا بەم هۆنراوەیە ئەوترێ .

نموونەی سکێڵەکەی:

**Asfehan Scale**




ریتمەکەی:

## ٦- گۆرانی ( *سترانی* ) ( *ئاهەنگی* ) ( *ئاوازی* ) بەزوڵف و ڕوخســـــار :

**نمونەی تێکستەکەی :**

ئەرێ ئەی بەزولف و ڕوخسار سەنەمی چین ماهتابم
دەمەکەو خەندەکەو نیگاهت نمەک و مەزەی شەرابـم
من لە بەر نیگاهت بمرم تۆ سەرو غەمزەکەی جەلابم
بڵێ پێم گوڵەکەی بەهاری ، لە تۆ تابەکەی جودابـم
وەرەوە بەشەرتی جاران ، رۆژی سەد جار فیدا بـــم

**نۆتەکەی :**

# Be zulf u ruxsar




**سکێڵەکەی:**

گەر سەیری ئەو گۆرانییە بکەیین ئەبینین ، کە ئاوازەکە لە سەرپلەێ شەشەمی پەیژەی سۆڵ ی گەورە ی ڕۆژ هە ڵاتی کە پەیژەی ڕاستی پێ ئەڵێن و ئەم پەیژە یەش تاکە پەیژەیە کە هەردوو هێمای فا کار دێز و سی کار بیمۆل ئەگرێتە خۆی ) بنیات نراوە ، کە ئەکاتە پەیژەی بچوک ( لە رۆژ هەڵاتی ناوە ڕاست بەیات ی پێ ئەڵێن ، لەبەرئەوە لە سەرپلەی شەشەمی سۆڵ ی گەورە ( ڕاست ) بنیات نراوە ، بەواتای میانەکانی ئاوازەکە لەپلە دەنگی یەکەمی پەیژەکەوە دەست پێ ئەکا کە پلە دەنگی ( می) یە و بەرزبونەوەی تیادایە تا پلەی کۆتایی ( پێنجەمی ) پەیژە مۆسیقاکە ،لەکۆتایشدا بەپلەی بنکە ( می ) کۆتایی بە ئاوازەکە دێت ، نازناوی ئەم پەیژەیەش لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا ناوی بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا یان بەیاتی کورد یان کنزاز و لە هەندێ شوێندا بەیاتی عەجەم یان شاورگ دیسان بە بەیاتی چوارگا یان عەرزبار بەناوبانگە ، کە هەر هەمویان هەمان میانەی مۆسیقایان هەیە . جۆری ئەو پەیژە مۆسیقایەش بەپێی زانستی مۆسیقا بەم جۆرەیە.

**نمونەی پەیژە مۆسیقاکەی :**




**ڕیتمەکەی:**



**٧- گۆرانی ( *سترانی* ) ( *ئاهەنگی* ) ( *ئاوازی* ) راوچی یان ڕاوە :**

**نمونەی تێکستەکەی : هۆنراوەی سلێمان شاوڵە .**

| | |
|---|---|
| **راوچی یان ڕاوە ئەی چی ڕاوە** | **راو لە دەشتی لاجانـــــــــێ** |
| **ئەسپان زین کەن ئەی لـــغاوە** | **تانجی یان بەرنە سەر لانێ** |
| **سەفی سواران چەند جوانــــــە** | **لەبەر مالـــــی مەشکانێ** |

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی:**

**گەر سەیری میانە دەنگی یەکانی ئەم ئاوازە بکەیین ئەبینین کە پێک دێت لە ئاوازێکی پێنج میانە دەنگی کە بەم جۆرەیە (( لا ، سی بیمۆڵ ، دۆ# ، رێ ، مـــــــی )) ئەم میانە دەنگیانەش لە سەرپلە دەنگی پێنج هەمی پەیژەی گەورە ( عەجەم ) بنیات ئەنرێ ، نازناوی حیجاز عەجەم یان زنجران لە خۆئەگرێ، بەڵام گەر لە پلە بەرزەکانیدا پلەی شەشەمی کە پلە دەنگی فا# ە ، نیو پلە دەنگی نزم بکرێت ئەوا ناوی پەیژەکە ئەگۆڕێ بە پەیژەی حیجاز نەهاوەند یان زمزمە .**

**نمونەی سکێڵەکەی :**




**نمونەی ڕیتمەکەی :**



## ٨- گۆرانی ( *سترانی*) یادی بەخێر :

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەو گوڵی مەشهوری گشت عالەم بوو کوا یادی بەخێر
مەیلی وی دەرمانی دەردی من بوو کوا یادی بەخـــێر
چۆن دەبێ فیکرت نەبێ تیرت لە جەرگم کاری یــــە
ئەو دەمەی بوومە نیشانەی تیری تۆ یادی بەخــــێر
بای شەماڵ بیدا بەدەس ئەو دولبەرە هـــــاوارم
مەڵحەمێکم بۆ بنێرێ بۆ دڵەکەی زامـــــدارم

**نۆتەکەی :**

### Yadi bexyr




**سکێڵەکەی:**

گەر سەیری ئاو ئاوازە بکەیین ، ئەبینین کە مەودای پلە دەنگیە کانی لە نێوان پلە دەنگی فا کاردێز بەرەو سەرەوە تا پلە دەنگی مـــــی یە ، بە واتای لە پلە دەنگی (( فا کار دێز ، سۆڵ ، لا ، سی بیمۆڵ ، دۆ# ، رێ ، مـــــی ) ، بۆیە بێ شک ئەزانین کە ئەم ئاوازە لە سەرپلەی سێ یەمی پەیژەی دووەمی رۆژهەڵاتی ( رێ ) ی ڕاست ((پەیژەی ڕاست )) کە پلە دەنگی فاکاردێزە بنیات نیات نراوە ، جا ئەو میانە دەنگیانە لە رۆژهەڵات ناز ناوی هوزام یان راحة الارواح یان سۆزناک یان عەنبەر ئەفشان لە خۆ دەگرن کە میانە دەنگییەکانی بەم جۆرەیە :

**نموونەی پەیژە ( سکێڵ ) کەی :**

Huzam



**ڕیتمەکەی :**



٩- گۆرانی ( *سترانی* ) نایلۆنە :

**نمونەی تێکستەکەی :**

دەڵێن لیو ئاڵ لێم زیزە بە کەس ئاشت نابێتەوە
کەژاڵ چۆتە سەفەرێ دۆعام بۆ بکەن بێتـــــەوە
لەخودای دەکەم تەڵەبێ دەگەڵم ئاشت بێتـــــەوە
دەی دەی ( براکەم ) نایلۆنـــــــــــــــە

**نۆتەکەی :**

Nailone




**سکێڵەکەی:**

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە میانەی پلە دەنگی یەکانی ( سۆل ، لا ، سی ، دۆ ) یە ، بریتی یە لە یەک چوارینە ، کە لە چوارینەی یەکەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی رۆژهەڵاتیدایە ، جالە بەر ئەوەی پلەی بنیات نەری ئەم پەیژەیە پلە دەنگی سۆڵ ە ، بۆیە ئەبێ ئەم پەیژە مۆسیقاە پەیژەی سۆلی گەورەبێت ، بەم شێوازە :

**نموونەی پەیژە مۆسیقاە کە :**

**Sol Major - Ajem**



**نمونەی ریتمەکەی :**

**Naylone - Rytm**



١٠- گۆرانی (*سترانی*) با بچینە نێو شلێران :

نمونەی تێکستەکەی :

دەترسم بمرم گیانە داخ لە دڵم بێ ، داخ لە دڵم بێ
خاکی غەریبی گیانە بە نسیبم بێ ، بە نسیبم بێ
وەرە وەرە بابچینە نێو شـــلێران
وەرە وەرە بۆ لای منی ماڵ وێران

نۆتەکەی :

# Ba bçine naw shlêran




سکێڵەکەی:

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ،کە میانەی پلە دەنگییەکانی حەوت پلە دەنگی یە ، بەڵام بە هەست کردنی گوێ دەرئەکەوێ کە ئەو پەیژە مۆسیقایە لە سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی پەیژەی رۆژهەڵاتی بنیات نراوە بەواتای لە سەرپلە دەنگی لا کە پلەی شەشەمی پەیژەی ڕاستە ،بەڵام لە بەر ئەوەی پلەی پێنجەم و شەشەمی پەیژە ( بچوک ) بەیاتەکە چارەکە پلەدەنگییەک بڵند کراون ئەبێ ئەم پەیژە مۆسیقایە ناز ناوی پەیژەی بەیاتی ڕاست یان بەیاتی موحەییەر یان بەیاتی حسەینی یان بەیاتی سێگا یان عەشاقی تورکی وەربگرێ .

نمونەی سکێڵەکەی ( پەیژەکەی ) :

### Do Rast - La Beyat



نمونەی ریتمەکەی :



## ١١– گۆرانی ( سترانی ) ( ئاهەنگی ) ( ئاوازی ) زێنەبێ :

**تێکستی گۆرانییەکە :**

تەمێک ئەمنی داگرتووە وەک تەمی قوڕ قوڵاغێ
کراسێکی بۆ دەکڕم لەسەر مۆدی سابلاغــــــێ
شەرتە ببمە باغەوان جار جار بێتە ناو باغــێ
زێنەبێ هەی زێنەبێ زێنەب دوو ددانی زێـــڕە
ئۆمەتی موحەمەدم جا لەدینم وەرمەگێـــــڕە

**نۆتەکەی :**

### Zyneby




**سکێڵەکەی:**

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە میانە دەنگییەکانی پێک دێن لە پلە دەنگی یەکانی ( لا ، سی کار بیمۆل ، دۆ ، رێ ، مـــی ناتوراڵ ) دەرکەوتوشە کە پەیژەمۆسیقای ئەم ئاوازە لە سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی رۆژهەڵاتی ( دۆ ی ڕاست ) کە بەیاتی سەرپلەدەنگی لا ئەکا ،و پلەی پێنجەمیشی چارەکە دەنگێک بڵند کراوە ، بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەڵێم کە ناز ناوی پەیژە مۆسیقای ئەم گۆرانییە ، بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا یان بەیاتی کورد یان کنزازە کە هەر هەمویان هەمان میانەی پلە دەنگییان هەیە.

**نموونەی پەیژەکە :**

### beyaty newa




تێبینی : هەمان ڕیتمی ئاوازی پێشووی هەیە کە بریتییە لە ریتمی 6/8 .

١٢- گۆرانی ( *سترانی* ) ( *ئاهەنگی* ) ( *ئاوازی* ) هەر دەڕواو بەجێم دێڵێ :

نمونەی تێکستەکەی :

وەک بولبولان فەسڵی بەهار
شەو و رۆژ لەیل و نەهـــار
دەناڵێنم بۆوەسڵی یــــــار
هەردەڕواو بەجێم دێڵــــێ

نۆتەکەی :

**Her derwaw bejeym dyly**




سکێڵەکەی:

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە میانە دەنگییەکانی پێک دێن لە پلە دەنگی یەکانی ( لا ، سی کار بیمۆل ، دۆ ، رێ ، مـــی ناتوراڵ ) پەیژەمۆسیقای ئەم ئاوازە لە سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی رۆژهەڵاتی ( دۆ ی ڕاست ) کە بەیاتی سەرپلەدەنگی لا ئەکا ،و پلەی پێنجەمیشی چارەکە دەنگێک بڵند کراوە ، هەرچەندە ئاوازەکە لە پلەی شەشەمی پەیژە مۆسیقاکەوە کە پلە دەنگی می ناتوراڵە دەست پێ ئەکات دەرکەوتوشە کە بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەڵێم کە ناز ناوی پەیژە مۆسیقای ئەم گۆرانییە ، بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا یان بەیاتی کورد یان کنزازە کە هەر هەمویان هەمان میانەی پلە دەنگییان هەیە.

نموونەی پەیژەکە :

**beyaty newa**




نموونەی ڕیتمەکەی :



١٣- گۆرانی ( *سترانی* ) بارانی تازە :

**نمونەی تێکستەکەی :**

خودا داکەی بارانـــێ      شەو کزەی شەماڵ بێ بە شەو

بی دا لە خاڵی لەیلام      بەڵکو ڕاپەڕێ لە خــــــــەو

**نۆتەکەی :**

# Barani taze




**سکێڵەکەی:**

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە رابەری پەیژەکەی خاوەنی سێ هێمای نزم کەرەوەیە کە پێک دێن لە هێماکانی ( سی بیمۆڵ ، می بیمۆڵ ، لا بیمۆڵ ) . بەیاساکانی دۆزینەوەی پەیژەی مۆسیقا ، بۆمان دەرئەکەوێ کە پەیژەی می بیمۆلی گەورەیە ( عەجەم ) بەڵام وەکو کۆتایی پێهاتن و تام و چێژ دەرئەکەوێ لە سەرپلەی شەشەمی پەیژە گەورەکە دروست کرابێ ، واتا پەیژەی دۆی بچووک ( مینۆر ) ی هارمۆنی ، لەبەر ئەوەی کە پلەی حەوتەمی نیوپلە دەنگی لەسەرکەوتن و هاتنە خوارەوەدا بڵند ئەکرێت کە لە ڕۆژهەڵات پێی ئەڵێن نەهاوەند ، کەواتە ناوی ئەم پەیژەیە : نەهاوەندی دۆ ی هارمۆنی یە ( پەیژەی دۆی بچووکی هارمۆنی ) کە نازناوەکەی لە رۆژ هەڵات نەهاوەندی گەورە یان نەهاوەند نگریز یان سوڵتانی یەک گای پێ ئەڵێن .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**نمونەی ریتمەکەی :**



### ١٤- گۆرانی ( *سترانی* ) دەنگی قوڵنگان دێ :

### نمونەی تێکستەکەی :

عیشق بێ چارەکردوم سوتاوم لەوێـــــــــــــــــدا
زوڵفت بادەیشەکێنێ بەکوێستان و بەوێـــــــــــــــدا
دەنگی بولبول و قومری دێ دە نیوەشــــــــــــــەودا
دڵ بە لێو ئاڵی بەندە بۆیە شێت بووە دەوێــــــــــدا
کاغەز دەنوسم بۆلەیلا بەدڵێکیپڕلەخوێنــــــــــەوە
دەنگی قوڵینگان دێ لە هەوای دەڵێن کوێستانین دێنەوە

### نۆتەکەی :




### سکێڵەکەی:

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە میانە دەنگییەکانی پێک دێن لە پلە دەنگی یەکانی ( لا ، سی کار بیمۆل ، دۆ ، رێ ، مــی ناتوراڵ ) پەیژەمۆسیقای ئەم ئاوازە لە سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی رۆژهەڵاتی ( دۆ ی ڕاست ) کە بەیاتی سەرپلەدەنگی لا ئەکا ،و پلەی پێنجەمیشی چارەکە دەنگێک بڵند کراوە ، دەرکەوتوشە کە بۆیە بەدڵنیاییەوە ئەڵێم کە ناز ناوی پەیژە مۆسیقای ئەم گۆرانییە ، بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا یان بەیاتی کورد یان کنزازە کە هەر هەمویان هەمان میانەی پلە دەنگییان هەیە.

### نموونەی پەیژەکە :




### نمونەی ڕیتمەکەی :



١٥- گۆرانی ( *سترانی* ) چەن جوانە :

نمونەی تێکستەکەی :

چەند جوانە چەند جوانە گوڵی هەلالـە
رەنگ زەردە بۆ یاری دوور لە ئاوەڵـــە
شەوانی شوانی شوانـــــــــــــــــــە
لە مانگە شەو بڕوانـــــــــــــــــە
شایی و هەڵپەرکێ سازکەن بۆ نازەنینێ

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی:

گەر سەیری ئەو ئاوزە بکەیین ، ئەبینیین کە میانە دەنگییەکانی لە نێوان پلە دەنگی سۆڵ تا پلە دەنگی می بەرەو ژوری دێت ، بەواتایەکی تر پێک دێت لە چوارینەیەکی دەنگی و دووپلەی دەنگی . بەم جۆرە (( سۆل ، لا ، سی کار بیمۆل ، دۆ ، رێ ، مـــــی ) ، جا بەپێی چوارینەی یەکەمی کەبریتییە لە ( سۆڵ ، لا ، سی کار بیمۆڵ ، دۆ ) پەیژە مۆسیقاکەی ئەبێتە پەیژەی گەورەی دووەمی رۆژهەڵاتی ( پەیژەی سۆڵ ی راست ) . بەهۆی چوارینەی دووەمیشەوە جۆری پەیژە راستەکەمان بۆدەرئەکەوێ بەڵام لە بەرئەوەی چوارینەی دووەم تەنها دوو پلە دەنگییە ، و هیچ پلە دەنگی یەکی دەسکراوی تیادیار نییە،بۆیە ئەتوانین ناوی پەیژەی ڕاستی سروشتی لێ بهێنین .

نموونەی سکێڵەکەی :




نمونەی ریتمەکەی :



١٦- گۆرانی ( *سترانی* ) كورتێ هات ڕابورد :

نمونەی تێكستەكەی :

باعیسی گەرمی گیانە بازاڕت من بـــووم
جەلای ئاوێنەی گیانە ڕوخسارت من بووم
كورتێ هات ڕابورد كوێربم نەمزانـــــــی
خەمی ئەویشم كەوتە سەرشانـــــــــــی

نۆتەكەی :

## Kurty hat rabwrd




سكێڵەكەی:

گەر سەیری ئەو ئاوازە بكەین ،ئەبینین كۆی پلە دەنگییەكانی پێك دێن لە پلەدەنگیەكانی (( می كار بیمۆڵ ،فا ، سۆڵ ، لابیمۆڵ ، سی ناتورال )) .بە چوارینەی یەكەمی دا بۆماندەرئەكەوێ كە ئەم ئاوازە لە سەرپلەی سێ یەمی پەیژەی گەورەی دووەمی رۆژهەڵاتی ( ڕاست ) بنیات نراوە ، بەو میانە دەنگانەشدا دەرئەكەوێ كە ناز ناوی ئەم پەیژە مۆسیقایە، پەیژەی هوزام یان راحة الارواح یان سۆزناک یان عەنبەر ئەفشان بێت ( هەرهەمویان لە میانەدەنگیەكانیاندا هاوتان ) .

نمونەی سكێڵەكەی :




نموونەی ریتمەكەی :



١٧- گۆرانی ( *سترانی* ) غەزەل :

نمونەی تێکستەکەی :

من دەڵێم شاری دڵم باغ و گوڵستانە دەچـــــم
عەقڵ دەڵێ ناقەسەبە شۆڕشی مەستانە نەچـــی
من دەڵێم نوختەیی ئەو ڕەوزەنی ئیمانە دەچــم
ئەو دەڵێ نا ڕەشە جێ ڕاوگەیی شەیتانە نەچی

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی:

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە میانە دەنگییەکانی پێک هاتوون لە ( فا# ، سۆڵ ، لا ، سی کار بیمۆل ، دۆ# ) بە هەست و گوێگرتن یش دەر ئەکەوێ کە ئەو گۆرانییە لە سەر هەمان پەیژە بنیات نراوە کە لە سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی گەورەدرووست ئەبێت و لای میللە تانی ڕۆژ ئاوا پێی ئەڵێن پەیژەی سیگان ، و لای ڕۆژهەڵاتییەکان پێی ئەڵێن پەیژەی هەمایۆن ، بەڵام جیاوازییەک هەیە ، ئەویش پلە دەنگی سێیەمی پەیژەی ( سیگان ) یان هەمایۆن نیو پلە دەنگییە ، بەڵام بۆ هەندێ ئاواز لە کوردستانی خۆرهەڵات ئەم پلە دەنگییە ئەبێتە میانەیەکی سێ چارەکە دەنگی ، تا ئێستاش جگە لە ناز ناوی هەمایۆن یان نگریز هیچ نازناوێکی ترم بەرچاو نەکەوتووە .

نموونەی سکێلی سیگان و هەمایۆن و ئەم گۆرانیەش :




نمونەی ریتمەکەی :



١٨- گۆرانی ( *سترانی* ) وەرە وەرە سورە گوڵ :

نمونەی تێکستەکەی :

برۆت وێنەی کەوانـــــــــێ    لێوت وەکو قەیتانـــــێ
چەند جوان و شۆخ و شەنگی    چەندە لەبەر دڵانـــــی
وەرە وەرە سورەگــــــــــوڵ    ئاگرت بەرداوم لــــەدڵ
مەیلی تۆ قەد قەد نانـــــیم    تادەمێنین لە خاکوگڵ

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی:

گەر بنوارینە ئەو ئاوازە ئەبینین کە میانە دەنگییەکانی پێک دێن لە شەش میانەدەنگی ( سۆڵ ، لا ، سی کار بیمۆڵ ، دۆ ، ڕێ ، می ) و بە چوارینەی یەکەمیدا ( سۆڵ ، لا ، سی کار بیمۆڵ ، دۆ ) بۆمان دەرئەکەوێ کە پەیژەی دووەمی رۆژهەڵاتی ( ڕاست ) ی سەرپلە دەنگی سۆڵ ە

نمونەی سکێڵەکەی :




نموونەی ڕیتمەکەی :



### ١٩– گۆرانی ( *سترانی* ) ماڵی بابم بێ وەفا :

**نمونەی تێکستەکەی :**

ماڵی بابم بێ وەفـــا          سەبرم نەما تاکەی جەفـــا
سینگت باغی بێ سەفا          لێم زیزە لێم زیزە چاو جوانم
گەوهەری یەک دانەیە          دەم قەندو روو ماهی تابانـــم

**نۆتەکەی :**

**Mali babm by wefa**




**سکێڵەکەی:**

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە پلە دەنگی یەکانی لە حەوت پلەی دەنگی نێوان پلە دەنگی لا تا سۆڵ ژوروی خۆی تیایە و چوارینەی یە کەمیشی پێک دێت لە میانەکانی ( لا ، سی کاربیمۆڵ ، دۆ ، ڕێ ) ، پلەی پێنجەمیشی پلەیەکی تەواوە بۆیە بە ئاسانی دەر ئەکەوێ کە پەیژەی بەیاتی سەرپلەی شەشەمی دۆی ڕاستە و نازناوەکەشی وەکو لەمەوبەر باسمانکرد هەر پەیژەی : بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا یان بەیاتی کورد یان کنزازە کە هەر هەمویان هەمان میانەی پلە دەنگییان هەیە.

**نموونەی پەیژەکە :**

**beyaty newa**




**نموونەی ڕیتمەکەی :**

**Were were suregul - Rytm**



**٢٠- گۆرانی ( *سترانی* ) ئەی بەعینوانـــــــــــی :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**ئەی بە عینوانی چاو جوان چەندە جوانی**

**پێشکەشت بێ دەی دەی باغی خانــــــــی**

**نۆتەکەی :**

**Be Einwani**




**سکێڵەکەی:**

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە ، میانە دەنگییەکانی لە نێوان لەنێوان پلە دەنگییەکانی ( می کار بیمۆڵ و لا ) دایە بەڵام کۆتاهێنانەکەی لە سەرپلە دەنگی فــــا یە ، لە زانستی مۆسیقای رۆژ هەڵاتی دا گەر ، لە سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی دووەمی گەورەی رۆژهەڵاتی ( راست ) بنیات بنێین ، کە پلە دەنگی فا ئەکات ، بەمەرجێ پلە دەنگی پلە دەنگی چوارەمی ( کە پلەی حەوتەمی پەیژەی راستە ) چارەکە میانەیەک نەوی کەین کە ئەبێ بە پلە دەنگی سی بیمۆڵ لەو کاتەدا ، چوارینەی یەکەمی پەیژە بنیات نراوەکە ئەبێتە ( فا ، سۆڵ ، لا ، سی بیمۆڵ ) پێی ئەوترێ پەیژەی چوارگا ، هەرچەندە لەم ئاوازەدا ئەوپلەیە بەکاریش نەهاتووە، ماناکەشی بەخۆیەوەیەتی کە مانای پلەی چوارهەم ئەگەیەنێ .

**نموونەی پەیژەکەی ( سکێڵەکەی ) :**




**نمونەی ریتمەکەی :**





# حەسەن زیرەک

## حەسەنعەبدوڵڵا

## (١٩٢١–١٩٧٢ بۆکان ) و چەند ئاوازو گۆرانییەک :

### ١– هەی نار :

### نموونەی تێکستەکەی :

دیسان شەو هات بۆ حاڵی مـــــن
بۆ دڵەکەی پڕ خەیاڵی مـــــــن
عالەم سوتا لە ناڵەی مـــــــن
هەی نار ، هەی نار ، باوانم نار

### نۆتەکەی :




### سکێڵەکەی:

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە سەرانسەری ئاوازەکە لە پێنج پلە دەنگی ( دۆ ، ڕێ ، می کار بیمۆڵ ، فا ، سۆڵ ) پێک هاتووە ، بە چواریلری یەکەمیدا دەرئەکەوێ کە پەیژەی گەورەی دوەمی رۆژهەڵاتی( ڕاست ) ە، و لە سەرپلە دەنگی دۆ بنیات نراوە .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### نموونەی ڕیتمەکەی :



**٢- دەسماڵ حەریری دووبەر :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

دەسماڵ حەریری دووبەر      مێردت کرد خاکم بەســـەر
ئەگەر حەز دەکەی نەمرم      بمشێلە ناسکە دولبـــــەر
لەسەر باڵاکەی تۆیە من      ئەمجارەش بووم دەربەدەر
ئای لاچن زوولاچـــــن      یارەکەم بابێ بی بینـــــم
من نەخۆش و بریندارم      تا سارێژکا بریـنــــــــم

**نۆتەکەی :**

## Desmal heriri du ber




**سکێڵەکەی:**

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە دە میانە دەنگی لە خۆ گرتووە ، دەست پێکردنەکەی بە پلە دەنگی ( سی ) یە کۆتاییەکەشی بە پلە دەنگی ( می ) یە ، گەر سەیری میانەکانی بکەیین وشیتەڵی بکەین ئەبینین کە لە دوو چوارینەی تەواوی پەیژەی بچوکی هارمۆنی (کە لە رۆژ هەڵات ناز ناوی – نەهاوەندی گەورە یان نەهاوەندی نگریز یان سوڵتانی یەکگا ی پێ ئەڵێن ) پێک دێت .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**نموونەی ڕیتمەکەی :**



## ٣- دەسماڵ حەریری سووره :

## نموونەی تێکستەکەی :

دەسماڵ حەریری سوره  ئەی هاوار قەدی دەڵێی بـــــــــلوره
رەحمی خوای لە دڵدا نییە ئەی هاوار کافرە لە خودا بەدووره
قسە دەکا بەزاری ئەی هاوار دەڵێی سازو سەنــــــــــتوره
ئی هاوار یارئەمان گوڵ ئەمان ئاحری زەمــــــــــــانە

## نۆتەکەی :

# Desmal heriri sure




## سکێڵەکەی:

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە لە شەش پلەی دەنگی پێک دێت ، گەر سەیری چوارینەی یەکەمی بکەیین ئەبینین کە لە پلە دەنگییەکانی ( سۆل . لا ، سی بیمۆڵ . دۆ پێک دێت ) ،بۆیە پەیژەی موزیکی ئەم ئاوازە کوتومت پەیژەی سۆڵ ( ماینەر ) ی بچووکی هارمۆنییە و لای رۆژهەڵاتییەکان پەیژەی (نەهاوەندی گەورە یان نەهاوەند نگریز یان سوڵتانی یەکگا ) ی پێ ئەڵێن .

## نموونەی سکێڵەکەی :




## نموونەی ریتمەکەی :



**٤– ئەرێ هۆ لەیلـــــــــی :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەرێ هۆ لەیلـــی      باوانم لەیلـــــی
رەحمی خێرت بێ      بۆچ وا بێ مەیلـی

**نۆتەکەی :**

## Ary ho leyli




**سکێڵەکەی:**

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە لە چوار پلە دەنگیی ( رێ ، مـــی کار بیمۆڵ ، فا ، سۆڵ ) پێک هاتووە، ئەم چوارینەیەش لە چوارینەی یەکەمی پەیژەی بەیات ( پەیژە دروست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، درووست ئەکرێت ، جا لە بەر ئەوەی پلەیحەسانەوەی ئەم پەیژەیە پلەی ( رێ ) یە ، کەواتە ئەبێ پەیژە گەورەکەی پەیژەی ( فا ) ی ڕاست ، بێت کە هەرسێ هێمای نەوی کەرەوەی سی بیمۆڵ و می کاربیمۆڵ و لا کار بیمۆڵی بەر ئەکەوێ ، بۆیە ئەم پەیژەی ( بەیاتەی ) سەرپلە دەنگی شەشەمی هەمان سێ هێمای نەوی کەرەوەی بەر ئەکەوێ، لە رۆژ هەڵات دوو بەیاتی پێ ئەڵێن .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**نموونەی ڕیتمەکەی :**



٥- کەتانە و کەتانـــــــــــە :

نموونەی تێکستەکەی :

چەند بڵێم زیاتر جوانی          کیژی کوردستانی
ئەی وەی کەتانـــــــــــــە
شۆخ و میهرەبانـــــــی          چەند لە بەر دڵانی
ئەی وەی کەتانـــــــــــــە
کەتانەو کە تانە          بمرم کە تانـــــە

نۆتەکەی :

**Ketane u ketane**




سکێڵەکەی:

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە لە پێنج پلە دەنگی ( فا . سۆڵ . لا . سی بیمۆڵ . دۆ ) پێک دێت ، پلەی حەوانەوەی ، لە سەرپلەدەنگی ( فا ) یە ، جا گەر سەیری چوارینەی یەکەم بکەیین ئەبینین کە رەگەزی یەکەمی چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی ( عەجەم ) رۆژهەڵاتییە و لەسەرپلە دەنگی فا بۆیە تەنها یەک هێمای نەوی کەرەوەی سی بیمۆڵی بەر ئەکەوێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




نموونەی ڕیتمەکەی :



٦- باران بارانه :

نموونەی تێکستەکەی :

باران بارانه مەزرای کرد ڕەنگیـن
یار خودا حافیز بەدڵێکی غەمگین
یار خودا حافیز بەدڵێکی غەمگین
مردن لەبیرمی لەمــــــەو دواوە
پاڵدەدەم وە پاڵ قاپی خـــوداوە

نۆتەکەی :

**Baran barane**




سکێڵەکەی:

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە میانە دەنگیەکانی تەنها سێ پلەی دەنگی ( سۆڵ . لا . سی ) ین . تەنانەت چوارینەیەکیش تەواو ناکەن ، بەلاَم بەپێی ئەو میانانە دەرئەکەوێ کە ئەم ئاوازە لەسەر پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاَتی ( عەجەم ) بنیاتنراوە .

نموونەی سکێڵەکەی :




نموونەی ڕیتمەکەی :



## ٧- چارۆکە ســــوور :

## نموونەی تێکستەکەی :

چارۆکە سوور تۆبەبێ کۆڵوانە سوور تۆبەبـــێ
من ئەو یارەم خۆش ئەوێ فێری تاوڵەو هۆبەبێ

## نۆتەکەی :




## سکێڵەکەی:

ئەم ئاوازەش هەر وەکوو ئاوازی پێشوو ( باران بارانە ) هەمان بنەمای دارشتنیان هەیە ، بەواتای میانە دەنگیەکانی تەنانەت چوارینەیەکیش ( تتراکۆرد ) تاواو ناکات ، میانە دەنگییەکانی بریتین لە پلە دەنگییەکانی ( سۆڵ . لا . سی ) بەڵام باشترین ئەگەر بۆ دۆزینەوەی پەیژەکەی هەر پەیژەی یەکەمی رۆژهەڵاتی ناوەراست ( عەجەم ) ە . لەسەرپلە دەنگی سۆڵ ، بە واتای پەیژەی سۆلی عەجەم ، یان پەیژەی سۆلی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵات .

## نموونەی سکێڵەکەی :




## نموونەی ڕیتمەکەی :



### ٨– چارۆکه ســـــوور ٢ :

### نموونەی تێکستەکەی :

چارۆکه سوور تۆبەبـــــێ کۆڵوانه سوورگیان تۆبـه
من ئەو یارەم خۆش ئەوێ بۆم ببێته تاوڵەو هۆبـــه
هەی ماڵی بابم کاڵێ کەزیەت بەندی ڕەشماڵــــــێ
تۆبچۆ بابت ڕازی که داکت بۆ من هیچ ناڵــــــــێ

### نۆتەکەی :

**Charoke suur 2**




### سکێڵەکەی:

گەر سەیری ئەم ئاوازە بکەیین ئەبینین کە تێکستەکەی هەمان وشەکانی ئاوازی گۆرانییەکەی پێشووە ،بە لاّم ریتمەکەی لەسەرخۆتر و پەیژەکەشی گەلێ جیاوازتر لە ئاوازەکەی پێشتر . ئەبینین ئەمجارەیان خاوەنی ( 4 ) پلە دەنگی‌یە ، بەڵام بەمیانەدەنگی جیاواز ،کە پێک دێن لە : ( سۆڵ . لا سی بیمۆڵ . دۆ# ) . گەر سەیری ئەم چوارینەیە بکەیین ئەبینین کە ئەم چوارینەیە تەنها لە سەرپلەی چوارەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی هارمۆنی رۆژهەڵاتی ( عەجەم ) درووست ئەبێت ،کە پێی ئەوترێ پەیژەی هومایۆن ، لای رۆژئاواییەکان پێی ئەڵێن ، پەیژەی سیگان .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### نموونەی ڕیتمەکەی :



## ٩- چارۆکە هەولێری یە :

نموونەی تێکستەکەی :

لە دوری تۆیە ڕەش پۆشم      مەست و خومارو سەرخۆشم

بەماچێکت فەرامۆشم

چارۆکەت هەولێری یە      کۆڵوانەت هەولێری یە

ئەوا دەچمە سەر ڕێی مەڕێ      بۆخۆم دەچمە سەر ڕێی مەڕێ

یارم شەنگە بێرییە      دەڵێن ، ئەوڕۆ نۆبە خێری یە

نۆتەکەی :

### Charoke hewlyriye




سکێڵەکەی:

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ، ئەبینین کە لە میانە دەنگیەکانی ( سۆڵ . لا . سی . دۆ . رێ ) پێک هاتووە ،گەر لە پلە دەنگی کۆتا ( ئستیقرار ) وە چوارینەی یەکەم وەربگرین کە ئە کاتە پلە دەنگییەکانی ( سۆڵ . لا . سی . دۆ ) ئەبینین کە چوارینەیەکی گەورەیە ، بەڵام تام و چێژەکەی وە هەردوو پەیژەی گەورەی یەکەم و دووەمی ڕۆژهەڵاتی نییە ، و گەر درێژە بە پەیژەکە بدەیین ، ئەبیستیین کە پلەی سێ چارەکە دەنگی تیا ئەبێ ، بۆیە چاکترین ئەگەر ئەوەیە، کە بزانین ئەم پەیژەیە پەیژە درووس کراوی سەرپلەی چوارەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوڕاس ( ڕاست ) ە . کە لای ئەوروپییەکان نییە و لای میللەتانی ڕۆژ هەڵات پێی ئەڵێن پەیژەی چوارگا .

نموونەی سکێڵەکەی :




نموونەی ڕیتمەکەی :



### ١٠- باوانەکەی بابم :

### نموونەی تێکستەکەی :

باوانەکەی بابم هێزو هەناوم      لەدووری باڵات ڕەش بوو هەناوم

سەرتاپای بە زێڕ بـــــــێ      پڕ دەشتو باژێڕ بـــــــــــێ

هەموی خەندە لێو بـــــێ      هەر تۆم دەوێ تـــــــــــۆ

### نۆتەکەی :




### سکێڵەکەی:

پلەدەنگییەکانی ئەو ئاوازە بریتین لە ( رێ ، می کار بیمۆڵ ، فا ، سۆڵ ، لا ) .
گەر سەیری چوارینەی یەکەم بکەیین کە بریتییە لە ( رێ . می کار بیمۆڵ . فا ، سۆڵ ) ئەبینین کە چوارینەی یەکەمی پەیژە دروست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ( راست ) رۆژهەلاتییە ، بەڵام لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بەرز کراوە ، بۆیە نازناوی بەیاتی عەجەم تاهیری پێ ئەڵێن.

### نموونەی سکێڵەکەی :




### نموونەی ریتمەکەی:



**١١- بەلەرزانـــــــــە :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەی وەی بەلەرزانە خانـم بەلەرزانـــــــــە
گێل گێلەکەی تەوقی سەری پەخش و پەرێشانە

**نۆتەکەی :**

Belerzane




**سکێڵەکەی:**

ئەگەرسەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینین کە پێک دێت لە پلە دەنگییەکانی ( فا کار دێز . سۆڵ . لا . و بەشێوەیەکی کەمیش پلە دەنگیەکانی سی و دۆ ی سروشتی و ڕێ ی بەرئەکەوێ ) ، ئاشکراشە ئەگەر ئاوازێک لەسەرپلەدەنگییەکی سێ چارەکی بنیات بنرێ ، ئەوا ئەبێ پەیژە دروست کراوی سەرپلە دەنگی سێ یەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) بێت . کە پلە دەنگی سێ یەم و حەوتەمی سێ چارەکە دەنگیین و پێی ئەوترێ پەیژەی سێ گا ، بەڵام لە بەر ئەوەی پلەی حەوتەمی پەیژە ڕاستەکە کە پلەدەنگی پێنج هەمی پەیژە سێ گاکەئەکات، نیو چارەکەدەنگ نەوی کراوە بۆیە نازناوی سێ گای نەهاوەند یان موستەعار یان ئەوج بۆسلیک یان بەستەی ئەسفەهان وەرئەگرێ ، کە هەمویان هەر پەیژە دروست کراوی سەرپلە دەنگی سێ یەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**نموونەی ڕیتمەکەی :**



## ١٢- كیژان دەچنە مێرگۆڵان :

### نموونەی تێكستەكەی :

كیژان دەچنە مێرگۆڵان ئەی وەی مێرگینە تێكڕا دەچنن هـــــــەڵاڵان
عارەق لەو هەنییەی دەتكێ تك تك دێتە خوار تەڕدەكەن وردە خاڵان
كیژێ بێنە ماچت كەم دەبا ڕاتمووسم ئۆباڵ بەئەســــــــتۆی دەلاڵان
( چاوی خومار ونێرگز بۆچی نایە بی بینـــــــــــــــــــم )

### نۆتەكەی :

**Kijan dechne meyrgolan**




### سكێڵەكەی:

پلەدەنگییەكانی ئەو ئاوازە بریتین لە ( ڕێ ، می كار بیمۆڵ ، فا ، سۆڵ ، لا ) . گەر سەیری چوارینەی یەكەم بكەیین كە بریتییە لە ( ڕێ . می كار بیمۆڵ . فا ، سۆڵ ) ئەبینین كە چوارینەی یەكەمی پەیژە دروست كراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ( ڕاست ) ڕۆژهەڵاتییە ، بەڵام لە بەر ئەوەی پلەی یەكەمی چوارینەی دووەمی چارەكە پلەیەك بەرز كراوە ، بۆیە نازناوی بەیاتی نەهاوەند یان نەوا یان بەیاتی كورد یان كنزاز یان بەیاتی عەجەم یان شاورگ یان بەیاتی چوارگا یان عەرزباری پێ ئەڵێن ، كە هەمویان هەر هەمان پەیژەی بچوكن بەتۆزێ دەسكاری لە چوارینەی دوەمیاندا .

### نموونەی سكێڵەكەی :




### نموونەی ڕیتمەكەی :



١٣- وەرگەڕێ :

نموونەی تێکستەکەی :

عاشقان دێن لە دوور ڕا دیارن     ڕەنگیان زەردو لێو بە بارن
مەنعیان مەکەن ساحێب یـارن     بەدەردی دڵ گرفـــــــتارن
وەرگەڕێ باڵات بابیبـــــــنم     بادەرچێ گیانی شیریـــــنم

نۆتەکەی:




سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی ئەو ئاوازە لە نێوان پلەکانی ( ڕێ ، می ، فا کاردێز . سۆڵ . لا ، سی ) دان . چوارینەی یەکەمی گۆرانییەکە چوارینەی پەیژەی ڕاستە ،ناوەخنی ئاوازەکە گۆڕانکاری پەیژەیی تیایە ، پێویست بە باس کردن ناکات.

نموونەی سکێڵەکەی :




نموونەی ڕیتمەکەی :



### ١٤- بووک مریەم :

### نموونەی تێکستەکەی :

تەیری بێ دان و ئـــــــــــاوم — پەروانەی باڵ شـــــــکاوم
لەوڕۆژەی لێت براوم گیانــــــــە — ڕەش بوو جەرگ و هەناوم
دەردت لە من بووک مــــــــریەم — ئەتۆ گوارەی ئەمن گـــوێم
وەک مەجنونم لێ هاتووە جوانێ — کوشتەی دووچاوی لەیلێم

### نۆتەکەی :

**Buk mryem**




### سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی ئەم پەیژەیە بریتین لە ( لا ، سی بیمۆڵ ، دۆ# ، لە پلە بەرزەکانیداو ، می ، فای سروشتی سۆڵ# ،لە پلە نزمەکانیدا ) ئاشکرایە لەسەرپلەی شەشەمی پەیژەی یەکەمی رۆژهەلاتی ( ماجۆر یان گەورە یان عەجەم ) ی هارمۆنی کە پلەی شەشەمی نیوو پلە دەنگی نزم ئەکرێت ، جەند جۆرێک پەیژەی لاوەکی درووست ئەکرێت ،یەکێک لەوانە کە پێی ئەڵێن پەیژەی حیجاز کار یان شاناز . هەرچەندە گۆرانییەکە لەپلەی شەشەمی ئەم پەیژە لاوەکیە دا کۆتایی پێدێت ، بەلاَم لەم فۆرمە مۆسیقاییانەدا ، مەرج نییە ئاوازە کە بەپلەی بنکە دەست پێ بکاو کۆتایی پێ بێت . بڕوانە جۆری سکێڵەکەی .

### سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



١٥- كەويـــــــــار :

**نموونەی تێکستەکەی :**

کەویار ئەی کەو یار  کەویاری خۆمی
پێرەزی شاخان کەنیرەی چۆمـــــــی

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگییەکانی ئەم ئاوازە لەنێوان پلەدەنگی ( سۆڵ . لا . سی کار بیمۆڵ . دۆ ) دایە ئەم چوارینە دەنگیەش تەنها لە چوارینەی یەکەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی دایە بۆیە بێ شک ئەتوانین بڵێین کە ئەم ئاوازە لە سەر پەیژەی ( سۆڵ ) ی ڕاست دروست کراوە . هەرچەندە هەمان ئاواز بە چۆرە پەیژەیەکی تریش وتراوە بەڵام لە ناو خەڵک دا زۆر باو نییە .

**سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



١٦ – ڕاستەی خیابـــــــان :

نموونەی تێکستەکەی :

ئەری ڕاستەی خیابان ئەی هاوار باخچەی میللەتی
مەڕۆ موبارەکت بێ کراسی جینی شیرکـــــــــــەتی
ئەرێ هەر لە تۆ جوانە خانم گیان چەند بەقیمەتی
لای لای لای لای کەوی گەردن بەخاڵـــــــــــــــی
وای وای وای وای هەردەڵێی هەڵوژەی کاڵـــــــــی

نۆتەکەی :

**Rastey xyaban**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( دۆ . ڕێ . میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا )) . چوارینەی یەکەمی بریتی یەلە(( دۆ . ڕێ . میکاربیمۆڵ . فا )) کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( ڕاست )) ە .




ریتمەکەی :



## ١٧- ئەی بەناز :

**تێکستەکەی :**

هەڵم بگرن لەنگەر لەنگــەر    بم بەن بۆ ماڵی بە نۆکەر

شینم بۆ بکەن شەدە بەسەر    ئای بە ناز بەناز بە نــاز

چاو جوان گیان مەمکوژە بەناز

**نۆتەکەی :**

# Ai benaz




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگییەکانی ئەو ئاوازە لە نێوان دەنگەکانی ( سۆڵ . لا . سی . دۆ . رێ . می ) دان گەر چوارینەی یەکەم وەربگرین ( سۆڵ . لا . سی . دۆ ) ئەبینین کە چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی رۆژهەڵاتییە و لە سەرپلە دەنگی سۆڵ بنیات نراوە ،ئەم پەیژەیەش تەنها بلند کەری فا# ی تیادەبێ و لە رۆژهەڵات پێی ئەڵێن پەیژەی ( عەجەم ) وشەی عەجەم مانای ئەو کەس و کۆمەڵانەی کە عەرەب نین ئەگەیەنێ .

**سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



١٨ – نام دوێنی بۆچیم نادوێنی :

**نموونەی تێکستەکەی :**

نام دوێنی بۆچ نام دوێنی          بۆچ لێم زیز بویت نام دوێنی
ئەگەر بێ و بم دوێنـــــــی          سەر ئەدەم لە مزگێــــــــــنی

**نۆتەکەی :**

# Nam duyni




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگی یەکانی ئەو ئاوازە پێک دێن لە ( ڕێ . می . فا# . سۆڵ . لا . سی . دۆ ناتورال ) ، چوارینەی یەکەمی ئەم گۆرانییە تەواوی چوارینەی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی یە ،کە پێک دێت لە ( میانەیەک – میانەیەک – نیومیانە – میانەیەک ) کە لێرەدا بریتین لە ( ڕێ 1 . می 1 . ف# ½ . سۆل ) ، بە لام گەر بچینە چوارینەی دووەم ئەبینین کە پلەی حەوتەمی ئەم پەیژەیە نیوپلە نزم کراوە کەدەنگی ( دۆ ) ی سروشتی ئەکات بۆیە ئەو پەیژەیە پێی ئەڵێن پەیژەی گەورەی نەهاوەند ، یان بەتایبەتی پەیژەی گەورەی دڵدار ی پێ ئەڵێن، کە هەردەم پلەی حەوتەمی نیو پلە دەنگی نزم ترە لە پەیژەی گەورەی ئاسایی ( سروشتی ) ، زیاتر ئەم پەیژەیە لە کوردستان باوە .

**سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



١٩– وامەکـــــــــە :

نمونەی تێکستەکەی :

وامەکە و وامەکە و وامەکە .. دایکم دیارەو ئابڕوم چوو

دەوەرە دوەرە تێکەڵبین بۆ تۆ ئاورم تیَ بەر بـــــــــوو

رەحمی خێرت بیَ لێو ئاڵ ئەو دڵەم بۆ تۆ بووە عەوداڵ

قەدت لە بۆ کەمەرە ، باسکت جوانن بۆ خڕخــــــــــاڵ

نۆتەکەی :

**Wameke**




سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( می ، فا ی سروشتی ، سۆڵ# ، لا ، سی ) ، بۆیە بەوپەیژە لاوەکییە ئەچیَ کە لە سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورە( عەجەم ) ی رۆژهەلاَتی بنیات ئەنریَ ، بەلاَم لە بەر ئەوەی چوارینەی دووەمی تەنها یەک پلە دەنگی یە بۆیە ئەتوانریَ ئەگەری چەند جۆرێک لەو پەیژەیە کەلە رۆژهەلاَت بەکار ئەبریَ ناوی لیَ بنێین بەلاَم ئە بۆکاتی گەشەدان بە ئاوازەکەیە . بۆ نموونە :

١– ا– گەر هەردوو چوارینە کە بەم جۆرەبیَ (( می . فای سروشتی . سۆڵ# . لا *_ سی . دۆی سروشتی . ریَ . می )) ئەوا بەناوی پەیژەی حیجازنەهاوەند یان حیجاززمزمە ناو ئەبرێت .

ب– گەر هەردووچوارینە کەی بەم جۆرە بێت ((می . فای سروشتی . سۆڵ# . لا *_ سی . دۆی # . ریَ . می )) ئەوا بە ناوی پەیژەی حیجاز عەجەم یان زنجران ناوئەبرێت .

سکێڵەکەی : ( ١ )



٢– ا– گەر هەردوو چوارینە کە بەم جۆرەبێ (( می . فای سروشتی . سۆڵ# . لا *_ سی بیمۆڵ . دۆ# . رێ . می )) ئەوا بەناوی پەیژەی دووحیجاز ناو ئەبرێت .

ب– گەر هەردووچوارینە کەی بەم جۆرە بێت ((می . فای سروشتی . سۆڵ# . لا *_ سی . دۆی سروشتی . رێ# . می )) ئەوا بە ناوی پەیژەی حیجاز کار یان شاناز ناوئەبرێت .

**سکێڵەکەی : ( ٢ )**




**ریتمەکەی :**




**تێبینی :**

حەسەن زیرەک لەبەر بلیمەتی خۆی و ئەو زۆر گێڕانی ئاهەنگ و شایی و داوەتانەی کەکردویەتی پێویستی بەوە بووە کە هەردەم ئاوازی نوێ و لە بار بۆ جۆری ئەو ئاهەنگە هەڵبژێرێ ، بۆیە ئەوەی من ڕەچاوم کردووە لەم هونەرمەندە ستران بێژە نەمرەدا ئەوەیە کە زۆر جار یەک جۆر ئاوازی بەچەند پەیژەیەکی مۆسیقایی جۆر بەجۆر وتووە ،بۆنموونە ئەو کۆنسێرتانەی لە ڕادیۆی بەغداد بەشی کوردی کردویەتی بەهۆێ ئەوەی کە مۆسیقا ژەنەکان زۆربەیان کورد نەبوون ، ئەو مەجبوور بووە بەپێی خواست ئەوان هەڵسو کەوت لەگەڵ ئاوازەکەدا بکات ، هەرچەندە چەندین ئاواز کە لە ڕادیۆی کرماشان کردویەتی زۆرجیاوازترە لە ڕادیۆی بەغداد ، ئەویش لە بەر ئەوەی لەو ساتانەی کە کۆنسێرت یان تۆماری سترانی لە ڕادیۆی کرماشان کردووە ،زۆر لەمۆسیقاژەنە بلیمەتەکانی کورد بۆنمونە کەمانچەژەنی بلیمەتی کورد ( موشتەبای میرزادە ) ڕۆلێکی گرنگیان لە سەر جۆری دەربڕینی دەنگی زیرەک هەبووە، دیسان ئەو داوەت و شاییانەی کە لە شاری سلێمانی لە گەڵ زووڕناژەنی بلیمەت حەسەنی حاجی قاسم ( حەسەنی سەید زادە ) کە وەکوو ئەڵێن بەڕەچەڵەک کوردی ناوچەی ئازەربایجان بووە لە بەر ئەوەی دەربڕینەکەی ئەو زوڕناو باڵەبان ژەنە زۆر کوردییانە بووە بۆیە زیرەکیش جێ پەنجەی ئەوی هەڵگرتووەو بە ئاستی ئەو ئاوازەکەی کوردیانە چڕیوە، بلیمەتییەکی تری زیرەک ئەوەبووە ، ئەوەندە بەمۆرکی کوردەواری ئاشنا بووە کە توانیویەتی چەندین ئاوازی بیانی یان دراوسێ بەجۆرێ بچڕێ و مۆرکی کوردییان بەبەردا بکات، جگە لەهەندێکەسی شارەزای بوارەکە ، کەسی تر نەیزانیوە کە ئەوئاوازە کوردی نییە .

**٢٠– ئامینێ سوورەگوڵ :**

**نمونەی تێکستەکەی :**

ئامینێم سووره گوڵ تۆ بەلەنجەو لاری
بەرەنگ بەگ زادەی دەشتی هەوشـاری
عالەم دەیزانێ لە گولەی خەســـــاری

**نۆتەکەی :**

**Aminym suregul**




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگییەکانی ئەو ئاوازە پێک دێت لە ( ڕێ . می کاربیمۆڵ . فا . سۆڵ ) کە تەنها لە نێوان یەک چوارینەی مۆسیقایدایە ، بۆیە بێ شک ئەتوانین بڵێین کە پەیژەدروست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتییە . کە ناز ناوی بەیات لە خۆئەگرێ ، جا بۆیە ناتوانین بچینە وردەکارییەکانی ، لەبەر ئەوەی مەودای ئاوازەکە هەر یەک چوارینەیە ، بەڵام گەر مۆسیقا زانێ بیەوێت گەشەی پێ بکات ئەوا بەپێ بۆچوون و لێزانینی خۆی ئەتوانێ کاری لەسەر بکاو بەپێ ویستی خۆی جۆرێک لە جۆرەکانی چوارینەی دووەمی بۆ هەڵبژێرێ لەو ساتەدا وبەپێی ئەو کارکردنە ناوی پەیژەو جۆرەکەی ئاشکراتر ئەبێت .بەم جۆرانە :

١– پەیژەی دووبەیات یان حسەینی حوشەیران ( بەبێ هیچ دەسکاری کردنی پلە دەنگییەکانی هەردوو چوارینەکە ) .

سکێلەکەی :




٢– پەیژەی بەیاتی ڕاست یان بەیاتی موحەییەر یان حسەینی یان بەیاتی سێگا یان عوشاقی تورکی :میانەی هەردووچوارینەکە وەکویەک بن ، بەواتای پلەی یەکەم و دووەمی چوارینەی دووەم چارەکە پلەیەک بڵند بکرێـــــــت .

سکێڵەکەی:



٣–پەیژەی بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا ،یان بەیاتی کورد یان کنزاز دیسان بەیاتی عەجەم یان شاورگ ، یان بەیاتی چوارگا یان عەرزبار ، پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکە پلەیەک بڵند بکرێت .
سکێڵەکەی :




٤–پەیژەی بەیاتی عەجەم یان تاهیر ، یان بەیاتی نەهاوەند یان وجهة عرزبار یان نهافت . پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکەپلەیەک بڵند بکرێت و پلەی دووەمی چوارینەی دووەم نیووپلە بڵند بکرێت .
سکێڵەکەی :




٥– بەیاتی کورد یان کوردانییە ،پلەی یەکەمی جواریلەی دووەم نیوپلە دەنگی نەوی بکرێت .
سکێڵەکەی :




٦–پەیژەی بەیاتی حیجاز یان شوری یان بەیاتی شوری یان قارچغار یان بەیاتی نگریز یان دڵ ئاور : پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکەپلەیەک نەوی بکرێت و پلەی دووەمی چوارینەی دووم نیووپلە بڵند بکرێت :
سکێڵەکەی :




٧– پەیژەی بەیاتی نگریز یان زێرفەکەند یان زفرەتێن یان سبهەر ؛ پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکە پلەیەک بڵند بکرێت و پلەی سێیەمی چوارینەی دووم نیووپلە بڵند بکرێت .
سکێڵەکەی :



٨– پەیژەی بەیاتی سەبا یان شەوقی تەرەبی دووەم : تەنها پلەی سێیەمی چوارینەی دووەم نیو پلە دەنگی بڵند بکرێت .
سکێڵەکەی :




٩– پەیژەی حیجاز غەریب یان مسحیین ؛ پلەی دووەمی چوارینەی دووەم نیووپلە بڵند بکرێت :
سکێڵەکەی :




١٠– پەیژەی بەیاتی عەجەم یان دڵدار ؛ پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم چارەکە پلەیەک بڵند بکرێت و پلەکانی دووەم و سێ یەمی چوارینەی دووم هەریەکەو نیووپلە بڵند بکرێن ؛
سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



تێبینی:
من لێرەدا زۆربەی جۆرەکانی پەیژەی بەیاتم نوسیوە(( هەرچەندە زۆرو بۆریە)) تەنها لەبەرئەوەی خوێنەر زیاتر ئاشنابێت بەجۆرەکانی پەیژەی بەیات.

٢١- دەچمە سەر ناڵەشکێنە :

نموونەی تێکستەکەی :

دەچمە سەر ناڵەشکێنە      بەرامبەر بە بۆکـــــانێ
یاری من هەر نەجیـبە      باریکەو نەشمیلانـــــێ

نۆتەکەی :

## Naleshkyne




سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی ئەوئاوازە پێک دێت لە میانەیەکی سیانی گەورە ( سۆڵ . لا . سی ) ئەم میانەیەش لە چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( عەجەم ) دا بەدی ئەکرێ :

سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :

## Rytm 6-4






## ٢٢– ئەرێ نـــــــاز :

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەوشەو شەو زستانە شەو زســــــــــــتانە
بەفران لە کۆڵانە لەکۆڵانـــــــــــــــــــــە
یاری من زۆر جوانە، زۆر زۆر جوانـــــــــە
ئەرێ ناز وەی ناز خانم نازمەکـــــــــــــە
ئەرێ بگرە سێوەکەت  هاوار بانگەوازمەکـــــە

**نۆتەکەی :**

# Ary naz




**سکێڵەکەی:**

میانەکانی ئەو ئاوازە لە نێوان پلە دەنگییەکانی ( سۆڵ . لا  . سی کاربیمۆڵ . دۆ . رێ ) دان ، بەڵام هەست ئەکرێت کە ئەم ئاوازە لەسەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) بنیات نرابێ،کە پەیژەی بەیات ی پێ ئەڵێن واتا چوارینەی یەکەمی بریتییە لە ( لا . سی کار بیمۆڵ . دۆ . ڕێ ) لەبەر ئەوەی چوارینەی دووەمی دیاری نەکراوە ئێمە تەنها وەک پەیژەی بچوکی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی رۆژهەڵاتی هەژماری ئەکەیین .

**سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



### ٢٣- بەرهەڵبێنە :

**نموونەی تێکستەکەی :**

بەرهەڵبێنەکەی شینـــــە            خۆی شیرین وەک هەنگوینە

بۆمن گوڵیباغی ژینە

دەنا لێی دە بەرهەڵبێنە            وەرە لێی دە بەرهەڵبێـــــنە

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگییەکانی ئەم ئاوازە بریتین لە ؛ ( سۆل .لا . سی . دۆ . ڕێ . می بیمۆڵ ) . چوارینەی یەکەمی بریتییە لە جواریلەی یەکەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەلاتی ( عەجەم ) بەلام پەی یەکەمی چوارینەی دووم نیوو پلە دەنگی نزم کراوەتەوە ، کە بەتەواوی پەیژەی یەکەمی گەورەی هارمۆنییە . لە رۆژ هەلات پەیژەی عەجەم حیجاز یان شەوقی ئەفزا ی پێ ئەلێن .

**نموونەیسکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





ASO

## ٢٤- جوانی جوانـــــــــی :

نموونەی تێکستەکەی : جوانی جوانی ، جوانی جوانی.. زۆر جوانی
ئاسکی شاخ و کارمامزی کویستانـــــــــی
عاشقان دێن لەدوور دیارن ، لە دوور دیارن
ڕەنگیان زەردو لێو بەبارن ، لێو بەبارن
مەنعیان مەکەن ساحێب یارن ساحێب یارن
بەدەردی دڵ گرفتارن...............گرفتارن

نۆتەکەی :

**jwani jwani**




سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( دۆ . ڕێ . می کار بیمۆڵ . فا . سۆڵ ) بەڵام کۆتایی ئاوازەکە لە سەرپلە دەنگی ڕێ یە ،هەرچەندە ئەمە مەرجیش نییە ،بەڵام سۆزی ئاوازەکە وائەگەیەنێ کە ئاوازەکە لەسەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) بنیات نرابێ ، بە واتای گەر پەیژە بچووکەکە ( ماینەر یان بەیاتەکە ) لە سەرپلە دەنگی ڕێ بنیات نرابێ ئەوا پەیژەگەورەکەی ئەکاتە پەیژەی (فا) ی گەورەی ڕاست .

تێبینی : بۆ گۆرانی ژمارە (20 ) (( لاپەڕە 118 )) ئامینێ سورە گوڵ شیکردنەوەیەکی دورودرێژم کردووە بۆیە پێویست ناکا دووبارە باسی بکەمەوە تەنها سکێلەکەی ئەنوسم .

پەیژەی دووبەیات یان حسەینی عوشەیران ( بەبێ هیچ دەسکاری کردنی پلە دەنگییەکانی هەردوو چوارینەکە ) .

نموونەیسکێلەکەی :




ڕیتمەکەی :



## ٢٥- نووری ڕوخســـــــــارت :

**نموونەی تێکستەکەی :**

نووری ڕوخسارت وەدەرخە دەردی بێ دەرمانە شـــــــەو
زوڵمەتی زوڵفت لەسەر ڕوو تاڵە ڕۆژ میوانە شــــــەو
دوێ شوکر مەردانە من ڕێم بردە ناو زوڵفی سیــــــــات
تابزانن ئەهلی موڵکی دڵ قەڵای مێردانە شـــــــــەو
هەر لە مەغریب تابەیانی بێ وچان دێم و دەچـــــــــم
هەر لە دووی خورشیدی خاوەر وێڵ و سەر گەردانە شەو

**نۆتەکەی :**

### Nuri ruxsart




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( فا . سۆڵ ، لا ، سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ ) ، چوارینەی یەکەمی ( فا ، سۆڵ . لا ، سی بیمۆڵ ) چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی ( عەجەم ) ە .




**ڕیتمەکەی :**



٢٦- ئامینێ و ئامین :

نموونەی تێکستەکەی :

ئامینێ و ئامین ئای دەردم تاو تـــــــــاوە
شەو لە نالەی من ئای سیروان بێ ئـــــاوە
ئەوا مان گ هەڵهات ئای دای لە ناو هۆبە
ماچ کردن خۆشە ئای نۆبە بە نـــــــــۆبە

نۆتەکەی :

## Aminy u amin




سکێڵەکەی:

پلە دەنگی یەکانی ئاوازەکە بریتیە لە ( می کار بیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا سی بیمۆڵ) ،بە واتای تەنها چوارینەیەک و یەک پلە دەنگی یە ، کە ئەشێ پەیژە دروستکراوی سەرپلەی سێ یەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی بێ . کە پێی ئەڵێن سێگا . بابزانین گەر ڕۆژێ لە ڕۆژان مۆسیقا دانەرێک ویستی گەشە بەم ئاوازە بدات چەند ئەگری بەدەستەوەیە گەر بیەوێ تەنها لەم پەیژەیەدا بمێنێتەوە .

١- پەیژەی سێگا یان یان سێگا مایە یان فەرحناک یان ئەوشار .




٢- سێگای نەهاوەند .

لەبەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دوەمی پێدەچێ چارەکە پلەیەک نەوی کرابێ بۆیە لەم جۆرە پەیژەوە نزیکترە تا ئەوەی پێشوو.



## ٢٧- لۆرکـــــێ و لۆرکـــــــێ :

**نموونەی تێکستەکەی :**

لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ و لۆرکێ خاتونەی لۆرکێ
خۆ ناوێرم ماچی بکەم دەست نوێژم ئەشـــــــــــکێ
گۆزەی هەڵگرت بۆ گوێی ڕوبار خاتونێم لۆرکـــــێ
ئەمنی کوشت شۆخی مەزەدار خاتونێم لۆرکـــــــێ

**نۆتەکەی :**

**Lorky u Lorky**




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگیەکانی بەشی گۆرانی ئەم ئاوازە بریتیە تەنها لە ( لا . سی کار بیمۆڵ . دۆ کار دێز ) کە مەبەستی ئێمەیە . کە لە زۆر بەی شوێن پلەی چوارەمی ( دۆ# ) نە ک دۆ کار دێز . بەڵام خوانندەکانی کوردستانی خۆرهەڵات ، بە دۆکاردێز ئەیچڕن . بەگشت ئاوازەکە دا بۆمان دەر ئەکەوێ کە پەیژەی ئەم ئاوازە پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی( ڕاست ) ە، لە بەر ئەوەی پلەی دووهەمی چوارینەی دووەمی  نیو پلەی دەنگی نزم ئەکرێت و لە سەرکەوتنیشدا پلەی سێهەمی چارەکە پلەیەک نەوی ئەکرێت ، بۆیە نازناوی پەیژەی ڕاست حیجاز یان سۆزناک وەرئەگرێ  .

**سکێڵەکەی :**

Rast hicaz - Soznak



**ڕیتمەکەی :**

**Suari**



## ٢٨- لێم زیز بووە :

**نموونەی تێکستەکەی :**

بەکراسی کرێشـــــــــــە      کوشتمی خستنیە کێشـــــــە

کراسێکی لە بەردایـــــــە      تەنکە وەک پەڕی مێشـــــــە

لێم زیز بووە چاو کەژاڵم      زوڵف شۆڕو گەردن بە خاڵم

کابرا بەحەیرانت بـــــــێ      بریندارم برینـــــــــــــدار

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگیەکانی ئەم ئاوازە بریتین لە ( ڕێ . می کار بیمۆڵ ، فا ، سۆڵ ، لا ، سی بیمۆڵ، دۆ ، ڕێ ) بە واتای یەک پەیژەی تەواو ، چوارینەی یەکەمی ،پەیژەی بەیاتی دروست کراوی سەرپلەدەنگی فا یە ، بۆیە بەئاسانی ئەتوانین بڵێین کە پەیژەی بەیاتی عەجەم یان تاهیر لە سەرپلە دەنگی ( ڕێ ) .

**سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**٢٩- ئامینێ گیان :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئامینێ گیان گوارەکانت مەلەرزێنە
سوک برۆ کەوشەکانت مەچەسپێنە
دەم بزوێنێ دەت بزوێنـــــــــــم
نەمرم لەو بەندەت دەردێنـــــــــم

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگیەکانی ئەو ئاوازە بریتین لە ( فا . سۆڵ . لا . سی بیمۆڵ . دۆ ) . چوارینەی یەکەمی کە بریتییە لە ( سۆڵ . لا . سی بیمۆڵ . دۆ ) ، چوارینەی یەکەمی پەیژەی نەهاوەندی پەیژە دروست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی ( عەجەم ) و کە لەسەرپلە دەنگی سی بیمۆڵ بنیات نرابی ، ئەم پەیژەیەش لە ڕۆژ هەلات پێی ئەوترێ ( نەهاوەند کورد یان نەهاوەندی تورک یان فەرەح فەزا ) لە بەر ئەوەی پەیژەی مایەنەری سروشتییەو هیچ دەسکاری پلە دەنگییەکانی نەکراوە .

**سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**٣٠- عەمرەکەم وەی چاوەکەم :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەرێ ئێوارە تەگبیر ئەی‌هاوار سبحەینێ سەفــــەر
هاوار خۆ من نەخۆشم بەوەڵلا بۆتۆ ڕەش ئەسمەر
عەمرەکەم وەی چاوەکەم تەگبیرەو بۆتۆی ئەکــەم
ئەگەر بۆخۆت ڕازی بیت لەو بەندەت ڕزگار ئەکەم

**نۆتەکەی :**

**Amrekem wey chawekem**




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگی یە کانی ئەم ئاوازە بریتی یە لە ( لا ، سی بیمۆل ، دۆ# ، ڕێ ) بەواتای چوارینەیەکە ،ئەم چوارینەیەش لە سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی گەورەی هارمۆنی ( عەجەم ) دروست ئەبێ . کە لای رۆژهەڵاتییەکان پێی ئەوترێ پەیژەی حیجاز عەجەم .

**سکێڵەکەی :**

Hijaz acem- Zncran




**ڕیتمەکەی :**

**Rytm 3-8**



### ٣١- لەسیلەی قەبران :

### نموونەی تێکستەکەی :

لە سیلەی قەبران هـاوارە
حاکم بمدا لە سێـــــدارە
من نانێم مەیلی ئەو یارە

### نۆتەکەی :

## Le siley qebran




### سکێلەکەی:

پلە دەنگییەکانی ئەو ئاوازە بریتییە لە ( سۆڵ . لا . سی کار بیمۆل . دۆ . ڕێ ) جواریلەی یەکە می بریتییە لە ، سۆل . لا . سی کار بیمۆل . دۆ . ئەم چوارینەیە مان لە پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی ( ڕاست ) دەست ئەکەوێ ، کە ئێستا لە سەرپلە دەنگی سۆل بنیات نراوە . بۆیە پەیژەی ئەم ئاوازە ، دەشێ بڵێن پەیژەی ڕاستی سۆڵ ە .

### سکێلەکەی :




### ڕیتمەکەی :



٣٢- جەمیـــــــــلە :

نموونەی تێکستەکەی :

جەمیلەی عەشقی سەفەر منم منم
دەردەدار لە تۆ بەدەر منم منـــم
چاو بازی ئەبـــــــــــرۆ کەوان
بۆ تۆ نەمام بێ ئیـــــــــــمان

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی ئەم ئاوازە پێک دێن لە ( سۆڵ . لا . سی کار بیمۆڵ . دۆ . ڕێ ) . چوارینەی یەکەمی ، پەیژەی ڕاست ە ، کە لە سەرپلە دەنگی سۆڵ ، بنیات نراوە . هەر چەندە ئەم ئاوازە وەکوو هەست و چێژ وەرگرتن ، وادەزانرێ لە سەرپلە دەنگی سێ یەمی پەیژەی ڕاست ( سێگا ) بنیات نرابێ .

سکێڵەکەی :




ریتمەکەی :



٣٣- خۆم بمە قوربان :

نموونەی تێکستەکەی :

خۆم بمە قوربان سوخمەی کۆڵـــــی
وەک مێخەک بەن دەروا بۆنـــــــی
هاتووم بزانم تۆ چۆنـــــــــی
تۆ وەنەوشەی ئەوەڵ بەهـــــاری

نۆتەکەی :

## Suxmey Koli




سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانیبریتین لە ( لا . سی کار بیمۆڵ . دۆ . رێ . می ) . چوارینەی یەکەمی چوارینەی بەیاتە ،واتا لەسەرپلەی شەشەمی ڕاست . بابزانین کام بەیات . کە پلەیچوارەم بۆ پێنجەمی پلەیەکی تەواو بێت .

سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :

## Rytm 6-4





## ناسری ڕەزازی ١٩٥٥– سنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

## جەند ئاوازو گۆرانییەک :

### ١–نازەنین :

### نموونەی تێکستەکەی :

توخوا پێم بڵێ نازەنین توخوا چیت لە من دیـــــوە
لە بەر چی ئەڕۆی خوێن شیرین بۆچی دڵت گۆڕیوە
لە سەر چی لە سەر چی لە سەر چی تـــــــۆراوی
لە سەر چی لە سەر چی گیانە بۆچی گــــــۆڕاوی

### نۆتەکەی :

**Nazenin**




### سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی ئەو ئاوازە پێک دێت لە (( سۆڵ . لا کاربیمۆڵ . سی بیمۆڵ . دۆ ) بەواتای بەتەواوی چوارینەی پەیژەی بچووکی ( بەیات ) دروستکراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) ، چوارینەی دووەم دەستنیشانی جۆری بەیاتەکە ئەکات .

### سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



٢-خان باجـــــی .

نموونەی تێکستەکە :

قەسەم بەوەی یاری جوانە خان باجـــــــــــی
لەنێو جەحێلان سوڵتانەخان بـــاجـــــــــــی
خان باجی وەی وەی خان باجی مەڕۆ گوڵ باجی
هانێ خەنجەر گەردەمکوژی خان باجـــــــــــی

نۆتەکەی :

Xan baci




سکێڵەکەی:

پلە دەنگییە کانی بریتین لە : فا# . سۆڵ . لا . سی بیمۆڵ . دۆ . بەڵام پلەی حەوانەوەی لە سەرپلەدەنگی سۆڵ ە . چوارینەی یەکەمی بریتییە لە ( سۆڵ . لا . سیبیمۆڵ . دۆ ) کە چوارینەی یەکەمی پەیژەی بچووکی درووست کراوی سەرپلەی شەشەم ( نەهاوەند ) ی پەیژەی یە کەمی گەورەی رۆژهەڵاتی ( عەجەم ) ە . لە بەر ئەوەی پلە دەنگی حەوتەمی ( فا# ) نیوو پلە دەنگی بەرزکراوەتەوە بۆیە پەیژە بچووکەکە پەیژەی هارمۆنییە . لە ڕۆژ هەڵات پێی ئەڵێن ( نەهاوەندی گەورە یان نەهاوەندی حیجاز یان سوڵتانی یەک گا ) .

سکێڵەکەی :




ریتمەکەی :



**٣- ئامینێ و لەیلێ :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**ئامینێ و لەیلێ شەڕیانە لە سەر چەپکێ ڕەیحانە**
**دەی بابڕۆیین مەلای بێنین بزانین خەتای کامیانە**

**نۆتەکەی :**

Aminê u leylê




**سکێڵەکەی:**

**پلە دەنگییەکانی ئەم ئاوازە بریتین لە ( سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ . ) بۆ هەندێ جوانکاری پلە دەنگی ( فا ) ی تیادایە . بەپێی جۆری ئاوازەکەو گوێ گرتن لێی دەرئەکەوێ کە ئەم ئاوازە لە خانەی پەیژەی یەکەمی گەورەی رۆژهەڵاتی ( عەجەم ) دابێت .**

**سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





## ٤- لانكۆڵەكەی :

## نموونەی تێكستەكەی :

لانكۆڵەكەی لە هانارە وەرە وەرە لانـــــكێ
كەتانكەكەی لە تەژمارە دولبەرەی دایـــــكێ
بەرخی من زۆر مەزەدارە وەرە وەرە لانـــــكێ
لانكۆڵەكەی دار هانارە دار هانارە دارهانارە
وەرە وەرە لانـــــــــــــــــــــــــــكێ

## نۆتەكەی :

### Lankolekey




## سكێڵەكەی:

پلە دەنگییەكانی ئەم ئاوازە پێک دێن لە : ( لا كار بیمۆڵ . سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ )، بەڵام پلەی حەوانەوەكەی پلە دەنگی سی بیمۆڵ ،ه ، بەپێ هەستكردنو گوێ گرتن دەرئەكەوێ ئەم پەیژەیە پەیژە دروستكراوی سەرپلەی چوارەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) بێت . كەپێی ئەوترێ ( چوارگا ) .

## سكێڵەكەی :




## ڕیتمەكەی :

### Rytm 6-8



## ٥-جار جارە :

## نموونەی تێکستەکەی :

هەرچەند ئەکەم خەیاڵە ئەودڵە پەستەم ناسـرەوێ
گرۆی گرتووە وەک منداڵە هەر دەڵێ یـــــارم دەوێ
شەوێ تارۆژێ لێی دەن لەهەرکوێ بێ دەیــــــەوێ
جار جارە دیدەم زارا بەم ئێوارە شەدەی لارەگوڕەی ، ، لێ گرتووم زارا
دەڵێ لەگەڵت نایەم بۆم نەکرێت گوڵ وگـــــــوارە

## نۆتەکەی :

**Jar jare**




## سکێڵەکەی:

ئەم پەیژەیە لەسەرپلەدەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورە( لا ماجۆرهارمۆنی ) کە پێی ئەڵێن حیجاز نەهاوەند بنیاد نراوە .

## سکێڵەکەی :




## ریتمەکەی :



### ٦- یالا مسافیر یالا :

**نموونەی تێکستەکەی :**

یالا مسافیر یالا ماشێن دەچیە کەڵپەڕێ
لە قاقای شەنگە بێری دەچین بۆ بانەو مەڕێ
یارم لە نێو ماشینە حەتمەن لە دوم دەگەڕێ
دۆعای خێرکەن خودایە ماشین مان وەرنەگەڕێ
شادییە زەماوەندە شایی کوردان دەگەڕێ
ماڵم وێران بێ مردم لە بۆ سەفەرێ کردم
ماڵی ئەو کچە چەند دوور بوو بەخێر هاتی نەکردم
بیلا نەبوو بە یارم تا ریشی سپی نەکردم

**نۆتەکەی :**

## Yala msafir yala




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( سۆڵ . لاکاربیمۆڵ . سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ ) . چوارینەی یەکەمی چوارینەی بەیاتی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی ( ڕاست ) . لە بەرئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە نازناەی پەیژەی بەیاتی نەوا وەر ئەگرێ.

**نۆتەکەی:**




**ڕیتمەکەی :**



### ٧- ئەی وەی وەی چیت لێ کردم :

**نموونەی تێکستەکەی :**

**قەسەم بەخاڵی نەخشـــینت**
**بەزوڵفی جوان و پڕچینت**
**نەخۆش بویت هاتمە سەرینت**
**ئەی وەی وەی  چیت لێ کردم**
**بەجوانیەکەت پیرت کردم**

**نۆتەکەی :**

**Ay wey chyt lykrdm**




**سکێڵەکەی:**

**پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ . میبیمۆڵ )، بەڵام پلەی حەوانەوەی پلەدەنگی دۆ یە ، بۆیە لەم ئاوازەدا بەتەنها یەک چوارینەشمان دەست ناکەوێ ، بەڵام بەپێی گوێگرتن لە ئاوازەکە ، دەرئەکەوێ کە ، ئەم فۆرمە مۆسیقایە لەسەر پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سی عەجەم نەهاوەند – دڵداریشی پێ ئەڵێن )) . بنیات نراوە هەرچەندە لە سەرپلەی دوەمی پەیژەکە کۆتایی دێت .**

**سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**

**Rytm 6-8**



٨- گەردوون من چی بکەم :

نموونەی تێکستەکەی :

نەشمیل کیژە کورد ئەی بەوەفـــــا یار
چاوکاڵ خوێن شیرین نازک و نـــازدار
گەردوون من چی بکەم چیم دەسەڵاتـــە
بەدەست خۆم نییە ئەی وەی دڵم لەلاتە

نۆتەکەی :

**Gerdwn mn chi bkem**




سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی ئەم ئاوازە بریتییە لە ( سیبیمۆڵ . دۆ . رێ . میبیمۆڵ . فا ) . چوارینەی یەکەمی، چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی رۆژهەڵاتی ( عەجەم ) ە .

سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



٩– دولبەری چاومەست .

نموونەی تێکستەکەی :

ئەرێ سێ جار بەومانگەی وا رەنـــگی زەردە
گیانە دووری تۆ بۆ من هەر ئـــــاخ و دەردە
چاو ڕەشەی کارمامزم من لە عیشقی تۆ کزم
ئاخ بول بولی سەرمەســــــــــــــت
بێنە کوڵمت هەڵمژم من لە دوری تـــــۆ دژم
ئاخ دولبەرەی چاومەســــــــــــت

نۆتەکەی :

## Dulberi chaw mest




سکێڵەکەی:

پلە دەنگی یەکانی ئەم ئاوازە بریتین لە ( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می سروشتی ) چوارینەی یەکەمی بریتیە لە (لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ ) کەچوارینەی یەکەمی پەیژەی بچووکی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی ( ڕاست ) ە . پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم می ناتوراڵە بۆیەپەیژەکەی پێی ئەڵێن ( بەیەتی نەوا ..هەندێ ناوی تریش لەمەوبەر باسمان کردوون ) .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :

## Rytm 6-8



١٠– ئەبرۆ جوان :

نموونەی تێکستەکەی :

ئەبرۆ جوان هیلالییە گوڵەکەم          ئاگات لە حاڵی من نیـــیە

رۆژی قیامەت جوابت چییە گوڵەکەم

هەی هەی هەی لە بەر نازیتۆ          کوشتمی دووچاوی بازی تۆ

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی ئەم ئاوازە بریتییە لە ( دۆ . رێ . می . هەندە جارێک پلە دەنگی سۆڵ ی بەرئەکەوێ . ئەم ئاوازە دەنگەسەرەکییەکانی چوارینەیەک تەواو ناکەن . بەڵام تام و چیژی ئاوازەکە دەری ئەخا کە ئەم ئاوازە لەسەر پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاست ( عەجەم ) بنیات نرابێ .

نموونەیسکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



### ١١- وەکوبول بول :

### نموونەی تێکستەکەی :

وەکو بول بول فەسڵی بەهار     شەوو ڕۆژو لەیل و نەهار
دەناڵێنم بۆوەسڵی یـــــــار     هەر ئەڕواو بەجێم دیڵـــێ

### نۆتەکەی :




### سکێڵەکەی:

پلە دەنگی یەکانی ئەم ئاوازە بریتین لە ( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می سروشتی ) چوارینەی یەکەمی بریتیە لە (لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ ) کەچوارینەی یەکەمی پەیژەی بچووکی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی ( ڕاست ) ە . پلەی یەکەمی چوارینەی دووەم می ناتوراڵە بۆیەپەیژەکەی پێی ئەڵێن ( بەیەتی نەوا ..هەندێ ناوی تریش لەمەوبەر باسمان کردوون ) .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



## ١٢- سەڵتەنە :

### نموونەی تێکستەکەی :

ئەرێ ماڵمان ماڵ ئاو سێ ماڵ ئاوسێ ئەرێ دیوارمان بەینە گیانەکەم دیوارمان بەینە
ئەرێ کەسمان تێناگا تێناگا ئەرێ بەم کەین و بەینە ئەی هەوار بەم کەین و بەینە
عەمرەکەم وەی چاوەکەم ئاخ دیدەکەم عەزیزەکەم سەڵتەنە ئاخ چاوەکەم سەڵتەنە
ئای موبارەکت بێ ئەی موبارەک بێ گوڵ و گوارەو ژێرچەنە ئاخ گوڵ و گوارە و ژێر چەنە

### نۆتەکەی:

**Seltene**




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( سۆڵ# . لا . سی . دۆناتێراڵ . رێ# . می ) . چوارینەی یەکەمی کە پلەی حەوانەوەی لەسەرە ، بریتی یە لە ( سی . دۆناتوراڵ . رێ# . می ) . ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە چوارینەی یەکەمی ئەو پەیژەیەیە کە لە سەرپلەی پێنج هەمی پەیژەی یەکەمی رۆژهەلاتی ( عەجەم ) هارمۆنی بنیات ئەنرێت .

### نموونەیسکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



١٣- سەفەر :

نموونەی تێکستەکەی :

چوون لە سەفەر بووی لەمن ببوی قـــات

ئەوا هاتەوە جوانێ گیان یاری دوور وڵات

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی ئەم ئاوازە بریتین لە (( سۆڵ ، لاکاربیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ ، ڕێکاربیمۆڵ ) . چوارینەی یەکەمی بریتییەلە (( سۆڵ ، لاکاربیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ )) . کە چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورە ( ڕاست ) ی ڕۆژهەڵاتی کە بەیاتی پێ ئەڵێن . بە هۆی ئەوەی پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی وەک خۆی دەستکاری نەکراوە ( بە واتای سێ چارەکە دەنگە ) کەواتە ئەتوانین بڵێین ناوی ئەم پەیژەیە پەیژەی دوو بەیاتی پێ ئەڵێن .

نموونەیسکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



## ١٤– ئاخ لەدوور :

**نموونەی تێکستەکەی :**

خۆم بەخۆمم کرد ئەی هاوار بەرد بارانم کەن
وێڵ و ئاوارەی نەشمیل گیان نێو شارانم کەن
ئاخ لە دوور گیان لە دوور لە دوورە دێ یـــە
مەمکێکت هەنار نەشمیل گیان یەکێکی بێ یــە

**نۆتەکەی :**

**Ax ledwr**




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( فا . سۆڵ# . لا . سی . دۆ . ڕێ ) بەپێی پلەی حەوانەوەی چوارینەی یەکەمی بریتییە لە ( لا . سی . دۆ . ڕێ ) . ئەم چوارینەیەش پلە دەنگییەکانی پەیژە دروست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی ( عەجەم ) ە ،بەڵام لە بەر ئەوەی کە پلەدەنگی سۆڵ# ی بەر ئەکەوێ ئەوا ئەبێتە پەیژەی بچوکی هارمۆنی . کە لە ڕۆژ هەڵات پێی ئەڵێن : نەهاوەند حیجاز یان نەهاوەندی گەورە یان نەهاوەند نگریز یان سوڵتانی یەکگا .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



١٥- كراس ڕەشێ :

نموونەی تێكستەكەی :

خاڵێک هاوەبان پەنجەی پاتـــــەوە
هیچ فایدەی نابا دڵ وەلاتــــــــــەوە
ئەی وەی وەی ئـــــــــەی وەی وەی
كراس ڕەشێ بەلەنجە مــــــــــەڕۆ
ئەی وەی كراس ڕەشێ بەلەنجە مەڕۆ
دەی دا لە گۆنات گەرمای نـــــیوەڕۆ

نۆتەكەی :




سكێڵەكەی:

پلە دەنگییەكانی ئەم ئاوازە بریتییە لە ( لا . سی . دۆناتوراڵ . ڕێ# ) . ئەم چوارینەیە ، چوارینەی یەكەمی پەیژە دروست كراوی سەرپلەی چوارەمی پەیژەی یەكەمی گەورەی ( عەجەم ) هارمۆنی ڕۆژهەڵاتییە ، كە لە ڕۆژ ئاوا پێی ئەڵێن ( پەیژەی سیگان – ڕەوەند ) ، لە ڕۆژ هەڵاتیش پێی ئەڵێن هەمایۆن .

نموونەیسكێڵەكەی :




ڕیتمەكەی :



١٦- سینگت باغی شنۆیە :

نموونەی تێکستەکەی :

سینگت باغی شنۆیە کولْمت گولْی لیمۆیـــــــــە
خەلکی شێتی جەریانن ئەو دلْەی من شێتی تۆیــە
وەرە ئاویزانت بم  ئەو دلْەی من شێتی تۆیــە

نۆتەکەی :




سکێلەکەی:

پلە دەنگییەکانی بریتین لە : لا . سی . دۆ کاردێز . ڕێ . می . فا ناتورالْ ) چوارینەی یەکەمی بریتی یە لە (لا . سی . دۆ کاردێز . ڕێ ) کە چوارینەی یەکەمی پەیژەی دووەمی گەورەی رۆژهەلاتی ( ڕاست ) ە . لەبەر ئەوەی دووەمی چوارینەی دووەمی نیو پلە دەنگی نزم کراوەتەوە ، بۆیە لە ڕۆژ هەلات پێی ئەلْێن ، پەیژەی ڕاستحیجاز یان سۆزناک یان دلْکشا یان شەرەف نما .

سکێلەکەی :




ڕیتمەکەی :



١٧- هەم نارنجەو هەم لیمۆ :

نموونەی تێکستەکەی :

هەم نارنجەو هەم لیـــــــمۆ      قژکاڵی لێو ئەلـــــــمەرۆ
کێمنەت ماچ کەم گۆنای ئاڵت      تاسەم بشکێنێ مـــــــەرۆ
نارنج لەگەڵ هەرمێ یـــــــە      جووت مەمکی وێنەی بێیە
ئەو دڵە شێتەم چی لێ بـــــکەم      ئەیهاوار کەیفی لێیـــــــە

نۆتەکەی :

**Hem narnjew hem lymo**




سکێڵەکەی:

پلەدەنگییەکانی بریتین لە ( سۆڵ . لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می ) . چوارینەی یەکەمی بریتییەلە ( سۆڵ . لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ ) ، ئەم چوارینەیە چوارینەی یەکەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی ( ڕاست ) و لە سەرپلە دەنگی سۆڵ بنیات نراوە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



١٨- لادە :

نموونەی تێکستەکەی :

خۆزگەم بەدۆێنی پارشێوێ　　تێکرا نوستین بە چارشێوێ
لێکیان کردین ماڵیان شێوێ　　میوانی من بێ یارەبی میوانی من بێ
لادە توخوا لادە بۆماڵی ئێمە　　جوانە هەر لەتۆجوانە ئەو گوڵ وگوارەو غەزێمە

نۆتەکەی :

**Lade**




سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( لا . سی‌بیمۆڵ . دۆ . ڕێ ، می‌بیمۆڵ . فا ) بەپێی حەوانەوەی پلە دەنگی کۆتایی ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە ( سی‌بیمۆڵ . دۆ . ڕێ ، می‌بیمۆڵ ) . کە چوارینەی یەکەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی ( عەجەم ) ە .

سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



**١٩- پێم دەڵێ وامەکە :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

پێم دەڵێ وامەکە وامەکە دایکم دیارە و ئابڕووم دەچـــێ
سوێندئەخۆم هیچ ئابڕۆت ناچێ نازیلێ بۆ تەنها ماچێ

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی:**

پلەدەنگییەکانی بریتین لە ( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می .) و هەندێ جاریش پلە دەنگی سۆڵ یشی بەرئەکەوێ . چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ ) کە چوارینەی یەکەمی پەیژەدروستکراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) ە ، کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن ، لە بەرئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەدەنگییەک بڵند کراوە بۆیە نازناوی : بەیاتی نەوا یان هەندێ ناوی تر کە لەمەوبەر باسمان کردوون وەرئەگرێ .

**نموونەیسکێڵەکەی**




**ڕیتمەکەی :**



## ٢٠– دیوانەخۆم :

## نموونەی تێکستەکەی :

لە دنیادا دێوانەخۆم وەیلانی ئەو کێوانە خــــــۆم
لەخزم خوێش بێگانە خۆم ، دێوانەخۆم دێوانەخۆم
لە خزم و خوێش بێگانە خۆم دێوانەخۆم دێوانەخۆم
کەس نازانێ بەدەردی من بەناڵەو ئاهی ســەردی من
دەوای نەڕەنگی زەردی من دێوانەخۆم دێوانەخــــۆم
لە خزم و خوێش بێگانە خۆم دێوانەخۆم دێوانەخۆم

## نۆتەکەی :




## سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی بریتین لە حەوتینە ( ئۆکتاف ) یەکی تەواو ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە . ( رێ . میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ ) کە چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ( ڕاست ) رۆژهەڵاتییە ، لە بەر ئەوەی پلەی یەکەم و دووەمی چوارینەی دووەمی هەریەکەیان چارەکە پلەیەک بڵندکراون ، بۆیە نازناوی بەیاتیموحەییەر یان بەیاتی ڕاست یان حسەینی یان عوشاقی تورکی وەرئەگرێ .

## نموونەیسکێڵەکەی :



### ٢١– نەجیبە :

### نموونەی تێکستەکەی :

ئەرێ لەوڵاتی غەریب ئەی هاوار غەریب دیارە ئەرێ نەجـــبە
ئەرێ جێگەی غەریبان ئەی هاوار گۆشەو کەنارە ئەرێ نەجیبە
نەجیبەم زۆر نەجیبی بۆدەردی تەبیبی ئەرێ نەجیـــــــــبە
توخوا بەجێم مەهێلە بانەمرم لەغەریبی ئەرێ نەجیـــــــبە

### نۆتەکەی :

**Nejibe**




### سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( ڕێ . میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا ) .چوارینەی یەکەمی بریتیە لە :ڕێ . میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . کە چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی رۆژهەڵاتی ( ڕاست ) ە ، پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەک بڵند کراوە بۆیە نازناوی بەیاتی نەهاوەند یان بەیاتی نەوا یان هەندێ ناوی تر کە لەمەوبەر باسمان کردوون ئەگرێتە خۆی .

### نموونەیسکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :

**5-8**



٢٢- کۆڵوانـــــــه :

نموونەی تێکستەکەی :

چاوی باز ئەبرۆی کەوانە کۆڵوانە، کۆڵوانەی لیَجوانە
وەختە بۆی بم بە دێوانە کۆڵوانە ، کۆڵوانەی لیَجوانە
چونکی زۆڵەی کالەبانە کۆڵوانە ، کۆڵوانەی لیَجوانە
ئەریَ وەی کۆڵوانە کۆڵوانە کۆڵوانە کۆڵوانەی‌لیَجوانە
یارم ئەسڵی بانەییە گۆشەی چاوی جوانـــــــــــــــــە
شۆخە بیللا وێنەی نییە گۆڵی نێو باخانـــــــــــــــــە

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( دۆ . ڕێبیمۆڵ . می ) هەر چەندە چوارینەیەک تەواو ناکەن ، بەڵام چێژی ئاوازەکە وائەگەیەنیَ کە پەیژەکەی : پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی چوارەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی رۆژهەڵاتی هارمۆنی ( عەجەم ) بێت . لە بەر ئەوەی چوارینەی دووەمی ئاشکرا نییە هەر ناز ناوی پەیژەی (( ڕەوەند )) کە زیاتر لە پەیژەی سیگانی ئەوروپاییەوە نزیکە ، وەر ئەگریَ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



**٢٣- هاتەوە بابێتەوە :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**هاتەوە بابێتەوە یار لە سەفەر هاتــــەو**
**بڵێن بەیاری عەزیز یاڕەبی بەخێر بێتەوە**

**نۆتەکەی :**

## Hatewe ba bytewe




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگی یەکانی بریتین لە : لاکاربیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ . میبیمۆڵ . چوارینەی یەکەمی بریتیەلە لاکاربیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ . کە چوارینەی یەکەمی پەیژەدروست کراوی سەرپلەی سێ یەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) ی سەرپلە دەنگی فا یە ،پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک نزم کراوەتەوە بۆیە نازناوی ( سێگای نەهاوەند یان بەستەی ئەسفەهان ) وەر ئەگرێ .

**نموونەیسکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٢٤–هەر ئەڕواو بەجێم دیڵێ :

**نموونەی تێکستەکەی :**

جەرگم لەت لەت کەن بە سیرە قۆڵ بەستم کەن بەزنجیرە
دەچمە دیدەنی دەست گیران هەر ئەڕواو بەجێم دێـــــــڵێ
وەکۆ بول بول فەسڵی بەهار شەو و ڕۆژ و لەیل ونەهـــار
دەناڵێنم بۆوە سڵی یار هەر ئەڕواو بەجێم دیڵــــــــــــێ

**نۆتەکەی :**

**Her arwaw bejym dyly**




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگییەکانیبریتین لە : ڕێ . میکاربیمۆڵ ، فا . سۆل . لا ناتوراڵ ، سیبیمۆڵ . دۆ . چوارینەی یەکەمی بریتییە لە : ڕێ . میکاربیمۆڵ ، فا . سۆل . کە چوارینەی یەکەمی پەیژەدروست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورە( ڕاست ) ی ڕۆژهەڵاتییە . لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەک بڵندکراوە بۆیە نازناوی ( بەیاتی نەوا یان بەیاتی نەهاوەند ) وەرئەگرێ .

**سکێڵەکەی :**




**ریتمەکەی :**

**5-8**



## ٢٥- ئەرێ هۆكاڵێ :

## نموونەی تێكستەكەی :

ئەرێ هۆكـــاڵێ چاو جوان تاقە گوڵەكـەم
هێزی دڵانی گیان فێنكی دڵەكـــــــــــــــەم
بێ باڵای جوانت گیان كەی من هەڵ ئەكەم

## نۆتەكەی :

**Ary ho kaly**




## سكێڵەكەی :

گەر سەیری ئەو ئاوازە بكەیین ، ئەبینین كە پلە دەنگییەكانی بریتین لە سێ پلەی دەنگی ( می بیمۆڵ. فا سۆڵ ) بەواتای جواریلە دەنگییەكیش تەواو ناكەن . بەڵام بە پێی چێژی ئاوازەكە ئەتوانرێ بۆ بە پەیژەكردنی نزیكترین پەیژە لێوەی پەیژەی گەورەی یەكەمی رۆژهەڵاتییە ( عەجەم ) ی بۆ بەكار بهێنین كە سێ میانەی یەكەمی بریتین لە هەمان میانەی ئەم ئاوازەی لەسەر بنیات نرابێ لە سەرپلە دەنگی می بیمۆڵ بێ .

## نموونەی نۆتەی سكێڵەكەی :

**E ♭ Major- E ♭ Ajem**



## ریتمەكەی :





## ٢٦- هەر من بێ کەســــم :

**نمونەی تێکستەکەی :**

هەر من بێکەسم هەر من بێ کەســـم
هەر من بێ چارەو بێ فریا ڕەســـم
لە باخی بەختم وا ڕائەبیـــــــــنم
بچمە سەر سیروان هیچ ئاو نابینم .

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

گەر سەیری ئەو ئاوازە بکەیین ئەبینیین کە پلە دەنگییەکانی بریتیین لە ( سۆڵ . لا کار بیمۆڵ . سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ ) کە پلە دەنگییەکانی پەیژەی بچووکی ( بەیات ) سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ( ڕاست ) ڕۆژهەڵاتییە لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەک بڵندکراوە بۆیە نازناوی ( بەیاتی نەوا یان بەیاتی نەهاوەند ) وەرئەگرێ .

**نموونەیسکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٢٧- سویلە بالابەرز

**نمونەی تێکستەکەی :**

هەر کوێوە دەچم هەر دێمۆ ئـــێرە
یان یاری خۆمی یان زەینم کوێرە
سویەلە بالابەرز هەستەو بەیانـە
دەم لە ناوی دەم دەستەو لەملانە

**نۆتەکەی**

:




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( سی کار بیمۆڵ – دۆ – ڕێ – می – فای ناتور ) گەر چوارینەی یەکەمی وەرگریین ئەبینین کە میانەکانی پەیژەدروستکراوی سەرپلەی سێ یەمی ( سێگا ) پەیژەی دووەمی گەورەی رۆژهەلاتی ( ڕاست ) ە . بەلاَم لەبەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک نەوی کراوە ، بۆیە نازناوی پەیژەی سێگای‌کورد یان خوزام جدید وەرئەگرێ میانەی پلەدەنگییەکانی بەمجۆرەیە . ٣ ٤ ٢ ٤

**سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٢٨- ئای لە مینا :

**نموونەی تێکستەکەی:**

ئای لە میناخان مینا گیان شەڕدەکا چاوی

ڕومەت بە وێنەی مینا گیان هەرمێ گوڵاوی

**نۆتەکەی :**

**Ai le mina**




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگییە کانی بریتیین لە ( سۆڵ . لابیمۆڵ . سی . دۆ . ڕێ ) . گەر وەکوو ئەو نموونە نۆتەیەی سەرەوە سەیری بکەیین ئەبینین کە لە سەرپلەی پێنج هەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( عەجەم ) دروست بووە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێی ئەوتری حیجـــــاز میانە دەنگییەکانی بریتین لە ½ – 1. ½ – ½ – 1 – 1 – ½ – 1 .

**سکێڵەکەی :**




هەروەهائەتوانرێ لەسەرپلەیپێنج هەمی پەیژەی بچوکیش بنیات بنرێت،چوارینەی یەکەمیان وەک و یەکە و تەنها جیاوازییان لە چوارینەی دووەم دا هەیە بەم جۆرەی لای خوارەوە .

**Ai le mina**



**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگییە کانی بریتیین لە ( سۆڵ . لابیمۆڵ . سی . دۆ . ڕێ ) . کە پڕاو پڕی پەیژەی بچووکی هارمۆنییە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نازناوی پەیژەکانی : حیجاز نەهاوەند (( زمزمە )) ی پێئەڵێن . پلە دەنگییەکانی بریتین لە**

½ – 1.½ – ½ – 1– ½ – 1– 1 .

**(( بۆ......... ڕونکردنەوە ))**

**بەڕای من ئەم جۆرەی دووەم هەڵەیە . من تەنها لە سەر بیروڕای هەندێ کەس نوسیومە بەڵام گەر لەپلەی پێنجەمی دۆ ماینەرەوە دەستپێبکەین ئەوا کارێکی ناشایستە ئەکەین لەبەر ئەوەی پەیژەی ماینەر (( بچوک )) خۆی پەیژەدروستکراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی گەورەیە کەواتە ئەو جۆرە نوسینە ، لەوە دەچێ لە سەرپلەی سێهەمی می بیمۆڵ مێجەر بنیاتمان نابێ کە ئەکاتە پەیژەی فریجی (( کورد)) . کەواتە لە سەر پەیژەی سۆڵ فریجی بنیاتمان ناوە نەک لە سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی دۆ مانۆر .**

**بۆیە ئەبێ هۆشیاربیین لە بەکار هێنانی ئەم پەیژە مۆسیقایە ،لەکاتی بەکارهێنانی دا بزانین کامە پەیژەیە، بۆ ئەوەی توشی هەڵەکانی ئاواز دانان و بەهاودەنگی کردن نەبیین .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





**٢٩– من دەڵێم :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

من دەڵێم شاری دەڵێ باغ و گوڵستانە کەچــی
عەقڵ ئەڵێ نا پەسەنە شۆڕشی مەستانە نەچی
من دەڵێم نوختەیی ئەو ڕەوزەنی ئیمانە دەچم
ئەو دەڵێ نارەشە جێ ڕاوگەیی شەیتانە نەچی

**نۆتەکەی :**

**Mn deleym**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی ئەم ئاوازە بریتیین لە ( فا# – سۆل – لا – سی بیمۆل – دۆ# – ڕێ ) ، پلەی کۆتایی هێنانەکەی پلە دەنگی سۆڵە . گەر چوارینەی یەکەمی کە بریتییە لە ( سۆل – لا – سی بیمۆل – دۆ# ) سەیرکەین ، ئەبینین کە پڕاوپڕی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی چوار هەمی پەیژەی یەکەمی ( گەورە) و ناز ناوی پەیژەی : ڕەوەند ( سیگان ) (هۆمایۆن ) وەرئەگرێ

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**تێبینی :**

هۆنراوەی ئەم ئاوازە لە هۆنراوەکانی ( سەید کامیلی ئیمامی ) یە ،وەکوو لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ژمارە ٣٣ ساڵی ١٩٧٥ بەغداد لاپەڕەی ٥١ بەم جۆرە نوسراوە :

من دەڵێم : شاری دڵم باغ و گوڵستانە دەچـــــم
عەقڵ ئەڵێ : نا قەسەبە شۆڕشی مەستانە نەچی

هەلبەتە هۆنەر بۆ مەبەستێکی تایبەت وتویەتی من بۆیە بەپێویستم زانی ڕاستیەکەی بخەمە پێش چاو .

### ٣٠- چاوبازی لێو بەخەندە :

**نموونەی تێکستەکەی :**

جاو بازی لێو بەخەندە سەرکوڵمت عەینی قەندە
دنیا بەبێ چاوی تۆ زیندان و کۆت و بەنـــــــدە
دە وەرە گوڵم نێوی دڵم تا هێزم مـــــــــــاوە
باسکت بکە بەسەرینم ئەی نازەنیـــــــــــــنم
قۆڵت بکە بەسەرینم مەرگت نەبیـــــــــــــنم

**نۆتەکەی :**

Chaw bazi leyw bexende




**سکێڵەکەی :**

میانە دەنگییەکانی بریتین لە پلە دەنگییەکانی ( فا - سۆڵ - لا - سی بیمۆڵ - دۆ - ڕێ بیمۆڵ ) ، ئەبینین کە پلە دەنگییەکانی پڕاو پڕی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( عەجەم ) هارمۆنی بێت کە پلە دەنگی شەشەمی نیوو پلەی دەنگی نەوی ئەکرێت و لە ڕۆژهەڵات ناز ناوی ( عەجەم حیجاز یان شەوق ئەفزا ) وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٣١- ئای شل وەی شل .

### نموونەی تێکستەکەی :

قوربانت بم شــــــــــــــەماڵ وەرە
ئەوکاغەزەم لە بۆبـــــــــــــــەرە
بیدە بە دەست ئەو دولـــــــــــبەرە
دەڵێن هات ڕابوورد گەردن بە خـــــاڵ
دنیای ڕوونی لێم کردوە تـــــــــاڵ
ئەرێ ئای شل وای شل ئەرێ باوانم شل
بۆتۆ نە مام هاوار شۆخی چاو بـــەکل
بۆتۆ سوتام هاوار خانمی چاو بـــەکل

### نۆتەکەی :

**Ai shl wai shl**




### سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتین لە ( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می .) چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ ) کە چوارینەی یەکەمی پەیژەدروستکراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) ە ، کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن ، لە بەرئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەدەنگییەک بڵند کراوە بۆیە نازناوی : بەیاتی نەوا یان هەندێ ناوی تر کە لەمەوبەر باسمان کردوون وەرئەگرێ . بەڵام چاکتر وایە ئێمە لە لای خۆمانەوە هەوڵ

بدەیین کە کەمترین ناو بە کاربێنیین ، بۆ ئەوەی چیتر ئەو ئاڵۆزییە لە مۆسیقاەکەمان بەدەر خەیین . گەر بتوانرێ لە دەرفەتێکی نزیکدا ناوی گونجاوتر و کوردی تر بە کار بهێنیین ، ئەوە ئەبێتە مایەی زیاتر بە جیهانی کردنی مۆسیقا و ئاوازەکانمان ، کە هیوادارم هونەرمەندان و بەرپرسیارانی هونەر ئەم کارە گرنگە چیتر دوانە خەن .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**

ئەم ئاوازە دووجار ڕیتم گۆڕینی تیادایە . دەست پێ کردنەکەی بە کێشی 4/4 دەست پێ ئەکات کە جۆرێکی تایبەتی رەوتە کوردییەکانە و نۆتەکەی بەم شێوەیە ئەنوسرێتەوە .

**نۆتەکەی .**

١- ریتمی 4/4 .



٢- ریتمی 4/2 .





## ٣٢- هەر من مامەوە

**نموونەی تێکستەکەی :**

هەر من مامەوە هەرمن مامـــــــــەوە      هەر من کەس نەبو بێ بە لامــــــەوە

هەر من کەس نەبو شەو لە دیارم بێ      گوێی لە هاواری دڵەی زارم بــــــێ

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی:**

چوارینەی یەکەمی پەیژە مۆسیقای ئەم ئاوازە ، بریتییە لە ( سی کار بیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می ) چوارینەی دوەمیشی هەردوو پلە دەنگی ( فا کار دێز و سۆڵ ) بەر ئەکەوێ . بە پێی چوارینەی یەکەمی ، پەیژە درووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) سەرپلە دەنگی ( سۆڵ ) ە ، کە پێی ئەڵێن ( سێگا ) ، و بە پێی هەردوو پلەی چوارینەی دووەمیشی کە هیچ دەسکارییان نەکراوە ، ئەم نازناوانە لە خۆ ئەگرێ ، کە هەموویان ناوی کوردیین و لە کتێبی پێشوومدا ڕوونم کردۆتەوە : پەیژەی سێگا یان سێگا بەیات یان سێگا مایە یان فەرەحناک یان ئەوشار .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ریتمەکەی :**



### ٣٣- بەرهەڵبێنە ؛

### نموونەی تێکستەکەی :

بەرهەڵبێنەکەی کراوە حەریرەو بای نـــــــەداوە
قەرارم کرد بە دووماچ راوەستاو بۆم گـــرێ داوە
ئەرێ لێی دە بەرهەڵبێنە دەنا لێی دە بەرهەڵبێنە

### نۆتەکەی :

**Ber helbyne**




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە ( لا . سی . دۆ# . ڕێ . می . فا . سۆڵ ناتوور ) . چوارینەی یەکەمی بریتیە لە ( لا . سی . دۆ# . ڕێ ) کە پڕاوپڕی پلە دەنگییەکانی چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ماجۆر – عەجەم) ە، بەڵام لە بەر ئەوەی پلەی سێ یەمی چوارینەی دووەمی نیوو پلەی دەنگی نەوی کراوە . بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی لای کوردیش بەتایبەتی نازناوی پەیژەی ***عەجەم نەهاوەند*** یان ( دڵدار ) ی پێ ئەڵێن .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



٣٤- ساقـــــــــی :

نموونەی تێکستەکەی :

ساقی بۆم تێکە شەرابی حەوت ســــــــــاڵە
بیخۆم بەسڵامەتی ئەوتاقە خاڵـــــــــــــــە
نازدارگیان نەکەی لەکوێی شوشەی دڵەکەم شکاوە
بێ تۆ زامدارو عەودالم ئەو شـــــــــــەو
بێ تۆ بیمار و بێ حالم ئەو شـــــــــــەو

نۆتەکەی :

**Saqi**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( دۆ ناتور ، ڕێ دیز ، می ، فا ناتوراڵ ، سۆڵ دیز . لا . سی )) . پلە دەنگیەکانی بریتین لە پەیژەدەنگیەکانی پەیژەدروستکراوی سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( لا ماژۆر )) . کە پەیژەی حیجاز کار (( شاناز )) ی پێ ئەڵێن .

نموونەی سکێڵەکەی :




هەر وە ها لە هەندێ شوێنی ئەم کوردستانەدا بە هەمان میانەکانی پەیژەی ئەسفەهان ئەژەنرێ (4-3-3-4-2-5-3) بەم جۆرەی خوارەوە .

نموونەی سکێڵەکەی :



هەر ئەو ئاوازە لە لای هەندێ گۆرانی بێژ بە تەنها ڕیتمی 4/4 ئەوترێ و بە لآم هەست ئەکرێ کە هەندێ درێژکردنەوەی ووشەی تیا بەدی ئەکرێ ، بۆیە ئەو ئاوازە بەو جۆرە چڕینەی بۆتە مۆرکی تایبەتی ئەو کەسانە . هەر جەندە ئەمەیان باوترو ناسراوترە بەتایبەتی لە کوردستانی باشوور، هەر بە هەمان پەیژەی مۆسیقا ئەژەنرێ .

**نموونەی نۆتەی مۆسیقاکەی :**




**ڕیتمەکەی :**

ئەبینین ئەم ئاوازە چەند جۆرێک ڕیتمی جیاوازی تیایە کە ڕیتمی یەکەم بە ڕەوتی کێشی 4/4 دەست پێ ئە کات و تەنها خانەیەک ( بارێک ) بەردەوام ئەبێت ، پاشان ئەبێتە ڕەوتی کێشی 3/4 و ئەویش هەر یەک بار بەردەوام ئەبێت ، پاشان ئەڕواتە کێشی 2/4 و سێ بار بەردەوام ئەبێت ، و ئەگەڕێتەوە بۆ کێشێ 4/4 ، و بەو جۆرە . بەلآم هەر ئەو ئاوازە لە سلێمانی و لای هەندێ گۆرانی بێژ بە تەنها ڕیتمی 4/4 ئەوترێ و بە لآم هەست ئەکرێ کە هەندێ درێژکردنەوەی ووشەی تیا بەدی ئەکرێ .

Saqi Rytm





### ٣٥- نەجیبە :

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەرێ لە وڵاتی غەریب ئەی هاوار غەریب دیارە  ئەمان نەجیبە
گیانە جێگەی غەریبان نازەنین گۆشەو کەنارە  ئەمان نەجیبە
نەجیبەم زۆر نەجیبی بۆ دەردی من تەبیبی  ئەمان نەجیبە
توخوا بەجێم مەهێڵە با نەمرم لە غەریبی  ئەمان نەجیبە

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە ( سۆڵ . لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می ) . بەڵام بە پێی چەسپاوی و کۆتایی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە ( لا. سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ ) کە چوارینەی یەکەمی پەیژە درووستکراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی (ڕاست)ە. لەبەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، پەیژەی ئەم ئاوازە نازناوی : بەیاتی نەوا یان هەندێ ناوی تر کە لەمەوبەر باسمان کردوون وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**٣٦- ئای بەناز بەناز :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**لەدوور دیارە پەرچەمی خـــــاوت**
**دێوانەت کردم بە گۆشەی چـــاوت**
**ئای بەناز بەناز ناوت چەند خۆشە**
**عارەقت گوڵەو بۆنت وەنەوشــــــە**

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می ) . بەڵام بە پێی چەسپاوی و کۆتایی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە ( لا. سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ ) کە چوارینەی یەکەمی پەیژە درووستکراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) ە . لەبەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، پەیژەی ئەم ئاوازە نازناوی : بەیاتی نەوا یان هەندێ ناوی تر کە لەمەوبەر باسمان کردوون وەرئەگرێ .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٣٧- لیمۆ های لیمۆ :

نموونەی تێکستەکەی :

لیمۆ های لیمۆ لیمۆ شـــــــــــــــــــیرازی
سەر پەنجەت سوور کە لیمۆ گیان بۆ شەو دەسبازی

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی:

چوارینەی یەکەمی پەیژە مۆسیقای ئەم ئاوازە ، بریتییە لە ( سی کار بیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می ) چوارینەی دوەمیشی پلە دەنگی ( سۆڵ ) تیا بەکار هێنراوە . بە پێی چوارینەی یەکەمی ، پەیژە درووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی ( ڕاست ) سەرپلە دەنگی ( سۆڵ ) ە ، کە پێی ئەڵێن ( سێگا ) ، و بە پێی هەردوو پلەی چوارینەی دووەمیشی کە هیچ دەسکارییان نەکراوە ، ئەم نازناوانە لە خۆ ئەگرێ ، کە هەموویان ناوی کوردیین و لە کتێبی پێشوومدا ڕوونم کردۆتەوە : پەیژەی سێگا یان سێگا بەیات یان سێگا مایە یان فەرەحناک یان ئەوشار .

نموونەی سکێڵەکەی :




ریتمەکەی :



## ٣٨- ئای چەندم خۆش ئەوێ :

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئای چەندم خۆشەوێ ...... وای چەندم خۆشەوێ
خۆتۆ بەرزی نەخشینی وەک سۆنەو کۆترو کەوێ
ئای چەندم خۆشەوێ ...... وای چەندم خۆشەوێ
دەرونم پرە لە ژان..... فرمێسک ئەڕژێ لە چاوان
پشتم شەق بوو جەماوە هەر وەکو چەمەی گۆچان
ئای چەندم خۆشەوێ ...... وای چەندم خۆشەوێ
ێرە بێ یاخو لەوێ دڵەکەم هەر لەیلای ئـــەوێ

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (سی . دۆ . رێ . می) بەڵام پلەی حەوانەوەی ئاوازەکە لەسەرپلە دەنگی ( دۆ ) یە کە گەر بیکەینە سەرەتای پلەدەنگی پەیژە مۆسیقاەکەی ئەوا سێ پلە دەنگی (دۆ . رێ . می) کە چوارینەی یەکەمیشی تەواو ناکەن ، بەڵام چێژی ئاوازەکە نزیکی ئەوسێ پلەدەنگی یە تەنها لە پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (عەجەم) پەیدا ئەبێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٣٩- کەتان کەتانە :

## نموونەی تێکستەکەی :

ئەگەر نایزانی گیانەکەم من بۆ تۆ چۆنـــــــم
بۆ کزەی کەباب باوانم دێ لە دەرونم کەتانــە
عەمرم کەتانە ..................................
دەم کول دەم بێنە ئەی هاوار دەم بچکۆلانـــــە
بێنیە ماچت کەم باوانم تو ئەو قورئانە کەتانە
خاڵ دانە دانە ..................................

## نۆتەکەی :

### Ketan ketane




## سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی ئەم ئاوازە بریتییەلە ( سی . دۆ . ڕی . می بیمۆڵ . فا# ) .بە پێی پلەی کۆتاو حەوانەوەی ئەم ئاوازە چوارینەی یەکەمی پەیژە مۆسیقاەکەی بریتییە لە ( دۆ . رێ . میبیمۆڵ . فا# ) کە پڕاو پڕی پەیژە درووستکراوی سەرپلەی چوارهەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی هارمۆنی ( ماژۆر – عەجەم ) ە .

لای ئەوروپییەکان بە پەیژەی سیگان بە ناوبانگەو منیش ئەڵێم بابڵێین پەیژەی (( ڕەوەند )) لە ڕۆژهەڵاتیش بە پەیژەی نگریز یان هەمایۆن بەناوبانگە .

## نموونەی سکێڵەکەی :




## ڕیتمەکەی :



## ٤٠– ئەریَ لەماڵ هاتەدەر :

### نموونەی تێکستەکەی :

لەبەر ئەوکچە ڕەشتاڵە قەدی دەڵێی شمشاڵە      ئاوری لەمن بەرداوە ناسکێ دایکی منداڵە

بێوەژنە یان کچە هەردەڵێی شەکی کاڵە......      ئاوری لە من بەرداوە مەمکی وەک پرتەقاڵە

ئەریَ لە ماڵ هاتەدەر هاتەدەر بابێتە دەر قەد باریکەی سنەوبەر

لەسەر باڵای کەژاڵ دیسان دەبم دەربەدەر

عاشقان واهەمووچووت بۆن ئەمنوتۆمان خاک بەسەر

ئێمەش بەگولان دەگەیین پەنا بە سەیدی سەروەر

### نۆتەکەی :

**Ary le mal hate der**




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می ناتور ) . بەڵام بە پێی چەسپاوی و کۆتایی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (لا. سیکاربیمۆڵ. دۆ. ڕێ)کە چوارینەی یەکەمی پەیژە دروستکراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەلاتی ( ڕاست ) ە . لەبەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، پەیژەی ئەم ئاوازە نازناوی : بەیاتی نەوا یان هەندێ ناوی تر کە لەمەوبەر باسمان کردوون وەرئەگرێ .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



٤١– هۆلەیل و لەیل :

نموونەی تێکستەکەی : دەهۆڵ زوڕنایە چەپڵەڕێزانە
بەزمی شادیە و دەی دەی چۆپی کێشانە
هۆلەیل و لەیل هۆ لەیلانە
شاییە گیراوە هەی هەی بەریز لەو بانە

نۆتەکەی :

**Ho leyl w leyl**




سکێڵەکەی : پلە دەنگییەکانی ئەو ئاوازە پێک دێت لە ( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ ) کە تەنها لە نێوان یەک چوارینەی مۆسیقایدایە ، بۆیە بێ شک ئەتوانین بڵێین کە پەیژەدروست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتییە . کە ناز ناوی بەیات لە خۆئەگرێ ، جا بۆیە ناتوانین بچینە وردەکارییەکانی ، لەبەر ئەوەی مەودای ئاوازەکە هەر یەک چوارینەیە ، بەڵام گەر مۆسیقا زانێ بیەوێت گەشەی پێ بکات ئەوا بەپێ بۆچوون و لێزانینی خۆی ئەتوانێ کاری لەسەر بکاو بەپێ ویستی خۆی جۆرێک لە جۆرەکانی چوارینەی دووەمی بۆ هەڵبژێرێ لەو ساتەدا وبەپێی ئەو کارکردنە ناوی پەیژەو جۆرەکەی ئاشکراتر ئەبێت، وەکوو لە لاپەڕەی 117 دا بە فراوانی باسمان لێ کردووە و چیتر پێویست ناکا باسی بکەینەوە .

سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



## ٤٢- لانک لانک لانکۆڵێ :

**نموونەی تێکستەکەی :**

لانک لانک لانکۆڵێ لانک لە دارهەنارێ
وەستابێ لە تارانێ لانکێ درووست کا بۆ چاوجوانێ
دەڵێ لە لانکێ دا نانووم دەبا بۆم سازکا جۆلانی
هەی ڕۆڵە سەردڵ خڕبی باوک مردووبی
شەو درەنگە بۆ جێی ژوانێ
ئەوە ڕۆژی ڕوناکە هەموو عالەم دەیزانێ

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە ( دۆ . ڕێ . میکاربیمۆڵ .فا . سۆڵ .لا ) . جواریلەی یەکەمی بریتییە لە ( دۆ . ڕێ . میکاربیمۆڵ .فا ) کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژئاوایی ( ڕاست ) ە . بۆیە ناز ناوی پەیژەی ڕاست وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٤٣–دڵەکەم دەربێنن :

## نموونەی تێکستەکەی :

دلەکەم دەربێنن دلەکەم دەربێنن
قەدری نە ماوە لێمی بستێنـــــن
بیبەن بەجارێ ڕیشەی دەربێنـن

## نۆتەکەی :

**Dlekem der beynn**




## سکێڵەکەی :

لە بەر ئەوەی پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ .می بیمۆڵ . فا# ) و چوارینەی یەکەمی بریتییە لە ( سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . میبیمۆڵ ) ، ئاشکرایە کە پەیژەمۆسیقای ئەم ئاوازە پەیژە درووستکراوی سەرپلەی سێ یەمی ( سیکار بیمۆڵ ) ی پەیژەی دووەمی گەورەی سەرپلە دەنگی ( سۆڵ )ی ڕۆژهەڵاتییە . لە بەر ئەوەی پلە دەنگی چوارەمی چوارینەی یەکەمی نیو پلە دەنگی نزم کراوەتەوە و پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلە دەنگییەک بڵندکراوە ، بۆیە نازناوی پەیژەی (( هوزام )) وەرئەگرێ .

## نموونەی سکێڵەکەی :




## ڕیتمەکەی :



٤٤– دە بێنە بێنە :

**نموونەی تێکستەکەی :**

هەستە لەخەوێ ئازیزێ بزانە چیــم دەوێ

لەگەردنی زەردت نازەنین دوو ماچم ئەوێ

دە بێنە بێنە ئازیزێ دەمەکەت بێـــــــــنە

دڵداری خۆشە نازەنین دڵم مەشکێـــــــنە

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

بە پێی چێژی ئاوازەکە پلە دەنگییەکانی بریتیین لە تەنها چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی سێیەمی (( سیگا )) پەیژەی دوومی گەورەی ڕۆژهەلاتی ڕاست ی سەرپلەدەنگی سۆڵ هەرجەندە چوارینەیەکیش تەواو ناکەن ( سیکاربیمۆل . دۆ . ڕێ ) ، بەلام پلە دەنگییەکانی پێک دێن لە( لا . سیکاربیمۆل . دۆ . ڕێ ) ، بۆیە تەنها نازناوی سێگا وەر ئەگرێ . بەلام گەر مۆسیقا زانێ بیەوێ گەشە بەم ئاوازە بکات ئەبێ ڕەچاوی خاڵە کانی گەشەکردنی ئەم پەیژەیە کە لە لاپەڕەی (( 62 – 65 )) ئەم نوسینەمدا ڕوونم کردۆتەوە.

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**سکێڵەکەی :**



## ٤٥– سەی زادە :

## نموونەی تێکستەکەی :

من دوورو تۆدوور سەی زادە هەردووکمان دوورین
ئەی هاوار هەردووکمان دوورین
خودا دەی زانێ سەی زادە بۆیەک مەجبوورین
ئەی هاوار بۆیەک مەجبوورین
هەروەک بازووبەن سەی زادە بتکەم بەباڵم ئەی هاوار بتکەم بەباڵم
ئێستا لێم دووری سەی زادە هاوار بەماڵم ئەی هاوار هاوار بە ماڵم

## نۆتەکەی :




**سکێڵەکەی :** پلەدەنگییەکانی بریتییە لە ( دۆکاردێز . ڕێ . می . فا# . سۆڵ ) . بە پێی حەوانەوەی ، بنەڕەتی ئەم ئاوازە چوارینەی یەکەمی پێک دێت لە ( ڕێ . می . فا# . سۆڵ ) ، کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووستکراوی سەرپلەی چوارەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) ە ، کە نازناوی چوارگا وەر ئەگرێ .

## سکێڵەکەی :




## ڕیتمەکەی :



٤٦- نازیلێ :

نموونەی تێکستەکەی :

ئەرێ جا چۆن شێت نەبم ئەی وەی نازەنین نەدەم بە ســـــــەردا
ئەرێ حەیفە بۆمن و تۆ دەی دەی گیان و گیان دەسمان لێک بەردا
نازیلی گرۆم لێ مەگرە نازمەکەو سێوەکەو بگـــــــــــــــــرە

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ .لا .سی کاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . میناتوور )) . بە پێی حەوانەوەو سەقامگیر بوونی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( لا. سیکاربیمۆڵ . دۆ .ڕێ )) کە چوارینەی یەکەمی پەیژە درووستکراوی سەرپلەی شەشەم ( بەیات )ی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( ڕاست )) ە ، لە بەر ئەوەی پلە دەنگی چوارینەی دووەمی چارەکە پلە دەنییەک بڵند کراوە بۆیە نازناوی بەیاتی نەوا وەر ئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



٤٧– سەوزە هەی لێمۆ ؛

نموونەی تێکستەکەی :

کەوتە مابەینمان حەوت کێوو حەوت کۆ هەی ڕۆ حەوت کێوو حەوت کۆ
مەگەر بای ڕەحمەت ئازیز گیان من بێنێ بۆتۆ هەی ڕۆ من بێنێ بۆ تۆ
سەوزە هەی لیمۆ چاو جوان مەرگی تۆ من کەم شەرتم یان ئەتۆ
من دەبم ئای بەحەیرانی تۆ ..................................

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (لا . سی . دۆ# . ڕێ . می ) . چوارینەی یەکەمی بریتییە لە ( لا . سی . دۆ . ڕێ ) ، کە پڕاو پڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە گەورەی یەکەمی ڕۆژ هەڵاتی ( عەجەم )ە ، و لە سەرپلە دەنگی (( لا )) بنیات نراوە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



٤٨- بارانە نم نم و تاو تاو :

نموونەی تێکستەکەی :

بارانە نم نم و تاو تاو  بارانە نم نم و تاو تاو
ئەدا لە گۆناو لە ئەگریجەی خـــــــــــــــاو

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە ( دۆ . ڕێ . میبیمۆڵ ) ، کە چوارینەیەکیش تەواو ناکەن ، بەڵام بە پێی چێژی ئاوازەکە پەیژەی ئەم ئاوازە بریتییە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلەی شەشەمی ( دۆ مینۆر – بچووک ) پەیژەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی ( می بیمۆڵ ماژۆر – عەجەم ) .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



٤٩- ئای شیرنێ جوانێ :

نموونەی تێکستەکەی :

ئای شیرنێ جوانێ تۆی مەریوانـــی
دانێ ڕانەکەت سەر بنێمە بانــــــی
ئەو ڕیزە ماڵەی بەماڵی تـــــــۆوە
هەمووم خۆش دەوێ بە بۆنەی تۆوە

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە ( سیکاربیمۆڵ . دۆ .ڕێ . می . فا ) . ئەم میانە دەنگییانە تەنها لە میانەکانی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) بەدەست دێت کە پێ ئەڵێن پەیژەی چوارگا .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



### ٥٠– دەبارێ :

**نموونەی تێکستەکەی :** دەبارێ هەی دەبارێ دەبارێ کرێوەی دەکـــــــا
لەسەر سنگی کەژاڵێ خاڵەو بانگی خاڵ دەکـــــــا
کە تۆڕوحمت نەماوە دڵ دەسوتێ وەک قـــــــاوە
کافری بێ دین و ئیمان بۆچ منت وادانــــــــــاوە
چەن ساڵە یاری خۆم بویت بۆچی نەتکرد ماڵ ئاوا

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە ( سیکاربیمۆڵ . دۆ .رێ . می . فا ) . ئەم میانە دەنگیانە تەنها لە میانەکانی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( راست ) بەدەست دێت کە پێ ئەڵێن پەیژەی چوارگا .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



# سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی :
## (١٨٨٢ز – ١٩٣٧ز)
### ( سەی ئەسکەر )



**١ ئای لەلەنجەولار :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

هەی داد هەی بێ داد دەردم تاو تاوە ، دەردم تاو تاوە
ساتێ لەرزم هەس ، ساتێکم یاوە ، ساتێکم یـــــاوە
ئای لە لەنجەولار وای لە لەنجەیــــــــــــــــــە
کەیفم لەکراسی کرێشەیــــــــــــــــــــــە

**نۆتەکەی:**

**نموونەی نۆتەکەی بە پەیژەی ( فا مینۆر ) :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( میبیمۆڵ . فا . سۆڵ . لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ ) ،

بە پێی ئەو بەدواچوونەمدا بۆزانینی تەواوی پەیژەی ئەم ئاوازە ، دوو لێکدانەوە هەیە :

١–هەندێ بۆچوون هەیە کە ئەڵێن چوارینەی یەکەمی ئەم ئاوازە بریتییە لە ( فا . سۆڵ . لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ )، لەم ساتەدا ئەتوانرێ وەکوو پەیژەی بچووکی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی گەورەی ڕۆژهەلاتی ( مینۆر – نەهاوەند ) واتا ( فـــا مینۆر ) پەیڕەو بکرێت هەڵبەتەش ئەمە ڕێگا ڕاستەکەیە .

**سکێڵەکەی:**




٢– هەندێ بۆچوونیش هەیە کە ئەڵێن چوارینەی یەکەمی ئەم ئاوازە بریتییە لە ( سۆڵ . لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ )، لەم ساتەدا ئەتوانرێ وەکوو پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی سێیەمی

پەیژەی گەورەی ڕۆژهەلاتی ( پەیژەی فریجی – پەیژەی کورد ) مامەڵەی لە گەڵدابکرێت ، بەلام لەم ساتەدا پلەی حەوانەوەی ئاوازەکە لەپلەی حەوتەمی ئاوازەکەدا ئەمێنێتەوە ، لەپەیڕەوکردنی سیستمی پەیژەی مۆسیقادا ئەمەکارێکی دەگمەنە .

**نموونەی نۆتەکەی بە پەیژەی ( سۆڵ کورد – سۆڵ فریجی ) :**




**سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**تێبینی :**

بەڕێز کاک حەمەی حەمەباقی لە کتێبەکەیدا بەناوی (( سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی ) لە لاپەڕەی ١٢٠ برگەی ١١ ، باسی لەم گۆرانییە کردووەو بە (( بەیاتی ئەسفەهان )) ، کە گوایا بەیاتی ئەسفەهان پاشکۆیەکی دەسگای هۆمایۆنە . من پێم باش بوو، بەڕێزی بینوسیایە کە ئەم زانیارییەی لەکێ وەرگرتووە ، بۆئەوەی زیاتر ڕووی دەمم بکردایەتە ئەو کەسە بەڕێزە .

## ٢- كراس كورتێ :

## نموونەی تێكستەكەی :

هەر چەندەكەم فیكرو ئەندێش     تەوەلا بووم لە قەوم و خوێش

لە دووی باڵات بووم بە دەروێش

باڵا كورتێ چیت لێ كردم     باڵا كورتێ دینت بردم

بۆچ وات لێم كرد بیت بە پردم

## نۆتەكەی :




## سكێڵەكەی :

كاك موحەمەدی حەمەباقی لە كتێبەكەیدا( ل 121 ) پەیژەی ئەم ئاوازە بە پەیژەی دەشت دائەنێ و ئەڵێ یەكێكە لە پاشكۆكانی دەسگای شوور . بەڵام پاش لێكۆڵینەوەیەكی زۆر بۆم دەركەوت كە ئام ئاوازە بەهۆی تام وچێژی دەنگی بێژەرەكەیەوە كە خاوەنی لەرینەوەیەكی زۆری یەكجار كوردی یە ، كە هەندێ جار ئەبێتە هۆی وون بونی چێژی پەیژەكە ، بەڵام پاش ئەو لێكۆڵینەوەیە بۆم دەركەوت كە ئەم ئاوازە ، پێكدێت لە پلە دەنگییەكانی (میبیمۆڵ. فا. سۆڵ. لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ )، كە جواریلەی یەكەمی پڕاوپڕی چوارینەی یەكەمی پەیژەی یەكەمی گەورەی (ماژۆر- عەجەم) ە .

## نموونەی سكێڵەكەی :




## ڕیتمەكەی :



**٣-هەی نابێ نابێ :**

**نموونەی تێکستەکەی : تێبینی : دوو کۆپلەم لە تێکستەکە نوسیوە بەڵام میلۆدییەکە هەمان میلۆدییە بۆیە بەگرنگم نەزانی میلۆدییەکە دووبارە بکەمەوە .**

**لەبیرت مەبۆ دەخیل ، شەوەکەی سەرجۆ هەر شەوەکەی سەرجـــۆ**
**عەزیەت کەردەن من ،کەسم مەکە و لاوەی تۆ ئاخ مەکەو لاوەی تۆ**
**هەی نابێ نابێ هەر چاو جوان وانابـــــــــــــــــــــــێ**
**بەم دەم و دەستە وڵڵا یار پەیدا نابێ ئەسەف یار پەیدا نابـــێ**

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگییەکانی بریتیین لە ( میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . ) بەڵام چێژی ئاوازەکە وای دەر ئەخا کە ئەم ئاوازە لە سەرپلە دەنگی سێیەمی(( سێ گا )) پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) بنیات نرابێ ، کە نازناوی پەیژە پەیژەی ( ئەوشار ) دەگرێتە خۆی لە بەر ئەوەی پلە دەنگییەکانی گۆڕانکاری تیانییە .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



# مەزهەری خالقی ( ١٩٣٨ ز سنە – کوردستان )

## جەند ئاواز و گۆرانییەک



**١–یار لێم نەتۆریَ :**

**نموونەی تێکستەکەی :** هۆنراوەی : پیرەمێرد .

وام زانی کە من دڵم دابەتـــــــــــــــــۆ
دڵی تۆش بۆ من ئەبیَ بە مـــــــــــــەکۆ
چی بکەم دڵەی شێت تووشی تۆی کردم
بە سەودای بیَ سوود لە نـــــــاوی بردم
هەر ماڵی گیسکیَ خۆم تەنیا گــــــۆڕیَ
نەزری ئەڵلا بیَ ، یار لێم نەتـــــــۆریَ

**نۆتەکەی :**

### Yar lym netory




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە ( سۆڵ . لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ریَ . می بیمۆڵ ) ، بەلاّم بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سیکاربیمۆڵ . دۆ . ریَ . می بیمۆڵ )) ، کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەی(( هوزامی )) درووستکراوی سەرپلەی سیَیەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاّتی (( راست )) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٢- بی لەنگێنە :

نموونەی تێکستەکەی :

بڕوان گۆزەی سەرشانی یارم هات بۆسەرکـــــــــــــــــانی
بەچارۆکە دای پۆشی لەرە لەری مەمکـــــــــــــــانی
جار جارە دیدەم زارە بەم ئێوارە بیلەنگێنە لەنگان ئەوهادەبێ
لەبەر ئەو گۆزەی دەمرم لەسەر شانی بەن دەبــــــــــــێ

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگی یەکانی بریتیین لە (( لا . سیبیمۆڵ . دۆ# . ڕێ . می . فای سروشتی . سۆڵ )) . چوارینەی یەکەمی بریتییە لە ( لا . سیبیمۆڵ . دۆ# . ڕێ ) ، کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەدەرووست کراوی سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی( ماژۆر هارمۆنی – عەجەم هارمۆنی ) یە . نازناوی پەیژەی (( حیجاز نەهاوەند یان زمزمە )) وەرئەگرێت ، " بنوارە لاپەڕەی 50 بڕگەی ب " .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



## ٣- گەرد و گەرد :

**تێکستەکەی : هۆنراوەی : عابیدی سەراجەدینی .**

**کۆبرا دەچی لەنجەولار مەکـــە   جاحێڵ بەگۆشەی چاو زامدار مەکە**
**ئەرێ وای گەردو گەردو گەردانە   یارم شەمعەو خۆم پەروانـــــــــە**
**کوشتمی ئەو جووتە چاوانە**

**نۆتەکەی :**

### Gerdw gerd




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( سی ، دۆکاردێز . ڕێ . می )) ، کە پڕاوپڕێ چوارینەی یەکەمی پەیژەی درووستکراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەگەورەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) ، کە پەیژەی بەیات یان دوو بەیات ی پێئەڵێن .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٤- مەستوورە :

نموونەی تێکستەکەی :

ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردیین مەستوورە ئامان مەستوورەگــــــیان
هەردووگرفتار یەک ئاهی سەردیین مەستوورە ئامان ..... مەستوورەگــــــیان
مەستوورەی مەستوور سێوی ناودەستان مەستوورەی مەستان چاو مەست گیان
بمدەری ماچی بۆخاتر قووڕئان بۆ خاتر قورئان ئەی هـــــــــــــــاوار

نۆتەکەی :

**Mesture**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ . لا کاربیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ بیمۆل . می بیمۆڵ ، فا ، سۆل )) ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە ( سۆڵ . لا کاربیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ ) ، کە پڕاو پڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) کە پێی ئەڵێن ( بەیات ) ، بەڵام لە
بەر ئەوەی پلەی دووەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەکی دەنگی نەوی کراوە ، بۆیە نازناوی (( بەیاتی کورد یان کوردانیە )) وەرئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



## ٥- مریەمێ سابڵاخی :

**تێکستەکەی :**

شەدەلارەکەی چاوخومارم عیشوەدارم مریەمێ سابڵاخــی
تاقەگوڵەکەی نێو گوڵزارم تەنیایارم مریەمێ لێم یاخــی
با شەو من لەلات بم بالەلای بم مریەمێ سابڵاخـــــــی
با ئاوێزانی بم میوانی بم حەیرانی بم مریەمێ لێم یاخی

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سی . دۆ . رێ# . می . فا# )) .

**دووجۆر بۆچوون هەیە :**

١- چوارینەی یەکەمی بریتی بێ لە (( لا . سی . دۆ . رێ# )) کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی چوارهەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم )) بێت ، کە پەیژەی سیگان ، یان (( ڕەوەند . نگریز یان هەمایۆن )) ئەگرێتە خۆی ، ئەمە بەپێی چێژی ئاوازەکە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**



٢–چوارینەی یەکەمی بریتیبێ لە (( سی . دۆ . ڕێ# . می )) ، کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی پێنج هەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم )) ە . کە ناز ناوی (( عەجەم حیجاز یان زنجران )) وەردەگرێت .

**نموونەی سکێلەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**

لە بەر ئەوەی ئەم ئاوازە چەندجارێک ڕیتمەکەی ئەگۆڕێ بۆیە بەباشی ئەزانم کە پڕاوپڕی ریتمی ئاوازەکە بنوسمەوە :

**نموونەی ڕیتمەکەی :**

**Mryem sablaxi**
**Rytm**



٦-شایی‌یە زەماوەندە :

نموونەی تێکستەکەی : هۆنراوەی : عابیدی سەراجەدینی .

مایین بە ڕەختاو بێت کچ بەلەرزانە
ژن سەروین لەسەر بێ کور بەجامانە
جوانە قژکاڵە لەرزانە لەچک و فەقیانە
شادییە زەماوەندە خەنەبەنانە
ڕەشبەڵەک گیراوە سێ چین لەو بانە

نۆتەکەی :

Shaie zemawnde




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( دۆ . ڕێ . میبیمۆڵ " هەندێ جار می ناتوور" . فا# " هەندێ جار فا ناتوور " )) ، کە تەنها یەک چوارینەیە ، پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماجۆر هارمۆنی – عەجەم هارمۆنی )) یە ، کە نازناوی پەیژەی ڕەوەند – سیگان و یان نگریز وەرئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



٧- شل و مل :

نموونەی تێکستەکەی :

نازدارو نازەنینی رومەت گوڵ و شیرینـــــی نازدارو نازەنینی رومەت گوڵ وشیرینــــــــی
وەنەوشەی ناو پەرژینی شادی دڵی غەمگینی
نازمەکە نازمەکە گیانە نازت بەچەنــــدی لێو قەیتانی فەرەنگی هەر وەک تاوسی دەلەنگی
شل و ملی خاڵ لە ملی چاو بەکلی بەچەندیشل و ملی خاڵ لە ملی چاو بەکلی بەچەنـــــدی
گیانە نازت بە چەندی
کچێ بە حوکمی جووتێ شاهید ئەشهەدو شوخ و شەنگی ئای ئەشهەدو شوخ و شەنگــــــی

نۆتەکەی :

**Shl w ml**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ " هەندێ جار ڕێبیمۆڵ . می بیمۆڵ " هەندێ جار میناتور . فا . سۆڵ )) ، چوارینەی یەکەمی بریتییەلە (( سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێبیمۆڵ . می بیمۆڵ )) کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی چوارەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماژۆر هارمۆنی – عەجەم هارمۆنی )) ە ، نازناوی پەیژەی ڕەوەند – سیگان یان نگریز وەرئەگرێ ، بەڵام هەندێ جار ئاوازەکە گۆڕانکاری ناوەندی(( لاوەکی '

*له کتێبی پێشوومدا ، پۆلین کردنی پەیژەکانی مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست – بەشی پێنجەم – لاپەڕەی ٢٥٨ ، بەوردی باسی لێ کراوە* )) تێ ئەکەوێ کە نابێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕابەری پەیژە ( سکێڵەکەدا ) ، ئەوێش بە گۆڕانکاری لە نێوان پەیژەی ڕەوەند و پەیژە سەرەکییەکەی کە تەنها پەیژەی فا ی گەورەیە و گۆڕانکارییەکە تەنها ئەوەیە پەیژەکە لە دۆخی هارمۆنی یەوە ئەچێتەوە دۆخی میلۆدی تەنها جیاوازییەکانیان ئەوەیە لە پەیژەی گەورەی میلۆدی دا ، پلەی شەشەم و حەوتەمی نیوو پلە دەنگی نزم ئەکرێت بەڵام تەنها لە باڵا چوون دا ، بەڵام پەیژەی هارمۆنی پلە دەنگی شەشەمی هەردەم نیووپلە دەنگی نەوی یە لە چاو پەیژەی سرووشتی دا . ئەم گۆڕانکاریانەش لاوەکین و نابنە هۆی گۆڕانکاری لە نێو پەیژە سەرەکییەکەدا .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





## ٨– ئامینێ :

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئامینێ ئەمن دینێ تۆدینێ      ئامینێ بەهەردوومان سەرینێ

ئەی هاوار ئەی هـــــاوار      واوەرە ئامینـــــــــــــێ

عەشقی باڵای ئامیـــــنم      بێ وەفا نام دوێنـــــــــــێ

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ی سەرپلە دەنگی دۆیە و بەواتای ئەوەی ئەم پەیژەیە . نازناوی بەیاتی سەرپلە دەنگی (لا ) ی هەیە ، بۆیە تەنها پێی ئەڵێین بەیات لە بەر ئەوەی چوارینەی دووەمی تیابەکار نەهاتووە ، گەر هاتوو گەشەی پێ کرا ئەوا ئەو ساتە ئەتوانرێ بەجۆرێک لە جۆرەکانی بەیاتی ناو بنێین (( بنوارە لاپەڕەی 54 – 61 )) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٩- هەرمـــــــێ :

نموونەی تێکستەکەی :

لە دەردی بێ دەرمانی کەوتوومە سەرگەردانـــــــــی
بەجوابی لەن تارانی چیبکەم جەرگم بـــــــــــــڕاوە
هەرمێ وەی وەی هەرمێ    سینگۆڵەت باخی ورمـــێ
جووت شەمامەی سەر سنگت    ناوێرم دەستیان بەمـــێ
خەڵکانم زۆر لێ دیارە    بۆیە لێی دەکەم شەرمێ

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی : پلە دەنگی یەکانی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می ناتور )) . چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) ، کە پڕاو پڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) ە ، کە ناز ناوی بەیاتی هەیە . لەبەر ئەوەی پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی یەکەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە بۆیە بە جۆری بەیاتەکەی ئەڵێین بەیاتی نەوا یان هەندێ نازناوی تر کە پێویست ناکا زۆر خۆمانی پێوە خەریک بکەیین .

نموونەی سکێڵەکەی:




ڕیتمەکەی :



## ١٠ – هاتە خوار :

نموونەی تێکستەکەی :

زۆری لێپاڕامەوەئاوڕێکی لێ دامەوە — بەیەکجار کەوتم و تێکییەوە پێچامەوە
یار هاتە سەرینم چاوی کەوت بەبرینم — گیان گەیبوە بەربینم یەخەی لادا بیبینم
هاتە خاور دێتە خوار زەمۆنەی چاو خومار — خانمی چاوکەژاڵ خودایە چەندە جوانە
ئەرێ ساکی هەڵگرتووە ئەچێ بۆشاری بانە — شارلەدوایبالآیئەوچۆڵئەبێوەک وێرانە

نۆتەکەی :

### Hate xwar




سکێڵەکەی :

پلە دەنگی یەکانی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می ناتور ، فا )) . چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) ، کە پڕاو پڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) ە ، کە ناز ناوی بەیاتی هەیە . لەبەر ئەوەی پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی یەکەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە بۆیە بە جۆری بەیاتەکەی ئەڵێین بەیاتی نەوا یان هەندێ نازناوی تر کە پێویست ناکا زۆر خۆمانی پێوە خەریک بکەیین .

نموونەی سکێڵەکەی :



# ناوچەی ئەردەڵان و چەند ئاوازێکی فۆلکلۆری :

کاتێ کە کتێبی (( هەڵبژاردەیەک لە گۆرانی فۆلکلۆری ناوچەی ئەردەڵان )) م بینی ، کە لە لایەن ئینستیوتی کەلەپوری کورد لە سلەیمانی لە جاپخانەی شڤان بەچاپ گەیەنراوە ، پیا چوونەوەیەکم کرد ، بۆیە داوی دەسنووسەکەی (( ح ، موسەنن )) م لێ کردن ، بەڵام بەداخەوە چنگم نەکەوت و هۆکاری دەستنەکەوتنەکەشیم نەزانی ، بۆیە بۆ کەڵک وەرگرتن لە هەندێ لەو ئاوازانە پەنام بردە بەر گوێ گرتن لە ڕێی کاسێت و سی دی یەوە ، لێرەدا هەندێکیان ئەخەمەپێش چاو .

**١- سەوزە :**

**نموونەی تێکستەکەی :** سەوزە مەڕۆ سەوزەگیان سەوزەکەی ماڵـــم
نەخۆش نەکەوی سەوزە گیان نەشکێنی باڵم

**نۆتەکەی :**

**Sewze**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆل . دۆ . ڕێ )) ، کە پراوپڕێ چوارینەی یەکەمی پەیژەدروستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) . لەبەرئەوەی تەنها چوارینەیەکە ، بۆیە نازناوی (( بەیات )) وەرئەگرێ ، بەڵام لەگەشەپێ داندا جۆری بەیاتەکە دەستنیشان ئەکرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٢– گوڵنیشان :

## نموونەی تێکستەکەی :

گوڵنیشان گوڵنیشان ئەسمەر حاڵم پەریشـــــــان

هەرچەند کەوتمە غەریبی ناشکێنم عەهدو پەیمان

## نۆتەکەی :

**Gulnishan**




## سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆل . دۆ . ڕێ ، می ، فا سۆڵ )) ،چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ ڕێ )) کە پڕاوپڕێ چوارینەی یەکەمی پەیژەدروستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ە . لەبەرئەوەی پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، بە جۆری بەیاتەکەی ئەڵێین بەیاتی نەوا یان هەندێ نازناوی تر کە پێویست ناکا زۆر خۆمانی پێوە خەریک بکەیین .

## نموونەی سکێڵەکەی :




## ڕیتمەکەی :



## ٣- بارانه باران :

### نموونەی تێکستەکەی :

بارانه باران باران تەرمی کرد
عیشوەی ئەوکچە ئەی هاوار لەدین دەرمی کـــــــرد
بارانه باران باران تەرمی کرد
ئەو کچە ئەو منداڵە چواردەساڵە لەدین دەرمی کرد

### نۆتەکەی :




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( ڕێ . می . فا کاردێز . سۆڵ . لا . سی . دۆ )) . بە پێی چێژی ئاوازەکە . چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سۆڵ . لا ، سی ، دۆ )) کە پڕاو پڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ە ، نازناوی پەیژەی چوارگا وەرئەگرێت .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



### ٤- هەی بێ :

### نموونەی تێکستەکەی :

هەی بێ دەبڵێ بێ خانمی دیدەو گیانم بـــێ
بۆ خاتر قورعان ئەمشەو خانم وەمیوانم بێ

### نۆتەکەی :




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( ڕێ . میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا )) ، بەڵام بەپێی پلەی حەوانەوەی ئاوازەکە چواریەلەی یەکەمی بریتییە لە (( فا . سۆڵ . لا . گەر پلەی چوارەمی تیادابوایە ئەبێ پلە دەنگی سیبیمۆڵ بێت )) ، بۆیە بەپەیژەدرووست کراوی سەرپلەی چوارەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) ناو ئەبرێ و نازناوی پەیژەی (( چوارگــــــــا)) ئەگرێتە خۆی .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :





## ٥- جەیران چاوەکـــــــەم :

**نموونەی تێکستەکەی :**

وەفیدای باڵات بام ،وەفیدای باڵات بام ،
ئای لە دویر دیارە ئای جەیران چاوکـــەم
چمان گوڵ خونچەی، چمان گوڵ خونچەی ،
ئەوەڵ بەهارە ، ئای جەیران چاوکەم
خاڵێ لە لێو ژێری ، خوەم کردیەسە ئەسیـری
پەلکەیەل ڕەشەو شۆڕە ، ئەرای حاڵم ناجۆرە
ئای جەیران چاوەکەم ، ئای جەیران چاوەکەم .

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( ڕێ . مـــی . فا کاردیێز . سۆڵ . لا . سیێبیمۆڵ . دۆ# )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە ، چوارینەییەکەمی بریتییە لە ( فاکاردیێز . سۆڵ . لا . سی بیمۆڵ )) ، کە پڕاوپڕی جواریلەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی سیێیەمی (( سیێگا )) پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ە ، لەبەریەوەی پلە دەنگی چوارەمی چوارینەی یەکەمی چارەکەپلەیەک نزم کراوە و پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەک بڵند کراوە ، بۆیە نازناوی (( هوزام )) و هەندێ نازناوی تر ، وەرئەگرێ ، کە پێویست ناکا باسیان بکەیین .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## عەباسی کەمەندی :

**ئاوازی : گوڵ گوڵە .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

گوڵ گوڵە وەختی سەیرانە گوڵ گوڵە وەختی دڵ دانە
بێ بچینە سەیری باخان سەیری بەرزە دەماخان      ئەها ها ئەها ها
چاوڕەشی چاو ئەسێرە زووکە دەسا بدێرە
بەدەم بادی بەیانەوە بۆنی خۆشت بنێرە      ئەها ها ئەها ها

**نۆتەکەی :**

### Gwl gwle




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی ، بریتین لە (( لا ، سی ، دۆ ، ڕێ ، می )) ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( لا ، سی ، دۆ ، ڕێ )) ، کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماژۆر – عەجەم )) ، و ناز ناوی نەهاوەند ، یان بچووک – مینۆر وەرئەگرێت .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی**



## ناوچەی مەریوان و هەندێ ئاوازو ستران :

### ١- ئاخ حەریرە : هەڵپەرکێی سێ پای حەریرە .

( عومەر کارێزی - مەرزی هەڵاڵاوا ) .

**نموونەی تێکستەکەی :** ئەترسم بمرم لەم دوور وڵاتە
دڵ پڕ لە خۆزگەو ئۆف و ئاواتە
ئاخ حەریرە ئاگر دەبارێ
ڕیشەی دڵەکەم گرویەتی بەجارێ

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ . لاکاربیمۆڵ . سی بیمۆڵ . دۆ )) بە پێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی تەنها هەردووپلە دەنگی (( سیبیمۆڵ و دۆ )) ی بەرئەکەوێ . زۆر ئاشکرایە کە پەیژەی (( چوارگا )) سەرپلەی چوارەمی پەیژەی دووەمی گەورە ( فا ) ی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٢ – یەزن یەزن – بۆ سەمای فەتاح پاشایی : ( عومەر کارێزی – مەرزی هەڵاڵوا ) .

نموونەی تێکستەکەی :

بلێ ئەومالەی هەمە وەی نەزری ئەلابـــــــێ
وەی باغەوان بمرێ باوانم ئاخ باخ بەرەڵلابێ
ئەرێ یەزن یەزن سینەکەت باخچەرێزن
ئەمرەکەی مامۆستایە ماچت حەلالە بۆمـــــن

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) ، کە چوارینەیەکی دەنگی تەواو ناکات ، بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە ،بە پەیژە درووست کراوی سەرپلەدەنگی(( سیکاربیمۆڵ )) سێگای سەرپلەدەنگی سێیەمی پەیژەگەورەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ئەبژێرێ . بەڵام جۆری سێگاکەی دەست نیشان ناکرێ ، تاکاتی گەشەپێدانی ،.....

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



### ٣- نازدار گیان :

### نمونەی تێکستەکەی :

ئای تەنیادارێک بووم ئای توخوا نازدارگیان ئای بەسەر یاڵەوە
جا دەستت دام بەدەست ئای توخوا نازدارگیان ئای بای شەماڵەوە

### نۆتەکەی :

## Nazdar gyan




### سکێڵەکەی :

ئاوازێکی زۆرکۆنی ناوچە شاخاوییەکانی مەریوانە بەزورجۆر چڕاوە ، پلە دەنگییەکانی بریتیین لە : ((سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێبیمۆڵ)) کە تەنها چوارینەیەکیش تەواو ناکەن ، بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژەی ئەم ئاوازە بە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی ( ماژۆر – عەجەم )) ، کە نازناوی پەیژەی ڕەوەند (( سیگان – نگریز )) وەرئەگرێ .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



## ٤- ئاوازی قڕه پیریژن :

دوو جۆری هەیە :

### ئاخ یاران :

١- ئەم جۆرەی بەوشێوەیەیە کە (( تاراجاف )) وتویەتی .

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئاخ یاران یاران یاران دراکەن

بەفرێ باریوه ڕێگا دەرناکــەن

**نۆتەکەی :**

**Ax yaran**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لا. سیبیمۆڵ . دۆ .)) بە پێی چێژی ئاوازەکە : چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سۆڵ . لا . سیبیمۆڵ . دۆ )) بەڵام ئاشکرایە کە میانەی نێوان ئەو سێ پلە دەنگییە لە چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم)) ە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




### ئاخ یاران :

٢- ئەم جۆرەی بەوشێوەیەیە کە (( شێخ عومەر کارێزی )) لە مەریوان وتویەتی.

**نۆتەکەی :**

**Ax yaran**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( لاکاربیمۆڵ. سیبیمۆڵ . دۆ. ڕێ .)) بە پێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ . پلە دەنگی چوارەمی چوارینەی یەکەمی تیا

نییە )) بەڵام ئاشکرایە کە میانەی نێوان ئەو سێ پلە دەنگییە لە چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلەی چوارەمی پەیژەی دووەمی پەیژەی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**ب – قڕە پیرێژن :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

هەر کێوی بەرزە بیکەینۆ بەماڵ      تیایا دانیشین بێ خەم بێ خەیاڵ
ئابێ وام بەم کوێستانۆ کاڵێ گیان شەماڵ لێم ئـــــــــــــــەدا
دەبێ شەماڵ بەخێربێیت نازەنین سەبوریم ئـــــــــــــــەدا

**نۆتەکەی :**

## Qre piryjn




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( لا. سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ و لە پلە نزمەکانیدا پلە دەنگی فا ی تیادایە )) بە پێی چێژی ئاوازەکە : چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ . پلە دەنگی چوارەمی چوارینەی یەکەمی تیا نییە )) بەڵام ئاشکرایە کە میانەی نێوان ئەو سێ پلە دەنگییە لە چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم )) وە نزیک ترە . هەرچەندە ئەتوانرێ بکرێتە چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی

پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی ، بەڵام ئەم هەڵسەنگاندنە دورترو نەگونجاوترە لە بۆچونی یەکەم .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :

ریتمی ئەم ئاوازە دوو جۆرە : سەرەتاکەی بە باڕێکی (( خانەیەکی )) تاکە کرۆش دەست پێ ئەکات و بە ڕیتمی 6/4 و پاشادەبێتە ریتمی 4/5 . بەم جۆرەی خوارەوە .






تیپی مۆسیقای سلەیمانی

### ٥- هۆعەلەکە

**نموونەی تێکستەکەی :**

هۆ عەلەکە و عەلەکە خاوەنی گێل گێلەکـــــــــــە
تماشای گۆشەی چاوی کە ئەڵێی چەرخ و فەلەکە
بێرۆ بابڕۆیین  باوانم بۆ کوێ ئەڵێی دێـــــــــــم
بەڵام بەوشەرتەی باوانم تانە نەیەی لـــــــــــێم

**نۆتەکەی :**

## Ho Aleke




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە ((  سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) بە پێی چێژی ئاوازەکە : چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ . پلە دەنگی چوارەمی چوارینەی یەکەمی تیا نییە )) بەڵام ئاشکرایە کە میانەی نێوان ئەو سێ پلە دەنگییە لە چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی رۆژهەڵاتی (( عەجەم )) وە نزیک ترە . هەرچەندە ئەتوانرێ بکرێتە چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی ، بەڵام ئەم هەڵسەنگاندنە هەر وەکوو ئاوازی پێشوو دورترو نەگونجاوترە لە بۆچونی یەکەم .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ریتمەکەی :**



٦- فەیم .

**نموونەی تێکستەکەی :**

سەردەشتی سانان فەیم بۆ بنەڕانی بڵێ بۆ بنەڕانی
باتۆز نەنیشێ وەی لە کەوشەکانـــــــــــــــــی
باتۆز نەنیشێ وەی لە کەوشەکانـــــــــــــــــی

**نۆتەکەی :**

**Feym**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) بە پێی چێژی ئاوازەکە : چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ . پلە دەنگی چوارەمی چوارینەی یەکەمی تیا نییە )) بەڵام ئاشکرایە کە میانەی نێوان ئەو سێ پلە دەنگییە لە چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم )) وە نزیک ترە . هەرچەندە ئەتوانرێ بکرێتە چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی ، بەڵام ئەم هەڵسەنگاندنە هەر وەکوو ئاوازی پێشوو دورترو نەگونجاوترە لە بۆچونی یەکەم .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٧–لەیلی . (( بۆ سەمای ڕۆینە ی ناوچەی مەریوان )) .

(( شێخ عومەر نێی )) .

**نموونەی تێکستەکەی :**

توخوا لەیلی ئامان لەیلی لەیلم لە ڕێۆ

وەک بەفری کوێستان زەردەی خۆر پێۆ

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ .لا کاربیمۆڵ . سی بیمۆڵ )) کە پلە دەنگییەکی کەمترە لە چوارینەیەکی مۆسیقای ، بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە ،پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ە ، کە نازناوی بەیاتی هەیە ، لە بەر ئەوەی پەیژەیەکی حەوت پلەدەنگی نییە ، بۆیە ناتوانرێ جۆری بەیاتەکەی دەست نیشان بکرێت .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





٨- هەلام هەلامە .

نمونەی تێکستەکەی :

هەلام هەلامە شیرینێ و کاڵــێ
خەتای من نییە دڵ بۆت ئەناڵێ

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) بە پێی چێژی ئاوازەکە : چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ . پلە دەنگی چوارەمی چوارینەی یەکەمی تیا نییە )) بەڵام ئاشکرایە کە میانەی نێوان ئەو سێ پلە دەنگییە لە چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم )) وە نزیک ترە . هەرچەندە ئەتوانرێ بکرێتە چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی ، بەڵام ئەم هەڵسەنگاندنە هەر وەکوو ئاوازی پێشوو دورترو نەگونجاوترە لە بۆچونی یەکەم .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



٩- لەنگەر بە لەنگەر .

نموونەی تێکستەکەی :

ئاخ لەنگەر بەلەنگەر جوانێ گیان بەلەنگەر

ئای من غەمی تۆمە بێ غەمم بێـــــــنە دەر

نۆتەکەی :

**Lenger be lenger**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) بە پێی چێژی ئاوازەکە : چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ . پلە دەنگی چوارەمی چوارینەی یەکەمی تیا نییە )) بەڵام ئاشکرایە کە میانەی نێوان ئەو سێ پلە دەنگییە لە چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( عەجەم )) وە نزیک ترە . هەرچەندە ئەتوانرێ بکرێتە چوارینەی یەکەمی پەیژە دروست کراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەلاتی

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





١٠–سەوزە .

نموونەی تێکستەکەی :

جاکێوێ بەرزە سەوزە بیکەینۆ بە مـــاڵ
باتیایادانیشین لەیلا بێ خەم بێ خەیاڵ

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگی یەکانی بریتیین لە (( سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ . میبیمۆڵ و لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی سۆلی بەر ئەکەوێ ... ئەم میانەیە مۆرکی ئەو ناوچەیەو ناوچەی کەڵهوڕییە )) چوارینەی یەکەمی بریتییە لە : سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ . مێ بیمۆڵ ، کە چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( عەجەم )) ە.

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





## ئیسماعیلی سابوری : (( کرماشان – ١٩٥٤ – ٢٠١٩ ))

### ١– سەوزە سەوزە .

### نموونەی تێکستەکەی :

ئەی وێنەی بێگەرد سەوزە سەوزەی لیمۆ لە باخەڵ
سەروی باڵابەرز جوانی جوانی بووکی ناوجەنگـــەڵ

### نۆتەکەی :




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لا ، سیکاربیمۆڵ . دۆ# . رێ . می ناتور )) . چوارینەی یەکەمی بریتییەلە (( لا ، سیکاربیمۆڵ . دۆ# . رێ )) کە پڕاوپڕی چوارینەی ئەوپەیژەیەیەکە لەسەرپلردەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) بنیات ئەنرێ و گۆڕانکاری لە چوارینەی یەکەمی دا کراو . بۆنموونە پلەی سێ یەمی ئەوچوارینەیە نیووپلەی دەنگی بەرزکراوەتەوە .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



## ٢- گیان گیان .

نموونەی تێکستەکەی :

تەنیاداریٚ بووم کانی‌لە پام بـــــــوو     تەنیاداریٚ بووم کانی‌لە پام بـــوو

گەل گەل نازداران دایم لە لام بـــــــوو     گەل گەل نازداران دایم لە سام بوو

گیان گیان و گیان گیان گیان گیانەکەم     سەد گیانی شیرین بەقوربانت کەم

ئارامی گیانەکەم شیرین زووانەکەم

نۆتەکەی:

**Gyan gyanu**




سکێڵەکەی : پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ ، لا ، سی‌کاربیمۆڵ ، دۆ ، ڕێ ، می‌کاربیمۆڵ ، فا )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( لا ، سی‌کاربیمۆڵ ، دۆ ، ڕێ )) ، کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ە ، کە پەیژەی بەیات یان دووبەیاتی پێ ئەڵێن ، لە بەرئەوەی چوارینەی دووەمی هیچ دەستکارییەک نەکراوە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی:



### ٣- شوعلەی مانگەشەو .

### نموونەی تێکستەکەی :

خودا ڕۆ لەدەست ئای شوعلەی مانگە شەو گیانە ئای شوعلەی مانگە شـــــــــــەو
تاکەی بنیشم ئای چاو بچودە خەو گیانە ئای چاو بچودە خـــــــــــــەو
تیەی باو نێ تیەی ناو خۆش هاتی بانی چاو گیانە خۆش هاتی بانی چـــــــــاو
خودا ڕۆ لەدەست ئای چاو ڕەش چاوڕەشە خۆێشگو خۆش لەنجێ ئای شیرین مانگەشەو
تیەی باو نێ تیەی ناو خۆش هاتی بانی چاو گیانە خۆش هاتی بانی چـــــــــاو

### نۆتەکەی

## Shwley mange shew



**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . میناتور . فا)) . بەپێ چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می )) ، کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی ، سەرپلەی سێ یەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) کە لەسەرپلە دەنگی سۆڵ بنیات نرابێ ،بۆیە پێی ئەڵێن پەیژەی سێگا ، لە بەرئەوەی پلە دەنگی یەکانی دەسکاری نەکراون بۆیە پێی ئەڵێن پەیژەی : سێگا بەیات یان سێگا مایە یان فەرەحناک یان ***ئەوشار*** .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





## ٤– بەو بەو .

### نموونەی تێکستەکەی :

| | |
|---|---|
| کەفتومە شونت ئەزیزم مەنزڵ وەمەنـــزڵ | مەنزڵ وەمەنزڵ |
| من وە شەوقی تۆ ئەزیزم تۆوەشەوقی دڵ | تۆوەشەوقی دڵ |
| باو باو بەو بەو کار وەپی دیـــــــــــرم | |
| قسەی پیرە شەو ئەزیزم کەفتیەسە ویرم | کەفتیەسە ویرم |

### نۆتەکەی :




### نموونەی سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ . لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . میکاربیمۆڵ . فا ناتور )) . بەپێ چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . میکاربیمۆڵ )) ، کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی ، سەرپلەی سێ یەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) کە لەسەرپلە دەنگی سۆڵ بنیات نرابێ ،بۆیە پێی ئەڵێن پەیژەی سێگای بەیات یان عیراق ئەوج یان ڕەونەق نما ، لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک وپلەی چوارەمی چوارینەی یەکەمی چارەکە پلەیەک نەوی کراون .

### نموونەی سکێڵەکەی:




### ڕیتمەکەی :





**عەلی زەندی:** محەمەد عەلی زەندی (( لەدایک بووی شاری سنە ١٩٥٦زاینی )) ، دانیشتنێکی تێرو تەسەلم لە ١١-١٢-٢٠٠٤ زاینی لە تەکدا کردو زۆر سەرنجی بەکەڵکم لێ وەرگرت . وتی :

خوێندنی پێنج ساڵی دەبیرستانی لە شاری سنە لە گەڵ کاک ناسری ڕەزازی تەواو کردووە هەر لەمنداڵیەوە خولیای ئاوازو مۆسیقا بووە و بەشێوەیەکی سەرەکی نزیکەی 20 ساڵ ئەبێت خەریکی مۆسیقا و گۆرانی بووە ، ئەلف وبای مۆسیقای (( نت خوێنی و نت نوسین )) و کاری سۆڵفێجی لای مامۆستا حەسەنی کامگار خوێندووە . لەناوچەی لەیلاخ فۆرمێک هەیە بەناوی لاواندنەوەی بالوورە ناوی ئەبەن ،هەمان فۆرم لەناوچەکانی خوارو تابەرەو ڕۆژ ئاوای کوردستانی ڕۆژهەڵات وناوچەکانی کەڵهوڕ بڕوا ، هەمان فۆرم پێی ئەڵێن هۆرە ، کە لەزاراوەی ئاهورامەزداوە وەرگیراوە ،گۆرانییەکە بێ کەلامە وشەی لەگەڵ نییە (( لەوەئەچێ مەبەستی لە هۆنراوە بێت )) . باری سەرنجی من ئەوەبوو لەهەمووگەشتەکانمدا بەدەگمەن کاسانی وەکو ئەم هونەرمەندە بەئەزمونەم پێش چاوکەوت ، بەڕاستی بۆم دەرکەوت چەن کەسێکی بەسەلیقەو خەمخۆری هونەری میللەتەکەیەتی

**بالورە :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

برا دڵەکەی وەبایە وەی برا وەی وەی وەی برا یەی برایەی دڵەکەی وەبایە

**نۆتەکەی :**




**تێبینی :**

وتنی ئەم ئاوازە یان بالورەیە وەکو ئاوازێکی ڕیتم سەربەستە بێژەر بەبۆچونی خۆی درێژی ئەکات ، میانە دەنگییەکانیشی لەنێوان دوو تاسێ پلە دەنگی دان هەرچەندە هەندێ جار فراوانتر ئەبێت ، بەڵام دوو تایبەتمەندی هەیە ئەویش ڕیتم سەربەستەو وشەکانیشی خاوەن کێش نین ، بەواتای بەدەگمەن هۆنراوە بەکاردێت . گەر بەکاریش هات ئەوا هەندێ زاراوەی تری ئەچێتە پاڵ بەپێی بۆچونی بێژەرەکە درێژو کورت ئەکرێن وشەکانی دەربڕینی ئاوازەکەیە ، بەزمی شادی و دڵداری و ماتەم و پەستیشی هەیە ، بەڵام تەنها وشەکان جۆری دەربڕینەکە دەست نیشان ئەکەن .بەپێ چێژی ئاوازەکە و ئەو مەودا دەنگیانەی میلۆدییەکەی لەسەر پەیژەی مینۆر ( بچووک ) سەرپلەی شەشەمی پەیژەی گەورە بەکاردێت ، لای ژنان و پیاوانیش هەمان دەربڕین هەیە شادی یان ماتەم بێت , وتی ئەم جۆرە پێی ئەڵێن حەیرانی کەڵهوڕی ، لەزمانی مامۆستا عەلی نەزەر بیستومە و لەم جۆرەدا زۆر بەتوانا بوو ، جا گەر بەرەو لای کەڵهوڕیەکان بڕۆیین ئەواجۆرەکەی ئەگۆڕێ هەریەکەیان ناوی تایبەتی خۆیان هەیە لەوانە . حەیران ، بانگەواز ، هۆخشتران ،دورەدیاران ، لاوێن ، دەشتی ، ناڵە، ماتەم .

## حەیرانی ناوچەی لیلاخ و کەڵهوڕی :

### نموونەی تێکستەکەی :

ئای یای یا یای یا یای ئەی ئەی ،ئەرێ باوانەکەم ، ئا ئا ئا ئا یای ، ئەرێ یای

یای یا یای یا یای دیەم یا یام هاواریایار ئەرێ ئازیزەکەم ، توخوا ئا ئا ئا ئای .

### نۆتەکەی :

## Heyrani kelhwri



### تێبینی :

ئاوازێکی تر تایبەت بە لەیلاخ هەیە پێیئەڵێن فۆرمی هۆخشتران ، لەزمانی کوردستانی عیراق پێیئەڵێنعەجەم، لای فارسەکان پێی ئەڵێن دەسگای ماهوور . بەڕای من ئەم جۆرە هەر ئاوازی فۆرمی ئەوەڵسەحەرەکەی مامە سێوەیە لەکاتی خۆیدا باسی لێدەکەم ، بۆیە بەپێویستم نەزانی لێرەدا نۆتەکەی بنووسمەوە.

هەروەها ووتی هەوای (( ناڵە )) لە ناوچەی لەیلاخ پەیوەستە بەچیرۆکی شوانێکەوە کە ئاویندارى کچێک ئەبێ و پاشان شێت دەبێ و بەشاخ وبەردەکانی ناوچەی کەڵهوڕ و لەیلاخەوە ئەو چیرۆکە لەسەری باس دەکا .

### شیرین ها شیرین :

### نموونەی تێکستەکەی :

شیرین ها شیرین دەی شای شیرین شـــــــــیوە

شێوەی نازداران گیان و گیان دونیا تاڵ پێوە

ئانێ هیچ نەبوو واڕەشی بـــــــــــــــــەردەن

مەر بادەت لەجام ئاهەن لێ بــــــــــــــەردەن

### نۆتەکەی :

## Shirin ha



سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( دۆ . ڕێ . میکاربیمۆڵ . فا )) کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ە ، چوارینەی دووەمی تیانیە ، بۆیە بەتەنها نازناوی ڕاست وەرئەگرێ گەر هاتوو چوارینەی دووەمی بۆدرووست کرا ، ئەوا بەگوێرەی ئەوچوارینەیە نازناوی جۆرێکی تر لە جۆرەکانی پەیژەی ڕاست وەرئەگرێ .

تێبینی :

نموونەی سکێڵەکەیمان لەمەوبەر ڕوونکردۆتەوە .

هەروەها ووتی ؛ گۆرانییەکی تریان هەیە لەلای کەڵهوڕ و زازۆ کاندا بەناو بانگە ، کەئەوە دەکێشرێتەوە بۆناوچەی ئەلهەقیەکانی (( کاکەییەکانی )) کرندو دالاهو و شائابادی ڕۆژئاواو سەرپێڵی زەهاو ،ئەم گۆرانییە بەئامێری تەنبورەوە ئەژەنرێ کە لەوناوچەیەدا بەو ئامێرە مۆسیقاییە ئەڵێن (( تەمیرە )) ، لە شکارگای تاق بوستانی خەسرەو شیرین (( شیرین و فەرهاد )) وێنەی ئەوتیپەمۆسیقاییە هەڵکەنراوە لەو وێنەی شکارەدا سێ ئامێری مۆسیقای وئامێرژەنەکانیان دیارە کە هەرسێ ئامێری چەنگ (( هارپ )) وتەمیرە و دایەرە (( دەف – زەرب )) تیادیاری کراوە ،ئەوگۆرانیە لای کرندیەکان پێی ئەڵێن حەیرانی کرندی .

نموونەی تێکستەکەی :

ئیشەو لەدوریت فرەهولمە شیرین گیان شیرین گشت کەسم

عیشق تو داسە تیشە وەدەسم

نۆتەکەی :

Shirienew shirien




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( سی . دۆکاردێز . ڕێ . می بیمۆڵ )) . ئەم چوارپلەدەنگییە ، چوارپلەدەنگییەکی کەمە (( دیمنیشت )) ە ، تەنها لەو چوارینەیەدا ئەیبینین کە پەیژە درووستکراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) کە پەیژەی بەیات یەکا ، بەڵام پلەی چوارمی چوارینەی یەکەم و دوومیشی نیوو پلەی دەنگی نزم ئەکرێنەوە ، ئەم جۆرە پەیژەیەش پێێ ئەڵێن پەیژەی سەبا.

نموونەی سکێڵەکەی :



هەروەها ووتی : لەناوچەی بیجاڕو دیواندەرە جەماعەتێ هەبوون کوردبوون کوردی جۆلەکەبوون ،کەهاتوون لەوناوچەیەژیاون و لەگەڵ لەیلاخ و کەڵهوڕ ژن و ژن خوازییان کردووە ، گۆرانی تایبەتی خۆیان هەبووە ، ئەگێڕنەوە کابرایەکی جوتیارهەبووە لەکاتی زەوی کێڵانیدا کە کچۆڵەیەکی جوانی لەگەڵ بووە ، لەوساتەدا ڕێبوارێک بەلایاندا تێئەپەڕێ داوای نان یان لێ ئەکا ، جوتیارەکەش بانگ ئەکاتە کچەکەی و ئەڵێ : کاولی ...کاولی (( کاولی لەلای لیلاخ و دەوروبەری بەمانای جوان دێت )) بڕۆنان بۆ ئەوڕێبوارە بهێنە ، ڕێبوارەکەش کەگۆرانی بێژئەبێ کەچاوی بەکیژۆڵەکە ئەکەوێ عاشقی ئەبێ و هەرلەوێدا ئەو هۆنراوەی بەسەردا ئەهۆنێتەوە بەمجۆرە :

**نموونەی تێکستەکەی :**

کاوڵی بادینان هاوار وەی هێڵان بەهێـــــــڵان
قوڵکی ژێرگەردن هاوار وەی حەوزی جاهێڵان

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( سی . دۆ . ڕێ .... )) چوارینەیەکی مۆسیقای تەواوناکات . بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە ئەو سێپلەدەنگیەو میانەکانی تەنها لە چوارینەییەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم )) بەدەست دێت .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





ئاوازی شیرین دامەچۆ (( عەتاوڵڵای سەی مەنسور – لیلاخی )) .

نمونەی تیکستەکەی :

هەستەبێرەوە وەک جاری جاران
رولەبەیانان سوبح وئــــێواران
شیرین دامەچۆ تولەتەر مەچــۆ
عەرعەر دامەچۆ نەونەمام مەچۆ

نۆتەکەی :

## Shirien damecho




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سی . دۆ . ڕێ )) ، بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی لەپلەدەنگی دۆ وە دەست پێئەکات ، واتە چوارینەی یەکەمی تەنها دووپلەدەنگی (( دۆ و ڕێ )) ئەگرێتە خۆی ،بۆیە بە ئاوازێکی خاوەن پەیژەی گەورە (( عەجەم )) ئەناسرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



### ئاوازی تەراتیلی ئەلهەقیەکان

### ١- ئەلی ئەلی هو

**نموونەی تیکستەکەی :**

**ئەلی ئەلی هو هو هو مەولا مەلی هوهوهو**
**دەسم وەدامان یارەب شاهی داڵەهوهوهـــو**
**دەردێ گردمە نیە دەرمانـــــــــــــــــــــی**
**نەوێ وەنسیب هیچ موسڵمانـــــــــــــــــی**

**نۆتەکەی :**

## Ali ali hw




**سکێڵەکەی :**

**گەرسەیری پلەدەنگییەکانی بکەیین ئەبینین کەمیانەدەنگییەکانی لەگەڵ یاسای هیچ کام لەپەیژە مۆسیقایەکانی ڕۆژهەڵاتی ناگونجێ ،لەبەرئەوەی میانەکانی بریتین لە (( لا 6 – دۆیسروشتی2 – دۆ# 2– ڕێ4 – می )) ، لای ئەوروپییەکان پەیژەیەکی مۆسیقا هەیە کەپێی ئەڵێن پەیژەی مۆسیقای بلووز ئەویش پەیژەیەکی تایبەتە و لەیاسای پەیژەمۆسیقاکانی تر بەدەرە ، بۆیە من وای بۆئەچم کەئەم پەیژەیەش بەوجۆرەبێ .**

**سکێڵی پەیژەی مۆسیقای بلووزی ئەوروپی :**




**سکێڵی پەیژەی مۆسیقای بلووزی پەیژەی کوردی :**






**٢– بەی بەی .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ڕاحەت جەستەی مەینەت بارەکەم
تەسکینی دڵەی پڕ جەخارەکـــــەم
بەی بەی بەی بەی بـــــــەدارەوە
من ئەوینی دڵ لەپـــــــــێرارەوە

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( دۆ . ڕێ . میبیمۆڵ . لەپلەنزمەکانیشدا پلەدەنگی سۆڵی بەرئەکەوێ .

بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییەلە (( دۆ . ڕێ . میبیمۆڵ . پلەدەنگی چوارەمی تیا نییە )) بەڵام بەو سێ پلەیە دەرئەکەوێ کە پەیژە درووستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم )) ە .

**نمونەی :**




**ڕیتمەکەی :**





٣- شەماڵ ئامانە .

نموونەی تێکستەکەی :

بینە بەخاترپیرێ مەیخانێ یــــــە
بەسۆزی سینەی قوتبی زەمانـــێ یە
بەنەسیمەکەی مەسیحا شـــێوە وێ
ئەحیاکردەوەی مەهجوری لێــوە وێ
شەماڵ ئامانە شەماڵ ئامانـــەو وێ
دڵەکەم دورەلێم دڵەکەوەی لانەو وێ

نۆتەکەی :

**Shemal amane**




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . رێ )) ، کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دوومی ڕۆژهەڵاتی (( راست )) ، کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی چوارینەی دوومی تیانییە جۆری بەیاتەکەی دەست نیشان ناکرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



٤– گەردون ئامان .

**نموونەی تێکستەکەی :**

عەشقی سەرەڕێی گەردوون ئامان ئای ئێوارەی کانی
بەر ئەدا لەدڵ گەردوون ئامان ئای کڵپەی گۆرانـــــی

**نۆتەکەی :**

## Gerdwn aman




**سکێڵەکەی:**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . چوارینەیەکی دەنگی تەواو ناکات )) ،بەڵام ئەو سێ پلەیە کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دوومی ڕۆژهەڵاتی (( راست )) ، کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی چوارینەی دوومی تیانییە جۆری بەیەتەکەی دەست نیشان ناکرێ .

**نموونەی سکێڵەکە**




**ڕیتمەکەی :**





٥- بارمەکە.

نموونەی تێکستەکەی :

قیبلەم تۆم لەدڵ قیبلەم تۆم لەدڵ — تارۆژ قیامەت هەرتۆمەلەدڵ
فیدای شێوەت بام جەبین پەڕەی گوڵ — دڵ جەتاسەی تۆ دایم مە دوچڵ
هەی هەی بار مەکە ئازیز بارمەکە — هەیپەژارەومەینەلەدڵم بارمەکە

نۆتەکەی :

**Barmeke**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ . لا . سی کاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . میبیمۆڵ )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می بیمۆڵ )) کە پڕاو پڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی سێیەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ە ،کە لەسەرپلەدەنگی سۆڵ بنیات نراوە پێی ئەڵێن پەیژەی سیگا ، لەبەر ئەوەی پلە دەنگی چوارەمی چوارینەی یەکەمی چارەکە پلەیەک نزم کراوەتە وە بۆیە ئەتوانین بڵێین پەیژەی هوزام .

نموونەیسکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



# باشووری کوردستان (( کوردستانی عیراق ))

ئەبووایە پێش ئەوەی بچومایەتە سەر باس کردنی کەلتووری هونەری ئەم ناوچەیە ، لەپێشا باسێکی ناوچەی لورستانی کوردستانی ئێرانم بکردایە ، بەڵام هەرچەندە من درێغیم لێ نەکردوون و زۆربەی زۆری کەلتوورەکەیانم نوسیوە بەڵام بەباشم زانی بۆگرێ دانی هەردوو ناوچەی لورستانی کوردستانی ئێران و ناوچەی خانەقین , زۆر بەپێویستی ئەزانم کەلەم بەشەی کوردستان لە بەشی خواروی ڕۆژهەڵاتی ئەم پارچەیە کە بە ناوچەی خانەقین بەناوبانگە دەست پێ بکەم لە بەر ئەوگرنگیەی کە ئەم ناوچەیە پەیوەستی یان گرێ دەری هەردوو بەشەکەی کوردستانی خۆرهەلات (( کوردستانی ئێران )) و کوردستانی باشوور (( کوردستانی عیراق )) ە ، هەروەها گرێ دەرو هاوکەلتوری هەردوو دیالکتیکی لوڕی کوردستانی ئێران و گەرمیانی کوردستانی عیراقە و سنورێک و زمانێک و کەلتورێکی هاوبەش یان هەیە . هەرجەندە لە دێر زەمانە حکومەتە جیاجیاکانی عێراق بەتایبەتی بەجۆرێک دەسەڵاتی بەسەر ئەم ناوچەیەدا هەبوو تاوای لە زۆربەی دانیشتوانی کردبوو کەبەزمانی دایک (( کوردی )) نەدوێن و زۆربەی زۆری دانیشتوانی خەڵکی ئەم دەڤەر کە فەیلی بوون ڕەوانەی ئێرانی کردن ، لە بەر ئەوەی ئەمانە هەڵگری ڕەگەزنامەی عیراقی نین و ئەوەشی کە لەوێدامایەوە زۆربەیان کەسانی تێکۆشەرو ناودار‌یان لێدەرچوو لە بەر ئەوەی قبوڵی بەعەرەب بونیان نەکرد و ناچار هەوڵیاندا بەشداری لە هەموو بزوتنەوەکانی نوێخوازی وشۆڕشی چەکداری گەلەکەماندا بکەن . بۆچونە ناو باسەکەمەوە ، ڕووم کردە ناوچەی خانەقین و لەو سەفەرەشمدا برای ئازیزو نوسەر کاک (( عەباس عەبدولڕزاق )) م لە گەڵ بوو ، ئاشکرایە ئەم ناوچەیە سەرەڕای هاوبەشی زەوی و زمان و کەلتوریان لە گەڵ کوردستانی ئێران دا هاوبەشن ، ئەم ناوچەیە هەروەک و بەشە هاو سنوورەکەی کوردستانی ئێران زۆربەی زۆری دانیشتوانی هەڵگری ئاینی (( کاکەیی – ئەهلی حەق و عەلەوی – ئەلیڤی . )) بەشێکی زۆریشیان لەهەردو بەشەکەی دینی ئیسلام سونەو شیعەن . هەرچەندە لە سەرەتادا تێگەیشتنم لێ یان تۆزێ ستەم بوو بەڵام کەسانێکی زۆر هەوڵیان دا کە هاریکاریم بکەن تا کارەکەم بەئەنجام بگەیەنم .

لەم گەشتەمدا بەهۆی هەندێ لە هونەرمەندان و هەوادارانی هونەر، ڕێم کەوتە ماڵی کاک (( سەید فوئاد – فوئاد کریم عبدالڕحمان )) ،کە خۆی خاوەنی ئەزموونێکی چڕە لە فۆرم و ئاوازە جیاجیاکانی ئەم دەڤەرە ،لەبەر ئەوەی ئەم دەڤەرە نەک وەک ناوچەکانی تری کوردستان خاوەنی بەستەی گۆرانی و ئاوازی کوردین بەڵکوو چەند فۆرمێکی زۆر بەناو بانگی کوردی وەک : قەتار و ئەڵڵاوەیسی و خاوکەر و خورشیدی و ئای ئای و بگرە فۆرمی هۆرە کە لەناو مۆرکی هونەری مۆسیقای کوردی دا جێ یەکی ڕەسەن و دیاری هەیە ئەم دەڤەرەش لێی بێ بەش نییە گەر سەرچاوەکەشی نەبێت ....... کاک سەید فوئاد ووتی : خانەقین کەلتورێکی تێکەڵاوی ناوچەی گەرمیان و لوڕستانی کوردستانی ئێرانە ، پانتاییەکی زۆری هەیە هەمو ناوچەکانی بەری خۆرهەڵاتی ڕوباری سیروان لە خۆ ئەگرێت تا ئەگاتە زنجیرە چیاکانی هەورامان .لەبەر ئەوەی کەلتوری ئاوازو مۆسیقاکمان بنەچەی کەلتوری دینی زەرەدوشتی یە و هەمو فۆرم و سرووتە ئاینیەکانمان لەوانەوە بۆماوەتەوە . لە بەرئەوەی ئەوفۆرمە مۆسیقایانەی کەباسی لێوەکردن پەیوەستییەکی گرنگیان بەناوچەی گەرمیانی کوردستانی باشوورەوە هەیە ، بۆیە لە ساتێکی تایبەتدا باسیان لێئەکەم بەڵام بەکەڵک وەرگرتن لە کەلتووری ئەم ناوچەیەش . بالێرەدا بێنە سەر باسی ئەو ئاوازو فۆرمە مۆسیقاییانەی کە لەم ناوچەیەدا بەناوبانگن ، ئاشکرایە ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندە ومن ئەگەر بمەوێ سەرانسەری ئەو ئاوازانە کەڵک لێ وەر بگرم ئەوا سات ودەرفەتێکی زۆرم ئەوێ تا بەوکارە هەڵبسم بەڵام لێرەدا من بەپێویستی ئەزانم تەنها کەلک لەو نموونە بەنرخانە وەربگرم کە دەبنە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ کارەکەی من . کاک سەید فوئاد لە سەر گفتوگۆ کەی خۆی بەردەوام بوو و وتی :ئێمە فۆلکلۆرەکەمان دەوڵەمەندە ،گەر لە سەر هەریەکی لەو فۆرمانەی کە باسمانکرد بڕۆیین ، هەریەکەیان خاوەنی دەیان بەستەی خۆیەتی ، بۆ نموونە فۆرمی

ئەڵلاوەیسی دەیان بەستەی لەسەر وتراوە کە هەریەکەیان خاوەنی مێژوویەکی دێرینە ، بەو جۆرەی کە ئەتوانرێ دەست نیشانی دانەرەکەی بکرێت ، بەڵام سنگاو سنگ و نەوە دوی نەوە ماوەتەوە و لەوانەیە چەندین گۆڕانکارییان بەسەرداهاتبێ ، بەڵام لە بەر ئەوەی ئێمە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆ نەبویین کە بتوانیین بیان پارێزین ، بەواتایەکی تر ئێمەی کورد خاوەنی دەسەڵاتی خۆمان نەبووین تا بتوانیین بیان پارێزین ، بەڵام ئێستاش نەچووە و بچێ گەر لێرەشەوە دەست پێ بکەیین ئەوا زەرەر لەنیوەی بگەڕێتەوە چاترە ، هیوادارم بەهۆێ خەم خۆران و پسپۆڕانی هونەرەوە بتوانین هەوڵ بدەین کۆیان بکەینەوە ، دیارە کارەکەی من کۆکردنەوەی ئەو سامانە گەورەیە نییە بە قەدەر ئەوەی کە هەوڵی سەرەتاییمە بۆ پێناسەکردن و پۆلێن کردنی پەیژەو فۆرمە مۆسیقاییەکان ، پاش ئەوە دێمە سەر ئەو کارە گرنگە گەر خوا تەمەن بدا . دوای ئەو دانیشتنانەم لەگەڵ ئەو کەسە هونەرمەند و هەوادارانی هونەر لەودەڤەرەدا من کەوتمە گومانێکی گەورەوە ، لە بەرئەوەی ئەوانەی ئەوان باسیان لێ ئەکرد ، من بەتەمابووم لە ناوچەیەکی تر دەستم بکەوێ ، بۆیە بەگرنگم زانی پێش ئەوەی لە سەر هونەری ئەم دەڤەرە بنووسم ، ڕوویکەمە لای چەند کەسانێکی خاوەن ئەزموونی زیاتر و لەبارتر بۆ نوسینەکەی من ، لە سەروی هەموویانەوە برای ئازیزم کاک ئازاد خانەقینی کە دانشتنێکی چڕو پڕم لە گەڵکرد و زۆر لە باری سەرنجەکانیم بە ڕاست زانی ، بۆیە بڕیارمدا ، لەوێ وە دەست بەنوسین لە سەر کەلتووری ئەم دەڤەرە بکەم و کەڵک لەوانی پێشوش وەربگرم .

**ئازاد وەهاب عەبدول ڕەحمان (( ئازاد خانەقینی )) . ١٩٥٨– ٢٠٠٦ خانەقین .**

زۆر بەداخم بەماوەیەکی کورت پاش ئەنجام دانی ئەم لێکۆڵینەوەیەم لەگەڵیدا کۆچی دوایی کرد ، بەڵام هەرچابوو ئەو زانیاریەگەورەیەی لەسنگەفراوانەکەی ئەوداهەبوو بووەمایەی کەڵک لێ وەرگرتنێکی زۆر .

خوا لێخۆشبوو ووتی : ناوچەی خانەقیین بریتییەلە : ئاوی سیروان تا سنووری ئێران ،هەردوو ناحییەی مەیدان و قۆرەتوو لەخۆ ئەگرێ ،عەشیرەتەکانی باجەلان ، جموير ،تالەبان ، تاشەیی ، دێهاتەکانی ئەم ناوچەیە هەموی بەشێوەی جافی یان گەرمیانی گفتوگۆ ئەکەن . بەڵام دێهاتەکانی نزیکی قۆرەتوو خانەقین ،تا ناو شاری خانەقیین ، کەهەردوو عەشرەتی باجەڵان و جموير لەخۆ ئەگرێ،بە شێوەی هەورامی (( زمانی ماچۆ )) گفتوگۆ ئەکەن ،هەروەها عەشرەتی کاکەییش هەر بەزمانی ماچۆ ئەدوێن . بەڵام ناوشاری خانەقین و دەرو بەری خوارو ڕۆژهەڵاتی بە زمانی (( کەڵهوڕی )) یان زمانی (( بەو بەو )) ئەدوێن ، کەلتوری ناوچەفراوانەکەی لوڕستانی کوردستانی ئێرانیان هەیە ، بۆنموونە عەشیرەتی ئەرکەوازی نیشتەجێی ناوچەی خوڕەم ئابادن بەڵام وەچەیان لە ساتەکانی جەنگی جیهانی کۆچیان کردۆتە ناوچەی خانەقین هەروەها عەشیرەتەکانی ،خاڵی و سورەمەلی کە هاوکەلتوری هەردوو ناوچەکەن ، بۆیە ئەتوانیین بڵێین جگە لە هۆرە ، کە پەیوەندی ئەم ناوەچەیە ، ئاوازو سترانەکانیان هاوبەشن . نموونەش بۆ ئەو ئاوازانە . ئاوازی هەی جان ، بەو بەو . کۆتەڵ کو – کە تایبەتە بە بەسەرکردنەوەی ناشتن و دانیشتن لەو چەند ڕۆژەی ئەو بەسەرکردنەوەیە . هەروەها ناوچەی کەڵهور بریتیە لە ناوچەکانی کرماشان ،قەسری‌شیرین ،ئیلام ، خانەقیین . مەندەلی ،ئاوازەکانیان زیاتری لە تەراتیلە ئاینییەکانی ئاینی کاکەیی (( ئەهلی حەق )) وەرگیراوە ، ستران بێژە بەناو بانگەکانیان بریتین لە (( حشمەتوڵڵای لوڕنەژاد ، ئیسماعیلی سابووری . مەسقەتی ، پیرخدری ، یەدوڵڵای ڕەحمانی ، محەممەدی یاوەری، حسەین البورزی . )) بەڵام پێش ئەمانە ستران بێژە بەناوبانگەکانیان بریتیین لەو کەسانەی کە هۆرەیان وتووە . بەڵام لوڕ دانیشتوی ناوچەکانی پشتکو و پێشکو . لە ناوچەکانی خوڕەم ئاباد . زمانەکەیان بەتەواوی زمانی نوسین و خویندنەوەی بابەتاهیری هەمەدانی یە . لە سترانبێژە بەناوبەنگەکانیان (( ڕەزای سەقایی و فەرەجی لوڕی )) . بەڵام ئەوکەسانەی کە لەخانەقین سترانی وتبێ تەنها خودادا عەلی کە بەزمانی (( لەهجەی )) باجەلانی فۆرمی ئەڵوەن ی وتووە بەڵام شەهرامی نازری زۆربەی ئاوازو فۆرمەکانی تەراتیلەکانی ئاینی کاکەیی بەزمانی فارسی وتووە . بۆیە ئەتوانیین بڵێین ناوچەی خانەقین جگە لەئاواز و فۆرمەکانی ناوچەی گەرمیانی

کوردستانی باشور و ناوچەی کەڵهوری (( کرماشان)) ی کوردستانی ڕۆژهەڵات ، هیچ ئاوازێکی تایبەتی نییە . جگە لە فۆرمی هۆرە کە لەهەموو دانیشتنێکدا ئەوترێ کە تایبەتیشە بەم ناوچەیە ، لەو هۆرە بێژە بەناوبانگانە : عەلی نەزەر . و مراسل . سەید قول . کە لەم ناوچەیەدا بەناوبانگن .وەکو لەمەوبەر باسمان کرد ئەوانەی لەکوردستانی ئێران بەم شێوە زمانە گۆرانییان وتووە ، واتە کەڵهوڕی ،زۆریان نەماون و هەندێکیان ماون و پیربوون ، بەڵام ئەوانەی کەدیارن بەرە بەرە باسیان لێ دەکەیین .

**١–مەسقەتی (( ئیسماعیلی مەسقەتی )) .**



لە ساڵەکانی ١٩٥٠ ز .گۆرانی وتووە تائێستاش بەردەوامە .

ئاوازی فۆلکلۆری زۆر وتووە ، لە هەرەگۆرانییە دیارەکانی .

**ئاوازی (( جان قەرار بگری باوانم )) ،**

**نموونەی تێکستەکەی :**

جان قەرار بگرێ باوانم هەر ئەم شەو مێوانـــــــم

ئەی سەروەن جێەگەی شۆڕەژن شان مەدەی لەشانم

**نۆتەکەی:**

**Jan qerar bgri**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( ڕێ . سۆڵ . لا . سیبیمۆڵ . دۆ# . ڕێ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی بریتییەلە ، (( لا . سیبیمۆڵ . دۆ# . ڕێ )) کە پڕاو پڕی چوارینەی یەکەمی ، پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم – ماجۆر )) هارمۆنییە ، لەبەر ئەوەی تەنها چوارینەی یەکەمی ، ئاشکرایە بۆیە تەنها نازناوی پەیژەی (( حیجاز یان زنجران )) ی بۆ بەکار ئەهێنیین ، هەرچەندە گەر چوارینەی دووەمی ئاشکرابێ چەند نازناوێکی تری وەکو (( حیجازی نەهاوەند زمزمە یان پەیژەی دووحیجاز یان پەیژەی حیجازکار شاناز بەپێی میانەکانی چوارینەی دووەمی )) . بەخۆیەوە ئەبینێ . (( لەمەوبەر باسمان کردووە )) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**

**Hijaz znjran**



**ڕیتمەکەی :**



## ٢- لوورِ نەژاد (( حشمەتوڵڵا لوورِنەژاد – ١٩٥٤-٢٠٠١ ))

لەدایک بووی شاری کرماشان . گۆرانی بێژی کەڵهورِییە . لەگۆرانییە سەرکەوتوەکانی :

**گوڵ وەنەوشەی باخانمی .**



**نموونەی تێکستەکەی :**

گوڵ وەنەوشەی باخانمی شەوچەرای دیوەخانمی
شەرت بوو لە داخت بچم گەیای کەم
عەساهەڵگرم کەشکوڵ پەیداکـــــــەم
گوڵ وەنەوشەی باخانمی شەوچەرای دیوەخانمی

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگییەکانی بریتین لە (( مینـاتور . فا# . سۆڵ . لا . سی کاربیمۆڵ . دۆ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پلەدەنگییەکانی چوارینەی یەکەمی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ ، بەڵام پلە دەنگی چوارەمی تیانییە )) ، بەڵام لەبەر ئەوەی هەردووپلە دەنگی می ناتور و فادێزی تیابەدی ئەکرێ ، ئەتوانیین بڵێین ئەمە پەیژەی بەیاتی عەجەم یان تاهیرە ، هەندێ نازناوی تریشی هەیە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**٣– پیرخدری : بەکەڵهوڕی گۆرانی وتووە .**

**لە گۆرانییە بەناوبانگەکانی :**

**کاڵێ وەی کاڵــــــــێ .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**کاڵێ وەی کاڵێ کاڵێ وەی کاڵێ چاوانت کاڵێ و چاوانت کاڵێ و**
**ئەرێ بێنەو شیندکەم وەئۆ وەئۆ وەئۆ وەئۆ وەئۆ وەئۆ وەی**
**ئەرێ بەو دوو دەسماڵێ لایەلایەت بۆ دەکەم بێرە دەرکی حەوشەکەم**
**دووقسەی خۆشد بۆدەکەم سەوداسەری باڵاکەم**

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگی یەکانی بریتیین لە (( می . سۆڵ# . لا . سی . دۆ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە ،چۆارینەی یەکەمی بریتییەلە (( لا . سی . دۆ . پلە دەنگی چوارەمی تیا نییە )) . بەڵام ئاشکرایە کە ئەو چوارینەیە تەنها لە چوارینەی یەکەمی پەیژەی دروست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( میجەر – عەجەم )) بەدەست دێت و نازناویشی پەیژەی مینۆر – بچوکی هارمۆنیە ، لە ڕۆژهەڵاتیش نازناوی پەیژەی نەهاوەندی هەیە .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٤- یەدوڵڵای ڕەحمانی :

خەڵکی ناوچەی سەرپێڵی زەهاوە ، عازف عودێکی باشە . سودی لە تەراتیلەکانی ئاینی کاکەیی (( ئەهلی حەق )) وەرگرتووە .

لە گۆرانیە فۆلکلۆرییە بەناوبانگەکانی :

مەرزییە :

نموونەی تێکستەکەی :

مەرزییە هەی نازەنیین هەی چاو خومارم
سەوزەگیان لە دویری تویەسە بیمـــــارم
وەک وێنەی دوریش حەق هاوار کەم یاهو
شوکرانەم وە یەزدان و وەشای داڵــــەهو

نۆتەکەی :

Merziye




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( می . فا ناتوور . سۆڵ# . لا . سی . دۆناتوور . ڕێ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی و بگرە سێپلەدەنگیش لە چوارینەی دوەمیشی پڕاوپڕی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم – ماژۆر )) ، کە لە ڕۆژهەڵات پێی ئەڵێن ، پەیژەی حیجاز نەهاوەند یان زمزمە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



٥- محەمەدی یاوەری :

خەڵکی کرماشانە . لە گۆرانییە بەناوبانگەکانی :

لەملان و لە ملان .

نموونەی تێکستەکەی :

لە ملان و لەملان تو برامی لەملانەم کوەسـەی

کەیفەکەی هەڵگرد وەی وەی جی ڕامەدرەسەی

واران واریە و وەی وەی زولفی شیویـــــــاگە

ئەر درو نەویشم توبرامی ماچی کریـــــــاگە

نۆتەکەی :

## Lemlan u le mlan




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( ڕێ . سۆڵ . لا . سی )) . بە پێی چێژی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( پلەدەنگی . سۆڵ . لا . سی - پلە دەنگی چوارەمی تیادا نییە )) ، بەڵام بەپێی میانەکانی ئەم پلە دەنگیانە ، پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم - ماژۆر )) ە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :

ڕیتمی ئەم ئاوازە بریتییە لە ڕیتمێکی تێکەڵاو لە سێ جۆر (( ¾ + 2/4 + 4/4 )) . بۆ هەموو کۆپلەیەکی ئەم ئاوازە ئەبێت هەرسێ جۆرە ڕیتمەکە بەکار بهێنرێت .



٦-شەهابی جەزائیری .

لە گۆرانییە بەناوبانگەکـــانی :

مەریەمەی نوور مامەی .

نموونەی تێکستەکەی :

ئەگەر من مردم مریەم مریەم بەینا مەیلت بـــوو

سەد کورەی ئاگر مەریەم مەریەم گڕەی دڵت بوو

ئەی مریەمەی نویرمامـەی

ئەوڵ خوداو دومامـــــــەی

بەو بچیم ئەرای شەمامەی

نۆتەکەی :

**Meryemey nwr mamey**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( فا# . سۆڵ . لا . سیبیمۆڵ . )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پلە دەنگییەکانی چوارینەی یەکەمی بریتیین لە (( سۆڵ . لا . سیبیمۆڵ .. پلەی چوارەمی بەکار نەهێنراوە ،)) . جۆری ئەو چوارینە مۆسیقاه ، لە چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلەی چوارەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( ماژۆر – عەجەم )) بەدەست دێت ، کە لای ئەوروپییەکان بەپەیژەی (( سیگان – ڕەوەند )) ناو ئەبرێت و لەڕۆژهەڵات بە پەیژەی هەمایۆن یان نەگریز ناوئەبرێت .

نموونەی سکێڵەکەی :

**G Rewend**




ڕیتمەکەی :



**٧–حسەین ئەلبورزی :**

**لە گۆرانی بێژە سەرکەوتووەکانی کرماشانە ، لەو ئاوازە فۆلکلۆریانەی**

**کە چڕیوەتی :**

**لیمۆ هەی لیمۆ :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**لیمۆ هەی لیمۆ ، لیمۆ شیرینــــــــە**

**فەرهاد کوکەن ئەزیزم یاری شیرینە**

**ئەرای دوریەگەد فەرەهۆڵــــــــــمە**

**چەنە بێستون خەم لە کوڵـــــــمە**

**نۆتەکەی :**

**Limo hey limo**




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا . سیکاربیمۆڵ .دۆ )) .**
**بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییەلە (( میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا . )) ، کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووستکراوی سەرپلەدەنگی سێیەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( ڕاست ) ، لەبەرئەوەی پەگوێرەی دووپلەدەنگی یەکەمی چوارینەی دوومی کە دەسکاری نەکراون پەیژە مۆسیقاکە نازناوی (( سیگا مایە یان فەرەحناک یان ئەوشار )) وەرئەگرێ ، بەڵام لای هەندێ لە هۆزو نیشتەجێکانی ئەم دەڤەرە پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەک نزم ئەکرێت ، بەواتای ئەبێتە سیبیمۆڵ ،بۆیە نازناوی پەیژەیسێگای نەهاوەند یان موستەعار یان ئەوج بۆسلیک یان بەستەی ئەسفەهان وەرئەگرێ .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٨– جەلالی نەسیری .

**ئاوازی (( یا عەلی مەدەد ))**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەر ناڵەکەم هەر زارییە مەنم نەکەین مەنا نیــــــــــیە
وەدوس خواردومە پشت پا شکانیە ئاینەی ســــــــــەفا
وەهەرکەس ووتم یا عەلی مەدەد مەهبەتمان کردوە شەدەد
وتیشەدا لەڕیشەمان بەدبەختی کردە تویشــــــــــمان

**نۆتەکەی :**

### Ya Ali meded




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( ڕێ . میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لای سروشتی . دۆ ))
چوارینەی یەکەمی بەیاتە لە سەرپلەدەنگی ڕێ ، کە درووست کراوی پەیژەی ڕاستی سەرپلەدەنگی فا یە ، لە بەر ئەوەی پلەدەنگی یەکەمی چوارینەی یەکەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە بۆیە نازناوی بەیاتی نەوا وەرئەگرێت .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## تێبینی :

لە دوای ساڵەکانی 1980 تا ئەمڕۆ چەندین گۆرانی بێژ سەریان هەڵداوە لەوانە :

**١- شەهرامی نازری :** زۆرسوودی لە تەراتیلی ئاینی کاکەیی وەرگرتووە و بەزمانی فارسی ئەیان لێتەوە ،چەندین گۆرانی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی کرماشانی وتووە لەوانە :



**ئاوازی : ئامان هەی ئامان :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئامان هەی ئامان ئەمان هەی ئامان
ئەمان هەی ئامان
چەرخ چەوەیند  چەرخ چەوەیند
سەر لە لیم شیوان ئەی وەی
سەر لە لیم شیوان

**نۆتەکەی :**

**Aman hey aman**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگییەکانی بریتین لە (( فا# . سۆڵ . لا . سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە . چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سۆڵ . لا . سیبیمۆڵ . دۆ )) . کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( گەورە – عەجەم – ماجۆر )) ،کەپێی ئەڵێن پەیژەی بچووک یان مینۆر ، بەلام لەبەر ئەوەی پلەی سێیەمی چوارینەی دووەمی نیوپلەی دەنگی بڵندکراوە بۆیە پێی ئەڵێن پەیژەی بچووکی هارمۆنی یان یان پەیژەی نەهاوەندی گەورە و هەندێ نای تریشی هەیە کە شایانی باس نین .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**تێبینی** : لەگۆرانی بێژەکانی ئەم ناوچەیەی(( خانەقین )) کوردستانی عیراق :

**١-خەلیل موراد وەندی** : لەدایک بوی شاری خانەقینە ، لەگۆرانیە ناسراەکانی :

**بەو بەو .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

بەو بەو بەو  باو بەو باو خانمە خاسەکەم
پا بنێ وەبان دیدەی ڕاستەکەم

**نۆتەکەی :**

## Bew bew




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( رێ . می . فاکاردێز . سۆڵ . لا )) ،بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( فاکار دێز . سۆڵ . لا . پلەی چوارەمی بەرناکەوێ )) ، بەوجۆرەش ئەچێتە خانەی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی سێ یەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) و نازناوی سێگا ی پێ ئەبەخشرێ ، بەڵام لەبەرئەوەی چوارینەی دووەمی تیانییە جۆری سێگاکەی دەست نیشان ناکرێ ، بەڵام بەهەرحاڵ لەبەر ئەوەی پلەدەنگییەکانی گۆڕانکارییان تیانەکراوە ، ئەتوانرێ نازناوی ئەوشاری پێ بڵێین .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





**٢- خوداداد عەلـــــى : -١٩١٢-١٩٨٦كاريێز**



**خەڵکی خانەقینە و بەزاراوەی باجەلانی (( ماچۆی هەورامانی )) گۆرانی وتووە .**

**ئاوازی : ئەڵوەن .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەڵوەن هەی ئەڵوەن هەی ئەڵوەن
ئەڵوەن شیتەدەی سەرمەستیساڵان
ئەرێ نەیلی سەر بییەم وەلامن بییەم لەقەوم و کاران

**نۆتەکەی :**

## Alwen




**سکێڵەکەی :**

ئەوەی شایانی باسە ئەم پەیژە مۆسیقایە لە کوردوستان وکو پەیژە مۆسیقای بەیاتی موحەییەری سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی رۆژهەڵاتی (( ڕاست )) هەڵس و کەوتی لەگەڵ ئەکەن کە بەو شێوەیەی لای سەرەوە نیشان دراوە کە نموونەی سکێڵەکەی بەوجۆرەی خوارەوەیە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٣- ئازاد خانەقینی (( ١٩٥٨-٢٠٠٦ )) .
نموونەی تێکستەکەی :




بانو هەی بانو بانوگیان بانوی کامیاران
هاکو میلەگەد وەی وەی جوی جاری جاران

نۆتەکەی :

**Banw**




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ .لا . سی )) کە چوارینەیەکی دەنگ تەواوناکات، بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە بریتییەلە چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماجۆر - عەجەم )) .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :

**Banw**





٤- حەسەن هەیاس .

ا – ئاوازی (( ئامۆزا ))



نموونەی تێکستەکەی :

کانیەکەی بەرماڵ زیخ دانەدانە ئامۆزا گیان
یارم دانیشتووە زوڵف ئەکا شانە ئامۆزاگیان
ئامۆزا تۆ باڵابەرزی ئامۆزا تۆ بۆ من فەرزی

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( می . فا کاردێز . سۆڵ . لا . سی سروشتی )) ، بە پێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە ((می . فا کاردێز . سۆڵ . لا )) کە پڕاو پڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست ی سەرپلە دەنگی سۆڵ )) ە و لە سەرپلە دەنگی می پەیژەی بەیاتی درووست کردووە و لە بەر ئەوەی پلە دەنگی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە و چوارینەی دووەمی تەنها ئەم پلەدەنگییەی بەر ئەکەوێ بۆیە نازناوی بەیاتی نەوا وە ئەگرێ ، بەڵام گەر پلەدەنگییەکانی تری چوارینەی دووەمی دەستنیشان بکرایە هەڵبەتە لەوە ئەچوو نازناوێکی تر بەخۆیەوە ببینێ (( بەوردی باسکراون )) .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



ب – له بله بله لەبێوه .

نموونەی تێکستەکەی :

له بله بله له بێوه سیودو سووار هات له ڕێوه

ئەرێ چەرمەڵه دڵت هاوەکێ وه نەرمەڵه دڵت هاوەکێ وه

نۆتەکەی :

**Le ble ble**




سکێڵەکەی :

پله دەنگیەکانی بریتین له (فا ، سۆل ، لا کاربیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ) .بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاکەی بریتیەله . پەیژەدرووست کراوی سەرپله دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سیبیمۆڵ ڕاست )) . که پەیژەی (( سۆلی بەیات )) ی پێ ئەڵێن . له بەر ئەوەی پلەی چوارینەی دوومی چارەکه پلەیەک بڵند کراوه ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوای سەرپلەدەنگی سۆلی پێ ئەڵێن .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :

**10/16**



ج – تەنتەنە .

**نموونەی تیکستەکەی :**

ئەزیزم ئەزیزم تەنتەنەدیری        تەنتەنەو نیمتەنەدیـــری
وەمەولا وەمەولا ئەردرونەیشم     هەرئیریە مەیل گەمەدیری
ئەزیزم ئیوارە دیمەت چاوەکەم کەشکا نەیامـــــــــــــەت
ئەزیم نیشانم دایدە چاوەکەم گۆشەی قیامــــــــــــەت

**نۆتەکەی :**

**Tentene**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێبیمۆڵ یان ڕی ناتوور )) بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە هەمان چوارپلەیدەنگی ، کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەلاتی (( ڕاست )) کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن . هەندێ جار پلە دەنگی چوارەمی نیوپلەی دەنگی نزم ئەکرێت ، ئەمە گۆڕانکارییەکی لاوەکییە بەلام لە ڕۆژهەلات پێی ئەوترێ پەیژەی (( سەبا )) ، بەڕای من ئەمە جگە لەگۆڕانکاری لاوەکی هیچ کارێکی ڕاستەوخۆ ناکاتە سەر گۆڕان لە پەیژەو ڕابەری پەیژەدا .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



هۆرەبێژ : وەلی فەرزەلی نەزرالی – ١٩٣٩ .

لەساتی گەشتەکەمدا بۆ ناوچەی خانەقین و دەوروپشتی و سۆراخم لە بارەی ئاوازو گۆرانی فۆلکلۆری ، لەگرنگیەکانی ئەم ناوچەیە ،زۆری جۆری کەلتورەکەیان لەهەمویان گرنگترولە هەموکەس باشتر هۆرە چڕ لەم ناوجەیە دەستم کەوت ، هەرچەندە چاوم بەزۆرکەس کەوت کە هۆرەیان ئەزانی ، لەهەمویان لێزان تر کاک وەلی فەرزالی بو . وتی هۆرە وشەیەکی کوردی کۆنە بەمانای پاڕانەوە یان داواکردن دێت و وشەکانی سەربەستن ، بەواتای هۆنراوەیەکی ئامادەکراوی نییە ، هۆرەچڕ لە ساتی هۆرەچڕین دا وشەکان هەڵدەبەستێ بەپێی ئەوساتەی هۆرەکە ئەچڕی بۆنموونە گەر ساتی دروێنەبوو ئەوا بەوجۆرە هۆرەکەی ئەچڕێ. گەر هەوەسی لە ئەوین و عیشق بازی بێ هۆرەی ئەویندارى ئەچڕێ ، بەوجۆرە وشەکانی هەڵئەبەستێ ، لەکاتی بیرکردنەوەلەیەزدان ئەوا بەهۆرە زیکری خوا ئەکا ، هەروەها هۆرە جۆری زۆرە لەوانە هۆرەی کەڵهوڕی ، هۆرەی هەیوانی ،قەڵخانی ،ئەرکەوازی چڕ ، سنجاوی ، کارگاچڕ ،

هۆرەی کەڵهوڕی :

**Hore**



هۆرەی ئەیوانی چڕ (( ئەیوان ناوی دێیەکی ئەو ناوچەیە )) :

**Horey heywani chr**



تێبینی :

لەوە ئەچێ ئەوەی کاک وەلی ئەیزانی تەنها ئەم جۆرەبوو کە وشەکانی ئەگۆڕی بەواتای جۆرێکی تر لە هۆرە ، بەڵام هەر هەمان شێوە بوو. لە وە ئەچوو هەرچی هۆرەیەک بڵی هەر لە مەودای تەنها سێ پلەی دەنگی تێ پەڕ نەکات و هەر لەسەر پەیژەی بچووکی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماجۆر )) بێت . بۆیە لێرەوە درێژەم بە گەشتەکەم دا تە بەبەری ڕۆژهەڵاتی ڕوبای سیراوان تا گەیشتمە ناوچەی هەڵەبجەو دەروپشتی ، چاوم بەزۆر گۆرانی بێژان کەوت کە زۆربەیان خاوەنی ئەزمونێکی باش بوون لە بواری ئاوازچڕیندا بەڵام

# مەریوان سەفائەدین ١٩٧٢ هەڵەبجە .

(( ناوچەی سیروان و هەڵەبجە )) .

## هەندێ لەو ئاوازانەی ئەو ناوچەیە



## ١-ئاوازی : هەی یاران یاران :

هەی یاران یاران دوس یاران بەی دێ
جا یەنەو نازاران نیشانـــــم دەی دێ
یەنەو نازاران نیشانـــــــم دەی دێ

### نۆتەکەی :




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( سی بیمۆڵ . سی سروشتی ، دۆی سروشتی . ڕێ# )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی لە پلەدەنگی سی ناتورەوە دەست پێ ئەکا کە بریتییە لە (( سی ناتور . دۆ ناتور . ڕێ دێز ، چوارینەیەکی دەنگی تەواو ناکات )) ، ئەم میانەدەنگیانە تەنها لە سەرپلەی پێنج هەمی پەیژەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم )) بەدەست دێن کە ناوی حیجاز کار یان شانازە .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



٢– سەیلە .

نموونەی تێکستەکەی :

هەی سەیلە وە سەیلە وە سەیلە وە  سەیلەی باوانم
جا داینی ڕانەکە و باوانم سەر بخەمە بانی

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( سی ، دۆ# ، ڕێ# ..لە پلە نزمەکانیسا پلە دەنگی فا# ی بەر ئەکەوێ . بەپێی چێژی ئاوازەکە پلە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سی . دۆ# . ڕێ# ..پلەی چوارەمی بەرناکەوێ )) بەڵام هەر بەو سێ پلەیە بۆمان دەرئەکەوێ کە ، چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم )) ە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





٣- ئاوازی (( باوه )) . ئەم ئاوازە لە ساتی گوێزاندنەوەی بوکدا وتراوە .

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەسپی بوکمان رەقە ناڵە    دایکی بوک بمرێ چەن مناڵە
هەی باوە باوە باوە    شاییەو موبارەک باوە

**نۆتەکەی :**

**Bawe**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) .. بەپێی چێژی ئاوازەکە هەر چوارینەی یەکەمیەتی . کە پڕاو پڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی گەورەی دوەمی ڕۆژهەلاتی (( ڕاست )) ، ونازناوی بەیاتی هەیە ، بەلام جۆری بەیاتەکەی دەست نیشان ناکرێ لە بەر ئەوەی چوارینەی دوەمی تیانییە.

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**تێبینی:**

بەلام لەهەندێ شوێنی هەمان ناوچە وەکۆ ئاوازێکی سەرپلە دەنگی سێ هەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (فا ماجۆر) کاری لەگەڵ ئەکەن،کە ناز ناوی پەیژەی (لا فریجی – کورد)ی هەیە.

**نۆتەکەی:**

**Bawe**




**ڕیتمەکەی :**



### ٤– ئەی خاوەر .

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەی خاوەر خاوەر شەکرەو لەپێی سەماوەر
پێشکەشی باڵای تۆبێت شۆشمێ و نەوسو و دزاوەر
ئەرێ ئەو ماڵەی هەمە ئامان نەزری ئەڵڵا بێ
ئەرێ بەڵکو کۆچەکەت ڕوو لە قەڵا بێ

**نۆتەکەی :**

## Ay xawer




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سێکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ .... لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی سۆڵی بەرئەکەوێ . بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سێکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ .پلەی چوارەمی تیانییە .)) بەڵام بەوجۆرەش ئەوچوارینە دەنگییە چوزرینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ە ولە سەرپلەدەنگی سۆڵ بنیات نراوە ، کە پلەی سێیەمی پلەدەنگی سێکاربیمۆڵە ونازناوی سێگای هەیە ، لەبەر ئەوەی چوارینەی دووەمی نییە دەستنیشانی جۆری سێگاکەی ناکرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٥- ئەمان لەیل و لەیل .

نموونەی تێکستەکەی :

ئەمان لەیل و لەیل لەیلا گیان لەیل هاتە باوان
بەزمانی شیرین لەیلاگیان کۆرپەی ئـــــــەلاوان
وەبەرزی بالاّت لەیلا گیان گوڵم کردوە تــــۆو
جەژنم لێ شێویا لە لەیلاگیان لەدوور بالاّکەو

نۆتەکەی :

## Aman leyl w leyl




سکێڵەکەی :

پلە دەنگی یەکانی بریتیین لە (( لا ، سیکاربیمۆڵ . دۆ . )) چوارینەیەکی دەنگی تەواوناکات ، بەلاّم بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی ڕۆژهەلاّتی (( ڕاست )) ە ، کە نازناوی بەیاتی هەیە ، لەبەرئەوەی چوارینەی دووەمی تیانییە جۆری چوارینەکەی دەستنیشان ناکرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



## ٦- ئای لەمن .

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئای لەمن وای لەمن ئەوگوڵە وەتیر دای لەمن ڕانەکەم ڕای دا ڕۆی بندار وەبن دار لەمن
ئەرێ تاکەی دانیشم گیان دەی دەی گیان دەی دەی گیان دەی دەی ئەرێ لەسای دەریـبی
ئەرێ تاکەی بکێشم گیان دەی دەی گیان دەی دەی گیان دەی دەی ئەرێ دەردی غەریــبی
ئەرێ تاکەی بکێشم گیان دەی دەی ئەرێ دەردی غەریـــــــــــــــــــــــبی

**نۆتەکەی :**

### Ai lemn




**سکێڵەکەی :** پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا. سیبیمۆڵ. دۆ# . ڕێ – لە پلە نزمەکانیشدا پلەدەنگی فا ناتوری بەرئەکەوێ . )) هەرخۆی چوارینەیەکی دەنگییە و لە چوارینەی یەکەمی پەیژەدروست کراوی سەر پلی پێنجەمی ماژۆرهارمۆنی بەدەست دێت کە نازناوی شاناز یان حیجازکار وەرئەگرێت




**ریتمەکەی :**



## ٧– سەوزە .

### نموونەیتێکستەکەی :

ئای سەوزە سەوزە ئامان سەوزەکەی ماڵم
نەخۆش نەکەوی ئامان سەوزە نەشکێنی دەی وەی وەی باڵم
یاعەبابەیلێ ئامان سەوزە ماڵ وەبەرزەوە
یارم نەکوژی ئامان سەوزە بەدەم لەرزەوە

### نۆتەکەی :




### سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( سی . دۆ# . ڕێ# . لە پلەنزمەکانیشدا پلەدەنگی فا# ی بەرئەکەوێ، بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتیین لە هەمان پلەدەنگی ، سی . دۆ# . ڕێ# . کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماژۆر – عەجەم )) ە . لە بەرئەوەی چوارینەی دووەمی تیانییە جۆری عەجەمەکەی دەستنیشان ناکرێ .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



٨– نازیلێ .

نموونەی تێکستەکەی :

نازیلێ و باڵەبەرزە چمکی کراسی لە عــــەرزە
ناوێرم تێرسەیری کەم دڵم دێنێتە لــــــــــەرزە
ئەرێ ئەوەندە جوانی لەناو یارانا دیـــــــاری
ئەرێ هەڵ کە کەواکەو چەنێ ناسک ونازداری

نۆتەکەی :

**Nazily**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( لا . سی . دۆ . ڕێ . می )) بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتیەلە (( دۆ . ڕێ . می . پلەدەنگی چوارەمی تیا نیە . )) ئەم چوارینەیە لەپێک هاتەی چوارینەی یەکەمی پەیژە گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی (( ماژۆر – عەجەم )) ە . لە سەرپلەدەنگی دۆ بنیات نرابێ .

نمونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



## دەڤەری هەورامان :

لەسەرەتای گەشتەکەمدا بۆ ناوچەی هەورامان چاوم بەزۆرکەس کەوت زۆر کەسانی لێزانم چنگ کەوت ،بەڵام لەبەر ئەوەی زۆرم لەبارەی ئاوازو گۆرانی ئەم دەڤەرەوە بیستبوو ،زۆر کەسی بەئەزمون و خاوەن دەنگی بەسۆزی وەک عوسمان کێمنەیی و براو کوڕەکانیم ئەناسین بەڵام لەسەرەتادا  وام بەچاک زانی کە گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکدابکەم کە تاڕادەیەک ڕۆشنبیری مۆسیقای هەبێ بۆیە هەر لەشاری سلەیمانی چاوم بە گۆرانیبێژی ئەو دەڤەرە کاک دارا محەمەد عوسمان کەوت بەم جۆرە بۆم دوا :

ئاوازی بەرزەچڕی سیاچەمانە میراتگریزەرتوشتیەکانە و لە بەر ئەوەی میللەتی کورد مێژوی خۆی بەدەستی خۆی نەنوسیوەتەوە بۆیە ئاوازی گاتاکان بە وشەی فۆلکلۆری ئەچڕێن . ئەو ئاوازانەش پێک دێن لەم بەشانە .

**تێبینی :**

سیاچەمانە بێژان جیاوازییەکیان لەگەڵ هەمووگۆرانی بێژانی دەڤەرەکانی تر هەیە کە بۆتە تایبەتمەندییەکی ئەم ئاوازە (( سیاچەمانە )) . ئەویش بەبەکارهێنانی قورگ بۆ لەرینەوەیەکی زۆر تایبەت بەخۆیان و لێوەکانیان لە سەر هەمان پلەی دەنگی بۆنمونە گەر سیاچەمانەبێژ لەسەرپلەدەنگی (( لا )) سیاچەمانە ببێژێ بەجیاوازی کردنەوەو داخستن و خڕکردنی لێویان وەک و ئۆپێرابێژێک (( لە پرۆڤەکردنی دەنگی ئۆپێرای دا ئەم ڕاهێنانانە زۆر بەئاشکرایی ئەبینرێن و ئەبیسترێن ))  یاری پێ ئەکەن بۆنموونە ووشەی (( ئای )) بەدەم کردنەوەو ووشەی (( ۆو )) بەلێو خڕکردن و پیتی (( ێ )) بەپانکردنەوەی دەم ولێویان وا لەمرۆڤ دەکەن کە هەست بکات کە ئاوازێکی تۆن (( پلە )) جیاواز ئەچڕن ، بەڵام لە ڕاستیدا هەمان تۆنە و لەهەمان پلەدەنگی دایەو بەوجۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەکەن ئەو دیاردەیەش تەنها بەگوێ لێگرتن هەستی پێ ئەکرێ تائێستا لای ئێمە هیچ هێمایەکی بۆدەستنیشان نەکراوە تا ئەوکەسانەی ڕاهێنانی لەسەرئەکەن هەمویان بەهەمان شێوە بیچڕن ، بەڕای من ئەم دیاردەیەپێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی زۆرهەیە تا هێماو ئامڕازی ئەوتۆیان بۆدەستنیشان بکرێت بۆئەوەی ئەوکەسانەی پرۆڤەلەسەر ئەم جۆرە ئاوازو فۆرمانە ئەکەن هەمویان بەهەمان شێوە بیچڕن ،تائێستاش خۆڕاهێنان لەسەر ئەم ئەم جۆرە وتنانە تەنها بەگوێ لێگرتنەو هیچی تر ، هەروەها نەبونی ئەولێکۆڵینەوانە بو جۆری چڕینی ئەو ئاوازانە بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆردەگمەن لەم ناوچیەدا ئامێری مۆسیقای بەکار بهێنن و واش باوە کە گۆرانی یان ئاوازی هەورامی ئامێری مۆسیقای لەگەڵ ناگونجێ ئەو ئامێرە مۆسیقایانەی کە تائێستا بونەتە هاوتای ئاوازەکانی ئەم دەڤەرە زۆر بەنەگونجاوی بونەتەهاوەڵیان . بۆیە بەڕای من ئەم دەڤەرە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی ئاوازو مۆسیقاەکەیەتی و گەر نەکرێت ئەوا هەر بەوشێوەیەی خۆی ئەمێنێتەوە ، من لەلای خۆمەوە دەستم کردووە بەو کارە بەڵام لەبەر ئەوەی کارەکەی ئێستام کە پۆلێنکردنی پەیژەمۆسیقاەکانە بەم نزیکانە ڕێم پێ نادا کەئەوکارە ڕاستەوخۆ بەئەنجام بگەیەنم چونکە بەڕای من ئەم کارەی ئێستام گرنگییەکی ترەو بەپێویستی سەرشانی خۆمی ئەزانم کە بەزووترین کات بەئەنجامی بگەیەنم ، بەڵام پاش ئەوەی کەتوانیم ناسنامەیەک بدەمە پەیژە مۆسیقاییە کوردیەکان ، هەر لەوڕوانگەیەوە ئەتوانم زیاتر بەرەو وردکاری و تایبەتمەندێتی دەڤەرو نەوچەکان بڕۆم چونە زۆر لام ئاشکرایە ئەم تەوەرەی ئێستام گرفتێکی سەرانسەری نەک هەموو کوردستانی گەورەیە بەڵکو گرفتی هەموو ناوچەی ڕۆژهەڵاتە ، گەر ئەم تەوەرەم بەباشی بۆبێتە ئەنجام ئەوا دوای ئەوە هەموو دەڤەرێک زیاتر پێویستی بەپسپۆڕی و لێکۆڵینەوەو وردەکاری هەیە، منیش بەهیوای بەئەنجام گەیاندنیانم گەر تەمەن ڕێم پێ بدا .

## تێبینی :

لەزۆر ڕۆژنامەو گۆڤارو چاوپێکەوتنە جۆربەجۆرەکانی میدیاکاندا واباوە کە ووشەی سیاوچەمانە چەن بۆچونێکی جیاواز لەسەری هەیە، لەهەموویان ناشیرین تر کە بەرگوێم کەوتبێ و زۆر لە مێژوو نوسان و بیر ڕۆشنەکانی ئەم دەڤەرە لێی ووس بوون ئەوەیە گوایا ئەم ووشەیە لە چیرۆکی سیاو چەمانەکەی خاتو کلاوزەڕی خێزانی سان ئەحمەدخانی سەرخێڵی ئەم دەڤەرەوەهاتووە چونکە خاتوو کلاو زەڕ زۆر بەناوبانگ بووە بەچاوجوانی و لە کۆشکەکەیدا خزمەتکارێکیان هەبووە بەناوی (( یوسۆئاسکە ))، گوایا لەگەڵ خاتووکلاوزەڕ دەستی تێکەڵاوکردووەو ئەم ئاوازەی بۆ خاتووکلاوزەڕ ووتووە کە سان پێی ئەزانێ ، بانگی ئەکا بۆئەوەی جارێکی تر ئەم ئاوازە بەو جۆرە نەچڕێ بەڵام یوسۆئاسکە بەگوێی ناکات بۆیە سان فەرمان ئەدا کە چاڵێکی گەورەی بۆهەڵکەنن وتێی خەن لەوکاتەدا کە خزمەتکارەکە ئەخرێتە ناو ئەوچاڵەوە سان هاواری لێ ئەکا کە پەشیمان ببێتەوە ، ئەویش پەشیمان نابێتەوە ، بۆیە فەرمان ئەدا کە چاڵەکە بەسەریدا پڕبکەن لە قسلاو ، گوایا ئەوخزمەتکارە بەو شێوەیە لە ناوچووە وەکوو ئەشڵێن تاکوئێستاش ئاسەوارەکەی ماوە . هەروەها بیرکردنەوەیەکی تریش هەیە گوایە کەسانی هەورامی وشەی سیاو چەمانە بەسێبەری ئێوارنی پاش خۆرئاوابوون لێواری چەم ودۆڵەکانبەواتای (( سایەی چەم )) ناو ئەبەن و هەردەم لە چەم و دۆڵەکاندا ئەم ئاوازەیان چڕیوە .

پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆرم بۆ ئەم بابەتە گەیشتمە ئەو ئامانجەی کە ووشەی (( سیاوچەمانە )) مانای چاوجوان ناگەیەنێ بەڵکو ڕاستە ووشەی سیا مانای ڕەش ئەگەیەنێ بەڵام جەمانە بەمانای بەژن و باڵاو ئەو جل و بەرگانە دێت کەمرۆڤ ئەی پۆشێ ، بۆیە بەمانای جڵ بەرگ ڕەش دێت ، گوایا لەسەردەمانێکدا موغەکان سەرودامان سپێ بوون و ئەم ئاوازانەیان هەربەوبەرگانەوە لە ئاتەشگاکاندا خوێندووە بەڵام کە دینی زەردووشتی بەهۆی داگیرکەران بەرەو کزبوون چووە و هێرشەکانی ئەسکەندەری مەقدۆنی کە گەڕاون بەدوای ئەو جل سپیانەدا بۆیە هەڵگرانی دینی زەردوشتی و یان ڕەواترە بڵێین ئاینە پاشکۆکانی دوای تێشکانی دینی زەرتوشتی ، لەوانە ئاینی ئەهلی حەق (( کاکەیی )) هەوڵیان داوە بەجامانەی ڕەش یان بە بەرگی ڕەشەوە سکاڵاکانی خۆیان بۆلای ئاهورامەزدا بەرن (( لەسەرەتادا باسمان لێ کردووە )) .



جۆرەکانی سیاوچەمانە : بەپێی بۆچونەکەی (( دارامحەممەد عوسمان ))



١-ئای ئای .

ئای ئای ورمزکان ڕما ئاتران کەژان وشەم شاردەوە گەورەی گەورەکان
زۆرکاری ئەرەب کەم دەنی کارەو گنایی پاڵەو هەتا شارەزور ئای ئای

نۆتەکەی :

فۆرمێکی ڕیتم سەربەستەو سیاچەمانە بێژ وەکو لەمەوبەر باسم کرد بەهۆی بەکارهێنانی لێوی لەیەک پلەی دەنگی دا هەڵس وکەوت بە پلەدەنگییەکان ئەکا ، زۆربەی ئەوپلەدەنگیانەی کەبەکاری ئەهێنێ لە سێ پلەی دەنگی تێپەڕناکات ،لەزۆربەی زۆری ناوچەکانی ئەم دەڤەرەدا لەسەر پەیژەی فریژی (( کورد )) ئەبێژرێ ، لەهەندێ ساتدا ولای هەندێ لەهۆزەکان هەمان پەیژە ئەکرێتە پەیژەی بەیات، بەڵام زۆرباو نییە .بەو جۆرەش بەردەوام ئەبێت تا هەمووسکاڵاکانی خۆی ئەدرکێنێ.

نموونەی نۆتەکەی :

Ai ai Siyachemane



ئەمەو درێژکردنەوەی ووشەکان بەبۆچوون و دەربڕینی بێژەرەکەیە ، چۆن لای خۆش بوو ئاوا یاری بەدەمولێوی ئەکات ، بەوجۆرەی بیەوێ و خواستی ئاوازەکەش (( وشەکان )) ڕەچاوئەکرێت ، بۆیە بەهەمان ڕێگە سیاچەمانەبێژ جۆرەسەربەستییەک کە لەڕیتمی ئاوازەکەداهەیە ، ئەوسەربەستیە ئەکەوێتە دەست بێژەرەکەی بەمەرجێ بنەماکانی سیاچەمانە وون نەکرێت کەئەوانیش وەکوو باسمانکردن بەکارهێنانی دەم ولێو بۆدەربڕینی پلەدەنگیەکان ،دیسان بەکارهێنانی قوڕگ بۆ لەرینەوەی پلەدەنگیەکان کەئەمیش بنەمایەکی سەرەکی ئەم جۆرەئاوازەیە .

١-پێچ پێچا .

دڵیە پیچ پیچان های ڕاوە و ئیزاو ۆرانی گیان گیان و لەیل و لەیل
دما گەلەبینیۆ گیان ئای ماوە ئێزا و سانی گیان گیان لەیل و لەیل
یاخوا عەترو بۆن گیان گیان تووی یەچو بیشو گیان گیان لەیل لەیل
تەشریف و خەیلی گیان ئای وەری عەیبەری یە بۆن گیان گیان لەیل ولەیل

نموونەی نۆتەکەی :

Pich picha



ئەم جۆرەچڕینەش هەرتایبەتە بەم ناوچەیە ، ئەوەی ڕەچاو ئەکرێت لەم ئاوازەشدا هەر لەسەرهەمان پەیژەی پێشوو (( پەیژەی فریژی – کورد ... پلەی سێیەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی عەجەم – ماژۆر )) ئەژەنرێ . پلەدەنگییەکانی لەنێوان چوارینەی یەکەمی ئەوپەیژەیەدا کاری پێ ئەکرێ و لای هیچ لەسیاچەمانەبێژان لەمەزیاتر بەکارنەهاتووە ، هەرچەندە جۆری درێژکردنەوەی پلەدەنگییەکان لە یەکێکەوە بۆیەکێکی تر جیاوازە لەبەکارهێنانی لێوو قوڕگ دا بەلام سەرجەمیان بەهەمان سکێڵ و پلەدەنگی ئەیبێژن . جیاوازی نییە گەر یەکێک لە پلەدەنگییەکی ترەوە بیبێژێ ، چونکە هەمان سکێڵ و هەمان جۆری چڕین بەکار ئەهێنێ .

## ٢–مینا وەی .

جا هانەکوگەبلی باوانی وم گیان پالی وە بەویڵەوەو مینالی وەو گیان ئا لەیل و
دەسم دامان و باوانی وم گیان مەلە و ئەی نیڕەوەو گیان ئا لەیل و لەیل و

**نموونەی نۆتەکەی :**




گەر سەیری سکێڵەکەی بکەیین ئەبینین هەمان پەیژەی فریجی یە بەلام لە سەرپلەدەنگی سێ یەمی بەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژ هەلاتی می بیمۆل (( عەجەم – ماژۆر )) بنیات نراوە .بەلام مەوداکەی لەوانی تر فراوانترەو پێک دێت لە پێنج پلەی دەنگی (( سۆڵ . لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ ، ڕێ بیمۆڵ )) .

## ٣–ئایشێ وەی .

ئای داد هەی بێداد ئایشێ وەی توخوا دەربوو ئاوو ئێن پڕخەمە ئاوو

**نموونەی نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

ئەبینیین هەمان پەیژەکانی پێشووە کە بریتییەلە پەیژەی فریژی (( کورد )) ی سەرپلەدەنگی سێیەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( عەجەم – ماژۆر )) بەلام ئەمەیان لەسەر بلەدەنگی سێیەمی پەیژەی فا ماژۆر کە پلە دەنگی لا ئەکات بنیات نراوە .

**تێبینی :**

گەر سەیری ئەم جۆرانەی سیاچەمانە بکەیین ئەبینیین هەمویان بەتاڵن لە بلەدەنگییە سێ چارەکەدەنگییەکان لەسەر هەمان ڕێگاو بنیاتنانی پەیژە ئەوروپی یەکان بنیات نراون .

هەروەهاووتی بەشی دووەمی ئاوازەکانی دەڤەری هەورامان بریتیین لە ئاوازی خاو کە بریتیین لەم بەشانە .

**أ–** دەرەیی : ئەم ئاوازە پیتی (( لەی )) تێ ناکەوێ بەواتای ئەوەی سەربەندەکانی وەکوو *ئەرێ* یان *هۆ* ی تیا زۆر بەکاردەبرێت .

**ئاوازی: ئەرێ هۆ نۆنمام .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەرێ هۆ نەو نمام شای تەلار نشیین

بەگزادەی لهۆن کوردەوار نشـــــــین

**نۆتەکەی :**

# Ary ho




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سی . دۆ )) چوارینەیەکی تەواو نییە . بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە هەمان پلەدەنگی لە پەیژەدروست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم – ماژۆر )) درووست کراوە لێرەدا لەسەرپلەدەنگی (( لا ی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دۆ ماژۆر بنیات نراوە کە پێی ئەڵێن پەیژەی مینۆر یان بچووک یان نەهاوەند .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**ب – شێخانە**

**لاوە لاوەکە .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**لاوەلاوەکە یاپیر لاوەکە    بەڕوی مەرحەما بابەگیان روبەم لاوەکە**

**نۆتەکەی :**

**Lawe laweke**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سی . دۆ )) چوارینەیەکی تەواو نییە . بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە هەمان پلەدەنگی لە پەیژەدروست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم – ماژۆر )) درووست کراوە لێرەدا لەسەرپلەدەنگی (( لا ی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دۆ ماژۆر بنیات نراوە کە پێی ئەڵێن پەیژەی مینۆر یان بچووک یان نەهاوەند .

**سکێڵەکەی:**




**تێبینی :**

ئەم جۆرەئاوازانە هیچ ئامێرێکی ڕیتم یان لەگەڵ بەکارنابرێت ، دانیشتوانی ئەم دەڤەرە تەنها چەپڵە کوتین ئامێری ریتم گرتنی ئەم ئاوازانەن .

**ڕیتمەکەی :**





## ج– ئاوازی گێلای :

وەکو ئەڵێ چوار جۆرە و بەئاوازی زەماوەند یان هەڵپەرکێی چەپی یان دیلانێ یان هەڵپەڕکێی گێلایی ناو ئەبرێن ،یەکێ لەو ئاوازە بەناوبانگانە لەمەوبەر بەناوی (( ئەی یاران یاران )) نوسیومەتەمەوە هەرچەندە من ڕەچاوی ئەوەم کردووە لەم دەڤەرەدا زۆر بەدەگمەن پلەی سێ چارەکەدەنگی تیایەو زۆربەی پلەدەنگییەکانی لەشێوەی نیووپلە یان پلەی دەنگی تەواوبەکاردەبەن ، بەڵام لەبەشی ئێران هەر ئەم ئاوازە هەندێ کەس لەسەر پەیژەی ڕاست ئەیچڕن .

### ١– ئەی یاران یاران :

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەی یاران یاران یاوەرین تامۆ
قۆڵەکەی پڕ بازن شەو سەرین تامۆ

**نۆتەکەی :**

**Ay yaran yaran**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا .سیبیمۆڵ . دۆ ..هەندێ جاریش پلەدەنگی سۆڵی نزمی تێ ئەکەوێ .بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی پلەی سێ یەمی پەیژەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی ((ماجۆر – عەجەم )) ە کە نازناوی پەیژەی کورد و لای ڕۆژئاواییەکان پەیژەی فریجی پێ ئەڵێن .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٢-زەنگیانە :

نموونەی تێکستەکەی :

زەنگیانە و چەروانە     زوڵفان جەنگیانە
ملوانەک گیان پەڕوگەردەنیت
موبارەک بێ دوربێ مردەنیت

نۆتەکەی :

## Zenyane




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا .سیبیمۆڵ . دۆ ..هەندێ جاریش پلەدەنگی سۆلی نزمی تێ ئەکەوێ .بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی پلەی سێ یەمی پەیژەی یەکەمی ڕۆژهەلاتی ((ماجۆر – عەجەم )) ە کە نازناوی پەیژەی کورد و لای ڕۆژئاواییەکان پەیژەی فریجی پێ ئەڵێن .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



٣- چاوڕەشەکاڵێ ؛

نموونەی تێکستەکەی :

چاوڕەشەکاڵی ئای ئای بەگیان و قەسەمی ی
زامی کەمەری سۆن خەم و ویم کەمەن ئازیز

نۆتەکەی :

## Chaw reshe kaly



سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (0 لا . سی بیمۆڵ . دۆ – چوارینەیەکی دەنگی تەواو ناکات بەڵام بە پێی چێژی ئاوازەکە ، ئەبینیین وکوو هەمان پەیژەکانی پێشووە کە بریتییەلە پەیژەی فریژی (( کورد )) ی سەرپلەدەنگی سێیەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم – ماژۆر )) بەڵام ئەمەیان لەسەر بلەدەنگی سێیەمی پەیژەی فا ماژۆر کە پلە دەنگی لا ئەکات بنیات نراوە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





تیپی مۆسیقای پیرەمێرد

٤- پۆشین لار :

نموونەی تێکستەکەی :

چاوەکەمی گیانەکەم پۆشین لار گیان بابێ وە و ماڵ
جاوەرچی مەکەرۆ من خەیاڵانی تۆ

نۆتەکەی :

**Poshin lar**




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێبیمۆڵ )) بەپێی چێژی ئاوازەکە پلەدەنگییەکانی لە چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( ماژۆر - عەجەم )) کەلەسەرپلەدەنگی (( ڕێبیمۆڵ )) بنیات نرابێ ، کە پەیژەی بچووکی سەرپلەدەنگی (( سیبیمۆڵ )) ئەکات . بەواتای سیبیمۆڵ نەهاوەند یان مینۆر .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



د – ئاوازی چەمەری :

چەن ئاوازێکی ڕیتم هێواشە لەبەر ئەوخاوییەی بۆ دەستکردن بەکارێکی هێواش یان خاو یان جۆرێک لە لاواندنەوە یان شیوەن  بە کاردێت .

**گڵکۆی تازەی لەیل** (( هۆزانی : ئەحمەد بەگی کۆماسی )) .

**نموونەی تێکستەکەی :**

گڵکۆی تازەی لەیل گڵکۆی تازەی لەیل
ئاروشیمی وەسەر گلکۆی تازەی لەیل
نەپایەی مەزار ئەو لەیلی پڕ مەیل
نەدیدەم واران ئەسرینان چۆن سەیل

**نۆتەکەی :**

**Glkoi tazey leyl**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگییەکانی بریتین لە (( لا . سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) بەپێی چێژی ئاوازەکە پلەدەنگییەکانی پێکدێن لە چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( فا  ماژۆر  – عەجەم )) کەپەیژەی (( لا – فریجی – کورد )) ئەکات .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



هـ – ئاوازە ڕیتم خێراکان:((ئاوازیهەڵپەڕین بوک گوێزاندنەوە ئاوازی چەپلەشیان پێ ئەڵێن)).

١– بەرزی کاڵە بەرزی :

نموونەی تێکستەکەی:

بەرزی کاڵە بەرزی شەمامەی دەمی تـــــەرزی
دەستم برد بۆدەستی وەک کاڵە بەی ئەلەرزی

نۆتەکەی:

**Berzi kale berzi**




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( سی . دۆ# . ڕێ# .. لە پلە نزمەکانیشا پلە دەنگی لای سروشتی بەرئەکەوێ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سی . دۆ# . ڕێ# .پلەی چوارەمی تیانییە )) لە بەر ئەوەی پلەی سێهەمی چوارینەی دووهەمی نیوو پلەی دەنگی نەوی کراوە بۆیە نازناوی پەیژەی گەورە ی دڵدار وەر ئەگرێ.

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





**٢- وەی وەی باڵابەرز :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

وەی وەی باڵابەرز گیانی شیرینم
پای تۆ نەمانەن ڕەنگ لە جەبینم

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سی . دۆ . ڕێ )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی بریتیە لە (( سی . دۆ . ڕێ .پلەی چوارەمی تیانییە و پێک دێت لە چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماژۆر – عەجەم )) ، لەسەرپلەدەنگی سۆڵ و ئەم پەیژەیەش پەیژەی (( سی فریژی – کورد)) ە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





٣ – سەوزەی کاڵە بەی :

نموونەی تێکستەکەی :

سەوزەی کاڵەبەی گیان سەوزەی ماڵەکەم
سرکەیی لەکۆڵ ئۆی وەفادارەکـــــــــــەم

نۆتەکەی :

**Sewzey kale bey**




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ و هەندێجار سی ناتوور . دۆ . پلەی ڕێبیمۆڵ بەجوانکاری بەر ئەکەوێ )) بەپێی چێژی ئاوازەکە هەمان پلەدەنگی چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ن . کە نازناوی بەیاتی سەبا ی هەیە ، من لە لای خۆمەوە ئەم دیاردەیە بۆیەکەم جارە لەم دەڤەرەدا ئەیبینم ، بەڵام لەدەڤەری موکوریان (( کوردوستانی ڕۆژهەڵات )) بەتایبەتی ناوچەی لیلاخ کە لەسەر زاری هونەرمەندی گۆرانی بێژی بەتوانا کاک عەلی زەندی بیستوومە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





٤- دیسان دووبارە :

نموونەی تێکستەکەی :

دیسان دووبارە شان مەدە لە شانم
توخوا قژ زەرد گیان جەرگەکەت سوتانم

نۆتەکەی:




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( دۆ . ڕێ . لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی لا ی بەرئەکەوێ )) چوارینەیەکی دەنگی تەواو ناکات بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەکەی بریتیە لە پلەدەنگیەکانی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماژۆر – عەجەم )) .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





٥–هۆگوڵ ؛

هۆگوڵ هۆگوڵ هۆگوڵی  هۆگوڵەکەی باخی سانان
تۆپەروەردەی هەجیجی یاخو کەشی کوســـــــاڵان

نۆتەکەی:

## Ho gwl




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سی . دۆ . رێ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتیە لە (( سی ، دۆ ، ڕێ . پلە دەنگی چوارەمی تیانییە . )) کە پڕاوپڕێ چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماژۆر – عەجەم )) ە کە نازناوی پەیژەی فریجی – کورد ی هەیە . ئەوەی شایانی باسە زۆربەی زۆری ئاوازەکانی ئەم دەڤەرە لە سەر ئەم پەیژەیە بنیات ئەنرێن .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





٦–هەی داد هەی بێداد :

نموونەی تێکستەکەی :

هەی داد هەی بێداد کەنیلە ئۆ تاکەی لەلات بم

جەخوام گەرکە باوانم ئۆوەبالاَت شاد بــــــــم

نۆتەکەی:




سکێلَەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سی . دۆ# . ڕێ . پلە دەنگی می بە پلەی جوانکاری بەرئەکەوێ )) میانە دەنگیەکانی ئەم چوارینەیەمان تەنها لە چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاَتی (( ماژۆر – عەجەم )) بەدەست دێت کە پێی ئەلَێن پەیژەی (( مینۆر – نەهاوەند – یان بچووکی سروشتی )) .

نموونەی سکێلَەکەی :




ڕیتمەکەی :





٧- ئامەکوڵێ :

نموونەی تێکستەکەی :

ئامەکوڵێ وەی فاتەکوڵێ ماڵ لە میراوا    ماڵ لە میراوا

تی بیای کاسەی خوێن ڕژیای بەم ناوا    ڕژیای بەم ناوا

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سی . دۆ# . ڕێ . می . لە پلە نزمەکانیدا پلە دەنگی فا# ی بەرئەکەوێ )) چوارینەی یەکەمی بریتییەلە (( سی . دۆ# . ڕێ . می )) میانە دەنگیەکانی ئەم چوارینەیەمان تەنها لە چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( ماژۆر – عەجەم )) بەدەست دێت کە پێی ئەڵێن پەیژەی (( مینۆر – نەهاوەند – یان بچووکی هارمۆنی )) لە بەرئەوەی پلەی حەوتەمی ئەم پەیژەیە نیوپلەی دەنگی بڵندکراوە ، بۆیە پێی ئەڵێن پەیژەی بچوکی هارمۆنی .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





**٨- ئای پەری :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**ئای پەری پەری گوڵ پـــەری زادە**
**ڕەحمە لەو دایکەی تەمێی تۆی داە**

**نۆتەکەی:**

## Ay peri




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سی . دۆ . ڕێ )) چوارینەیەکی دەنگییە ، میانەکانی ئەم چوارینەیەمان تەنها لە سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( ماژۆر – عەجەم )) بەدەست دێت . کە پێی ئەڵێن پەیژەی بچوکی سروشتی – نەهاوەند یان مینۆر .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





٩-ڕازیانە ڕازیانە :

نموونەی تێکستەکەی :

ڕازیانە ڕازیانە وەگوڵە بەڕێحانـــــــە
یار بۆ دەنگی نایە لەو دەورو هەیوانە

نۆتەکەی:

**Razyane**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێبیمۆڵ )) بە پێی چێژی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێبیمۆڵ ، پلە دەنگی چوارەمی تیا نییە )) ئەم میانەدەنگیانەمان تەنها لە سەرپلەی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕێبیمۆڵ ماژۆر – عەجەم )) وەچنگ دەکەوێ کە پێی ئەڵێن پەیژەی (( سێبیمۆڵ مینۆر – نەهاوەند یان بچووک )) .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





## ١٠- ئای بە ناز بەناز :

## نموونەی تێکستەکەی :

ئای بەناز بەناز پــــەروەردە
بابارو شەماڵ وەی تووە لەو وەردە

## نۆتەکەی:

### Ay benaz




## سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سی . دۆ . ڕێ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتیە لە (( سی ، دۆ ، ڕێ . پلە دەنگی چوارەمی تیانییە . )) کە پڕاوپڕێ چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماژۆر – عەجەم )) ە کە نازناوی پەیژەی فریجی – کورد ی هەیە .

## نموونەی سکێڵەکەی :




## ڕیتمەکەی :



## تێبینی :

لە بەر گرنگی ئەم دەقەرە و ئەو سەربەخۆیی و تایبەتمەندیە گرنگەی ئەم دەقەرە لە وانە :

١-بەکارهێنانی لێوو قوڕگیان بەشێوەیەک کە تەنها لەم دەقەرەدا بەوجۆرە ئەی بینی کە بەشێوەی چڕینی گۆرانی بێژێکی ئۆپرالی ئەوروپییەکان چۆن قورگ ولێوی بۆ چڕین بەکار دەهێنێن بوتە هۆی چڕینی ئاوازەکانیان بەجۆرێکی تایبەت کە زۆر جیاوازە لە گەڵ دەقەرەکانی تردا (( هەرچەندە هەر دەقەرەو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە )) .

٢-بەکار نەهێنانی یان زۆر بەدەگمەن بەکارهێنانی پلەی سێ چارەکە دەنگی ، کە لە دەقەرەکانی تردا بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا بە کار دەهێنرێت ، لای ئەمان بە پێچەوانەوە گەر ئاوازێک ئەو جۆرە پلە دەنگییەی تیا بەکار هات ئەبێ زۆر بەوردی بۆی بگەڕێیت و لە کۆتایشدا دەرئەکەوێت کە ئەو ئاوازە ئاوازێکی تێخنراوە لەم دەقەرەدا .

٣-لە هەرە تایبەتمەندیەکانی ئەم دەقەرە بەکارهێنانی یان گۆڕانکاری زۆری ڕیتمی ناو یەک ئاواز و جۆر بەجۆر بەکارهێنانی ریتمی جیاواز کە بۆتە هۆی ئەوەی تەنانەت هەڵپەرکێ کانیشیان جۆرێکی تر بێت لە هەڵپەرکێی دەقەرەکانی تر .

٤- بەکار نەهێنانی ئامێری مۆسیقای ، بەتایبەتی ئامێری ڕیتمی ، چونکە لەجیاتی ئامێری ڕیتمی وەک تەپڵ و دەهۆڵ و جۆرەکانی تری ئامێری ڕیتمی ، ئاواز چڕ و دەوروبەرەکەی بە چەپلە لێدان لە جێی ئەو ئامێرە ڕیتمیانە چەپلە ئەکوتن . دووبارە بەکار نەهێنانی تەنانەت ئامێرە مۆسیقاییەکانی تری پلەی دەنگی ڕاگری وەک ئامێرە کوردیە کانی وەک باڵەبان و زوڕنا و جۆرەکانی تر و پابەند بوون بەکۆمەکی ئادەمیزادی هاوەڵیان بۆ پشوو وەرگرتن لە کاتی گۆرانی چڕیندا . بۆنموونە زۆر بەدەگمەن یەک کەس گۆرانییەک ئەچڕی ، دەبێ هەردەم گۆرانی چڕ کە سانی یارمەتی دەریان هەبێ بۆ پشوو وەرگرتن .

٥- بەکارهێنانی چەند پەیژەیەکی مۆسیقای کە تائێستاش لای دانیشتوانی دەورو بەریان نەم دیوە ، بەتایبەتی و بە درێژای تەمەنم ئەوجۆرە پەیژەیەم لای هیچ نەتەوەیەکی تریش نە بینیوە ، بۆنموونە بنیات نانی پەیژەی مۆسیقای لە سەرپلەی چوارەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی سروشتی (( بەوردی باسم لێ کردووە )) و نەک هارمۆنی کە نازناوەکەی لە ڕۆژ هەڵات پەیژەی (( سیخاونە تۆن لادەر - یان پەیژەی هەمایۆن یان نگریز )) ە ، تائێستاش ناو و شێوازی ئەم جۆرە پەیژەیەم لە هیچ شوێنێک نەبیستووە ، ئەمەو چەندین پەیژەی تر کە لەم دەڤەرەدا بەکاردەبرێن ومن هەوڵ ئەدەم بەوردی تیشکیان بخەمەسەر بۆ ئەوەی زیاتر ئاشنایان بە دەوروبەرکەمان بکەم .

بۆیە هەوڵم دا کە لە گەڵ چەند کە سێکی تری ئاواز چڕی بەناوبانگی ئەم دەڤەرەدا ، بەتایبەتی ئەوانە خاوەنی ئەزموونێکی چڕو پڕی ئاوازچڕینی ئەم دەڤەرەن ، لێکۆڵینەوەکەم برەو پێ بدەم ، بۆئەوەی زیاتر لە ڕاستیەکان و تایبەتمەندیەکانی ئەم ناوچەیە نزیک ببمەوە ، بەهیوای ئەوەی لە پاشەڕۆژدا پسپۆڕییەکی تەواوم لە ئاوازو مۆسیقای ئەم دەڤەرەدا بە دەست کەوێ .

بۆیە ڕوم کردە لای کەسانێکی بەهرەمەند و خاوەن ئەزمونێکی زۆری وەکو هونەرمەندی گۆرانی بێژی بەناوبانگی ئەم دەڤەرە کە نەک تەنها خۆی بگرە سەرجەمی خێزانەکەی لە باوکی و برا کانی و دایکی و نەوەکانی هەمویان لەو ئەزموون و شارەزاییە گەورەیەی ئاوازو مۆسیقای ئەم دەڤەرە بێ بەش نین ،بگرە ئەوەندە تیاقول بونەتەوە کە بەهەمووجۆرێک مرۆڤ کەڵکیان لێ وەرئەگرێ ، ئەوەی ئەوان ئەتوانن لە سەر هونەری ئاواز ومۆسیقای ئەو دەڤەرە بدوێن ، ئەتوانرێ بکرێتە بنەمایەکی دەوڵەمەند تا لە پاشەڕۆژدا نەوەکانمان کەڵکیان لێ وەربگرن و زیاتر ئاشنابن بە هونەری ئاوازو مۆسیقای ئەم دەڤەرە . ئەویش خێزانی گۆرانی بێژ عوسمان کێمنەیی بوون ، کە بەداخەوە بەڕێزی لەو تەمەنەی ئێستادا ناتوانرێ وەک گۆرانی بێژێک مامەڵەی لە تەکدا بکرێت ، بەڵام وەک و پسپۆڕێک و بەهاوکاری لە گەڵ یەکێ لە کوڕە بەهرەمەندەکانی کە ئەوێش گۆرانی بێژ (( دڵسۆز عوسمان کێمنەیی )) یە ، چەند جارێ پێکەوە دانیشتین و لە سەر فەرمایشتەکانی باوکی بەڕێزی من چەندین پرسیارم ئاڕاستە کردوو بەڕێزیشی کەم تەرخەمی نەکرد و بەو جۆرە پێکەوە دوایین .

## دڵسۆز عوسمان کێمنەیی : ١٩٧٧ - هەڵەبجە .

هەمووکەس و کارەکەی باوکی عوسمان کێمنەیی مامەکانی حەمەحسەین کێمنەیی و شەفیع کێمنەیی ، جەمیل نەوسویی ، زۆری تر لە خێزانەکەی وەکو نەنکی (( مریەم ڕەحیم - ئێستا لە مەریوان دائەنیشێ ئێستا تەمەنی لە [ ١٠٠ ساڵ ] زیاترە )) . وتی :



ئێمە بەبنەماڵە هەمومان لەدێرزەمانەوە خەریکی چڕینی ئاواز و گۆرانی دەڤەری هەورامانین . بەتایبەتی ئاوازی سیاچەمانە ، کە هەمومان شارەزاییەکی باشمان لەوبوارەدا هەیە ، وەکووتم نەنکم تائێستاش بەو تەمەنەوە زۆر بەچاکی سیاچەمانە ئەچڕێ . بۆچوونی ئێمە بۆ ووشەی سیاچەمانە هەر ئەو سەرگوزشتەیەیە کە سیاو چەمانە مانای چاو ڕەش ئەگەیەنێ (( سەرگوزشتەکەی خاتوکلاو زەڕ و یوسۆئاسکە )) .

وتی سیاوچەمانە جۆری زۆرە ، زۆربەی ناوەکانی بەناوی ئاواز چڕەکەیەوە یان ناوچەکەی یان مەبەستی چڕینەکەی ناوی لیَ نراواه ، بۆیە هەردەم وتویانە بەزمی ..... ئەو ناوەی مەبەستیان بێت .

**سیاوچەمانەی پێچ پیچا :**

ناوچەیەکی گوزارییە ئەکەوێتە هەورامانی ئێرانەوە بەم ناوچەیە کەلە کۆمەڵێک باخ و دارستان پێک دێت ، پێی ئەڵێن (( هەزارانی )) .

**نموونەی تێکستەکەی :**

بەریە پێچ پیچا ئای توخوا گیان ئای ڕاوەو
ئیَ هەزارانی ۆ توخوا گیان لەیل و لەیل و
ئیَ دی گیانەکەم سەروەزەنەن هەوش و ئیَ ئای بارامی

**نۆتەکەی :**

**Pych Pycha**



**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (0 سۆڵ . لا . سیبیمۆڵ )) . بەپێی ئەو سیَ پلە دەنگییە پەیژەی مۆسیقاکەی ، پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماژۆر–عەجەم )) ە کە پەیژەی بچووک – مینۆر یان نەهاوەندی پیَ ئەڵێن . ئەوەی شایانی باسە من هەمان سیاوچەمانەی پیچ پیچا بە دەنگی دارا محەمەد عوسمان بە پەیژەی (( فریژی – کورد )) گویَ لیَ بووە ، لەمەوبەریش نۆتەکەیم نوسیوەتەوە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**تێبینی :**

وەکو لە مەوبەر وتمان جۆرەکانی سیاوچەمانە جۆرە ئاوازێکی ڕیتم سەربەستن ، گۆرانی بێژ بە بۆچونی خۆی وشەکان درێژو کورت ئەکات و هەڵس و کەوت لە گەڵ درێژی و کەم خایەنی پیتەکان بەپێی لەرینەوەکانی قوڕگی و هەڵسوڕانی لێوەکانی و درێژی هەناسەکەی ئەو وشەو پیتانە درێژ و کورت ئەکات .

**سیاوچەمانەی میناوەی :**

**نموونەی تێکستەکەی :**

دل ڕەبای دڵبەر هۆ ئای مینا سەرەکەویَ گیان دڵ هاو ئازیزەکەم گیانم لەیل
هەمیشە ودایم گیان مینا سەرەکەویَ گیان شەو پاو ئازیزەکەم گیانم لەیل

**نۆتەکەی :**

**Mina wey**



سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ . لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ )) بەپێی ئەو پلە دەنگیانە پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی سێیەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( میبیمۆڵ ماژۆر – عەجەم )) کە پەیژەی (( سۆڵ فریجی – کورد )) ئەکات .

تێبینی :

سیاچەمانە بێژ (( دڵسۆز عوسمان کێمنەیی وتی : یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی سیاچەمانە ئەوەیە هیچ سیاچەمانە بێژێک کە لە پلەیەکی دەنگی یەوە دەستی پێ کرد ناتوانێ لە کۆتایدا لە سەر هەمان پلەی دەنگی کۆتایی پێ بهێنێ ، هەردەم لە ساتی سیاچەمانە چڕین دا پلە دەنگییەکان بەرز ئەبنەوە ، ئەو بەرزبونەوەیەش بە پلەی دەنگی یان نیو پلە نییە بەڵکو بەکۆما بەرە بەرە بڵند ئەبن ئەو بڵند بونەش لە یەکێکەوە بۆیەکێکی تر ئەگۆڕێ، بەتایبەتی کە دووکەس بەیەکەوە سیاچەمانە ئەچڕن لە کۆتاییەکەیاندا بە ئاشکرا هەستی پێ ئەکرێ و دەرئەکەوێ کە جۆرە میانەیەک دوورن لەیەک .

نموونەی سکێڵەکەی :




تێبینی :

وەکو دڵسۆز وتی : سیاو چەمانە جۆری زۆرە هەر سیاوچەمانە بێژێک بە بۆچونی خۆی ئەیچڕێ .



چالاکی قوتابخانەکان –پەروەردەی سلەیمانی

١- ئاوازی بینەو بینە .

نموونە تێکستەکەی :

بێنەو بێنەو بینە وەی بێنەو بێنەو بینە وەی بێنە کچە ڕەشتاڵە
سجیلەکەی شەس ونۆ عومری لە چواردە ساڵە

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا بیمۆڵ ، سیبیمۆڵ لە پلە نزمەکانیشداپلەدەنگی میبیمۆڵ ی بەرئەکەوێ . بەپێی ئەو میانە دەنگیانە پەیژەی مۆسیقای ئەم ئاوازە بریتییە لە پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی لابیمۆڵ لە بەر ئەوەی پلە دەنگیەکانی بریتین لە ٤-٤-٢-٤-٤-٤-٢ نازناوی پەیژەی عەجەمی گەورە وەرئەگرێ.

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





٢- کەنیشکە کاڵەکەم .

نموونەی تێکستەکەی :

کەنیشکە کاڵەکەم هەناری وەر ماڵەکەم
من ڕجات لێ دەکەم هەڵسە بێرۆ مالەکەم  هەڵسە بێرۆ مالەکەم
تۆبۆرێ یانەکەم کێ ساحێب یانەن
دەی خەتاو من چیشەن ئینە بە هانەن
دەی خەتاو من چیشەن وەی ئینە بە هانەن

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتین (( سۆڵ . لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ .... لە پلە نزمەکانیشدا پلەدەنگی میبیمۆڵی بەرئەکەوێ )) ئەوپلەدەنگیانە لە پلەدەنگیەکانی پەیژەی (( سۆڵی فریجی – کورد )) سەرپلەدەنگی سێیەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( عەجەم – ماژۆر )) بەدەست دێت .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



٣- گەردوون گیانی گەردوون .

نموونەی تێکستەکەی :

گەردوون گیانی گەردوون گەردوون گیانی گەردوون
سەرچلەی ڕیحان بڕیان بە بەیبوون بڕیان بە بەیبوون

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلەدەنگیەکانی بریتین لە (( فا# . سۆڵ# . لا . لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی دۆ# ی بەرئەکەوێ )) بەپێی چێژی ئاوازەکە کە لەسەرپلە دەنگی سۆڵ# کۆتایی دێت ، پەیژەمۆسیقاکەی لە چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی سێیەمی پەیژەی (( می ماژۆر – یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی )) کە پەیژەی (( سۆڵ# کورد – فریجی )) یە . ئەم دەڤەرە زۆر بەناوبانگن لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە پەیژەیە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





٤– قەڵای سنگ بارانی خەم .

نموونەی تێکستەکەی :

قەڵای سنگ بارانی خەم پاڵم دان پێوە
قەڵاکەم ڕمیا ئازیز پاڵ دەم بەکوێ وە

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ . لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ )) بەپێی چێژی ئاوازەکە و ئەو سێ میانەیەی کە ئاوازەکە درووستی کردووە ، پەیژەکەی پێکدێت لە پلە دەنگییەکانی پەیژە دروست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی (( میبیمۆڵ ماژۆری – گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی )) ، کە ئەکاتە پەیژەی سۆلی فریجی – کورد .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



## ٥- كرمان كرمانە .

**نموونەی تێكستەكەی :**

كرمان كرمانە بەزمەكەی نایلۆنـــــە
ئەمەحاڵی منە جەلسەكەی تۆ چونە

**نۆتەكەی :**

### Krman krmane




**سكێڵەكەی :**

پلە دەنگی یەكانی بریتیین لە (( می . سۆڵ# . لا . سی )) ، بەپێی چێژی ئاوازەكە ، پەیژە مۆسیقاكەی پێک دێت لە پەیژە درووست كراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی یەكەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ماژۆر – گەورە )) كە پێی ئەڵێن پەیژەی لای بچووكی هارمۆنی لە بەر ئەوەی پلە دەنگی حەوتەمی نیو پلەی دەنگی بڵند كراوە .

**نموونەی سكێڵەكەی :**




**ڕیتمەكەی :**



٦- خڕەی لەرزانە .

نموونوی تێکستەکەی :

هۆ خڕەی لەرزانە هۆ خڕەی لەرزانە
لەرزانەکانت یەک یەک تەواوە
یەکجار من بۆتۆ ئامان لەرزانە ڕۆحم نەماوە

نۆتەکەی :

Xrey lerzane




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( فا . سۆڵ . لابیمۆڵ بەپلە جوانکارییەکان . سیبیمۆڵ . لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی دۆ ی بەرئەکەوێ . بەپێی چێژی ئاوازەکە و ئەو میانانەی کە ئاوازەکەی درووست کردووە ، پەیژەکەی پێکدێت لە پلە دەنگییەکانی پەیژە دروست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی (( میبیمۆڵ ماژۆری – گەورەی یەکەمی ڕۆژهەلاتی )) ، کە ئەکاتە پەیژەی سۆڵی فریجی – کورد .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



٧- لامل زەرد .

نموونەی تێکستەکەی :

خواکەی بانی سەر کردنش کارێ
باڵات مەبینو مەر ساڵی جارێ
ئەم یاڵەو وەو کەو یاڵە چاوڕە شەکەم لەماڵە
ئەگەر ڕۆژێ نەت بینم ژیانم هەر بەتاڵە

نۆتەکەی :

**Laml zerd**




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ . لە پلە نزمەکانیشدا ، پلە دەنگی فای بەرئەکەوێ ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتییە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی (( فا ماژۆر – عەجەم )) کە پەیژەی (( فریجی – کوردی سەرپلە دەنگی لای پێ ئەڵێن .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



**٨– کەل مڵ باوانم .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

کەڵ مل باوانم کەڵ مل باوانم باوانی باشـــم
تۆبوی بەحاکم ئەرهۆ باوانیم مەبرە معاشم

**نۆتەکەی :**

**Kelml bawanm**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ . لا . پلە دەنگی سیبیمۆڵی بەجوانکاری بەرئەکەوێ و لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی ڕێ ی بەر ئەکەوێ . )) بە پێی چێژی ئاوازەکە پەیژەکەی بریتییە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی سێیەمی سەر پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( فا ماژۆر – عەجەم )) . کە پێیئەڵێن پەیژەی (( لای فریجی – کورد )) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی:**



٩- کەتانەو کەتانە .

نموونەی تێکستەکەی .

کە تانەو کەتانە خانمەکەی گوڵم

ئەگریجەو وەبان پەڕەکەی دڵم

نۆتەکەی :

**Ketane w ketane**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ . لا . سیبیمۆڵ . لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی ڕێ ی بەر ئەکەوێ )) بە پێی چێژی ئاوازەکە پەیژەکەی بریتییە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سیبیمۆڵ ماژۆر – عەجەم )) کە پێی ئەڵێن پەیژەی سۆڵی بچووک یان مینۆر یان نەهاوەند .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی:



**١٠– لەنجە وەی بەلەنجە .**

**نموونەی تێکستەکەی .**

**لەنجە وەی بەلەنجە ئۆخەی ئۆخەی بەلەنجە**
**دەورە باماچت کەم کچ بەگزادەی هەڵەبجە**

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ . لا . سیبیمۆڵ و لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی ڕێ ی بەر ئەکەوێ . )) بە پێی چێژی ئاوازەکە پەیژەکەی بریتییە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی سێیەمی سەر پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ماژۆر – عەجەم )) . کە پێیئەڵێن پەیژەی (( لای فریجی – کورد )) .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی:**



١١- شیرینە خانم .

نموونەی تێکستەکەی .

شیرینەو خانم شیرینەو خانم کەژاڵ تو وانابێ کەژاڵ تو وانابێ

بەم پەلە پەلە یار پەیا نابێ یار پەیا نابێ

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ . لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ . لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی ڕێ ی بەرئەکەوێ . بەپێی چێژی ئاوازەکە و ئەو میانانەی کە ئاوازەکەی درووست کردووە ، پەیژەکەی پێکدێت لە پلە دەنگییەکانی پەیژە دروست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی (( میبیمۆڵ ماژۆری – گەورەی یەکەمی ڕۆژهەلاتی )) ، کە ئەکاتە پەیژەی سۆلی فریجی – کورد .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



١٢- لەکۆڵانی تەنگ .

نموونەی تێکستەکەی :

لەکۆڵانی تەنگ شان مەدە لەشانم
کافری لامل زەرد جەرگەکەت سوتانم

نۆتەکەی :

## Le kolani teng




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ# . لا . سی . لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی مـی بەرئەکەوێ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەکەی بریتییە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی سێیەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( می ماژۆر – عەجەم )) کە پێی ئەڵێن پەیژەی سۆڵ# ی فریژی – کورد .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی:






## ١٣- بەلەنجە گیان .

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئاخ بەلەنجەگیان دوگوڵ و واپێوە

بێ بەشمان نەکەی ئۆ بەلەنجەگیان لەو دەمو لێوە

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ . لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ . لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی ڕێ ی بەرئەکەوێ . بەپێی چێژی ئاوازەکە و ئەو میانانەی کە ئاوازەکەی درووست کردووە ، پەیژەکەی پێکدێت لە پلە دەنگییەکانی پەیژە دروست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی (( میبیمۆڵ ماژۆری – گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی )) ، کە ئەکاتە پەیژەی سۆڵی فریجی – کورد .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی:**



**١٤– ئامە گیان .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئامە هۆ ئامە گیان ئامەی ماڵەکەم

بۆچی بارت کرد هاوسێی ماڵەکەم

**نۆتەکەی :**

## Ame ho ame




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ . لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ . بەجوانکاری پلە دەنگی دۆشی بەر ئەکەوێ . بەپێی چێژی ئاوازەکە و ئەو میانانەی کە ئاوازەکەی درووست کردووە ، پەیژەکەی پێکدێت لە پلە دەنگییەکانی پەیژە دروست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی (( میبیمۆڵ ماژۆری – گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی )) ، کە ئەکاتە پەیژەی سۆڵی فریجی – کورد .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی:**



١٥- هۆشیرین گیان سەوزە .

**نموونەی تێکستەکەی :**

هۆشیرین گیان سەوزە دانەی هەناری
جادەسڕەکەی دەستت بۆیادگاری

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( سۆڵ . لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ . لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی ڕێ بیمۆڵی بەرئەکەوێ ، هەندێ جار ئەوپلە نزمە پلە دەنگییەک بەرزتر یان نزم تر بەکاردێت بەپێی توانای ئاوازچڕەکە )) .پەیژەکەی بریتییە لە پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی سرووشتی ((لا بیمۆڵ ماژۆر – عەجەم )) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی:**





## ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری :

شـاری سـلـەیمانی یەکێکـە لـە شـارە پێشـکەوتووەکانی کوردستان وەکو زانایان و ڕۆشنبیران ئەڵێن مەڵبەندی زانست و ویژەو ڕۆشنبیرییە . لەم ناوچیـە دا گۆرانی بێژی بەناوبانگی تیاهەڵکەوتووە . زۆر ئاوازی بەسۆز لەم ناوچەیەدا ئەبیسترێ ، تەنانـەت لەناو هونەرمەندان و بگرە گوێگرانیشدا باوە کە ئەم ناوچەیە هەندێ فۆلکلۆری تایبەتی خۆی هەیـە ، کە کـە پێـی ئـەڵێن (( سلێمانیانە )) ، بەدەگمـەن لـە ناوچـەکانی کـەی کوردسـتاندا ئەبیسـترێن . زۆربەی ئەوئاوازەفۆلکلۆریانەی ئەم ناوچەیە تایبەتمەندی هەموو ناوچەکەیە ، لەبەر ئەوەی شاری سلەیمانی شارێکی نوێ یە و نزیکەی ٢٠٠ ساڵێک ئەبێت دامەزراوەو کراوەتە پایتەختی بابانیەکان (( هۆزێکی مەزنی کوردن )) ، بۆیە ئەوئاوازەفۆلکلۆریانەی کە لەم ناوچیەدا گوێ بیستی ئەبین مـوڵکی هەمووناوچە بەرینەکەیەتی . هەست ئەکەین فۆلکلۆری ئەم ناوچەیە جیاوازییەکی بـەرچاوی لـەگـەڵ ئاوازەکانی ناوچەکانی تـردا هەیـە ، بەتایبـەتی ناوچـەی هـەورامان و بگـرە بادینـان و ناوچـەکانی کرمانجیـەکان (( جـۆرە دیـالکتێکی زمـانی کوردییـە )) ، لـەبـەر ئـەوەی ئـەم ناوچەیـە سـەرەڕێگای هـاتوچۆ بـووە و ناوچەیـەکی بەرینـە ،کەسـانی زۆر هاتوچۆیـان کـردووە و بەمانایـەکی کـورت تـر جێگای گۆڕینەوەی زانستی و بازرگـانی و هونەریشـە بۆیـە هەنـدی تایبەتمەنـدی ئـاوازەفۆلکلۆریو دانراوەکانی دەوروپشتی تیا ڕەنگی داوەتەوە . دانیشتوانی ئەم شارە هەردەم ئامادەباشیان تیایە بـۆ وەرگرتنی کارو هونەرو زانستی نوێ .

لـەم ناوچەیـەدا زۆر هونەرمەنـدی بـەتوانا لـەدایک بـووە . و گـوڕێکی نوێیـان بـە هونـەری ئـاوازو مۆسیقای ئـەم ناوچەیـە بەتایبـەتی و هونـەری ڕەسـەنی کوردی داوە ، لەبـەر گرنگـی ئـەم ناوچەیە دەسەڵاتی ڕژێمەکانی یەک لەدوای عێـــــراق بایەخێکی سانسۆری گرنگیان بەم شـارە داوە و هـەردەم هونەرمەنـدان و بـەهرەوەرانی لـەژێر سانسـۆرێکی بـەهێزدا بـوون ، هـەرکاتێ هەسـتیان بکردایە کە ئاستی هونەری ئەم ناوچەیە ئەبێتە مایەی ترسێک بۆیـان ئـەوا هـەوڵیان ئـەدا سنوری ئەوپێشکەوتنە ڕابگرن بەو جۆرەی کە خۆیان ئەیان ویست ، هەرچەندە زۆربەی زۆری هونەرمەندانی ئەم ناوچەیە لەگەڵ ئەوەی کەسانێکی بەهرەمەندو لەخۆبوردوو بوون ئەوسانسۆرە قایمەی دەسەڵات کاری گەری زۆهری نەئەکردە سەر ڕەوتی ئەوپێشکەوتنە ،هەرچەنـدە زۆر جـار هونەرمەنـدان توشـی گرتن و بگرە بـەرەو پـەتی سـێدارەش بـراون بـەڵم لـە بـەر بـەهێزی بڕوایـان بـەهیچ جۆرێـک کـاری نەکردۆتە سەر یان .

وەکوو وتم ناوچەی سلێمانی ناوچەیەکی بەرینە ، گەر بمەوێ سەرتاپای گۆرانی و ئاوازە فۆلکلۆریەکانی بنووسمەوە ، ئەوا کاتێکی زۆرو قەبارەی تیانوسێکی زۆر گـەورەم پـێ ویسـت ئەبێ ، بەڵام لە بەر ئەوەی من لەم باسەم دا تەنها لایەنی شیکردنەوەی جۆری پەیژە مۆسیقایەکانی کوردستانی گەورەم لە ئەستۆ گرتووە ، لێرەدا هەوڵ ئەدەم لایەنی کـەم باشـترین و بـەناوبانگترین ئاواز و ئـاواز چـڕی ئـاوازی فۆلکلـۆری ئـەم ناوجەیـە بخەمـە دوتـوێی لێکۆڵینەوەکەم بەمەبەسـتی ناسـینی ناسـنامەی پەیژەمۆسـیقای لای کـورد و ئاشـناکردنی بـۆ هـەموو جیهـان ، وەکـو ووتـم لەبەرئەوەی هەوڵێکی پێشتر لەم بابەتە لای کورد نییە ،هەر چەندە هەنـدێ کـەس و بگـرە لایـەنیس هەوڵیان داوە کە دەست بکەن بەکۆکردنەوەی ئاواز و مۆسیقای فۆلکلـۆری کـوردی بـەڵام جێـی داخـە بەهۆی نەشارەزاییان کارەکان زۆر لاواز و بگرە هەندێکیشیان تەنانـەت لـە ڕووی نوسـینەوەی دەقـی نۆتەکان و ئاوازەکەی ڕووی مەجلیسیان نییە . بۆیە کارەکەی من زۆر تـەنگ وچەڵەمەی کەوتە پـێش ، بەڵام هەوڵم دا بەسەر زۆربەیەندا زاڵ بم ، بۆئەوەی بەئەنجامی خۆم بگەم .

لێرەدا بە پێویستم زانی ئەوە ڕوون بکەمەوە کـە ئـەم هەوڵـەی مـن ، کۆکردنـەوەی سەرانسەری ئاوازوگۆرانییە ڕەسەنەکانی کورد نیین ، بەقەدەر ئەوەی من لەگەڵ کۆکردنـەوەی ئـەو مشـتە لـەو خەرمانـە گەورەیـەی فۆلکلـۆری کـوردی ، ئـەمجارە تـەنها بـەنیازی پێناسـەکردنی پەیژەمۆسیقایە بەکار هێنراوەکانی ئەم ئاوازانـەم ، بۆیـە ئەشێ لـەم هەوڵـەی مـن دا زۆر کەسـانی بەتوانا و خاوەن ئەزموون ناویان نەهاتبی ، ئەمەئەوەناگەیەنێ کە ئەوانە هونەرمەندی ئەم میللەتە

نین و بگرە گەر کارەکەی من بریتی بوایە لە کۆکردنەوەی سامانی نەتەوەیی گۆرانی و ئاوازی مۆسیقای کوردی ئەوا لەوانەبوو ئەوکەسانە لەپێشی پێشەوەی باسەکەم دا بونایە ، هەرچەندە من لێرەدا هەوڵ ئەدەم بەپێی توانا و بۆلوان و گونجاندنی زەمینەکان ،هەوڵ بدەم کارەکەم بەئەنجام بگەیەنم . ئاواش هەڵ ئەدەم ڕەچاوی هەموو جۆرو توخمە پەیژەمۆسیقایە کوردیەکان بکەم بۆئەوەی بەتەواوی بتوانم زۆربەی زۆری بگرە هەموو ئەوپەیژەمۆسیقایانەی کە گەلی کورد لەهونەری مۆسیقا وگۆرانی دا بەکاری ئەهێنن بەئاسانی بیگەیەنمە خۆمان و بگرە بیانیەکانیش بۆ زیاتر ناسینی مۆرکی ڕەسەنی کوردی و زیاتر ئاشنابونی میللەتانی جیهان بە ئاوازو مۆسیقای کوردی .

وام بەباش زانی سەر دێڕی کردنەوەی هونەری ئاوازو مۆسیقای کوردی ئەم ناوچەیە بە هونەرمەندێکی گۆرانیبێژی ناوداری ئەم ناچەیە دەست پێ بکەم . لەبەر ئەوەی بەڕیزی شارەزاییەکی زۆری لە فۆلکلۆری ئەم ناوچەیەدا هەیە .



## کەریم کابان: – سلەیمانی ١٩٢٧ .



عەبدول کەریم جەلال مەحموود کابان ... شوێن : سلەیمانی
ستۆدیۆی خاک (( رادیۆی دەنگی خاک )) بەهاوکاری برای بەڕێز کاک بەرزانی قالەی خەلۆز . پینج شەممە ٨-٧-٢٠٠٤.
ووتی :
لە شاری سلێمانی هەندێ ئاوازی ڕیتم سەربەست (( ئەو ئەڵێ مەقام )) هەیە کە تایبەت مەندن بەناوچەی سلێمانی لە وانە (( هیجرانی)) لەشاری سلێمانی بە سەفەر بەناوبانگە, بەم جۆرەیە :

### ١- سەفەر – هیجرانی :

### نموونەی نۆتەکەی :

**Sefer**



### سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( می . فاکاردێز . سۆڵ . لا . سی )) ، ئەم ئاوازە ڕیتم سەربەستە ئاشکرایە یەکێکە لە جۆرەکانی بەیات ، کە لە سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) بنیات ئەنرێ . لێرەدا لە سەرپلەدەنگی می کە شەشەمین پلە دەنگی سۆڵی ڕاستە بنیات نراوە ، وەکوو ئاشکرایە گەر بەیاتی بێ پلە دەنگی دەسکاری کرابێ ئەوە پەیژەی دوو بەیاتی پێ ئەڵێن بەڵام لێرەدا پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەک بڵند کراوە بۆیە پێی ئەڵێن بەیاتی نەوا . کەواتە لە ناوچەی سلێمانی بە و فۆرمە یان ئاوازە ڕیتم سەربەستەی لەسەر پەیژەی بەیاتی نەوا بنیات بنرێ ئەڵێن بەیاتی سەفەر یان هیجرانی بەڵام وەکو پەیژە هەر پەیژەی بەیاتی نەوایە .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ٢- ئای ئای :

### نموونەی نۆتەکەی :

**Ai ai**



### سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( می . فاکاردێز . سۆڵ . لا )) ، ئەم ئاوازە ڕیتم سەربەستە ئاشکرایە یەکێکە لە جۆرەکانی بەیات ، کە لە سلەیمانی بەیات ئای ئای پێ ئەوترێ .

لە سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( ڕاست )) بنیات ئەنرێ . لێرەدا لە سەرپلەدەنگی می کە شەشەمین پلە دەنگی سۆلی ڕاستە بنیات نراوە ، وەکوو ئاشکرایە گەر بەیاتی بێ پلە دەنگی دەسکاری کرابێ ئەوە پەیژەی دوو بەیاتی پێ ئەلێن . بەلام لێرەدا لەبەر ئەوەی پلەدەنگیەکانی چوارینەی دووۆمی دیاری نییە ئەوا هەر وەکوو پەیژەی دووبەیات ناوی ئەبەین بەواتای بەیاتێکی دەسکاری نەکراو .

٣- عەجەم .

نموونەی نۆتەکەی :

**Ajem**



سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( فا . سۆل . لا . سی بیمۆل )) . ئەم چوارینەیە پڕاوپڕی چوارینەیە یەکەمی پەیژەگەورەی یەکەمی ڕۆژهەلاتییەو هەر بەو ناوەشەوە ناونراوە .

نموونەی سکێڵەکەی :




کاک کەریم فەرمووی :

ئەم سێ (( مەقامە )) (( من بڕوام وایە مەبەستی لە فۆرمی ڕیتم سەربەستە )) لە شاری سلەیمانی زۆر بەناوبانگ بووە ، زۆر لە گۆرانیبێژان و ئاواز چڕان لە کۆڕو کۆبونەوەو ئاهەنگەکانا وتویانە ، هەروەها وتی ... لەمەوبەر هەردەم واباو بوو ، کە ئەبوایە پێش هەموو بەستەیەک (( مەبەست لە ئاوازی خاوەن ڕیتمێکە و ڕیتمەکەی سەربەست نییە و پابەندی جۆرێک کێشی ڕیتمی یە)) ئاوازێکی ڕیتم سەربەست بوترایە، کە هەردەم پێیان وتوە مەقام .

١- ئەرێ هۆلەیلی :

نموونەی تێکستەکەی :

ئەرێ هۆ لەیلی باوانم لەیلـــــــــــــــی
کۆشتەی خاڵەکەی تۆم بۆچ وا بێ مەیلی

نۆتەکەی :

**Ary ho leyli**



**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتیین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ )). پلە دەنگی می سروشتیشی بە جوانکاری بەرئەکەوێ ، ئەم پێنج پلە دەنگییە پڕاوپڕێ پلەدەنگیەکانی پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ی ڕاست )) ە . کە بەیاتی نەوای سەرپلە دەنگی لای پێ ئەڵێن .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**٢- ئەم بەروبەرە .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەم بەرەو بەرە ناسکە دولبەرە
لەسەر ماچێکی شەڕە خەنجەرە

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( می . فای ناتور . سۆڵ# . لا . سی . دۆی ناتور . ڕێ )) . پلە دەنگیەکانی ئەم ئاوازە لەپلەدەنگیەکانی پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( لا ماژۆر – عەجەم )) بەدەست دێت ، بەڵام پلەی حەوانەوەو کۆتایی لەسەرپلەی شەشەمی بچووکی پەیژە سەرەکییەکە کۆتایی دێت ، ئەمە کارێکی ئەوتۆنییە کە گۆڕانکاری لە پەیژەکەدا پەیدا ببێت ،نازناوی ئەم پەیژەیەش پەیژەی (0 حیجاز نەهاوەند یان حیجاز زمزمە یە .

**نموونەی سکێلەکەی:**



**تێبینی :**

لای میللەتانی ڕۆژئاوا هەر پەیژەیەکی مۆسیقای میانەی یەکەمی بەمیانەیەکی دەنگی (( 2/1.1 )) دەستی پێ کرد ئەوا ئەو پەیژە مۆسیقایە بە پەیژەی مۆسیقای (( بلووز )) ی دا ئەنێن . ئەم پەیژەیە بەتایبەتی لەنێو میللەتانی ئەمریکای لاتینی دا زۆر بەکار دەبرێت . بەڵام لای ئێمە بەکار ناهێنرێت . گەر بمانەوێ ئەو ئاوازە بەوجۆرە ناو بەرین ئەبێ بەم شێوەیە بینووسین .

**نۆتەکەی :**

**Am berew bere** (( Bluz ))




**٣- ئەرێ هۆ باڵا بەرز .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەرێ هۆ باڵا بەرز گیانە گەردن شێڵانە
یارم بەگزادەی ڕەشت وگێلانـــــــــــــــە

**نۆتەکەی :**

**Ary ho bala berz**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( لا . سیبیمۆڵ . دۆ# ، لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگی فای ناتووری بەر ئەکەوێ )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلەدەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕێ ماژۆر – عەجەم )) ، نازناوی ئەم پەیژەیەش هەر وەکو پەیژەی پێشوو پەیژەی حیجازی نەهاوەند یان زمزمە یە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٤- نازدارونازدار .

نموونەی تێکستەکەی :

نازدارو نازدار نازدارت کردم
مندالّی دوێنێم تۆ پیرت کردم

نۆتەکەی :

**Nazdarw nazdar**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتین لە (( ڕێ . می کار بیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا ی ناتور .... پلە دەنگی دۆ شی بەر ئەکەوێ )) بەپێی ئەم پلە دەنگیانە پەیژە مۆسیقاکەی بریتییە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( فا ڕاست )) ، کە پەیژەی (( ڕێ ی بەیاتی پێ ئەڵێن .. لە بەرئەوەی پلە یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، نازناوی بەیاتی نەوا وەر ئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی



### ٥- وەی وەی بارانە

### نموونەی تێکستەکەی :

وەی وەی بارانە ئای ڕێزە بەڕێزە
دایمە چاوێکم ئای لەڕێی کارێــزە

### نۆتەکەی :

## Wey wey barane




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( می . فاکاردێز . سۆڵ . لا . سی ناتوور )) ئاشکرایە ئەم پەیژە ، پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمــی گــەورەی ڕۆژهــەڵاتی (( سۆڵ ڕاست )) ە . پێی ئەڵێن پەیژەی (( می بەیات )) لە بەرئەوەی پلەی یەکــەمی چوارینــەی دووەمــی چارەکەپلەیەک بڵند کراوە نازناوی بەیاتی نەوا وەر ئەگرێ .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :





**٦- باران بارانه .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**باران بارانە نم نم تەڕمی کـــــــرد**
**لەنجەو لارەکەی لەدین دەرمی کرد**
**لەنجەو لارەکەی لەدین دەرمی کرد**

**نۆتەکەی :**

## Baran barane




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( فا# . سۆڵ . لا )) ، پەیژەی ئەم پلە دەنگیانە تەنها لە سەرپلەی سێیەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕێ ماژۆر - عەجەم )) بەدەست دێت ، کە پێی ئەڵێن پەیژەی (( فا# فریجی - کورد )) .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





**مامۆستاکەم ( ولیەم یۆحەننا)**

## ٧- بەری بەیانە .

**نموونەی تێکستەکەی :**

بەری بەیانە زڕەی فنجانە
بای نەسیم و ئەگریجــەت
جار جار شەڕیانـــــــــە

**نۆتەکەی :**

### Beri beyane




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( می . فاکاردێز . سۆڵ . لا )) ئاشکرایە ئەم پەیژە ، پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ڕاست )) ە . پێی ئەڵێن پەیژەی (( می بەیات )) لە بەرئەوەی هیچ پلەدەنگیەکی چوارینەی دووەمی بەرناکەوێ بۆیە تەنها بەنازناوی پەیژەی بەیاتەکەوە ناوی ئەبەین و چ کاتێ گەشەی پێدرا ئەوا گەشەپێدەر ئەتوانی جۆرێک لە جۆرەکانی بەیاتی بۆهەڵبژێرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





٨- سەيری خاڵەکەی :

نموونەی تێکستەکەی :

سەيری خاڵەکەی سەر ڕومەتی کە
جەرگی دەرهێنام بردی لەتی کـــا

نۆتەکەی :

Seyri xalekey




سکێڵەکەی :

پلەدەنگییـــەکانی بـــريتيين لـــە (( مـــی . فاکـــاردێز . ســـۆڵ . لا . ســـیکاربیمۆڵ . بەجوانکاری پلەدەنگی دۆ شی بەرئەکەوێ . )) ئاشکرايە کە پلە دەنگيەکانی ئەم ئاوازە لـە سـەرپلەی شەشەمی پەيژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ماژۆر – عەجەم )) بەدەسـت دێـت ، کـە نـاوی پەيژەی بەياتە لە بەر ئەوەی ياشکرايە کە دەسکاری پلە دەنگيەکانی چوارينەی دووەميش نەکراوە ، بۆيە نازناوی پەيژەی (( دووبەيات )) ی هەيە .

نموونەی سکێڵەکەی




ڕيتمەکەی :



## ٩- گوڵاڵە سورە .

**نموونەی تێکستەکەی :**

گوڵاڵە سورەی سەر کوڵمی یارم
واگەشایەوە بۆ حـــــــاڵی زارم

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتیین لە (( فاکاردێز . سۆڵ .لا . سی . دۆ ی نـاتوور و هەنـدێ جـاریش وەکو خۆی لێ دێتەوە ، پلە دەنگیەکانی ئەم ئاوازە لە سەرپلە دەنگی سێ یـەمی پـەیژەی دووەمـی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( رێ ڕاست )) بە دەست دێت کە ناز ناوی سێگای هەیە ، لە بـەر ئـەوەی پلـە ی یەکـەمی چوارینـەی دووەمـی چارەکـە پلەیـەک نـەوی کراوە بۆیـە نازنـاوی سێگای نەهاوەنـد یـان بەستەی ئەسفەهانی هەیە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





١٠- خانم گیان .

نموونەی تێکستەکەی :

نیوەشەو ڕابوورد تاکەی لەلات بـــــــم
لە خوام تەڵەبە خانم گیان بەباڵات شادبم

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتیین لە (( فاکاردیز . سۆڵ .لا . سی . دۆ ی ناتوور و هەندێ جاریش وەکو خۆی لێ دێتەوە ، پلە دەنگیەکانی ئەم ئاوازە لە سەرپلە دەنگی سێ یەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕێ ڕاست )) بە دەست دێت کە ناز ناوی سێگای هەیە ، لە بەر ئەوەی پلە ی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک نەوی کراوە بۆیە نازناوی سێگای نەهاوەند یان بەستەی ئەسفەهانی هەیە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



١١- نەشمیل .

نموونەی تێکستەکەی :

نەشمیل نەشمیل نەشمیلانە  دەم بچکۆلەی ڕومەت پانە
چومە ماڵیان بە میوانی    پەنجەم گوشی لە گەڵ ڕانی
دایکی عەیار زوو پێی زانی  دایکی عەیار زوو پێی زانی

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( فا# . سۆڵ . لا . سی . دۆ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پلەدەنگیەکانی ڕاستەوخۆ پلە دەنگی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ماژۆر – عەجەم))ە.

نموونەی سکێڵەکەی:




ڕیتمەکەی :



### ١٢– هەی بەلارو بەلار .

**نموونەی تێکستەکەی :**

هەی بەلارو بـــەلارەوە
توسەری باوکت وەرەماڵەوە

**نۆتەکەی :**

## Hey belar




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتیین لە (( فاکـاردێز . سـۆڵ .لا . سـی . دۆ ی نـاتوور و هەنـدێ جاریش وەکو خۆی لێ دێتەوە ، پلە دەنگیەکانی ئەم ئاوازە لـە سـەرپلە دەنگی سێ یـەمی پـەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕێ ڕاست )) بە دەست دێت کە ناز ناوی سێگای هەیە ، لە بەر ئەوەی پلە پڕاوپڕی پلەدەنگیەکانی بەژەی سێگایە نازناوی سێگا یان ئەوشاری هەیە.

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





**١٣- یار ئەمان ئەمان .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

بەسمان لێ بگرە گیانە  سەراسوێی بانی
لەمن مالَی زۆر گیانە لەتۆ جوانـــــــی
یار ئەمان ئەمان ئەمـــــــــــــان
لێوی ئالَەو چاوی جـــــــــــوان
چاو گەلێ مەستیان خواردومــــــیان
خالَە وردە ڕێز کوشتومـــــــــیان

**نۆتەکەی :**

## Yar aman




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( فاکاردێز . سۆل . لا . سی .. لـە پلـە نزمەکانیشـدا پلە دەنگی ڕێ ی بەرئەکەوێ )) ،پەیژە مۆسیقای ئەم ئـاوازە لـە سـەرپلە دەنگـی سـێیەمی پـەیژەی گەورەی دووەمی ڕۆژهەلاّتی (( ڕێ ڕاست )) بەدەست دێ ، کە پەیژەی سێگای پـێ ئـەڵێن ، لـە بـەر ئەوەی پلە دەنگیەکانی چوارینەی دووەمی ئاشکرا نیە ، هەر بەو ناوە وە ئەمێنێتەوە و جۆری سێگا کەی دەست نیشان ناکرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ١٤- هەی یار .

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەرێ ئەم شەو لەرۆرۆی گیانە دڵەکەی ناشـــــادم
ئەرێ دۆستی دوور وڵات گیانە کەوتۆتە یــــــــادم
هەی یار عەزیزم ڕۆحی شیرینم هـــــــــــــــات
سەر هەڵ بڕە بکەم تەماشـــــــــــــــــــات
یاخوا بەخێر بێیتەوە ئازیزەکــــــــەی دوور وڵات
جاحەز بەمردن ئەکەم وەی نەوەک من بــڕۆم لەلات

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لــە (( فـا . سۆڵ . لاکـاربیمۆڵ . سـیبیمۆڵ . دۆ )) . بـەپێی چوارینەی یەکەمی ئەم ئاوازە ، پەیژە مازیکی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ڕاست )) ە.

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**١٥- ئامینیٚ .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**ئامینێم تاقانەی دایـــــــــە**
**عایشە گوڵەو فاتمەو ڕەعنایە**
**لەو سیانە یەک لێرە بوایـــە**

**نۆتەکەی :**

**Aminy**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لـە (( مـی . فاکـار دێز . سۆڵ . لا )) . ئـەم چوارینـە پلـە دەنگیە لـە چوارینـەی یەکـەمی پـەیژە درووست کراوی سـەرپلە دەنگـی شەشـەمی پـەیژەی دووەمـی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ماژۆر – عەجەم )) بەدەست دێت کە نازناوی بەیاتی هەیە ، بەڵام جۆری بەیاتەکەی ئاشکرانییە لەبەرئەوەی پلە دەنگیـەکانی چواریـنەی دووەمـی تیانیـە بۆیـە هـەر بـەناوی پەیژەی بەیاتەوە ئەمێنێتەوە ، ئەشتوانریٚ وەکو پەیژەیـەکی پلـە دەسکاری نـەکراو بـە پـەیژەی (( دووبەیات )) ناو ببرێت .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



### ١٦- ئامین و ئامین .

### نموونەی تێکستەکەی :

ئامین و ئامین هەرتۆی دنیاو دینم
قۆڵەکەت بێنە بیکە بەسەرینــــــم
ئامین تاقانە قەت مەرگت نەبیـــنم

### نۆتەکەی :




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگیـەکانی بـریتین لـە (( میکـاربیمۆڵ . ڤا . سۆڵ . لا )) ئـەم چوارینـە پلـە دەنگیە لە چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سـەرپلەی سێیەمی پـەیژەی دووەمـی گـەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) بەدەست دێت ، کـە نـاوی پـەیژەی (( میکـاربیمۆڵی سێگایە )) ، لـە بـەر ئەوەی پلـە دەنگیـەکانی چوارینـەی دووەمـی ئاشکرا نییـە ئـەوا هـەر بـەناوی پـەیژەی سێگاکەیەوە ئەمێنێتەوە ، یان وەکو پەیژەی سێگای دەسکاری نەکراو کە نازناوی (( ئەوشار )) ی هەیە مامەڵەی لە گەڵدا ئەکرێت .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



**١٧- ئامینێم نازەنینێ .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**ئامینێم نازەنینێ وەی وەی لەزیڕەی پۆتیـــــــنێ**
**باڵام بەباڵای ئەوکچەگرت سێ پەنجە کورتی دێنێ**

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

**پلەدەنگیەکانی بریتین لە (( فا . سۆڵ .ڵاکاربیمۆڵ . سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) . ئەم پلە دەنگیانە لە پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ڕاست )) بەدی دێت .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





### ١٨- كزەی جەرگانم .

### نموونەی تێكستەكەی :

كزەی جەرگانم باوانم وێرانـــــم
جێگام بۆڕاخە ئەمشەو میوانـــــم
ئەرێ وای گەردو گەردو گەردانـە
یارم شەمعەو خۆم پەروانـــــــە
مەمكۆلەت وادەی دەست لێ دانە

### نۆتەكەی :

## Kzey jerganm




### سكێڵەكەی :

پلەدەنگیـەكانی بـریتین لـە (( لا . سـیكاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) ، ئـەم چوارینـە پلـە دەنگیە لـە سـەر پـەیژەی دووەمـی گـەورەی ڕۆژهـەڵاتی (( دۆ ڕاسـت )) بەدەسـت دێـت ، پێـی ئـەڵێن پەیژەی بەیات ، لە بەر ئەوەی پلە دەنگیەكانی چوارینەی دووەمی ئاشكرانیە بۆیە هەر بە نازناوی پەیژەی (( دووبەیات )) وەكو پەیژەیەكی پلە دەنگی دەسكاری نەكراو كاری پێ ئەكرێ .

### نموونەی سكێڵەكەی :




### ڕیتمەكەی :



**١٩- کیژێ مەڕۆ .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

لە بێ مەیلیەکت هەی وەی بووم پـەرەوازە دەی
بەقات پێ ناکەم هەی وەی  کچ بێ مەجـازە دەی
کیژێ مەڕۆ جوانی سێوی سەر دوکانـــــــــی
ئەمشەو دێم بەمیوانی وەی لەباخی مەجید خانی

**نۆتەکەی :**

## Kijey mero




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( می کاربیمۆڵ . فا . سۆڵ )) ئەم سێ پلە دەنگیـە ، لـە پلەدەنگیەکانی پەیژەی درووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پـەیژەی دووەمـی گـەورەی ڕۆژهـەڵاتی (( دۆ ڕاست )) بەدەست دێت ، کە پێی ئـەڵێن پـەیژەی سێگا . لـە بـەر ئـەوەی پلـە دەنگیـەکانی تـری ئاشکرا نیە بۆیە هـەر بـەنازناوی سـێگاوە ئەمێنێتـەوە و جـۆری سـێگاکەی دەرناکـەوێ ، تـا دوای ئەوەی گەشەی پێ نەکرێت (( پلە دەنگیەکانی زیاد نەکرێن )) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٢٠- وەک قومری سەر باڵم شینە .

نموونەی تێکستەکەی :

وەقومری سەرباڵم شینـــە     کار و پیشەم هەر گرینـــە
ئەسمەران خوێنیان شیرینە     ئەی وەی وەی وەی بارانە

نۆتەکەی :

## Wek qwmri




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( دۆ . ڕێ . می کار بیمۆڵ . فا . سۆڵ بیمۆڵ )) ، چوارینەی یەکەمی ، چوارینەی یەکەمی پەیژەی (( دۆ )) ی پەیژەی ڕاست . پلە دەنگی سۆڵ بیمۆڵ کە پلەی پێنجەمیەتی بە گۆڕانکاری یەکی لاوەکی نیو پلەی دەنگی نزم کراوەتەوە بۆیە نازناوی (( سەبا ڕاست )) وەرئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





## ٢١ـ شەمامەو خاڵ خاڵ .

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەرێ بەبانانەوە گیانە بەبانانەوە          ئەرێ بەرتیلیان ئەدا وەی وەی ئەپاڕانەوە

شەمامەو خاڵ خاڵ شەمام شلــکی          ناردوومە بۆماڵ سارده فێنـــــــــــــکی

**نۆتەکەی :**

### Shemamew xal xal




**سکێڵەکەی :**

پەیژەی ئەم ئاوازە مشتومری زۆر لە سەرە ، ئەوەی من گەیشتمە ئاکام تیایدا ئەوەیە پەیژەی ئەم ئاوازە پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ماژۆر – گەورەیە )) ، هەرچەندە نە دەست پێکردنی و نەکۆتایی هاتنی بە پلە دەنگی سەرەکی کە پلە دەنگی (( فا )) یە ، بەڵام بەپێی ئە و ئاوازە ڕیتم سەربەستانەی کە دەبنەپێشەکی ئەم ئاوازە ڕیتم دارە ، ئەوەئەسەلمێنن کە پەیژەی (( فا ماژۆر – عەجەم )) ە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**تێبینی :**

بیرو ڕایەک هەیە کە ئەم پەیژەیە پەیژە درووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سیبیمۆڵ ماژۆر – عەجەم )) ە کە پەیژەی (( مینۆر – نەهاوەند )) ی سروشتی پێ ئەڵێن .

**نۆتەکەی :**

### Shemamew xal xal



نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





حەسەن گەر میانی و تیپی مۆسیقای سلەیمانی

### ٢٢- ئەی خانم خانم .

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەی خانم خانم خانمۆڵێ
لەخرێت ماچ کەم یالە دۆڵێ
کوێت بگرم سەری مەمکۆڵێ

**نۆتەکەی :**

## Ay xanm xanm




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی ئەم ئاوازە پێک دێت لە (( میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لاکاربیمۆڵ )) .

پەیژەی ئام ئاوازە لە سەرپلە دەنگی سێیەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) بەدی دێت ، کە پێی ئەڵێن پەیژەی سێگا ، لە بەر ئەوەی پلەی چوارەمی پەیژەی سێگاکە (( پلە دەنگی لا )) چارەکە پلەیەک نەوی کراوە بۆیە نازناوی پەیژەی (( سێگا سێگا یان سێگا غەریب )) وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





٢٣– لە سیلەی قەبران .

نموونەی تێکستەکەی :

لە سیلەی قەبران هاوارە
حاکم بم دا لە سێدارە
قەت نانێم من مەیلی ئەو یارە

نۆتەکەی :

**Le siley qebran**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتیین لە (( رێ . می . فاکاردێز . سۆڵ . لا )) . . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەی ئەم ئاوازە بریتیەلە پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕێ ڕاست )) .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





## ٢٤- کەتان کەتانە .

**نموونەی تێکستەکەی :**

کە تان کەتانە باوانم عەمرم کەتانـــــە
دەم کوڵ دەم بێنە باوانم دەم بچکۆلانە
خاڵ دانە دانە

**نۆتەکەی :**

### Ketan ketane




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتیە لە (( می . فا . سۆڵ . لابیمۆڵ . سی )) ، پەیژە مۆسیقای ئەم ئاوازە پێک دێت لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ماژۆر – عەجەم )) هارمۆنی ، کە پلەی شەشەمی نیو پلەی دەنگی نەوی کراوە . پێی ئەڵێن پەیژەی (( فا سیگان – هەمایۆن یان نگریز )) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





٢٥- بۆنی هەڵاڵان دێ .

نموونەی تێکستەکەی :

بۆنــی هەڵاڵان دێ        سەدای چــاوکاڵان دێ
لەگەورەماڵان دێ        توخوا پێی بڵێن بابێ
بەکراسی کەتان بێ

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( می کاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا )) ئەم پلە دەنگیانە ، لە پلەدەنگیەکانی پەیژەی درووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی دووەمـی گـەورەی ڕۆژهـەڵاتی (( دۆ ڕاست )) بەدەست دێن ، کە پێی ئەڵێن پەیژەی سێگا . لە بەر ئەوەی پلە دەنگیەکانی تری ئاشکرا نیە بۆیە هەر بەنازناوی (( سێگا )) وە ئەمێنێتەوە و جۆری سێگاکەی دەرناکەوێ ، تا دوای ئەوەی (( پلە دەنگیەکانی زیاد نەکرێن )) گەشەی پێ نەکرێت .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





**٢٦- ئامۆزا گیان .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**هەر کۆچ کۆچت بو کۆچ نەبڕایەوە ئامۆزا گیان**
**کۆچ بوو بە ئاگر نەکوژایەو ئامۆزاگیـــــــــان**
**ئامۆزا تۆبالآ بەرزی  ئامۆزا هەر بۆمن فــەرزی**
**ئامۆزا تەنیا گوڵەکەم ئامۆزا نوخشەی دڵەکەم**

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( می . فاکاردێز . سۆڵ . لا )) ئاشکرایە ئـەم پـەیژە ، پـەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمـی گـەورەی ڕۆژهـەلآتی (( سۆڵ ڕاسـت )) ە . پێی ئەڵێن پەیژەی (( می بەیات )) لە بەرئەوەی پلە دەنگی یەکەمی چوارینـەی دووەمـی چارەکـە پلـە یەک بڵند کراوە ، بۆیە نازناوی بەیاتی نەوا وەر ئەگرێ .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



### ٢٧- ئاگر بارانە .

**نموونەی تێکستەکەی :**

هەر چەند ئەکەم دڵ پیر نابـــــــــــــێ
دەستم لەیەخەی گیر نابـــــــــــــێ
یار مندالەو بۆم ژیرنابـــــــــــــێ
ئای خودا لەم ئاگر بارانە بارانـــــە
یار بەبێ تۆ ماڵم وێرانە ویرانە چاو جوانە

**نۆتەکەی :**

**Agr barane**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( می . فا کاردێز . سۆڵ . لا . سی ناتوور . دۆ . بەجوانکاریش پلە دەنگی ڕێ ی بەرئەکەوێ )) ،بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پلەدەنگیەکانی ئەم ئاوازەمان لە سەرپلە دەنگیەکانی پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ڕاست )) بەدەست دێت . کە پێی ئەڵێن پەیژەی بەیات ، لە بەر ئەوەی پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەک بڵند کراوە ،جۆری بەیاتەکەی نازناوی پەیژەی (( بەیاتی نەوا )) وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی:**




**ڕیتمەکەی :**



٢٨- کاکە لە جەمۆبێ .

نموونەی تێکستەکەی :

کاکە لەچەمۆبێ هۆ برا لە داراو بــــێ
پاوپل شۆریابێ خاڵ گەلی کوتریابــــێ
یار بەلەنجەی دوێنێ قەولی بە من دابێ
یار لە من تۆرابـــــــــــــــێ

نۆتەکەی :

**Ho bra**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( فا . سۆڵ. لا )) ، چوارینەیەک تەواو ناکا، بەلاّم بەپێی چێژی ئاوازەکە پلە دەنگیەکانی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاّتی (( فا ماژۆر – عەجەم )) ە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





**٢٩- لۆ لۆ لێ لێ.**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**من دورو تۆ دوور هاوار لۆ لۆ لۆ لۆ بەینێ ببەستین  بمرم لێ لێ لێ**
**بەفرمێسکی چاو هاوار لۆ لۆ لۆ لۆ جۆگە هەڵبەستین بمرم لێ لێ لێ**

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می ناتوور )) ، پلە دەنگیەکانی ئەم ئاوازە لە سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەرەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) بەدەست دێت ، کە پێی ئەڵێن بەیات ، لە بەر ئەوەی پلە دەنگی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە نازناوی بەیاتی (( نەوا )) وەر ئەگرێ .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**٣٠- هەی نار .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**هەی نار هەی نار باوانم یار**
**هات و ڕۆیشت بە لەنجەولار**

**نۆتەکەی :**

## Hey nar




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( دۆ . ڕێ . میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ )) ،پەیژەی ئەم ئاوازە ، پێک دێت لە پلە دەنگیەکانی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( دۆ ڕاست )) .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





**٣١- گیان گیان .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**گیان گیان و گیان گیان گیان ئازیزەکەم**

**نیوەشەو ڕابوورد ئەی هاوار ئینتیزارەکەم**

**نۆتەکەی :**

## Gyan gyan




**سکێڵەکەی :**

**پلــە دەنگیــەکانی بــریتین لــە (( دۆ . ڕێ . میکــاربیمۆڵ . فــا . ســۆڵ . لــە پلــە نزمەکانیشا پلە دەنگی سیکاربیمۆڵی بەر ئەکەوێ )) . پەیژە مۆسیقای ئەم ئاوازە بریتیە لـە پـەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پـەیژەی دووەمـی گـەورەی ڕۆژهـەڵاتی (( فـا ڕاسـت )) . کـە نازناوی بەیاتی هەیە ، لە بەرئەوەی پلە دەنگی دووەمی چوارینـەی دووەمـی چارەکـە پلەیـەک بڵنـد کراوە و گەر پێویستیش بە بەکارهێنان بکات ئەوا ئەبێ پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمیشی نیو پلەی دەنگی بڵند بکەین ، بۆیە نازناوی (( بەیاتی موحەییەر یـان حسـەینی )) و لای تورکـەکان پێـی ئەڵێن عوشاقی تورکی .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٣٢- کەم شەرت .

نموونەی تێکستەکەی :

کەم شـــەرت وەی ڕۆ ڕۆ    بێ شەرت مەرگی تـــۆ
من بێ شەرتم یان ئە تۆ    من ببم بە قوربانی تۆ

نۆتەکەی :

**Kem shert**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( ڕێ . می . فا# . سۆڵ . لا )) ، پەیژە مۆسیقای ئەم ئاوازە بریتیە لە پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕێ ماژۆر – عەجەم )) .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





**٣٣- کەویار .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

کەویارم کەویار کەویارم جوانـــــــــــــی
پێشکەشی تۆی ئەکەم من شاری سلەیمانی

**نۆتەکەی :**

## Kew yar




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتیین لە (( رێ . می . فاکاردێز . سۆڵ . لا )) . . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەی ئەم ئاوازە بریتیەلە پەیژەی دووەمی گەورەی رۆژهەڵاتی (( رێ راست )) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





**٣٤- ڕاستەی خیابان .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەرێ ڕاستەی خیابان گیانەکەم باخی میللەتـــــی
ئەرێ موبارەکت بێ گیانەکەم  چیتی شرکەتـــــی
لای لای لای لای لای کەوی گەردن بەخـــــــاڵی
گیان گیان گیان گیان کوشتومی باوەش و مناڵی
ئۆف ئۆف ئۆف ئۆف تۆ مناڵی چواردە ساڵـــــی
ماشەڵلا پڕ خەت و خاڵــــــــــــــــــــــی

**نۆتەکەی :**

## Rastey xyaban




**سکێڵەکەی :**

پلـــە دەنگیـــەکانی بـــریتین لـــە (( دۆ . ڕێ . میکـــاربیمۆڵ . فـــا . ســـۆڵ . لا )) .
پەیژەمۆسیقاکەی بریتیەلە پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٣٥- هەوری لار .

**نموونەی تێکستەکەی :**

هەستە بابیکەین هەوری لار قەولی دوو بەدوو
نەمن ژن بێنم هەوری لار نەتۆبکەی شـــــوو
ئای کولنجە ڕێ ڕێ یە وەی دەسماڵ قاقانـــی
بەینی من و تۆ هەوری لار عالەم پێی زانـــی

**نۆتەکەی :**

## Hewri lar




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا )) ، بەپێی چێژە ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی دووەمی یەکـەمی ڕۆژهەلاتی (( دۆ ماجۆر )) ی هارمۆنی کە پلە دەنگی شەشەمی نیـوو پلـەی دەنگـی نـەوی ئـەکرێت ، پەیژەی ڕەوەندی پێئەڵێن .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



### ٣٦- گەوهەرێ .

**نموونەی تێکستەکەی :**

گەوهەرێ وەی گەوهەرێ وەی گەوهەرێم کانێسکانی
ئەرێ خۆ من شێتی تۆم گیانە ناشێ نەی زانــــــــی

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سی کاربیمۆڵ . دۆ . رێ . می نـاتوراڵ )) . پـەیژە مۆسیقایەکەی بریتیەلە پەیژەدرووست کراوی سـەرپلە دەنگی شەشـەمی پـەیژەی دووەمـی گـەورەی ڕۆژهـەڵاتی (( دۆ ڕاسـت )) ، کـە پـەیژەی بـەیاتی پێئـەڵێن ، لـە بـەر ئـەوەی پلـە دەنگـی یەکـەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەکی دەنگی بڵندکراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی (( نەوا )) ی هەیە .

**نموونەی سکێڵەکەی:**




**ڕیتمەکەی :**





**٣٧- ئامین و ئامین .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئامین و ئامین هەر تۆی دنیاو دینم
قۆڵەکەت بێنە بیکە بەسەرینــــــــم
ئامین تاقانە وەی مەرگت نەبیـــــنم

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلـە دەنگیـەکانی بـریتین لـە (( مـی کـاربیمۆڵ . فـا . سـۆڵ . لا )) ئـەم پلـە دەنگیانـە ، لـە پلەدەنگیەکانی پەیژەی درووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پـەیژەی دووەمـی گـەورەی ڕۆژهـەڵاتی (( دۆ ڕاست )) بەدەست دێن ، کە پێی ئەڵێن پەیژەی سێگا . لە بەر ئەوەی پلە دەنگیەکانی تری ئاشکرا نیە بۆیە هەر بەنازناوی (( سێگا )) وە ئەمێنێتەوە و جۆری سێگاکەی دەرناکەوێ یان وەکو پەیژەی ئەوشار کاری لەگەڵدا ئـەکرێت ، تـا دوای ئـەوەی (( پلـە دەنگیـەکانی زیـاد ئـەکرێن )) گەشـەی پـێ ئەکرێت .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٣٨- شۆڕە ژن .

**نموونەی تێکستەکەی :**

گەرمیانی یا کوێستانی لاڵ بم بۆ چاوی جوانــــــــــی
هەکچێ بێنە ماچت کەم ئەرێ شۆڕە ژن وەڵا ڕوو بەخاڵ
بەسەد لیرە هەرزانی  بەسەد لیرە هەرزانــــــــــــی

**نۆتەکەی :**

### Shore jn




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( ڕێ . میبیمۆڵ . فا . سۆڵ . لابیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێبیمۆڵ )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتیە لە (( میبیمۆڵ . فا . سۆڵ . لابیمۆڵ )) ، کە چوارینەی یەکەمی پەیژەگەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی (( میبیمۆڵ ماژۆر – عەجەم )) ە ، لە بەرئەوەی پلەی سێیەمی چوارینەی دووەمی نیو پلەی دەنگی نزم کراوە ، دەشێ پەیژەی گەورەی میلۆدی بێت .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



### ٣٩– سەوزە مەڕۆ .

**نموونەی تێکستەکەی :**

سەوزە مەڕۆ سەوزە گیان سەوزەکەی ماڵم
نەخۆش نەکەوی  سەوزە نەشکێنی باڵـــــم
ئەوا تۆ ئەڕۆی سەوزە بەخوام سپــــاردی
خۆم پێم نەکرابێم سەوزە دڵەکەم بۆناردی

**نۆتەکەی :**

**Sewze**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگیـەکانی بـریتین لـە (( لا . سـیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) ، ئـەم چوارینـە پلـە دەنگیە لـە سـەر پـەیژەی دووەمـی گـەورەی ڕۆژهـەڵاتی (( دۆ ڕاسـت )) بەدەسـت دێـت ، پێـی ئـەڵێن پەیژەی بەیات ، لە بەر ئەوەی پلە دەنگیەکانی چوارینەی دووەمی ئاشکرانیە بۆیە هەر بە نازنـاوی پەیژەی (( دووبەیات )) وەکو پەیژەیەکی پلە دەنگی دەسکاری نەکراو کاری پێ ئەکرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٤٠– لیمۆ هەی لیمۆ .

نموونەی تێکستەکەی :

لیمۆ هەی لیمۆ لیمۆ شـــــــــــیرازی
سەرپەنجەت ڕەنگ کە لیمۆ گیان بۆ پەنجە بازی

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( می کاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا )) ئەم پلە دەنگیانە ، لە پلەدەنگیەکانی پەیژەی درووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( دۆ ڕاست )) بەدەست دێن ، کە پێی ئەڵێن پەیژەی سێگا . لە بەر ئەوەی پلە دەنگیەکانی تری ئاشکرا نیە بۆیە هەر بەنازناوی (( سێگا )) وە ئەمێنێتەوە و جۆری سێگاکەی دەرناکەوێ یان وەکو پەیژەی ئەوشار کاری لەگەڵدا ئەکرێت ، تا دوای ئەوەی (( پلە دەنگیەکانی زیاد ئەکرێن )) گەشەی پێ ئەکرێت .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





### ٤١- خانم تۆ خانمی .

### نموونەی تێکستەکەی :

خانم تۆخانمی خانمی خانمانـــــمی
ئەودەردەی گرتومە هەرتۆ دەرمانمی
ئارامی گیانمـــــــــــــــــــــی

### نۆتەکەی :

**Xanm to xanmi**




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( می کاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا )) ئەم پلە دەنگیانە ، لە پلەدەنگیەکانی پەیژەی درووست کراوی سەرپلەی سێیەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) بەدەست دێن ، کە پێی ئەڵێن پەیژەی سێگا . لە بەر ئەوەی پلە دەنگیەکانی تری ئاشکرا نیە بۆیە هەر بەنازناوی (( سێگا )) وە ئەمێنێتەوە و جۆری سێگاکەی دەرناکەوێ یان وەکو پەیژەی ئەوشار کاری لەگەڵدا ئەکرێت ، تا دوای ئەوەی (( پلە دەنگیەکانی زیاد ئەکرێن )) گەشەی پێ ئەکرێت .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :





## ٤٢- هەی خانم خانم .

نموونەی تێکستەکەی :

هەی خانم خانم خانمـــــــاوە
سوک سوک وەرە بەدەنگمەوە
زۆرنەخۆشم بـــــــم بەرەوە

نۆتەکەی :

**Hey xanm xanm**




سکێڵەکەی :

پلـە دەنگیـەکانی بریتیەلـە (( میکـاربیمۆڵ . فـا . سـۆڵ . لابیمـۆڵ . سـیبیمۆڵ )) ،پەیژەمۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی سێیەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆڕاست )) کە پەیژەی (( میکاربیمۆڵی سێگا )) ی پێئەڵێن . لە بەر ئەوەی پلە دەنگی چـوارەمی چوارینـەی یەکـەمی نیـوو پلـەی دەنگـی نـزم کراوەتـەوەو پلـەدەنگی یەکـەمی چوارینـەی دووەمیشی چارەکەپلەیەک نزم کراوە ، نازناوی پەیژەی سێگای کورد یان خوزامی نوێ وەرئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



**٤٣- بووک مریەم .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئۆخەی ئۆخەی بووک مریـــــــەم
ئەتۆ گوارەی ئەمنیش گوێــــــــم
وەک مەجنونم لێ هاتووە جوانێ
کوشتەی چاوەکەی لەیلێــــــــم

**نۆتەکەی :**

**Bwk mryem**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگیەکانی بریتین لە (( مـی بیمـۆڵ . فـا# . سـۆڵ . لابیمـۆڵ . سـی نـاتوور )) ، بـەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەکەی بریتیەلە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی پێنجەمی پـەیژەی یەکـەمی گەورەی رۆژهەلاتی (( دۆ ماژۆر - عەجەم )) . کـە پـەیژەی (( حیجازکـار - شـاناز )) ی پـێ ئـەڵێن . بەڵام گەر گوێ بدەینە حەوانەوەی پلە دەنگی کۆتایی ئەوا ئەبێ وەکو پەیژەی بلووز کاری لـە گەڵـدا بکەیین میانە دەنگیەکانی بەم شێوەیە ئەبێ : 1.1/2 - 1/2 - 1/2 - 1.1/2 - 1 - 1/2 .

**نموونەی سکێڵەکەی:**




**نموونەی سکێڵی بلووز2 :**




**ریتمەکەی :**



**٤٤– شیرینێ سەوزە .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

شیرینێ سەوزە دانەی هەناری
کیژە جوانەیکەی ناو کوردەواری
توخوالەسەرچی لێمان بێزاری

**نۆتەکەی :**

## Shryny w sewze




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( دۆ . ڕێ . مێبیمۆڵ . فا# . سۆڵ . لا )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژەمۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ماژۆر – عەجەم )) ، کە پەیژەی میکسۆلیدی (( حیجاز )) ناوئەبرێت ، زۆرجاریش بە پەیژەی حیجاز عەجەم یان زنجران ناوی ئەبەن .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**تێبینی :**

ئەم ئاوازە لە ساڵەکانی (( 1980 )) تیپێ مۆسیقای سلەیمانی لە گەڵ ئاوازی مریەمێ ئامادەکردوەو بەدەنگی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (( عوسمان عەلی )) تۆمار کراوە .

### ٤٥-مریەمێ .

### نموونەی تێکستەکەی :

ئای مریەمێ مریەمێ دەوەرە بامن بتگەمـــــــێ
ئاورێکم لێ بەرەوە دڵی خۆمت ئەدەمـــــــــــێ
لەرێگات راوەستاوم وەرە بینایی چـــــــاوم
خۆمن یارەکەی خۆتم بۆچیم لێ دەکەی شەرمێ

### نۆتەکەی :

**Mrymey**




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( دۆ . ڕی . میبیمۆڵ . فا# . سۆڵ . لا . سی بیمۆڵ )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژەمۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ماژۆر – عەجەم )) ، لە بەر ئەوەی پلە دەنگی دووەمی چوارینەی دووەمی نیوو پلە دەنگی نزم کراو ، بە پەیژەی نەهاوەند حیجاز یان زمزمە ناو ئەبرێت .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



٤٦– لەوكەلە دەنگی ساز دێ .

**نموونەی تێكستەكەی :**

لە كەلە دەنگی سازدێ هەڵاڵەو زەمزەمـــــــــــــــــــــــــە
دەنگی خانم نازدێ ماچ كەم ئەو دەمـــــــــــــــــــــــــە
زوڵفت چین چینە چین لەسەر چینە لاڵ بم ئاگری كردەوە
شەو لەسەر سینەو مەمكی ڕۆژمان كـــــــــــــــــردەوە

**نۆتەكەی :**




**سكێڵەكەی :**

پلە دەنگیەكانی بریتین لە ((سۆڵ# . لا . سی . دۆ . ڕێ )) . پەیژە مۆسیقاكەی بریتیەلە پەیژەدرووست كراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی یەكەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ماژۆر – عەجەم )) كە پەیژەی (( لا مینۆر هارمۆنی – نەهاوەند )) ی پێ ئەڵێن .

**نموونەی سكێڵەكەی :**




**ڕیتمەكەی :**





٤٧- چاوڕەشێ .

نموونەی تێکستەکەی :

تاکەی دانیشم لەسای داری بـــــــــــی
تاکەی بکێشم من دەردی غەریـــــــــــبی
چاو ڕەشێم واوەرە بۆن خۆشێم واوەرە
ڕۆحی شیرینم ڕەبی مەرگت نەبیـــــــــنم

نۆتەکەی :

**Chew reshy**




سکێڵەکەی :

پلــە دەنگیــەکانی بــریتین لــە (( فـا# . ســۆڵ# .لا . ســی . دۆ# . ڕێ . مــی )) ، پەیژەمۆسیقاەکەی بریتیەلە پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( لا ماژۆر – عەجەم )) .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



**٤٨- هەی بێنن بێنن .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

هەی بینن بێنن کەژاوە بێـــنن
ئەوکچەمناڵە دڵەکەی مەشکێنن

**نۆتەکەی :**

## Hey bynn bynn




**سکێڵەکەی :**

پلـە دەنگیـەکانی بـریتین لـە (( سـۆڵ# . لا . سـیبیمۆڵ . دۆ# . )) . پـەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لـە پـەیژە درووست کراوی سـەرپلەدەنگی پێنجـەمی پـەیژەی یەکـەمی گـەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕێ ماژۆر – عەجەم )) . کە نازناوی پەیژەی (( حیجازکار – شاناز )) ی هەیە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**٤٩– ئەرێ هۆڕێبوار .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**ئەرێ هۆ ڕێبوار ئەمنیش ڕێبوارم**
**ئەمنیش وەکوو تۆ دڵ بریــندارم**
**ڕانەکەم ڕۆیی بن دارە و بـن دار**
**هۆچڵێ داویەتی لەگۆنای نازدار**

**نۆتەکەی :**

## Ary ho rybwar




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سی کاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می نـاتوراڵ )) . پـەیژە مۆسیقایەکەی بریتیەلە پەیژەدرووست کـراوی سـەرپلە دەنگی شەشـەمی پـەیژەی دووەمـی گـەورەی ڕۆژهـەڵاتی (( دۆ ڕاسـت )) ، کـە پـەیژەی بـەیاتی پێـئەڵێن ، لـە بـەر ئـەوەی پلـە دەنگـی یەکـەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەکی دەنگی بڵندکراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی (( نەوا )) ی هەیە .**

**نموونەی سکێڵەکەی:**




**ڕیتمەکەی :**



### ٥٠– هۆگـــــــوڵ .

**نموونەی تێکستەکەی :**

هۆگوڵ هۆگوڵ هۆ هۆ گوڵ هۆ هۆ گوڵ کیژێ هەردووچاوم
لەنجەولاری ڕێی کانی سەرکانی ئاگری تێ بـــــــــەرداوم

**نۆتەکەی :**

## Ho gwl




**سکێڵەکەی :**

پلـە دەنگیـەکانی بریتیەلـە (( میکـاربیمۆڵ . فـا . سـۆڵ . لابیمـۆڵ . سـیبیمۆڵ )) ،پەیژەمۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی سێیەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆڕاست )) کە پەیژەی (( میکاربیمۆڵی سێگا )) ی پێئەڵێن . لە بەر ئەوەی پلە دەنگی چـوارەمی چوارینـەی یەکـەمی نیـوو پلـەی دەنگـی نـزم کراوەتـەوەو پلـەدەنگی یەکـەمی چوارینـەی دووەمیشی ئاشکرانییە ئاشکرا نییە ، جاگەر چارەکەپلەیەک نزم کراوە ، نازنـاوی پـەیژەی سـێگای کورد یان خوزامی نوێ وەرئەگرێ . بەڵام گەر چارەکە پلەیەک بڵند کرایەوە ئەوە نازناوی پەیژەی (( هوزام )) وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی (( سێگای کورد )) :**




**نموونەی سکێڵەکەی (( هوزام )) :**




**ڕیتمەکەی :**



### ٥١– ئامه كولّـــــــــێ .

**نموونەی تێكستەكەی :**

ئامه كولّێ وەی گیان و گیان  ئامه كولّێ وەی گیان و گیان گیان دارت خۆش بێ
سێ مانگەی زستان خواگیر  سێ مانگەی زستان خواگیر   شوەكەت نەخۆش بێ

**نۆتەكەی :**

## Ame kwly




**سكێڵەكەی :**

پلەدەنگیەكانی بریتین لە (( لا . سیكاربیمۆڵ . دۆ . ڕێبیمۆڵ .می ناتوور )) ، پەیژەمۆسیقاكەی پێكدێت لە پەیژەدرووست كراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) كە پەیژەی بەیاتە ، بەڵام لەبەر ئەوەی پلە دەنگی چوارەمی چوارینەی یەكەمی نیووپلەی دەنگی نزم كراو نازناوی (( بەیاتی سەبا )) وەرئەگرێ .

**نموونەی سكێڵەكەی :**




**ڕیتمەكەی :**



## ئیبراهیم خەیات

(ئیبراهیم محمد موستەفا)   ١٩٣١ – ٢٠٠٥ .



لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی:

### ١– ئاگربارانە

نموونەی تێکستەکەی:

ئەوا تۆدەڕۆی من جێگەم کوێ بـــــــێ2
کێ بگرم بەیار شێوەی لەتۆبــــــــــێ
ئای خودا لەم ئاگر بارانە بارانـــــە
یار بەبێ تۆ ماڵم وێرانە ویرانە چاوجوانە

نۆتەکەی:

**Agr barane**




سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( می . فا کاردێز . سۆڵ . لا . سی سروشتی )) ، بە پێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە ((می . فا کاردێز . سۆڵ . لا )) کە پڕاو پڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست ی سەرپلە دەنگی سۆڵ )) ە و لە سەرپلە دەنگی می پەیژەی بەیاتی درووست کردووە و لە بەر ئەوەی پلە دەنگی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە و چوارینەی دووەمی تەنها ئەم پلەدەنگییەی بەر ئەکەوێ بۆیە نازناوی بەیاتی نەوا وە ئەگرێ ، بەڵام گەر پلەدەنگییەکانی تری چوارینەی دووەمی دەستنیشان بکرایە هەڵبەتە لەوە ئەچوو نازناوێکی تر بەخۆیەوە ببینێ (( بەوردی باسکراون )) .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی:



## ٢- ئاخ لەیل و داخ لەیل

**نموونەی تێکستەکەی:**

ئاخ لەیل و داخ لەیـــــــــل
ئەرێ لەیلی باوانـــــــــــم
یاخوابەخێر بێی سەر چاوەکانم

**نۆتەکەی:**

### Ax leyl




**سکێڵەکەی:**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( ڕێ . سۆڵ . لا . سی، دۆ، ڕێ)) . بە پێی چێژی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( پلەدەنگی . سۆڵ . لا . سی – دۆ، )) ، بەپێی میانەکانی چوارینەی یەکەمی ئەم ئاوازە، پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم – ماژۆر )) ە، کە پەیژەی ( سۆڵ ماژۆر – عەجەم) ی پێ ئەڵێین .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی:**



**تێبینی:**

ئەمجۆرە ووتنە تایبەتە بە خوالێخۆشبو ییراهیم خەیات، لە هەندێ شوێن وناوچەی تر بەتایبەتی ناوچەی خانەقیین و دەوروبەری یان سەرانسەری ناوچەی لوڕستان بە شێوەیەکی تر ئەیچڕن کە تۆزێک جیاوازی لە گەڵ ئەم جۆرە چڕینەدا هەیە.

## ٣- ئەرێ بەبانانەوە

**نموونەی تێکستەکەی:**

ئەرێ بەبانانەوە گیانە بەبانانـــــەوە2
ئەرێ بەرتیلیان ئەدا وەڵڵا ئەپارانەوە
ئەرێ شەمامەو خاڵ خاڵ شەمام شلکی
ناردومە لەو ماڵ ساردەو فێنکـــــــی

**نۆتەکەی:**

# Bebananewe




**سکێڵەکەی:**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( ڕێ .می، فا، سۆڵ . لا . سی، دۆ، ڕێ بە جوانکاری)) . هەرچەندە دەستپێک وکۆتایی ئاوازەکە بە پلەی بنکەی پەیژەکە نییە، بەڵام بە پێی چێژی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( پلەدەنگی . سۆڵ . لا . سی – دۆ، )) ، بەپێی میانەکانی چوارینەی یەکەمی ئەم ئاوازە، پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم – ماژۆر )) ە، کە پەیژەی ( سۆڵ ماژۆر – عەجەم) ی پێ ئەڵێین .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی:**



### ٤- بەخەیاڵی ئەو

**نموونەی تێکستەکەی:**

خۆ من بە بێ تۆ وەک مردوو مــــــــــــــردووم2
هەر وام لە خەیاڵ ساڵــی ڕابـــــــــــــوردووم2
بە خەیاڵی ئەو بە چاوانی ئەو واڕەنگم سوورە
دڵم پێی شادە هەرچەند لێـــــــــــــم دوورە

**نۆتەکەی:**

## Be xeyali eu




**سکێڵەکەی:**

پلەدەنگیەکانی بریتیین لە (فاکاردێز، سۆڵ، لا، سیکاربیمۆڵ، دۆ) چوارینەی یەکەمی بریتییەلە (سۆڵ، لا، سیکاربیمۆڵ، دۆ)،کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (سۆڵ ڕاست)ە.

**نموونەی سکێڵەکەی:**



### ٥- كزەی جەرگانم

**نموونەی تێکستەکەی:**

كزەی جەرگانم ماڵی وێرانـــــم2
جێگەم بۆڕاخات ئەمشەو میوانـم
ئەرێ ئای گەردوگەردو گەردانـــە
یارم شەمعەو ئەرێ خۆم پەروانە
شیلەی وادەی ئەرێ دەست لێدانە

**نۆتەکەی:**

## Kzey cerganm




**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( سۆڵ . لاکاربیمۆڵ . سی بیمۆڵ . دۆ . رێ ) . چوارینەی یەکەمی چوارینەی بەیاتی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی ( ڕاست ) . لە بەرئەوەی یەک چوارینەیە جۆری بەیاتەکەی ڕوون نییە .

**نموونەی سکێڵەکەی:**




**ڕیتمەکەی:**



**عوسمان عەلی**



**١- ئای لەهاڕەی گۆبەرۆک**

**نموونەی تێکستەکەی:**

**ئای لە هاڕەی گۆبــەرۆک**
**وەی لەخرنگەی لەرزانــە**
**ئامان کەمەرەبەســـــــتن**
**هەر لە کیژی کورد جوانە**

**نۆتەکەی:**

## Ai leharey goberok




**سکێڵەکەی:**

**پلەدەنگیەکانی بریتیین لە، ( سۆڵ ، لا ، سیکار بیمۆڵ، دۆ، ری)، بە پێی چێژی ئاوازەکە، پەیژە مۆسیقاکەی بریتیە**
**لە پەیژە دروستکراوی سەر پلە دەنگی چوارەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( سۆڵ ڕاست)،** *کە تاکە پەیژەیە هەردو هێمای سێچارەکە دێز و سێچارەکە بیمۆلی بەیەکەوە لە ڕابەری پەیژەدا بەرئەکەوێ بۆیە پێی ئەوترێ پەیژەی شاز*، **کە پەیژەی (دۆچوارگا) ئەکات.**

**نموونەی سکێڵەکەی:**




**ڕیتمەکەی:**





## ٢– هۆلەیل

**نموونەی تێکستەکەی:**

چاوڕەشێ بەناز بەرکە بـــــــــــەم لاوە2
وەک مانگ لە گۆشەی ئازیزهەوری سیاوە
هۆلەیل و لەیل هۆلەیلانــــــــــــــــــە
برژانگت تیرەو ئەبرۆت کەوانـــــــــــــە

**نۆتەکەی:**

### Ho ley lu leyl




**سکێڵەکەی:**

پلەدەنگیەکانی بریتین لە (سۆڵ، لا، سیبیمۆڵ، دۆ#)، چوارینەی یەکەمی بریتیەلە لا، سیبیمۆڵ، دۆ#، پلە دەنگی چوارەمی تیا نییە، بە پێێ چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاکەی پەیژە دروستکراوی سەر پلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (ڕێ ماژۆر)ە، کە پەیژەی (لا حیجازعەجەم، یان زنجران)ی بێئەڵێن.

**نموونەیسکێڵەکەی:**




**ڕیتمەکەی:**



### ٣- شیرینەو سەوز

**نموونەی تێکستەکەی:**

شیرینەو سەوزە دانەی هەنـــــاری
کیژەجوانەکەی نێو کـــــوردەواری
پێم بڵێ لەسەر چی لە من بیـــزاری
شیرینەوە سەوزە شیرینەوە سەوزە
شیرینەوە سەوزە شیرینەوە سەوزە
شیرینەو سەوزە دانەی هەنـــــاری
کیژەجوانەکەی نێو کـــــوردەواری
پێم بڵێ لەسەر چی لە من بیـــزاری

**نۆتەکەی:**

## Shirinew sewze




**سکێڵەکەی:**

پلەدەنگیەکەی بریتیەلە (فا، سۆڵ، لا بیمۆڵ)، چوارینەی یەکەمی تەنها دووپلەدەنگی سۆڵ و لابیمۆڵە، بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە، پەیژەمۆسیقاکەی بریتییە لە پەیژە درووستکراوی سەر پلەدەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (دۆ ماجۆر)، کە پەیژەی سۆڵی حیجازعەجەم یان زنجرانی پێئەڵێین.

**نموونەی سکێڵەکەی:**




**ڕیتمەکەی:**



## ٤–ئای مریەمێ

**نموونەی تێکستەکەی:**

ئای مریەمی مریەمێ
مەڕۆ با من بتگەمــێ
ئاوڕێکم لــێ بەرەوە
دڵی خۆمت ئەدەمــێ

**نۆتەکەی:**

# Ai mirymê




**سکێڵەکەی:**

پلەدەنگیەکەی بریتیەلە (فا، سۆڵ، لا بیمۆڵ)، چوارینەی یەکەمی تەنها دووپلەدەنگی سۆڵ و لابیمۆڵە، بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە، پەیژەمۆسیقاکەی بریتییە لە پەیژە درووستکراوی سەر پلەدەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (دۆ ماجۆر)، کە پەیژەی سۆڵی حیجازعەجەم یان زنجرانی پێئەڵێین.

**نموونەی سکێڵەکەی:**




**ڕیتمەکەی:**





## ٥- غەزالێ

**نموونەی تێکستەکەی:**

غەزالێ بلێ غەزالـــێ
کابانی گەورەماڵـــێ
وەڵا لەخوام داوایـــە
بۆخۆم بێمە سەرماڵێ

**نۆتەکەی:**

### Gezalê




**سکێڵەکەی:**

**پلەدەنگیەکانی بریتیین لە، ( سۆڵ ، لا، سیکار بیمۆڵ، دۆ، ریَ)، بە پێی چێژی ئاوازەکە، پەیژە مۆسیقاکەی بریتیە**
**لە پەیژە دروستکراوی سەر پلە دەنگی چوارەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ( سۆڵ ڕاست)،** *کە تاکە پەیژەیە هەردو هێمای سیَچارەکە دێز و سیَچارەکە بیمۆلی بەیەکەوە لە ڕابەری پەیژەدا بەرئەکەویَ بۆیە پێی ئەوتریَ پەیژەی شاز،* **کە پەیژەی (دۆچوارگا) ئەکات.**

**نموونەی سکێڵەکەی:**




**ڕیتمەکەی:**





## ناوچەی گەرمیان : (( کەرکوک و دەوروبەری ))

بریتیە لە (( ناوچەکانی : جەباری . قادر کەرەم . زەنگەنـە ، داودە . شێخان . بەشێک لـە باجەڵان )) . لـە مـەقام بێـژە بەناوبانگـەکانی ئـەم ناوچەیـە (( عـەلی مـەردان . ئەحمـەد گاهـەر . ڕەحمەتوڵڵا شەڵتاخ . عەباس عەلی چۆلاخ . صلاح داودە . حسەین عەلی . شوکور خەیات .

**شوکر خەیات** (( ١٩٤٠ قەڵخانلوو )) .

لە وتـەو باسـەکانماندا هاتینـە سـەر ئـەوەی کـە ناوچـەی گەرمیان پێش ئەوەی چەند بەستەیەکی گۆرانی بـەناوبانگی هـەبێ ، ناسراویشـە بەچەنـد فۆرمێکی ڕیتم سەربەستی وەکو (( خۆرشیدی و قەتارو خاوکەر و ئەڵڵا وەیسـی و ئـای ئـای )) ، کـە زۆربـەی زۆری گـۆرانی بێژانـی ئـەم ناوچەیـە بەشێوەیەکی بـاش ئـەیچڕن ، لەوانەیشـە هەندێکیان تـەنها خولیای وتنی ئەم ئاوازە ڕیتم سەربەستانەبن و کەمتر ئاوازی بەستەیی بڵێن ، یەکەم فۆرم کە لێی دواین. فۆرمی (( خورشیدی )) .

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بـریتین لـە (( لا . سـی نـاتوور . دۆ . ڕێبیمـۆڵ . مـی . بـەجوانکاریش پلـە دەنگی فا ی بەر ئەکەوێ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکـە پەیژەمۆسیقاکەی بریتیـە لـە پـەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی هارمۆنی (( فا ماژۆر – عەجـەم )) . کـە نـاز ناوی پەیژەی (( حیجازکار یان شاناز )) ی هەیە و فۆرمەکەی فۆرمی (( خورشیدی )) پێ ئەڵێن . کە لەو ناوچەیەدا بە مەقامی خورشیدی بەناوبانگە ، وەکوو کاک حەسـەن گـەرمیانی وتـی ئـەم فۆرمـە زۆر وەختی لای ئێواران یان خۆرئاوابوون ئەوترێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**






فۆرمی (( قەتار )) .
نۆتەکەی :

## Qetar



تێبینی :

نوسینەوەی نۆتەی ئەم فۆرمانە لەبەر ئەوەی هەر لەنێوان ئەوپلە دەنگیانـەداو بەوئەنـدازە دەنگیانە بەرزو نزم ئەکات ، پێویستە بۆ هەر گۆرانی بێژێـک بـەجۆرە ئەندازەیـەک بینوسینەوە ، بۆیە من لێرەدا تەنهابایەخم بە ئەندازە دەنگیەکەو بەرزو نزمی پلە دەنگیەکانی داوە نەک کوت و مت شـێوەی وتنەکـەی .هـەروەها لـەناو کوردەواریـدا وابـاو کـە فـۆرمی قـەتارو خاوکـەر یـان قـەتارو بەرزەقەتار بەیەکەوە ئەوترێن ، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە دوو فۆرمی جیاوازن و دووسکێڵی جیاوازیش . وەکو کـاک حەسـەن گـەرمیانی وتـی : ئـەم فۆرمـە لـە دوادانیشـتنەکانی شـەودا ئـەوترێ و پاشـان خاوکەر ئەچرِن و هەریەکە ئەرِواتە شوێنی نوستنی خۆی .

سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( دۆ . رێ . می کار بیمۆڵ . فا . لە پلە نزمەکانیشدا پلە دەنگـی سـی نـاتووری بەرئەکـەوێ )) ، بـەڵام بـەپێی چێـژی فۆرمەکـە پـەیژە مۆسـیقاەکەی بریتیـە لـە پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی رۆژهـەڵاتی (( فـا راسـت )) . کەپەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن . لەبەر ئـەوەی پلـەدەنگی سـی نـاتووری بەرئەکـەوێ نازنـاوی بـەیاتی عەجەم یان تاهیر وەر ئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :






## فۆرمی خاوکەر (( بەرزە قەتار )) .

**نۆتەکەی :**




**تێبینی :**

وەکوو ئەڵێن فۆرمی (( خاوکەر )) بەرزەقەتار . دوابەدوای فۆرمی قەتار دێت . بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کەئەودووفۆرمە وەکو پەیژەی مۆسیقای زۆر دورن لەیەک ، هیچ یاسایەکی گۆڕانکاری زانستی پەیژەی مۆسیقای نایان گرێتەوە ، بۆیە هەردەم ناتوانرێ کە فۆرمی قەتار وترا ، پاشان فۆرمی خاوکەر هات ، بگەڕێیتەوە بۆ فۆرمی قەتار ، کە بەداخەوە من زۆرم هەوڵدا کە ئەڕاستیەزانستیە لەگەڵ زۆربەی ئەو دوو فۆرم بێژانەدا پەیڕەو بکەم ' نەم توانی و هیچ کام لەوفۆرم بێژانە نەیان توانی ئەو داواکاریە زانستیە بهێننەدی . بۆیە من لەلای خۆمەوە وای بەباش ئەزانم وەک دووفۆرمی جیاواز کاریان لەگەڵدابکرێت . (( لەکۆتایی لێکۆڵینەوەکەمدا لەدوای یەکهاتنی یاسایی پەیژەمۆسیقایەکانی ڕۆژهەڵاتی لەسەر بنەمازانستیە ڕۆژئاواییەکە ئەخەمەپێش چاو )) .

**سکێڵەکەی :**






فۆرمی (( ئەڵڵاوەیسی )) .

پەردەی یەکەم :

نۆتەکەی :

## Alla weysi (1)



سکێڵەکەی :

پلەدەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لا . سی ناتوور . دۆ . ڕێ )) . بەپێی چێژی فۆرمەکە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لەپەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆڕاست )) بەڵام لەبەر ئەوەی پلە دەنگی سی ناتوور ((کەپلەی حەوتەمی پەیژەکەیە )) بەرئەکەوێ جۆری ڕاستەکەی پەیژەی ڕاستی (( ماهوور )) .

نموونەی سکێڵەکەی :




پەردەی دووەم .

نۆتەکەی :

## Alla weysi 2



سکێڵەکەی :

هەمان سکێڵی پێشووە .

**پەردەی سێیەم .**

**نۆتەکەی :**

# Alla weysi 3



**سکێڵەکەی :**

بەپێی پلەدەنگیەکانی کە پلەی حەوتەمی لە چینە بڵندەکانا چارەکە پلەیەک نەوی ئەکرێ و ئەبێتە سیبیمۆڵ  جیاوازی لەگەڵ پەیژەی پێشوودا هەر ئەوگۆڕانکارییە لاوەکییەیە کە پەیژەی ماهوور لە چینە نزمەکاندا پلەی حەوتەمی چارەکەپلەیەک بڵند ئەکرێ و لەچینە بڵندەکانا چارەکەپلەیەک نەوی دەکرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**







**حەسەن عەبدوڵلا محەمەد ئاغا**

**(( حەسەن گەرمیانی )) ١٩٤٥– گەرمیان . قادرکەرەم .**

**فۆرمی خورشیدی .**

وەکولەمەوبەر باسمانکرد لەناوچەی گەرمیان و دەوروبەری چەند فۆرمێکی ڕیتم سەربەست هەن کە پەیوەستن بەم ناوچەیەوەو مۆرکی ڕەسەنی ئەم ناوچەیەوە تایبەتمەندێتی کوردەواری ئەم ناوچەیەی لەخۆی گرتووە، یەکێ لەو فۆرمە بەناوبانگانە ناوچەی گەرمیان فۆرمی خورشیدییە کە لەلایەن زۆر لە گۆرانی چڕانی ڕەسەنی ئەم دەڤەرە وەکو گۆڕانی بێژی نەمر عەلی مەردان و حەمەدرێژ و دەیانی تریش وتراوەو تا ئێستاش ئەوترێتەوە،هەرچەندە چڕینی ئەم فۆرمە لە گۆرانی بێژێکەوە بۆ گۆرانی بێژێکی تر ئەگۆڕێ، بەپێی تواناو بۆچونی گۆرانی بێژەکە، ئەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەم فۆرمە لە دەیان سەدە لەمەوبەرەوە جگەلە ناوی فۆرمی خورشیدی نازناوی فۆرمی (شاناز) یشی هەبوە کە ناوێکی ڕەسەنی کوردییە.

**نۆتەکەی**

**Xwrshidi**



**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سی بیمۆڵ . دۆ . رێ . می . بەجوانکاریش پلە دەنگی فا دێزی بەر ئەکەوێ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی هارمۆنی (( رێ ماژۆر – عەجەم )) . کە ناز ناوی پەیژەی (( حیجازکار یان شاناز )) ی هەیە و فۆرمەکەی فۆرمی (( خورشیدی )) پێ ئەڵێن . کە لەو ناوچەیەدا بە مەقامی خورشیدی بەناوبانگە ، وەکوو کاک حەسەن گەرمیانی وتی ئەم فۆرمە زۆر وەختی لای ئێواران یان خۆرئاوابوون ئەوترێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**



یان بەشێوە مۆسیقاکەی بەمجۆرە:

## Xurshidi



بەستەکەی :

ئۆخەی ئۆخەی :

ئەمان ئەمان ئۆخەی بارگەی هاوین لێرەبخەی  دەبڵێن ئۆخەی
ئۆخەی ئۆخەی ئۆخەی ئۆخەی خواچاکی کەی خوا ڕێکی خەی
دەبڵێن ئۆخەی ئۆخەی ئۆخەی ئۆخەی  ئۆخەی

نۆتەکەی:

## Oxey oxey




نموونەی سکێڵەکەی :

هەمان سکێڵی پێشووە .



٢- ئەڵلاوەیسی .

نۆتەکەی :

# Alla weysi



سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( ڕێ . می . فا# . سۆڵ . لا . سی کار بیمۆڵ { هەندێ جار سی بیمۆڵی بەرئەکەوێ } . دۆ . ڕێ . مـی )) ، بـەپێی چێـژی فۆرمەکـە پەیژەمۆسـیقاەکەی بریتیەلـە پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ڕاسـت ))بـەڵام لـە نـزم بونـەوەدا ، لـەباتی فاکـاردێز ، دەبێتە فا# . وەکوولەمەوبەر باسمان کرد نازناوی (( ڕاستی ماهوور )) وەر ئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




بەستەکەی .

های گریان گریان .

نموونەی تێکستەکەی :

| | |
|---|---|
| ماڵ لە بەر ئێرە دڵ لە دەروێشان | جامردن خۆشترە لە ئاخ هەڵکێشان |
| های گریان گریان گرانە | های گریان گریان گریان گرانە |
| مەگری بەرخۆلەم ماڵم وێرانە | جاوەناز مەم کوژە ژینم زیندانە |

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

هەمان سکێڵی(( ڕاست )) ماهوورە .




ڕیتمەکەی :



**٣- ئای ئای .**

**نۆتەکەی :**

**Ai ai**



**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ .دۆ . ڕێ )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقای دروستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) ە کە نازناوی بەیاتی هەیە ، کاک حەسەن گەرمیانی ووتی پەیژەی بەیاتی کوردە، بەڵام پەیژەی بەیاتی کورد (( کوردانیە )) ئەبێ پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک نەوی بکرێ تا ببێتە می بیمۆڵ ، بەڵام بەگوێ گرتنم لە گۆرانی بێژەکانی تر بۆم دەرکەوت کە بەیاتینەوایە لەبەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەک بڵند ئەکرێ نەک نەوی .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**






بەستەکەی .

کزەی جەرگانم .

نموونەی تێکستەکەی :

هەی کزەی جەرگانم ماڵی وێرانم
لەدووری باڵای زۆر پەرێشانم
ئەرێ های گەردو گەردو گەردانە
یارم شەمعەو خوا خۆم پەروانە
ئاسکی سرکی هاوار هەردەی گەرمیانە

نۆتەکەی :

**Kzey jerganm**




سکێڵەکەی :

وەکو باسم کرد سکێڵەکەی سکێڵی بەیاتی نەوایە ، بەم گۆرانیەدا بەتەواوی ئاشکرا ئەبێ کە فۆرمی ئای ئای ، بەتەواوی لەسەر سکێڵی بەیاتی نەوا بنیات ئەنرێت (( نۆتەکەی لە مەوبەر پیشان دراوە )) .

ڕیتمەکەی :





**٤- فۆرمی قەتار و بەرزە قەتار (خاوکەر) .**

**نۆتەکەی :**

**Qetar w Xawker**




**تێبینی :**

پلەدەنگیەکانی بەشی یەکەمی فۆرمەکە (( قەتار )) وەکوو ئاشکرایە پلەدەنگیەکانی پەیژەی (( می بەیات )) ی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆل ڕاست )) ە ، لەبەشی دووەمی فۆرمەکەدا کە فۆرمی خاوکەرە پەیژەکە بە گۆڕانکارییەکی ڕاستەوخۆ (( مباشر )) ئەگۆڕێتە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( لا ماژۆر – عەجەم )) کە بەیژەی (( حیجاز عەجەم – زنجران )) ئەکات . کە هەردو پەیژەکە پلەی حەوانەوەیان پلەدەنگی (( می )) یە . (( لەم باسەمدا بنەما زانستیەکانی مۆسیقای ڕۆژ ئاوایی لەگۆڕانکاریە زانستیەکانی ناو پەیژەمۆسیقایەکانی ڕۆژهەڵات ، خراوەتە پێش چاو )) .

**سکێڵەکەی :**



بەستە بەناوبانگەکانی ناوچەی گەرمیان .

١- لەرزان هۆ لەرزان .

نموونەی تێکستەکەی :

لەرزان هۆ لەرزان ئەرێ لەرزانە هەی ڕۆ
شای باڵا بەرزان تەنکە گیانی تۆ

نۆتەکەی :

## Lerzan ho lerzan




سکێڵەکەی :

پلەدەنگیەکانی بریتین لـە (( مـی . فانـاتوور . سۆڵ# . لا . سـی )) . بـەپێی چێـژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گـەورەی هـارمۆنی ڕۆژهـەڵاتی کـە نازنـاوی پـەیژەی (( حیجازعەجـەم – زنجـران )) ی هەیـە . ئـەم پەیژەیە لە ناوچەکانی گەرمیان ئاوازێکی ڕیتم سەربەستی لەسەر ئەچڕێ کە چەنـدین نـاوی هەیـە لەهەمویان ئاشناتر فۆرمی (( خاوکـەر )) ە کـە کـاک حەسـەن گـەرمیانی ووتـی ئـەم فۆرمـە لـەکاتی درەنگەساتێکی شەودا ئەوترێ کە لەوساتانەدا دانیشتوان هەموو خەویان دێت و ئەم فۆرمـەش بـەڕێ کردنیانە بۆ خەو ، دیسان وشەی نیوەشەوی پێ ئەوترێ چونکە زیاتر لەنیوەشەودا ئەچڕێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





٢– کەمەرەشل .

نموونەی تێکستەکەی :

هاڕەی کەمەرەکەت کەمەرەشل دەنگی دایەوە
کاراون لە ڕێگا ماڵ وێران بۆی گەڕایەوە
کەمەرە شل کەمەرە شل کەمەرەم بۆ هێنای
باهاڕەی تێکەڵ بێ لەگەڵ تارو نای

نۆتەکەی :

**Kemereshl**




سکێڵەکەی :

پلەدەنگیەکانی بریتین لـە (( ڕێ . میکـاربیمۆڵ . فـا . سۆڵ . لا ی سروشـتی )) .
بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقایەکەی بریتیە لـە : پـەیژە درووسـت کـراوی سـەرپلەی شەشـەمی پەیژەی دووەمی گـەورەی ڕۆژهـەڵاتی(( فـا ڕاسـت )) ، کـە نازنـاوی بـەیاتی هەیـە . لەبـەر ئـەوەی پلەدەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەک بڵند کـراوە ، بۆیـە نازنـاوی بـەیاتی نـەوا وەر ئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



**٣- هەی نەخشانم .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

هەی نەخشانم دۆست نەخشانم
هەی نەخشانم دۆست نەخشانم
جوانیَ مەڕۆ من میوانم
بەکراسی ڕەش جەرگت سوتانم
بە چاوی ڕەش جەرگت سوتانم

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( دۆ . ڕێ . میبیمۆڵ . فا )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژەمۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژەدروست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( میبیمۆڵ ماژۆر )) کە پەیژەی دۆ مینۆر ئەکات ، لە ڕۆژهەلات نازناوی پەیژەی (( دۆ نەهاوەند )) ی هەیە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٤- ساڵدانه .

نموونەی تێکستەکەی :

ساڵدانه ساڵدانەی یـــــــارم
گوڵ بەهارەی نازدارەی ماڵـــم
قەد بە کەمەرەی زنجـیر زەڕەوە
هەی لەبەر هاڕەی کەمەرەت مرم

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( می . فا# . سۆڵ# )) چوارینەیەکی دەنگی تەواو ناکات . بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژەمۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماژۆر – عەجەم )) .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی:





٥– لانکێ .

نموونەی تێکستەکەی :

لانک دەر هاوەلامەوە لانکێ کچی لانک دەر هاوەلامەوە لانکێ
دڵخۆشی دەردی دامەوە لانکێ کچێ دڵخۆشی دەردی دامەوە لانکێ

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( می . فا# . سۆڵ# )) چوارینەیەکی دەنگی تەواو ناکات . بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژەمۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ماژۆر – عەجەم )) .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





٦- مەیلەنگێنە .

نموونەی تێکستەکەی :

مەیلەنگێنە کچێ مەیلەنگێنە
هەر بەجارێ مەم شێوێنە
دڵی عاشقان مەڕەنجێنە
دانیشتووە بەرامبەرم
تیرئەهاوێ لەجگەرم
خۆمنی کوشتووە بێ خەبەرم

نۆتەکەی :

**Meylengyne**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( می . فا# . سۆڵ# . لا )) چوارینەیەکی دەنگی تەواوە . بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژەمۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( می ماژۆر – عەجەم )) .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



٧- تاقه گوڵەکەی لێو چەم .

نموونەی تێکستەکەی :

خۆم شەکەتی ڕێگام بانەختێ سەیربالآت کەم
وەنیگات مەستم کە جا تاقەگوڵەکەی لێو چەم
قومێ ئاوم دەرێ بانەختێ قوڕم تەڕ کەم
کەی مانوێتیم بشکێ جا دووقسەت لەیلا ئەکەم

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلەدەنگیەکانی بریتین لە (( ڕێ . می کار بیمۆڵ . فا . سۆڵ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی سێ هەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلآتی (( دۆ ڕاست )) کە پەیژەی سێگا ی پێ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی پلەدەنگیەکانی چوارینەی دووەمی دیاری نەکراوە جۆری سێگا کەی دیاری ناکرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



٨- لەناوڕەزان .

نموونەی تێکستەکەی :

بۆن مێخەک تێ هی کامتانە
ناسیمەوە هی چاوجوانە
داخ هاوار لەناو ڕەزان
ئەی هاوار لەناو ڕەزان

نۆتەکەی :

**Lenaw rezan**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لاکاربیمۆڵ . سی بیمۆڵ ... لە پلە نزمەکانیشدا پلەدەنگی دۆ ی بەر ئەکەوێ )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاەکەی بریتیەلە پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی سێیەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) . کە نازناوی سێگا وەر ئەگرێ و لەبەر ئەوەی پلە دەنگی چوارەمی چوارینەی یەکەمی و پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەک نەوی کراون ،بۆیە نازناوی پەیژەی سێگا بەیات وەرئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





**٩– هەی بەلار .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

هەی بەلارو بەلارو بەلاراوە
توسەری باوکت بێرەماڵەوە

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگیەکانی بریتین لە (( می کار بیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی سێ هەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( دۆ ڕاست )) کە پەیژەی سێگا ی پێ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی پلەدەنگیەکانی چوارینەی دووەمی دیاری نەکراوە جۆری سێگا کەی دیاری ناکرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





## ١٠- سەوزەڵێ و خانم .

**نموونەی تێکستەکەی :**

سەوزەڵێ و خانم سەوزەڵێ و دڵم
ساتوخوا بمگەرێ ومەیەڵە بمرم

**نۆتەکەی :**

# Sewzely xanm




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگیەکانی بریتین لە (( می . فاکار# . سۆڵ . لا . سی‌ناتور )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ڕاست )) ، کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی پلەدەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵندکراوە نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەر ئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





١١- لەم لاوە کچی لەم لاوە .

**نموونەی تێکستەکەی :**

لەم لاوە کچێ لەم لاوە ژیکەڵێ بەرکە بـــەم لاوە
خۆمن یارەکەی خۆتم هەی بۆچی زەینت شێواوە

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لا . سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سیبیمۆڵ ماژۆر – عەجەم )) کە پەیژەی مینۆر یان نەهاوەندی پێئەڵێن .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





## عەلی مەردان ١٩٠٤– ١٩٨١ کەرکوک.

گۆرانی بێژێکی ناوداری میللەتی کوردەو لەدایک بوی دەڤەری گەرمیانی کوردستانی عیراقە و لەبواری ئاوازو مۆسیقای کوردی دا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە . لەگۆرانییە بەرچاوەکانی :

١–کراس کودەری .

**نموونەی تێکستەکەی :**

کراس کودەری ئاوریشم بابەس داخت بۆهەڵکێشـــــــــــم
کچێ بەخواسوێندت دەدەم ساتێ وەرە لات دانیشـــــــم
چاو جوان بەخودا سوێندت دەدەم ساتێ وەرە لات دانیشم
وەرە وەرە لە بەرامبەرم ساتێ دانیشـــــــــــــــــــە
رۆژی دووجار بۆچ ئەتۆرێی کردوتە بە پیشـــــــــــە
ڕۆژی سێ جار لێم ئەتۆرێ کردویە بەپیشـــــــــــــە

**نۆتەکەی :**

**Kras kwderi awryshm**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( رێ . مێکار بیمۆڵ . فا . سۆل . لا ناتوور )) پەیژە مۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی رۆژهەڵاتی (( فا ڕاست )) کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن . لە بەر ئەوەی پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، بۆیە نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





تیپی مۆسیقای سلەیمانی 1989

٢- یاردەڕوا .

نموونەی تێکستەکەی :

بول بول ئەخوێنی دایم لە ناوگوڵ و گوڵزارا
تاریفی جوانی دەکەن بەزولفی مشـــــــکل دارا
یاردەڕوا خۆی ئەنوێنێ بەلەنجە دەم سوتێنێ
بێ ڕەحمە بۆچ نام دوێنێ زاڵمە و نامان دوێنێ

نۆتەکەی :

Yar derwa




سکێڵەکەی :

پلەدەنگیەکانی بریتین لـە (( لا . سیکاربیمۆڵ . دۆ . ڕێ . مـی نـاتوور . فاکـار# . سۆڵ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاکەی ، پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشـەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆڕاست )) ە . نازناوی بەیاتی هەیە ، لەبەر ئەوەی هـەردوو پلـەدەنگی یەکـەم و دووەمـی چوارینـەی دووەمـی چارەکـە پلەیـەک بڵـند کـراون نازنـاوی (( بـەیاتی موحەییەر یان حسەینی یان عوشاقی تورکی )) وەرئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



### ٣- ئەڕۆی ئۆغر .

**نموونەی تێکستەکەی :**

| | |
|---|---|
| ئەڕۆی ئۆغر ئەڕۆی ئۆغر | نەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر |
| حەیام عەقڵم دڵ ودینم | حەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر |
| کڵاولاربوکی کەوڕەفتار | نەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر |
| لەتیری ئاهی ناکامی | حەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر |

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( فا . سۆڵ . لاکاربیمۆڵ . سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ بیمۆلی لاوەکی . می بیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا کار بیمۆڵ )) . پلە دەنگیەکانی لە پتر لە ئۆکتاڤێک(( حەوتینەیەک )) پێکدێن . بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژە مۆسیقاکەی پێکدێت لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی سێیەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ڕاست )) کە پەیژەی هوزام یان سۆزناک یان ڕاحە الارواح یا عەنبەر ئەفشانی پێ ئەڵێن .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٤- هۆ هۆ کاکەی شوان .

**نموونەی تێکستەکەی :**

هۆ هۆ کاکەی شوان      گوێم لێ یە لەو بن دارە
ئەوەی ئەڵێیت نایڵێیتەوە دووبارە
بەو ئاوازەت مێ گەلەکەت سەر خۆشن
سەرمەست ئەڕۆن ئەلەوەڕن بەجۆشن

**نۆتەکەی :**

### Ho Ho Kakey Shwan




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( ڕێ . می کاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا )) بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژ هەڵاتی (( فا ڕاست )) کە پەیژەی (( ڕێ بەیات )) ی پێ ئەڵێن . لە بەر ئەوەی پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە بۆیە پەیژەی (( ڕێ بەیاتی نەوا )) ی پێ ئەڵێن .

**نموونەی سکێڵەکەی :**



ڕیتمەکەی :

# Ho ho kakey shwan






**هەڵەبجە ١٩٩٢**

## ٥- ڕاستەی خیابان .

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەرێ ڕاستەی خیابان نەشمیل گیان باخچەی میللەتە
وەڵڵا کراسەکەی بەرت چاوجوان چیتی شرکەتە
لای لای لای لای کەوی گەردن بەخاڵی
گیان گیان گیان گیان کوشتومی پەرچەمی خاوی
بۆچ بۆچ بۆچ بۆچ بەناوتۆچوارده ساڵی
شێت بووم بۆ خەت و خاڵی

**نۆتەکەی :**

**Rastey xyaban**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتیین لە (( ڕێ . می . فاکاردێز . سۆڵ . لا . سی )) . . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەی ئەم ئاوازە بریتیەلە پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( ڕێ ڕاست )) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٦- فاتیمە .

نموونەی تێکستەکەی :

فاتیمە دووچاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانی یە
پڕ شەرابی خۆشەویستی ئارەقی یەزدانی یە
فاتیمە دووچاوی مەستت شێتی کردم فاتیمە
بەژن و باڵاکەت نموونەی هەیکەلی یۆنانی یە
لارو لەنجەت موسیقایە بەستەیە گۆرانی یە
فاتیمە دووچاوی مەستت شێتی کردم فاتیمە

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( کۆپلەی یەکەمی: سۆڵ ، لابیمۆڵ ،سی،دۆ، ڕێ ، می بیمۆڵ . )) کە پەیژە درووست کراوی سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ماژۆر – عەجەم )) ە ،کە ناز ناوی پەیژەی حیجاز نەهاوەند ، یان زمزمەی پێ ئەڵێن . پەشان لە کۆپلەی دووەمدا کە بەڕێگایەکی زانستیانە ئەگوێزرێتەوە بۆ سەرپلەدەنگی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ

ڕاست )) . كه پله دەنگیەكانی بریتیین له (( دۆ . ڕێ ، می كار بیمۆڵ ، فا ، سۆڵ )) بەڵام پەیوەستی نێوان هەردوو پەیژەكه هه ر دەمێنێ و ئاوازەكه هەرسێ پله دەنگی (( سۆڵ ، لا بیمۆڵ . سی ناتوور )) بەخۆیەوە ئەهێڵێ كه پەیژەی سۆزناک یان ڕاست حیجاز یان دڵكشا یان شەرەف نما یان ڕاست نەواسر یان زاویل یشی پێ ئەڵێن ، بۆ گەڕانەوە بۆ پەیژەی سەرەكی كه پەیژه درووست كراوی سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی یەكەمی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ماژۆر – عەجەم )) ە ، كه ناز ناوی پەیژەی حیجاز نەهاوەند ، یان زمزمەی پێ ئەڵێن . له مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی دا بەم گۆڕانكارییە گۆڕانكاری ڕاستەوخۆ ی پی ئەوترێ.

## نموونەی سكێڵەكەی :




## ڕیتمەكەی :

ریتمەكەی بەدوو شێوە گوێم لێ بووە .

١–



٢–





### ٧- تۆبە

**نموونەی تێکستەکەی :**

تۆبە پیربوی تۆبەکەی   تەرکی مەستی و بادە کـــــەی
ئەی نۆشم هەتاکوماوم   تا باڵای دیارە لەچـــــــاوم
ئەڵێن پیر بوی تۆبەکە   پێم ئەڵێن تەرکی بادەکـــــــە
تۆبە من تۆبەم کردو بەس   نەشمیل گیان تۆ شک ئەبەم بەس
جا ئیتر بەسە دەردی سەر   دە یاری من بە هەتا ســـــەر
ئەڵێن پیر بوی تۆبەکە   پێم ئەڵێن تەرکی بادەکـــــــە

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( فا ، سۆل ، لا کاربیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێناتوور )) بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاکەی بریتیەلە . پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سیبیمۆڵ ڕاست )) . کە پەیژەی (( سۆڵی بەیات )) ی پێ ئەڵێن . لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دوومی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوای سەرپلەدەنگی سۆڵی پێ ئەڵێن .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





## ٨- ئەسمەر .

### نموونەی تێکستەکەی :

ئەسمەر یارێکە بێڕەحمەو بێ وەفا ئەسمەر جوانێکە بێ ڕەحمەو بێ وەفا

خۆی لەسەیرانەو من لەدەردوجەفا واهات وەک تۆبەکردن نەک بە هاوڕێی درۆزن

ئەسمەر جوانێکە بێ ڕەحمەو بێ وەفا خۆی لەسەیرانەو من لەدەردوجەفا

### نۆتەکەی :

**Asmer**




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سیکار بیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می بیمۆڵ . فا ناتوور )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتییە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی سێیەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سۆل ڕاست )) کە پەیژەی ((سی کاربیمۆل سێگا )) ی پێئەلێن . لە بەر ئەوەی پلە دەنگی چوارەمی چوارینەی یەکەمی نیو پلەی دەنگی نەوی کراوە و پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک نەوی کراوە ، بۆیە نازناوی پەیژەی (( سێگای کورد یان خوزامی نوێ )) وەر ئەگرێ .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



٩- ئەو پەرچەم وئەگریجە .

نموونەی تێکستەکەی :

ئەم پەرچەم و ئەگریجە هەمووی دوژمنی دینە
ئەو پەرچەم و ئەگریجە هەمووی دوژمنی دینە
ئەو زوڵف و ڕوخەت ئافەتی سەر ڕویی زەمینە
نازیلێ لێرەو لەوێ        باریکێ خاسە کەوێ
هەر ئێستا ماچم ئەوێ   نایخەمە نیوەشەوێ
بەشێخەکەی کانی کەوێ

نۆتەکەی :

**Aw perchem u agrije**




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سیکار بیمۆڵ . دۆ . ڕێ . می .. بۆجوانکاریش هەندێ جار پلە دەنگی سۆڵی بەرئەکەوێ . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی سێ یەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی کە پەیژەی سێگای پێ ئەڵێن . لە بەر ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە پلەدەنگیەکانا نابینرێ ، بەڵام بەپێ لێکۆڵینەوی پەیژەکەی دەرئەکەوێ کە پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکەپلەیەک نەوی بکرێت ، بۆیە نازناوی پەیژەی (( سێگای نەهاوەند یان بەستەی ئەسفەهان )) وەر ئەگرێ . بەڵام گەر ئەوگۆڕانکارییە ڕوونەدات ئەوا نازناوی پەیژەی سێگای ئەوشار یان سێگا بەیات یان سێگا مایە یان فەرحناک وەرئەگرێ . هەرچەندە ئەم ناوانە هەمویان زیادن و پێویست بە ناوهێنانیان ناکات .

**نموونەی سکێڵەکەی :**

**١–سیٚگای نەهاوەند .**




**٢–ئەوشار – سیٚگای بەیات .**




**ڕیتمەکەی :**





## ١٠- بەیادم کە .

**نموونەی تێکستەکەی :**

بەیادم کە فریادت کەم     بەیادم کە فریادت کەم
هەرچەند جارێ تۆنازەکەی     ئای برینەکەم سارێژەکا
هەرچەند جارێ تۆنازبکەی     ئای برینەکەم ئەکولێتەو

**نۆتەکەی :**

# Beyadm ke




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( می . فا کاردێز . سۆڵ . لا )) بە پێی چێژە ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سۆڵ ڕاست )) کە پەیژەی (( می بەیات )) ی پێ ئەلێن ، لە بەر ئەوەی هیچ کام لە پلە دەنگیەکانی چوارینەی دووەمی ئاشکرا نین و هیچ گۆڕانکارییەک بە سەرپلە دەنگیەکانی چوارینەی یەکەمیشدا نەهاتووە ، بۆیە نازناوەکەی هەر بە پەیژەی (( می بەیات )) ئەمێنێتەوە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



١١- پەچەکەت لادە .

نموونەی تێکستەکەی :

بەدوو تاوێلم سەڵت و ساوادە کۆلان بەکۆلان جادە بەجادە
نەشمیلەی چاو جوان پەچەکەت لادە پەچەت لادە
ئەگریجەت لە سەر کولمەکەت لادە جێی هەزار نازو سودو مورادە
بم کوژە بەشەرت پێچەکەت لادە پەچەت لادە

نۆتەکەی :

## Pecheket lade




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا ، سی ، دۆ ، رێ ، می ، فا ، سۆل ،لابیمۆڵ هەروەها لا ناتوور )) بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لە پلە دەنگیەکانی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی سرووشتی (( دۆ ماژۆر – عەجەم )) . بەڵام کاتێ پلە دەنگی (( لا )) ئەبێتە پلە دەنگی (( لا بیمۆڵ )) ئەوە نیشانەی گۆڕانکارییەکی لاوەکی یە لە پەیژەی دۆ ی گەورەی سرووشتی یەوە بۆ پەیژەی دۆی گەورەی هارمۆنی (( کە پلەی شەشەمی لە سەرکەوتن و هاتنە خوارەوەدا نیووپلەی دەنگی نەوی ئەکرێ.

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



### ١٢- چەن جارم ووت .

**نموونەی تێکستەکەی :**

| | |
|---|---|
| چەن جارم ووت قەسەم ئەخۆم | ژەهریش بەدەس تۆبێ ئەی خۆم |
| چەن خۆشە ویســتی تۆ لەلام | ئەی نازەنین شیرین کەلام |
| بەقسەی خۆش دڵ بێنە جۆش | بم کە سەرخۆش چەن جارم ووت |

**نۆتەکەی :**

## Chen jarm wt




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( می . فا . سۆڵ . لابیمۆڵ . سی . دۆ )) . بە پێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژەدرووست کراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ماژۆر – عەجەم )) . کە لای ئەوروپییەکان نازناوی پەیژەی سیگان یان قەرەج ی هەیە ، لای ڕۆژهەڵاتیەکان نازناوی پەیژەی هەمایۆن یان نگریزی هەیە ، دەتوانین ئێمەش هەمان نازناوی ئەوروپیەکان ، پەیژەی : سیگان – ڕەوەند یان قەرەج بەکاربێنین.

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



١٣– مێولەو دێ لێژە .

نموونەی تێکستەکەی :

ئەرێ خاڵێ لە مابەین وەی وەی خاڵێ لە مابەین گیانە دوو ئەبرۆ و بانە
نەشمیل دووئەبرۆ و بانە
ئەرێ یەکجار ئەوخاڵە گیانە یەکجار ئەوخاڵە بەخودا ڕیشەی دڵ کەنە
نەشمیڵ ڕیشەی دڵ کەنە

نۆتەکەی :

## Mywlew dy lyje




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سیکار بیمۆڵ . دۆ ، ڕێ . می ، فاکاردێز . سۆڵ . لا )) بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیەلە پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی سێ یەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سی کاربیمۆڵ سێگا )) ، لە بەر ئەوەی لە برگەی یەکەمیدا هیچ گۆڕانکاری یەک لە پلە دەنگیەکانیا نییە ، بۆ یە نازناوی پەیژەی ئەوشار یان سێگا مایا یان فەرەحناک وەرئەگرێ ، بەڵام لە برگەی دووەمدا ، پلەدەنگی چوارەمی چوارینەی یەکەمی نیووپلەی دەنگی نەوی ئەکرێ و پلەدەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک نەوی ئەکرێ ، ئەبێتە پەیژەی سێگای کــورد یان خوزامی نوێ .

نموونەی سکێڵەکەی :

١–پەیژەی ئەوشار (( فەرەحناک – سێگا مایە )) .



٢–پەیژەی سێگای کورد (( خوزامی نوێ )) .




ڕیتمەکەی :




میهرەجانی زانکۆ کانی عێراق شاری بەسرە

### ١٤- خۆم وعــودەكــەم .

**نموونەی تێكستەكەی :**

خۆم و عودەكەم شەو هەتا بەیان — خۆم و عودەكەم لەیلی شەو هەتا بەیان
من سۆزەكەم و بۆلەیلا ئەویش بەگریان — من سۆزەكەم و بۆ لەیلا ئەویش بەگریان
یار یار یار یار........ بەلەرەی دەنگی — ئای....ی......ی......ی... دڵ ئەكا بریان
من سۆزەكەم و بۆلەیلا ئەویش بەگریان — من سۆزەكەم و بۆ لەیلا ئەویش بەگریان

**نۆتەكەی :**

**Xom w udekem**




**سكێڵەكەی :**

پلە دەنگیەكانی بریتین لە (( سۆل ، لا كاربیمۆڵ . سیبیمۆڵ . دۆ . ڕێناتوور )) .بەپێی چێژی ئاوازەكە پەیژەمۆسیقاكەی بریتیەلە . پەیژەدرووست كراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سیبیمۆڵ ڕاست )) . كە پەیژەی (( سۆڵی بەیات )) ی پێ ئەڵێن . لە بەر ئەوەی پلەی یەكەمی چوارینەی دوومی چارەكە پلەیەک بڵند كراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوای سەرپلەدەنگی سۆڵی پێ ئەڵێن .

**نموونەی سكێڵەكەی :**




**ڕیتمەكەی :**



١٥- شەكـــرە سێو .

نموونەی تێكستەكەی :

شەكرە سێوە شەكرە سێوئەودەمولێوە شەكرە سێو
جوان و شیرینە شیرین گوڵی ئەوكێوە نەسرین
لێوی ئاڵت دانەی خاڵت لیمۆی كاڵت شەكرە سێو
هەرمێ و سێو و لیمۆقەستەم بەهەردووچاوی تۆ  دووچاوی تۆ
كەسم خۆش ناوێ غەیری تۆڕۆژم لەلاشەوە بێ تۆشەوە بێ تۆ
بەلەنجەی جوان بێرە هەیوان بابت بینم بووم بەبریان  شەكرەسێو

نۆتەكەی :




سكێڵەكەی :

پلە دەنگیەكانی بریتین لە (( دۆ . ڕێ . میبیمۆڵ . فا# . )) . بەپێی چێژی ئاوازەكە پەیژە مۆسیقاكەی بریتیـە لـە پـەیژە درووست كراوی سـەرپلە دەنگـی چـوارەمی پـەیژەی یەكـەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ مـاژۆر هـارمۆنی - عەجـەم )) كـەلای ڕۆژ ئاواییـەكان نازنـاوی پـەیژەی سیگان - ڕەوەند ی هەیەو لای ڕۆژهەڵاتیەكانیش پەیژەی (( دۆ هەمایۆن ))   ی پێ ئەڵێن . لـە بـەر ئەوەی پلە دەنگیەكانی چوارینەی دووەمی دەستنیشان نەكراوە تەنها بەو نازناوەوە ئەمێنێتەوە .

نموونەی سكێڵەكەی :



### ١٦– پەجەکەت لادە . (( جۆری دووەمی تۆمارکردن ))

### نموونەی تێکستەکەی :

بەدوو تاوێلّم سەلّت و ساوادە      کۆلان بەکۆلان جادە بەجادە
نەشمیلەی چاو جوان پێچەکەت لادە ... پەچەت لادە
نەشمیل چاو کەژالّ پێچەکەت لادە ... پەچەت لادە
پەرچەمی لولت خستوە بەلادا      لەنجەو لارەکەت وەک پەری زادە
شەرمی پێ ناوێ پێچەکەت لادە ... پەچەت لادە

### نۆتەکەی :

## Pecheket lade




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سیبیمۆلّ . دۆ . ڕێ . می بیمۆلّ . فا . سۆلّ ی ناتوور و هەندێ جار ئەبێتە لابیمۆلّ . )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سیبیمۆلّ ماژۆر – عەجەم )) کەپلەدەنگی دووەمی چوارینەی دووەمی نیووپلەی دەنگی نزم ئەکرێت پەیژە مۆسیقاکەی ئەبێتە پەیژەی (( سیبیمۆلّ ی گەورەی هارمۆنی – کەلەڕۆژهەلات پەیژەی شەوق ئەفزا ی پێ ئەلّێن )) .

### نموونەی سکێڵەکەی :



### ١٧– گەردن بلوور .

**نموونەی تێکستەکەی :**

شەو و ڕۆژ لە خەیاڵ و لە بەر چاوی　　بەسەر کوڵما پەخشە پەرچەمی خاوی
گەردن بلوور دیارە لەدوور　　لەهەردەو باسکی شارەزوور
لێ کەوتوم و پشتم چەما　　ئەم بەتەمامەو دڵ ڕما

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سی . دۆکاردێز . ڕێ . می . فا#، فاناتوور . سۆڵ ناتوور )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاکەی بریتیەلە پەیژی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( لا ڕاست )) . لەبەرئەوەی پلەدەنگی دووەمی چوارینەی دووەمی نیوپلەی دەنگی نزم کراوەتەوە و پلەی سێیەمی چارەکەپلەیەک نەوی کراوە بۆیە جۆری پەیژەڕاستەکەی نازناوی پەیژەی ڕاستی

میلۆدی وەرئەگرێ و لەڕۆژهەڵات نازناوی پەیژەی ڕاستی کورد یان شورگ و لەئێرانیش بە پـەیژەی ئەسفەهان بەناوبانگە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**






۱۸- گوڵە باخ .

**نموونەی تێکستەکەی :**

گوڵەباغ گوڵەباغ گوڵی باغی        بێ کەیف و بۆچ بێ دەماغی
چی بوە تۆرای هەمیسان        گولیلکە سورەی نیسان
دەپێم بڵی لەسەرچی        مات و مەلولی بۆچی
کێ وای لێ کردوی کێ        پێم بلێ دڵت دا بەکێ
گوڵەباغ گوڵەباغ گوڵی باغی

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگیەکانی بریتیین لە (( لا . سی . دۆ . ڕێ . می )) بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژەمۆسیقاکەی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( دۆ ماژۆر – عەجەم )) ە . هەرچەندە هەندێ گۆڕانکاری لاوەکی تیایە کە نابنەهۆی گۆڕانی پەیژەسەرەکیەکە ، ئەوێ گۆڕانکاری لە دۆماژۆرەوە بۆ لا مینۆر (( نەهاوەند )) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



١٩- لەبەر نازی چاوبازان .

نموونەی تێکستەکەی :

لەبەر نازی چاوبازان قوربان
خواردن وخەوم زوخاوە
بەتیری تیر ئەندازان
چی بکەم جەرگم براوە
چی بکەم عەقڵم شێواوە

نۆتەکەی :

## Leber nazi chaw bazan




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( می ، فاناتور ، سۆڵ# ، لا ، سیبیمۆڵ )) بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی ((ڕێ ماجۆر هارمۆنی)) کە پەیژەی (( می دووحیجاز )) ی پێ ئەڵێن .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



## دەڤەری هەولێر و دەوروبەری :

پاش ئەوەی لە ناوچەی گەرمیان (( پارێزگای کەرکوک و دەوروبەری )) بوومەوە ، ڕووم کردە ناوچەیەکی گرنگی تری کوردستانی باشوور ، ئەویش دەڤەری هەولێر ، کە بە ناوچەی دەشتی هەولێر یان لانکەی حەیران بێژان ناسراوە . کەسانی شایستەو بەئەزموونم دەناسی کە هەندێکیان کۆچی دواییان کردوە و کەسانێکی تری بەئەزموون کە هەزارسالّ تەمەنیان بێت ، لەژیانیانا ماون . سەیرم کرد کاری من کۆکردنەوەی ئەو سامانەگەورەیەنییە بەهاوتای ئەوەی من سەرقالّی لێکۆڵینەوەیەکم بۆ پێناسەکردنی فۆرم و پەیژە مۆسیقاەکانی هەمووکوردستان ، بۆیە بەپێی پێویست و تائەوڕادەیەی کە کەڵکی تەواوی وەربگرم بۆمەبەستی لێکۆڵینەوەکەی خۆم ، هەوڵم دا زیاتر ڕووبەڕو لەگەڵ کەسانی زۆرشایستە بەکارەکەم کاربکەم ، بۆیە هەوڵێکی بتەوم دا بۆئەوەی کارەکەم دووربێت لە کەم و کوڕی و بەشێوەیەکی گونجاو دەوڵەمەندی بکەم ،بەئەزمونی ئەوکەسە شایستانەی کە ئێستا لە گۆڕەپانی هونەری کوردی دا ناوو دەنگیان هەیە و گەر پێویستیش بوو کەڵک لە ئەزموونی هونەرمەندە کۆچکردووەکانیش وەربگرم ، بەڕاستی ئەم دەڤەرە کەسانی بەئەزموون و شایستەی وەکو تایەر تۆفیق و مەلا ئەسعەدو سێوە و زۆر کەسانی تریش کە کەسانی دانسقەی ناو هونەری ڕەسەنی میللەتەکەمانن کە کەم بڕوام بەوەی هونەری هەریەکێ لەمانە جگە لە خۆیان کەم کەس ئەتوانێ لاساییان بکاتەوە لەبەر ئەوەی زۆر تایبەتمەندییەکی تایبەتی تاکەکەسی خۆیانی پێوە دیارەو پاشان بونەتە سونبولێکی درەوشاوە لە ئاسمانی هونەری کوردی ڕەسەن دا . کەسانێکی زۆر لەم گەشتەم دا هاریکاری یان کردم ، سامانێکی گونجاوم کەوتە ژێر دەست کە بەبیری خۆم بەتەواوی کەڵکیان لێ وەر ئەگرم



.عارەب عوسمان جەرجیس ( 1952 ) هەولێر – تەیراوا .

حەیرانی دەشتی هەولێر :

1– نۆتەکەی :

**Heyrani deshti hewlyr 1**



سكێڵەكەی :

پلەدەنگیەكانی بریتین لە (( ڕێ . می كار بیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا ناتوور . سی بیمۆڵ ))
بەپێی چێژی ئاوازەكە پەیژەمۆسیقاكەی بریتییەلە پەیژەدرووست كراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ڕاست ))
كە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی پلە دەنگی یەكەمی چوارینەی دووەمی چارەكە پلەیەك بڵند كراوە بۆیە نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوای پێ ئەڵێن .

**نموونەی سكێڵەكەی :**




**٢- نۆتەكەی :**

سكێڵەكەی :

## Heyrani deshti hewlyr 2



هەمان سكێڵی پێشووە (( واتا سكێڵی بەیاتی نەوا )) .

چەند نموونەیەک لە ئاوازە فۆلکلۆریەکانی ئەو دەڤەرە :

١–نازدار و نازدار .

نموونەی تێکستەکەی :

نازدارو نازدار وەی وەی نازدارت کردم
بێ سوود بێ تاوان بێ مرادت کردم
بەقسەی بەدکاران ئەوڕۆ لە گەڵت کردم

نوتەکەی :

## Nazdar u nazdar




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لاکار بیمۆڵ . سی بیمۆڵ . دۆ )) تەنها چوارینەیەکی دەنگی مۆسیقاە بەپێی چێژی ئاوازەکە بریتیە لە پەیژە مۆسیقای درووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سی بیمۆڵ ڕاست )) کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی چوارینەی دووەمی دەست نیشان نەکراوە ، نازناوەکەی هەر بە پەیژەی بەیات یان دوو بەیات ئەمێنێتەوە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



## ٢- چاو ڕەش

**نموونەی تێکستەکەی :**

چاوڕەشی لێو بەخەندە مەمکۆڵەت عەینی قەندە
دنیا بەبێ جوانی تۆ زیندانە و کۆت و بەندە
ئەوژیانە بەبێ تۆ با بڕوخێ بەسەر مندا

**نوتەکەی :**

# Chaw resh




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لاکار بیمۆڵ . سی بیمۆڵ .)) تەنها لە سێ پلەدەنگی مۆسیقا پێکدێت . بەپێی چێژی ئاوازەکە بریتیە لە پەیژە مۆسیقای درووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سی بیمۆڵ ڕاست )) کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی چوارینەی دووەمی دەست نیشان نەکراوە ، نازناوەکەی هەر بە پەیژەی بەیات یان دوو بەیات ئەمێنێتەوە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٣– شەدە .

نموونەی تێکستەکەی :

شەدەی بەستوەو بریانی کارۆکەی کەمێک تیلە
باسکی شوشەو باریکی جوانە بۆ ئەنگوستیلـــە
لەسەرچی لە من زیزی زیزبونت بێ دەلیـــــلە

نوتەکەی :

## Shede




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لاکار بیمۆڵ . سی بیمۆڵ .)) تەنها لە سێ پلەدەنگی مۆسیقا پێکدێت . بەپێی چێژی ئاوازەکە بریتیە لە پەیژە مۆسیقای درووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سی بیمۆڵ ڕاست )) کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی چوارینەی دووەمی دەست نیشان نەکراوە ، نازناوەکەی هەر بە پەیژەی بەیات یان دوو بەیات ئەمێنێتەوە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :

هەمان ڕیتمی پێشووە .



**٤- دەوەرە وەرە .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

دەوەرە وەرە ئاجەرێ سینەت حەوزی کەوســـەرێ
بابچین سورەگوڵان بچنین لەبەر باخی قەمتـــەری
دەخوا لەسەر باڵای تۆ چی پەندێکم بەســـــــەری
دەخوا لەسەر باڵای تۆ هەی چی پەندێکم بەسەری

**نوتەکەی :**

# De were were




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لاکار بیمۆڵ . سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ ناتوور )) . پەیژە مۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سیبیمۆڵ ڕاست )) ،کە پەیژەی بەیاتی پێئەڵێن ، لە بەر ئەوەی پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵندکراوە ، بۆیە نازناوی بەیاتی نەوا وەر ئەگرێ ، بەواتای (( سۆڵ بەیاتی نەوا )) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**٥- بانگی شێوان .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**بانگی شێوان بانگی شێوان بانگی شێوان هاتـــــەوە**
**یاخودا لەویارەی هەمە دانیشتوە دەڵێی کـــــــــەوە**
**هەنیەت مانگی یەک شەوە قاسپەی دێت دەڵێی کەوە**
**هانێ خەنجەر بمکوژە یانا لەگەڵم کـــــــــــــەوە**

**نوتەکەی :**

## Bangi shywan




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لا . سی . دۆ . ڕێ )) پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ماژۆر – عەجەم )) . لە بەر ئەوەی هیچ گۆڕانکارییەک لە پلەدەنگیەکانی چوارینەی دووەمیدا نابینرێ بۆیە هەر بەناوی پەیژەی گەورە ئەمێنێتەوە .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٦- لەبەر زەریە بانم ڕان .

نموونەی تێکستەکەی :

ئەرێ وەی لەبەر زەریە بانم ڕان
هەی لێ لێ هەی لێ لێ هەی لێ لێ لێ لێ لێ لێ لێ لێ لێ
ئای لەبەر زەریە بانم ڕان هەی لێ لێ هەی لێ لێ هەی لێ لێ لێ لێ
شل شل دەڕۆن بۆ لاپەڕان
خەمی خۆم نیە خەمی تۆمە غەمباربی ڕەنجەڕۆمە عاشق بەکولینجەی تۆمە
دەڵێ کوڕە تیم خەم مەخۆ خەونم دیوە و هی تۆمە سویلە جوانێ لێ لـــێ

نوتەکەی :

## Le ber serye banm ran




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( می . فاکاردێز . سۆڵ . لا . سی ناتوور )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژە مۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژە درووستکراوی سەرپلە دەنگی پلەی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ڕاست )) کە پەیژەی (( می بەیات )) ی پێ ئەڵێن . لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە بۆیە نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەر ئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :

٧- یــــــــار دەنوێ .

نموونەی تێکستەکەی :

هەی دەنوێ دەنوێ دەنوێ یار دەنوێ خەوی نایە
چەن جارین دەچمە کنی نەخۆشەو لە جێ دایە ..
دەلێی گەڕی یار با بنوێ

نوتەکەی :

## Hey denwy




سکێڵەکەی :

بەپێی گوێ گرتنم لەم ئاوازە . بەدووجۆر هاتە گوێم :

١-وەکوو گۆرانیبێژ (( تەنیا عارەب )) چڕی ، پەیژە مۆسیقاەکەی بریتی بوو لە پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( لا ماجۆر – عەجەم )) .

نموونەی سکێڵەکەی :




٢-جۆری دووەمی هەمان ئاواز بە چڕینی گۆرانیبێژێکی تری ناوچەی پشدەر ،پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سی . دۆکاردێز )) ، تەنها سێ پلەی دەنگی یە . بەپێ چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتی یە لە پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( لا ڕاست )) .

## Hey denwy




نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



حەیرانی دەشتی هەولێر .

حەسەن ڕەسوڵ سیساوایی .

نوتەکەی :

**Heyrani deshti hewlyr (( Hesen sisawayi ))**



سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( ڕێ . میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا ناتوور . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیەلە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ڕاست )) . کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن . لە بەرئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە نازناوی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :



حەیرانی دەشتی لاجان و خۆشناوەتی .

حەسەن شوان .

نۆتەکەی :

## Heyrani deshti lajan w xoshnaweti



سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( ڕی . میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا ناتوور . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاکەی بریتیەلە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ڕاست )) . کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن . لە بەرئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە نازناوی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :



**جەلال سەعیـــــــد**

جەلال سەعیـــد ڕەمەزان – ١٩٥٣ مهاباد ... ئێستا نیشتەجێی هەولێرە .

**١– هەدروونە .**



**نموونەی تێکستەکەی :**

هەدروونە دروونە دروونە وەی وەی
دەشێ دەسم بەڕوونە
هەدروونە دروونە دروونە وەی وەی
دەشێ دەسم بەڕوونە
هەی هەی هەدروونە دروونە دروونە
وەی وەی دەشێ دەسم بەڕوونە

**نوتەکەی :**

## Hedrwne




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( ڕێ . میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا ناتوور . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاکەی لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( فا ڕاست )) . کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن . لە بەرئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە نازناوی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٢- چاوڕەش .

**نموونەی تێکستەکەی :**

یەک لەماڵان هاتەدەر چاوڕەش ناسکە بێری‌یە
یەک لەماڵان هاتەدەر چاوڕەش ناسکە بێری‌یە
بەدەستی ئیشار دەدات کەسمان لەماڵێ نی یە
بەدەستی ئیشار دەدات کوڕە کەسمان لەماڵێ نی یە
بابم چۆیتە هەولێرێ کاکم لەکن مەڕی یە
بابم چۆیتە هەولێرێ کاکم لەکن مەڕی یە
ئەوان لەماڵێ نەبن دایکیشم بێ قەیدی یە
ئەوان لەماڵێ نەبن دەنا دایکیشم بێ قەیدی یە

**نوتەکەی :**

**Chaw resh**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگیەکانی بریتین لە (( می . فاکار# . سۆڵ . لا . سی‌ناتور )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ڕاست )) ، کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی پلەدەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵندکراوە نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەر ئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



### ٣- سەبری .

**نموونەی سکێڵەکەی :**

سەبری بەخوداو بە پێغەمبەر
بەمیحرابی چاوی دولبەر
کەوتومە گێژی ئەسکەندەر
نەجات نابم تاکو مەحشەر
ئای لێ لێم هەی سەبری یە

**سکێڵەکەی :**

**Sebri**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگیەکانی بریتین لە (( می . فاکار# . سۆڵ . لا . سی ناتوور . دۆکار# . ڕێ )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە ، پەیژە مۆسیقاکەی بریتیەلە : پەیژە دروستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سۆڵ ڕاست )) . کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەلێن ،لەبەر ئەوەی پلە دەنگی یەکەم و دووەمی چوارینەی دووەمی پەیژەکە هەریەکەیان چارەکەپلەیەکی دەنگی بڵند کراون بۆیە نازناوی پەیژەی (( بەیاتی موحەییەر یان بەیاتی حسەینی یان بەیاتی سێگا یان عوشاقی تورکی )) وەرئەگرێ . بەبیروڕای من پاش گرتنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی مۆسیقای کوردی ئەتوانرێ ناوێکی لەبار بۆ ئەم جۆرە پەیژەیە دابنرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٤- مەشکـــــــــــە .

**نموونەی تێکستەکەی :**

بێری مەشکەی دەژێنێ    لێم کەوتوی تاکو کولێنێ
کوا هەستی ئاوێ بێنێ    مەشکەم زۆری دەردێنــــــی

**نوتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( فا# . سۆڵ . لابیمۆڵ . سی .)) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیەلە : پەیژەدرووست کراوی سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی ( دۆ ماژۆر – هارمۆنی )) کە پەیژەی (( سۆڵ حیجازکار – شاناز )) ی پێ ئەڵێن .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٥- لانكۆڵە .

نموونەی تێكستەكەی :

لانكۆڵەكەی دار هەنارە هەی وەرە لانكێ
ڕای دەژێنێ بوكەزارا دولبەرەی دایكێ

نوتەكەی :

**Lankolekey**




سكێڵەكەی :

پلە دەنگیەكانی بریتین لە (( سۆڵ# . لا . سی . دۆ# )) بەپێی چێژی ئاوازەكەو دەست پێ كردن و كۆتایی هاتنی ئاوازەكە ، پەیژە مۆسیقاەكەی بریتیە لە پەیژەی یەكەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( لاماژۆر – عەجەم )) لە بەر ئەوەی چوارینەی یەكەمی پلە دەنگیەكی كەمەو چوارینەیەكیش تەواو ناكات ، بۆیە هەر بەهەمان نازناو ئەمێنێتەوە .

نموونەی سكێڵەكەی :




ڕیتمەكەی :





## تایەر تۆفیق :١٩٢٢-١٩٨٧ کویە



### ١- چارۆگێ .

**نموونەی تێکستەکەی :**

یارم دەڕوا دێتن دەنا دڵ دەباتە جێتن
یارم دەڕوا دێتن دەنا دڵ دەباتە جێتن
سوخمەی گەلی سوورن دەنا لە مەمکۆڵەی دێتن
سوخمەی گەلی سوورە دەنا لە مەمکۆڵەی دێتن
چارۆگێ و چارۆگێ بابێ خودانی چارۆگێ
چارۆگێ و چارۆگێ شل کە گرێی لە دەسرۆکێ

**نوتەکەی :**

**Charoky**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سی بیمۆڵ ، دۆ ، ڕێ ، هەروەها پلە دەنگی فا )) بەپێی چێژی ئاوازەکەو ئەوسێ پلەدەنگیەی کە پارچەئاوازەکەی لێ پێک هاتووە لە پەیژە مۆسیقای یەکەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سێبیمۆڵ ماژۆر )) پێک هاتووە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## تێبینی :

له هەندێ کەسم بیستووە ئەڵێن کە : ئەم ئاوازە (( چارۆکێ و چارۆکێ )) پەیژەی (( ماژۆر – عەجەم نییە )) و پەیژەی چوارگای سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست )) ە . منیش بۆ بەدواچونی ئەم بابەتە و دوور کەوتنەوە لە هەڵەی زانستی مۆسیقای بۆیە هەمان نۆتەی ئاوازەکەم لە سەرپلەدەنگی چوارەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ڕاست )) ، نوسییەوە ، کە ئەکاتە پەیژەی سیبیمۆڵ چوارگا . وەکو سەیرم کرد لەئەندازی نۆتەنوسینەکە هیچ جیاوازییەک نیە جگە لەوەی ئەرمەتۆرا (( ڕابەری پەیژەکە )) جیاوازە ، هەرچەندە ئەمە بۆ داهاتوو کارێکی زۆر گرنگە . گەر هاتوو کەسێک ویستی گەشە بەم ئاوازە بدا ، هەر کام لەو پەیژانە (( سێ بیمۆڵ ماژۆر یان سی بیمۆڵ چوارگا )) ئەوا ئەبێ بەشێوەیەکی تایبەتی مامەڵەی گەشەکردن و بەهارمۆنی کردنتی لە تەکدا بکات .

## نموونەی نوتەکەی لە سەر پەیژەی Bb چوارگا :




## سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سی بیمۆڵ ، دۆ ، ڕێ ، هەروەها پلە دەنگی فا ))
بەپێی چێژی ئاوازەکەو ئەوسێ پلەدەنگیەی کە پارچەئاوازەکەی لێ پێک هاتووە لە پەیژە مۆسیقای سەرپلەدەنگی چوارەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ڕاست )) پێک هاتووە .

## نموونەی سکێڵەکەی :






٢– یارەکەی شۆخ وشەنگم .

نموونەی تێکستەکەی :

له حەسرەت هیجرانی تۆم وا لەنگە زمانم
تەمام لە ژێر باری خەما چەشنی کەوانم
هیچ جیاوازییەکی نیە وەی مان و نەمانم
یارەکەی شۆخ و شەنگم گیانەکەم فاتم

نوتەکەی :

## Yarekey shox w shengm




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ ، لا کاربیمۆڵ ، سیبیمۆڵ ، دۆ ، ڕێ ناتوور )) میەنە دەنگیەکانی ئەوە ئەسەلمێنن کە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سیبیمۆڵ ڕاست )) کە پەیژەی (( سۆڵ بەیات )) ی پێ ئەڵێن . لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :

### ٣– ئەی گوڵ لەسەرچڵانت .

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئەی گوڵ لە سەر چڵانت لەسەر چڵانت
بوین بەپاسەوانت بوین بەپاسەوانت
لە ترسی بولبولانت بولبولانت
بۆتۆ ئەی بولبولی سوهرەی
لەتۆدورم من مەلوول
لەتۆ دورم من مەلوول

**نوتەکەی :**

**Hey gul leser chlant**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگیەکانی پێک دێن لە (( سۆڵ ، لابیمۆڵ ، سی ، دۆ ، ڕێ )) بەپێی چێژی ئاوازەکەو چوارینەی یەکەمی پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ماژۆر هارمۆنی )) کە پەیژەی (( حیجازی سۆڵ )) ی پێ ئەوترێ ، لەبەر ئەوەی هیچ پلە دەنگیەکی دیارنیە دەستکاری کرابێ بۆیە نازناوی پەیژەی حیجاز عەجەم (( زنجران )) وەر ئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٤- ليمۆ هەی ليمۆ .

نموونەی تێکستەکەی :

ليمۆ هەی ليمۆ ليمۆ شيرازی ليمۆ هەی ليمۆ ليمۆ شيرازی
سەرپەنجەت نەرمە حەياتم بۆ شەو دەسبازی
سەرپەنجەت نەرمە ليمۆ گيان بۆ شەو دەسبازی

نوتەکەی :

**Limo hey limo**




سکێڵەکەی :

پلەدەنگيەکانی بريتين لە (( لاکاربيمۆڵ ، سیبيمۆل . دۆ ، ڕێ )) . بەپێ چێژی ئاوازەکەوئەوچوارپلەدەنگيەی کە ئاوازەکەی لی پێک هاتووە . پەيژەمۆسيقاەکەی بريتيە لە پەيژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی سێيەمی پەيژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ڕاست )) کە پەيژەی (( سێ گا )) ی پێ ئەوترێ ، لە بەر ئەوەی گۆڕانکاری لە پلە دەنگيەکانيا نييە و چوارينەی دووەميشی ديار نيە جۆری سێگاکەی هەر وەکو خۆی ئەمێنێتەوە بەناوی پەيژەی (( سێگا يان ئەوشار )) ە وە ئەمێنێتەوە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕيتمەکەی :



٥- کراس زەردێ .

**نموونەی تێکستەکەی :**

کراس زەردێ کراس زەردێ کراس زەردێم لێ ئاڵاوە و
کراس زەردێ دەکەمە بووک دەی بەم بۆ باغی شەقڵاوە

**نوتەکەی :**

## Kras zerdy




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگیەکانی پێک دێن لە (( سۆڵ ، لابیمۆڵ ، سی ، دۆ ، رێ )) بەپێی چێژی ئاوازەکەو چوارینەی یەکەمی پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ماژۆر هارمۆنی )) کە پەیژەی (( حیجازی سۆڵ )) ی پێ ئەوترێ ، لەبەر ئەوەی هیچ پلە دەنگیەکی دیارنیە دەستکاری کرابێ بۆیە نازناوی پەیژەی حیجاز عەجەم (( زنجران )) وەر ئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





٦- تۆی نازەنینم .

نموونەی تێکستەکەی :

تۆی نازەنینم گیانی شیرینم
ڤینۆسی گەشی ئاسمانی ژینم
سروەی شەماڵی چلەی هاوینم
جوانی شەبەقی ئاسوی خوێنینم
تۆی تەنیا هەر تۆی ئەی نازەنینم

نوتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا ، سی ، دۆکاردێز ، ڕێ . می . فا# . سۆڵ کاردێز . لا )) پەیژە مۆسیقای ئەم ئاوازە ، پەیژەی ڕاستی (( لا )) ، بەڵام کۆتایی ئاوازەکە لەسەرپلەی شەشەمی پەیژەکە کەپلەدەنگی (( فا# )) ە ، کۆتایی دێت ، بۆیە نازناوی پەیژەی (( بەیات )) یش لەسەرپلە دەنگی (( فا# )) وەر ئەگرێ لە بەر ئەوەی هیچ پلە دەنگیەکی دەسکاری نەکراوە بۆیە هەر بە پەیژەی بەیات (( دووبەیات )) ئەمێنێتەوە . دووبارە ڕەواترە هەر نازناوی پەیژەی (( لاڕاست)) ی هەبێ چاترە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



### ٧- شیرین .

**نموونەی تێکستەکەی :**

بەس ڕۆژی ڕونم ڕەش کە   ڕونم ڕەش کە
ژینم پڕ ئێش وخەش کە   ئێش و خەش کە
شیرینم تۆی ژینم شیرینم
شیرین گیانی شیرینم شکۆفەی شادی و ژینم
شیرینم تۆی ژینم شیرینم

**نوتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا ، سی کار بیمۆڵ . دۆ . ڕێ . مێ بیمۆڵ . فا# ))
پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆاْ هەڵاتی (( دۆ ڕاست )) کە پەیژەی (( لا بەیات )) ئەکات لەبەر ئەوەی پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک نەوی کراوەو پلەدەنگی دووەمی نیووپلەدەنگی بڵندکراوە ، بۆ یە نازناوی پەیژەی بەیاتی حیجاز (( شوری )) وەر ئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٨- سەیران مانگی نیسانە .

**نموونەی تێکستەکەی :**

سەیران مانگی نیسانە وەڵڵا چونکە وەعدەی گوڵانە
سەیران مانگی نیسانە گیانە چونکە وەعدەی گوڵانە
نازی گوڵ و گوڵ خونچە شۆڕێ  چریکەی بولبولانە
نازی گوڵ و گوڵ خونچە وەڵڵا  چریکەی بولبولانە

**نوتەکەی :**

### Seyran mangi nisane




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ ، لا کاربیمۆڵ ، سیبیمۆڵ ، دۆ ، ڕێ ناتوور )) میەنە دەنگیەکانی ئەوە ئەسەلمێنن کە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سیبیمۆڵ ڕاست )) کە پەیژەی (( سۆڵ بەیات )) ی پێ ئەڵێن . لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بلند کراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





**٩- ساقی دەروێشان**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**ساقی دەروێشان جامێ شەراب بابێ**
**پڕکە پیاڵە ماچ لە گۆشەی چاوبێ**
**ئەوکچەنازدارە بۆچ لەمن تۆریابێ**
**ئەمان ئەمان لەبەندی چارۆگەی**
**یەکە یەکە وای لێ کە دەورە تەماشای کە**

**نوتەکەی :**

**Saqi derwyshan**




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ ، لا کاربیمۆڵ ، سیبیمۆڵ ، دۆ ، ڕێ ناتوور )) میانە دەنگیەکانی ئەوە ئەسەلمێنن کە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سیبیمۆڵ ڕاست )) کە پەیژەی (( سۆڵ بەیات )) ی پێ ئەڵێن . لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



١٠- لەملان و لەملانم کە .

نموونەی تێکستەکەی :

لەولان ولە ملانم کە سوکەڵێ دەس لەملانم کە
لەملان ولەولانم کە سوکەڵێ دەس لەملانم کە
خۆمن یەخسیری تۆمە گیان حەواڵەی شێخانم کە
خۆمن یەخسیری تۆمە گیان حەواڵەی شێخانم کە

نوتەکەی :




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لاکار بیمۆڵ . سی بیمۆڵ . دۆ )) تەنها چوارینەیەکی دەنگی مۆسیقاە بەپێی چێژی ئاوازەکە بریتیە لە پەیژە مۆسیقای درووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سی بیمۆڵ ڕاست )) کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی چوارینەی دووەمی دەست نیشان نەکراوە ، نازناوەکەی هەر بە پەیژەی بەیات یان دوو بەیات ئەمێنێتەوە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



## ١١– شلێره .

**نموونەی تێکستەکەی :**

شلێره وای شلێره شلێره گیان شلێره
بۆن خۆشه وەک کنێره بۆن خۆشه وەک کنێره
شلێرم چەنده جوانه شلێرم چەنده جوانه
لەبەگزادەی هەولێره لەبەگزادەی هەولێره

**نوتەکەی :**

### Sleyre wai shleyre




**سکێڵەکەی :**

پله دەنگیەکانی بریتین له (( سۆڵ ، لا کاربیمۆڵ ، سیبیمۆڵ ، دۆ ، ڕێ ناتوور )) میانه دەنگیەکانی ئەوه ئەسەلمێنن که پەیژه مۆسیقاەکەی بریتیه له پەیژه درووست کراوی سەرپله دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سیبیمۆڵ ڕاست )) که پەیژەی (( سۆڵ بەیات )) ی پێ ئەڵێن . له بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکه پلەیەک بڵند کراوه ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



**١٢– شلێ یار .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**سەبارەت بە تۆ من لێرە بەندم**

**ئەوچاوەڕەشەت شلێ یار عەقڵی لێ سەندم**

**نوتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لا . سی بیمۆڵ ، دۆ ، ڕێ )) بەپێی چێژی ئاوازەکەو ئەو پلە دەنگیانەی کە پارچەئاوازەکەی لێ پێک هاتووە ؛ لە پەیژە مۆسیقای یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سێبیمۆڵ ماژۆر – عەجەم )) پێک هاتووە .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





KORA

## ١٣- زولفت .

**نموونەی تێکستەکەی :**

زوڵفت سێ بە قەدت دا کەپەرێشان و بڵاوە
ئەمڕو لەمنی شیفتە ئاڵۆزو بەداوە

**نوتەکەی :**

**Zwlft**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ .دۆ . ڕێ )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقای دروستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) ە . کە نازناوی بەیاتی هەیە ، لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





**سێوە ١٨٩٠–١٩٦٣ کۆیە.**

گۆرانیبێژێکی بەناوبانگی ناوچەی کۆیەیە ، هەرچەندە بەرهەمی کەمە ، بەڵام هەندێ کاری هونەری کردووەکە لە ئاسمانی هونەری کوردیدا هەردەم ئەدرەوشێنەوە . لەو ئاوازە ڕیتم سەربەستانەی ئاوازی :

**١– ئەوڵ سەحەرە :**

**نوتەکەی :**

**Awel sehere**



**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( فا ، سۆڵ ، لا ، سیبیمۆڵ . دۆ ، ڕێ )) . چوارینەی یەکەمی بریتیە لە (( فا ، سۆڵ ، لا ، سیبیمۆڵ )) کە پڕاوپڕی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ماژۆر )) ە ، وەکوو لە هەندێ کەسم بیستووە کە ڕۆژهەڵاتی ئاسا لەم فۆرمە ئەکۆڵنەوەو واباسی ئەکەن کە گوایا ئەم فۆرمە لەسەرەتادا بە پەیژەی (( سیبیمۆڵ ماژۆر )) دەست پێ ئەکات و پاشان خۆی لە پەیژەی سۆڵ مینۆر دا ئەبینێتەوە و پاشان دەچێتە پەیژەی فا ماژۆر . بەبیرو ڕای من ئەمە شیتەڵ کردنێکی هەڵەیە و جگە لەوەی کە ئەم پەیژەیە لە سەر پەیژەی (( فا ماژۆر )) بنیات نرابێ هیچ گۆڕانکارییەکی تری بەسەردا نەهاتووە ، لە بەر ئەوەی گەر بەجۆری دووەم باسی لێ بکەین هەڵەکان بەم جۆرە ئاشکرا ئەبن . دیارە گەر پەیژەکە لە سەرەتادا بەپەیژەی (( سیبیمۆڵ ماژۆر )) دەست پێبکات ، ئاشکرایە کە گۆڕانکارییەکی ڕەوایە بەڵام گۆڕانکاری لە پەیژەی سۆڵ مینۆرەوە بۆپەیژەی فاماژۆر هیچ یاسایەکی هونەری مۆسیقای ڕێی پێ نادات . بۆیە پەیژەی ئەم فۆرمە جگەلەوەی کە پەیژەی فا ماژۆرە ، هیچ پەیژەیەکی تر نیەوە و زیرەکی و بلیمەتی ئاواز دانەرەکە وای کردووە کە سەرەتای دەست پێکردنی ئاوازەکە بەپلەی چوارەمی ئاوازەکە بێت و پاشان لە سەرپلە دەنگی دووەمی پەیژەکە دەحەوێتەوە و تا کۆتایی بەئاوازەکە لە سەرپلە دەنگی فا دێت .

**نموونەی سکێڵەکەی :**



**٢–ئەری گولـــــــێ .**

**ئاوازێکی ڕیتم سەربەستە .**

**نوتەکەی :**

**Ary guly**



**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( ڕێ . میبیمۆڵ ، فا# ، سۆڵ ، لا ، سیبیمۆڵ . دۆ.. هەندێ جار دۆ# )) . لە وبەشەیدا کە بەشی سەرەتایەتی پلە دەنگی دۆ# بەکاردەهێنێت ، بەوجۆرە پلە دەنگیەکانی پەیژەمۆسیقاکەی بریتیە لەپەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ماژۆر هارمۆنی )) کە پەیژەی میکسۆلیدی (( ڕێ حیجازکار – شاناز )) ە . بەڵام لە بەشی دووەمی دا کە پلە دەنگی دۆ ی ناتوور بەکار دەهێنێت ئەبێتە پەیژەی (( ڕێ حیجاز نەهاوەند – زمزمە )) .

**نموونەی سکێڵەکەی :**



**صادق حەریری (( صادق سەعید ئەحمەد .. ١٩٤٧ خەڵکان – ڕەواندوز )) .**

**١– هەرمێ.**

**نموونەی تیکستەکەی :**

هەرمێ وەی وەی هەرمێ
دەرت لەماڵم نەرمێ
دووسەمامەی سەر سینەت
ناوێرم دەستیان بەرمێ
عالەمم زۆر لی دیارە
بۆیە لیی دەکەم شەرمی

**نۆتەکەی :**

**Hermy**




**سکێڵەکەی :**

پلەدەنگیەکانی بریتین لە (( می . فاکار# . سۆڵ . لا . سیناتور )) . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژەدرووست کراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ ڕاست )) ، کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی پلەدەنگی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵندکراوە نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەر ئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



١–گووتم ئەی کچ .

نموونەی تێکستەکەی :

گوتم ئەی کچ لە گەشتی
شارستانی یادەشتـــــــی
واجوان و پاک ڕەوشتی
مەسیحیت یازەردەشتی

نۆتەکەی :

## Wtm ey kch




سکێڵەکەی:

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (سیبیمۆڵ، دۆ، ڕێ)، کە تەنها سێ پلە دەنگین، بەڵام بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەکەی بریتیە لە پەیژەدروستکراوی سەر پلەدەنگی شەشەمی پەیژەی میبیمۆڵ ماژۆر، کە پەیژەی دۆ مینۆر ئەکات.

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :



### ٣-لەم دیڵتەیی ئەحزانا .

### نموونەی تێکستەکەی :

لەم دیڵتەیی ئەحزانا عەشقی صەنەمێکم بوو
لەم چۆڵ و بیابانە   باغی ئیرەمێکم بـــــوو
ئاخر فەلەکی بەدکار دووچاری غەمی کـــردم
جاریٚ لەخەوا وەسڵی لەبجامی جەمێکم بوو

### نۆتەکەی :

## Lem dylteyi ahzana




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لابیمۆڵ . سی .دۆ . ریٚ . می بیمۆڵ . فا . سۆڵ )) . ئەو پلە دەنگیانە پڕاو پڕی پەیژە مۆسیقای درووست کراوی سەرپلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی دۆ ماژۆر هارمۆنی یە . کە پەیژەی سۆڵی حیجاز نەهاوەند (( زمزمە )) ی پیٚ ئەڵێن .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :



## ٤- بۆچی نەگریێم .

**نموونەی تێکستەکەی :**

بۆچی نەگریێم سەدکەرەتم دڵ دەشکێنی
مەی بۆ نارژێ شوشە لەسەدلا شکاوە

**نۆتەکەی :**

# Bochi negrym




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ ، لا کاربیمۆڵ ، سیبیمۆڵ ، دۆ ، رێ ناتوور )) میانە دەنگیەکانی ئەوە ئەسەلمێنن کە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیە لە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( سیبیمۆڵ ڕاست )) کە پەیژەی (( سۆڵ بەیات )) ی پێ ئەڵێن . لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





### ٥– کەتان کەتانە .

### نموونەی تێکستەکەی :

هەی داد هەی بێ داد ئەی هاوار خۆ من نەماوم
تانەی بەدکاران چاو جوان گیان لەسەریان داوم
کەتانە عەمرم کەتانە

### نۆتەکەی :




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سی . دۆناتوور . ڕێ دیز )) . بریتیە لە چوارینەیەکی مۆسیقایی ، کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەدرووست کراوی سەر پلردەنگی چوارەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( می ماژۆر هارمۆنیە کە لە لای میلەتانی ڕۆژ ئاوا پەیژەی سیگان یان ڕەوەندی پێ ئەڵێن . لای میللەتانی ڕۆژهەڵاتیش پەیژەی هەمایۆن یان (( نگریز )) ی پێ ئەڵێن کە ئەکاتە پەیژەی لای هەمایۆن . لە بەر ئەوەی تەنها چوارینەی یەکەمی ئەبینرێ جۆری پەیژەی ڕەوەندەکەی دیاری نادات و هەر بەهەمان ناوەوە ئەمێنێتەوە .

### نموونەی سکێڵەکەی :




### ڕیتمەکەی :





**حەیرانی (( چیایی )) خۆشناوەتی خدر بلوێر .**

**نۆتەکەی :**

## Heyrani xoshnaweti (( chiyayi ))



**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگیەکانی بریتین لە ((  ڕی . میکاربیمۆڵ . فا . سۆڵ . لا ناتوور . بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاەکەی بریتیەلە پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( فا ڕاست )) . کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن . لە بەرئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە نازناوی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**



**شیروان شەیدا . ((      هەولێر )) .**

**١- کێ بو کێ .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**کێ بو کێ کێ بو کێ      کێ بو کێ کێ بو کێ**
**کێ بوکێ چونە بناری    مەڕیان ڕادا لۆ ئاقاری**
**ڕویان وەرگێڕا بناری    ڕویان وەرگێڕا بناری**
**چەند خۆش دێ دەنگی شمشاری**
**چەند خۆش دێ دەنگی شمشاری**

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ .دۆ . ڕێ )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە دروستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) ە . کە نازناوی بەیاتی هەیە ، لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٢- لۆشڤانان .

**نموونەی تێکستەکەی :**

لۆشڤانان مەرلێ خوڕی بێکاران بێرە بێرە
کیژە مەنجەرەی هەرگرت کوڕە دایگرت سەر بێرە
کاکە شەمار دەبزێوی هوڕەی لەگەردانییە
کوڕە لەماران دێنەدەرێ تاقمەی ناسکە بێرییە
بەخودای لەدورم زانی یارم لەگەردا نییە
هەورییەکی سۆر لەسەری سەروکەی لە عەردییە

**نۆتەکەی :**

Loşvanan




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ .دۆ . ڕێ . می ناتور)) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقای دروستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) ە . کە نازناوی بەیاتی هەیە ، لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**



**٣-کاکە بڕۆنە شەماریێ .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

**کاکە بڕۆنە شەماریێ دەمەک دێ و دەمەک نایێ**
**دەیدا لەگورنکی تۆریێ گوارەی دێنتە سەمایێ**
**یاری من کارمامزە لەبنەی ئەشکەوسەفایێ**
**یاری من کارمامزە لەبنەی ئەشکەوسەفایێ**
**ئەریێ دەچمە سای قارەچۆپی ڕەشماریێک هەردرایە**
**دووکیژی گوارەزێڕن لەدەرکەی ڕاوەستایە**
**جێی ڕازو مەخسودان حەوشەی سوڵتان عەولایە**
**چی بکەم لۆ کەندیناوەی کوڕە نەهاتی ڕوی تێدایە**

**نۆتەکەی :**

# Kake brone




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ .دۆ . ڕێ ، می ناتور )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقای دروستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) ە . کە نازناوی بەیاتی هەیە ، لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**



**٤- بایە شەمار .**

**نموونەی تێکستەکەی :**

بەیەشەمار بایەشەمار          یائەڵڵا هەرکەی بایەشەمار
لەکەندان دێ بەنارەنار          یائەڵڵا هەرکەی بایەشەمار
بایەشەمار بەهاوینێ          یائەڵڵا هەرکەی بایەشەمار
دەیدالەڕەندەی جۆخینێ          یائەڵڵا هەرکەی بایەشەمار
خەوخۆشە لەگەر هەمینێ          یائەڵڵا هەرکەی بایەشەمار
خەوخۆشە لەگەر هەمینێ          یائەڵڵا هەرکەی بایەشەمار

**نۆتەکەی :**

**Baye shemar**




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لا . سی بیمۆڵ ، دۆ ، ڕێ )) بەپێی چێژی ئاوازەکەو ئەو پلە دەنگیانەی کە پارچەئاوازەکەی لێ پێک هاتووە ؛ لە پەیژە مۆسیقای یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سێبیمۆڵ ماژۆر – عەجەم )) پێک هاتووە .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





### ٥- مەندۆ .

### نموونەی تێکستەکەی :

مەندۆ مەندۆ وەرە وەرە وەرە مەندێ مە     مەندۆ مەندۆ مەندۆ وەرە وەرە وەرە لاوکێ مە
ئەرێ مەندۆی لاری لاری وەرە وەرە وەرە لاوکێ مە مەندۆی لاری لاری وەرە وەرە وەرە لاوکێ مە
ئەرێ وەکی دەچیە شاری وەرە وەرە وەرە  لاوکێ مە
وەکی دەچیە شاری وەرە وەرە وەرە  لاوکێ مەهای چی دەینی بەدیاری وەرە وەرە وەرە لاوکێ مەچی
دەینی بەدیاری وەرە وەرە وەرە لاوکێ     کورە خەنەو کەشک و یاری وەرە وەرە وەرە لاوکێ مە
خەنەو کەشک و یاری وەرە وەرە وەرە لاوکێ مە

### نۆتەکەی :

Mendo




### سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لا . سیکاربیمۆڵ .دۆ . ڕێ ، می ناتور )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقای دروستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی

ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) ە . کە نازناوی بەیاتی هەیە ، لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**





# دەڤەری بادینان

ئاشکرایە کە ناوچەی دەشتی هەولێر ، ناوچەیەکی ستراتیجی گرنگە و ئەتوانین بڵێین هۆکاری گرێدانی کەلتوری هونەری هەموو ناوچەکانی تری کوردستانە پێکەوە .لەهەولێرو دەوروبەری فۆرمی حەیران بەناوبانگە ، هەروەک ناوچەی موکوریان کە خاوەنی حەیران و حەیرانۆک بەیت و بالورەیە . لە ناوچەی دەشتی هەولێر ئاساییە کە فۆرمی لاوک کە فۆرمێکی ناوچەی بادینان و کوردتانی باکوورە بچڕێ لە بەرئەوەی دیالیکتی زمانەکە زۆر نزیکن ، گەر گۆرانیبێژێکی ناوچەی هەولێر لاوکێک بچڕێ ئەوا هەروەک لاوک بێژەکانی دەڤەری بادینان و بۆتان ........هتد گوێیان لێ ئەگیرێ .بەڵام جیاوازیەکە ئەوەیە حەیران مۆرکی ناوچەی هەولێرو موکوریانە . بەڵام لاوک مۆرکی ناوچەی بادینان و بەرەو باکوری کوردوستانە . لە بەرئەوە ئەشێ کەدەستمان کردە باس وخواس و ئەنالیزی کارەهونەریەکانی مۆسیقاو گۆرانی دەڤەری بادینان و بەرەو ژور ئەبێ لەپێش هەموو شتێکە وە دەست بکەین بە باس و خواس و ئەنالیزکردنی لاوک . من لێرەدا باس لەمێژوی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی فۆرمی لاوک ناکەم ،بەهێندی ئەوەی باس لە فۆرمی لاوک و پەیژە مۆسیقاییەکانی ئەکەم . ئاشکرایە کە فۆرمی لاوک مۆرکیناوچەکانی بادینان و ناوچە کرمانجیەکانی ژورو (( ڕۆژئاوا و باکوری کوردستان )) نە. فۆرمێکە لاوک بێژ زۆربەی ساتەکانی لێ دابڕان و ئەشکەنجەو بەیەک نەگەیشتن و ڕوداوە دڵتەزینەکانی تر بەرجەستەئەکات بۆیە بە فۆرمێکی تراجیدی بەناوبانگە ، ئەم فۆرمە هەر لەناوچەی ئاکرێ نزیک بەدەشتی هەولێر و سەر بە ناوچەی بادینان سەرهەڵئەدا ، بۆیە پێم باش بوو کە لەسەرەتای دەستکردنم بەلێکۆڵینەوە لە پەیژەو فۆرمەکانی ناوچەی (( دەڤەری )) بادینان ، بەیەکێ لە لاوکەکانی هونەرمەندی لاوک بێژ (( عیسا بەرواری )) دەست پێبکەم .



## لاوکی باشوور ١ (( عیسا بەرواری )) .

نۆتەکەی :




### پەیژە مۆسیقاکەی :

گەر سەیری پلەدەنگیەکانی بکەین بە تێکڕایی ، ئەبینین کە بریتین لە پلەدەنگیەکانی (( لا ،سی کار بیمۆڵ، دۆ ، رێ ، می ناتوور ،فا کاردێز . سۆڵ .لا )) کە هەمو پلە دەنگیەکانی پەیژەدرووستکراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دوەمی گەورە (( دۆ ڕاست )) کە بەیاتی پێ ئەڵێن تیایە . لە بەر ئەوەی پلە دەنگیەکانی یەکەم و دوەمی چوارینەی دوەمی هەریەکەیان چارەکە پلەیەک بڵند کراون . جۆری بەیاتەکەی پێی ئەڵێن بەیاتیڕاست، بەیاتیموحەیەر یان حسەینی یان بەیاتی سێگا یان عوشاقیتورکی.

نۆتەکەی :



لاوکی باشوور ۲ (( کاوێس ئاغا )) .

نۆتەکەی :




سکێڵەکەی :

گەر سەیری پلە دەنگیەکانی بکەین ئەبێنین کە پێکدێن لە (( ڕێ . می کار بیمۆڵ . فا . سۆڵ . لاناتور . سی بیمۆڵ . دۆ .بەم پلە دەنگیانەدا بۆمان دەرئەکەوێ کە پەیژەمۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژەروستکراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دوەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ڕاست )) . کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی دوەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە بۆیە پێی ئەڵێن پەیژەی (( ڕێ )) بەیاتی نەوا .

نموونەی سکێڵەکەی :



**لاوکی باشور ٣ (( سەعید ئاغا )) .**

**نۆتەکەی :**




**سکێڵەکەی :**

گەر سەیری پلە دەنگیەکانی بکەین ئەبینین کە پێکدێن لە پلە دەنگیەکانی (( رێ . می بیمۆڵ . فا دێز . سۆڵ . لا . سی . دۆ . رێ )) کە پلە دەنگیەکانی پڕاوپڕی پەیژە دروستکراوی سەرپلە دەنگی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( سۆڵ مێجەر )) ە ، لە بەر ئەوەی پلە دەنگیەکانی بریتن لە میانەکانی (( S . TK . S . T . T . S . T )) ، بۆیە نازناوی حیجاز عەجەم (( زنجران )) وەردەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**






**کەریم خان عەبدوڵا مەسیح (( ئاکرێ ١٩٧٥ )) .**

**١- دینا :**

**تێکستەکەی :**

**هۆی دینا دینا سۆرکۆکیا دینا**

**مالێک ژ سۆران عێکژێ بادینا**

**نۆتەکەی :**

## Hoi dina




**سکێڵەکەی :**

**پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سی کار بیمۆڵ . دۆ )) ئەو سێ پلە دەنگیە پڕاو پری سێ پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی یەکەمی پەیژە دروستکراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دوەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) کە پەیژەی بەیاتی پێ ئەڵێن . لە بەرئەوەی چوارینەی دوەمی تیانیە ، بۆیە جۆری بەیاتەکەی دیار نیە .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



## ٢- ۆی ڕەزۆ

**نموونەی تێکستەکەی :**

ۆی ڕەزۆ ڕەزۆیۆ          عەمریَ من ڕەزۆیۆ
ۆی ڕەزۆ ڕەزۆیۆ          عەمریَ من ڕەزۆیۆ
من ڕەزێک دانایە          هەر یەکەو یەکەیە
من باغک دانایە    دەی دەی دەی    هەریەکەو یەکەیە

**نۆتەکەی :**

# Rezo




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ . لا . سی بیمۆڵ . دۆدیز . ڕیَ )) بەپێی گویَ گرتن لە ئاوازەکە پلەی حەوانەوەی پلەدەنگی لا یە کە لەو پلە دەنگیەوە چوارینەیەکی دەنگی دروست ئەکات کە بریتییە لە پلە دەنگیەکانی (( لا ،سی بیمۆڵ . دۆ# ڕیَ )) . کەبریتیە لە پەیژە دروستکراوی سەرپلەی پێنجەمی پەیژەی یەکەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕیَ ماجۆر )) کە پەیژەی لا حیجاز (( میکسۆلیدی )) پیَ ئەڵێن ، لەبەر ئەوەی چوارینەی دوەمی دیاری نییە ، بۆیە جۆری حیجازەکەی نازانریَ ، یان ئەتوانین بڵێین لەکاتی بەکارهێنانی ئەم پەیژە مۆسیقایە کۆمپۆزەرەکەی ئەتوانیَ بەبەکارهێنانی چوارینەی دوەمی جۆری ،جۆری پەیژەی حیجازەکە دیاری بکات .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



### ٣- هۆی مروان

**نموونەی تێکستەکەی :**

| | |
|---|---|
| هۆی مروان مروان مروان | خەل و قورتاس و مروان 2 |
| سیبرانەو خەنجەر دەبان | هەی مروان مروان مروان |
| سیبرانەو خەنجەر دەبان | خەل و قورتاس و مروان |
| هەل بن گویزێ بۆ لێکدان | هۆی مروان مروان مروان |
| هەل بن گویزێ بۆ لێکدان | خەل و قورتاس و مروان |

**نۆتەکەی :**

# Hoi mrwan




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( سۆڵ .لا کار بیمۆڵ . سی بیمۆڵ . دۆ .)) بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژە مۆسیقاکەی بریتیە لە پەیژە دروستکراوی سەرپلە دەنگی چوارەمی پەیژەی دوەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( فا ڕاست )) کە نازناوی پەیژەی (( سی بیمۆڵ )) چوارگا وەر ئەگرێ . ئەوەی شایانی باسە پەیژەی (( چوارگا )) سێ جۆری هەیە کەلەمەوبەر باسمان کردوە بەڵام لەبەر ئەوەی چوارینە کانی بەتایبەتی چوارینەی یەکەمی تەواو نیە بۆیە جۆری چوارگاکەی دەستنیشان ناکرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



### ٤- لیَ لیَ وەسۆ

**نموونەی تێکستەکەی :**

لیَ لیَ وەسۆ لیَ لیَ لیَ وەسی لایە وەی وەی2
تەپر سوریَ لیَ لیَ لیَ حەسەرایە وەی وەی
تەپر سوریَ لیَ لیَ لیَ حەنا دایە وەی وەی
عەزرەت میسەم لیَ لیَ لیَ ژمالا دایە وەی وەی
عەزرەت میسەم وەسۆکیَ ژمالا دایە وەی وەی

**نۆتەکەی :**

# Ly ly weso




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سی کار بیمۆڵ . دۆ .ڕیَ )) ئەو چوار پلە دەنگیە پڕاو پری چوار پلە دەنگی یەکەمی چوارینەی یەکەمی پەیژە دروستکراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دوەمی گەورەی ڕۆژهەلاتی (( دۆ ڕاست )) کە پەیژەی بەیاتی پیَ ئەڵێن . لە بەرئەوەی چوارینەی دوەمی تیانیە ، بۆیە جۆری بەیاتەکەی دیار نیە .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



٥ – هۆی نێرگز

نموونەی تێکستەکەی :

هۆی نێرگز نێرگز نێرگزی نار جوانێ
هۆی نێرگز نێرگز سور گولێ بێری ڤانێ

نۆتەکەی :

## Hoi Nergz




سکێڵەکەی :

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ .دۆ . ڕێ ، می )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقای دروستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) ٥ . کە نازناوی بەیاتی هەیە ، لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی :





## ٦- سەیرانە

**نموونەی تێکستەکەی :**

سەیرانە سەیران چیمە دەلی لۆی لۆی لۆی دەلی لۆی لۆ
سەیرانە سەیران چیمە عەمرێ من جانێ تە
ئەز کورکی ڤێ گوندیمە دەلی لۆی لۆی لۆی دەلی لۆی لۆ
ئەز کورکی ڤێ گوندیمە عەمرێ من جانێ تە

**نۆتەکەی :**

# Seyrane




**سکێڵەکەی :**

پلە دەنگیەکانی بریتین لە (( لا . سیکاربیمۆڵ .دۆ . ڕێ ، می )) ، بەپێی چێژی ئاوازەکە پەیژەمۆسیقای دروستکراوی سەرپلەدەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( دۆ ڕاست )) ە . کە نازناوی بەیاتی هەیە ، لە بەر ئەوەی پلەی یەکەمی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە ، نازناوی پەیژەی بەیاتی نەوا وەرئەگرێ .

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی :**



### ٧- ئاخ لێ گولـــــێ

**نموونەی تێکستەکەی :**

ئاخ لێ گولێ لێ گولێ ئەسمەرێ نازێ گولێ 2
بلندی شل وملێ هەر لێ گولێ لێ گولێ
چاڤ ڕەشێ چاڤ بەکلێ ئاخ لێ گولێ لێ گولێ
چاڤ ڕەشێ چاڤ بەکلێ ئەسمەرێ نازێ گولێ

**نۆتەکەی :**

# Ax ly guly




**سکێڵەکەی :**

